ResearchGate

See discussions, stats, and author profiles for this publication at: https://www.researchgate.net/publication/330752780

# هێمن دەربارەی ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی شیعرەکانی

**Book** · January 2009

CITATIONS
0

READS
725

**1 author:**



Osman Hamad Dashti
Koya University
**34** PUBLICATIONS **0** CITATIONS

SEE PROFILE

All content following this page was uploaded by Osman Hamad Dashti on 31 January 2019.

The user has requested enhancement of the downloaded file.

# هێـمــــن

## دەربــارەی نــاوەرۆکی سیاســی و کۆمەڵایــەتیی شیعرەکانی

عوسمان دەشتی

٢٠٠٩

هێمن
دەربارەی ناوەڕۆکی سیاسیو کۆمەڵایەتیی شیعرەکانی هێمن
نووسەر : عوسمان دەشتی
بابەت : توێژینەوەی زانستی
نەخشەی بەرگ :
کۆمپیوتەرو دیزاین :
ژمارەی سپاردن (   )ی ساڵی (٢٠٠٩)
تیراژ :
چاپ :

ئــەم کتێبــە لەبنەڕەتــدا نامەیــەکی زانکۆییــە و وەك بەشــێك لەپێویســتییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماجستێر لە ئەدەبی کوردیدا لەساڵی ٢٠٠١ پێشکەش بـە کـۆلیجی ئـــــەدەبیاتی زانکـــــۆی ســـــەلاحەددین کـــــراوە.

پێشکەش بێت :

بەگیانی پاکی

# ((هێمن))ی

ئەدیب و

مرۆڤ و

کوردپەروەر

# پێشەکی

**بۆچی هێمن؟!**

ڕەخنەگرو ئەدەبناسانی کورد، ئەگەر هات و بەچاوی ئینسافەوە بڕواننە ئەدەبیاتی ناوچەی موکریان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، دەبینن کەوا سامانێکی ئەدەبی بەهادارو ڕەنگاو ڕەنگی دەولەمەندی هەیە، بەتایبەت ئەو ئەدەبەی لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو هاتۆتە بەرهەم و، لەلایەن دوو سێ نەوەی یەك لە دوایەکی بوێژو مەزن شاعیرانی هەلکەوتەی ئەو مەلبەندەوە داهێنراوە. جگە لەوەی کە ئەم شوێنە بە گەنجینەیەکی سەر بەمۆری پڕ لەدوڕو گەوهەری کەلەپوورو ئەدەبی میللی و میراتی فۆلکلۆری نەتەوەییمان ناسراوە. ئێمە وای دەبینین لەبەر کەم دەستی کورد خۆی‌و، بەهۆی هۆکاری مێژوویی و سیاسی، ئەم سامان و بەرهەمەئەدەبیە بەرینە تاوەکو ئەمڕۆ وەکو پێویست ڕووناهی نەخراوەتە سەرو پەردەی لە ڕوو هەلنەدراوەتەوە. یان لە مەیدانی لێکۆلێنەوەی زانستیدا توێژینەوەو هەلسەنگاندنی وردی دەربارە نەکراوەو حەقی خۆی نەدراوەتێ. لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیەدا ڕەنگە هەر ئەمە هۆکارو هاندەری سەرەکی بووبێت، بۆ ئەوەی یەکێك لە پێشەنگە ناودارو ناسراوەکانی دنیای ئەدەبیاتی کوردی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم، سەربەم مەلبەندو ناوچەیە وەربگرین، کە ئەویش (هێمن)ی ئەدیب و نووسەرو شاعیری ناسراوی گەلەکەمانەو، ئەم نامەیە بە گوێرەی توناو دەستەلات، وەکو لێکۆلێنەوەیەکی ئەدەبی و زانستی دەربارەی چەمکێکی بەرهەمە شیعریەکانی ئامادە بکەین و پێشکەشی نامەخانەی لێکۆلێنەوەی ئەدەبی کوردی و هەوادارانی دنیای ئەو شاعیرەی بکەین. هێمن یەکێکە لەو شاعیرانەی کە بەشێوەیەکی فراوان لەناو ڕۆلەکانی میللەتەکەمان دا ناسراوە، کەم خوێنەواری کورد هەیە کە ناوی هێمنی نەبیستبێ، یالەگەلْ بەرهەم و و شیعرە ناسك و سۆزدارەکانی نەژیا بێت، کاری لێ نەکردبێ و نەیهەژاندبێت، لە دواییش دا ئافەرین و دەست خۆشی لێ نەکردبێت.

هێمن کە لە ژیان دابوو لەلای خوێنەری کورد، بەتایبەتی لە کوردستانی عێراق، ناوبانگو شۆرەتی بە (مهابادی)، یا (موکریانی)، یاخود (کوردستانی) ڕۆیشتبوو، لەگەل ئەوەی ئەمانە هەموویان ڕاست و بێ خەوش و شایستە بە هێمنن، بەلام بەو هۆیەی

ئەو شاعیری هەموو کورد و عاشقی هەموو کوردستانەکەی بوو، هەموو ژیان و بەهرەو هونەرو بوونیشی لەو پێناوەدا بەخت کرد، بۆیە گرێ دان و شەتەك دانی ناوو نازناوەکەی بەتەنها ناوچەیەکی کوردستانەوە کارێکی ئەستەمە. بۆ وی ئەوەندە بەسە کە لەدوو توێی لاپەڕەکانی مێژووی ئەدەب و لە دڵی ڕۆڵەکانی گەلەکەی بە (هێمن) بناسرێت وەك ناسراوە، بگرە لە چاترین حاڵەت دا شایستەی ئەوەیە، کە ئەمڕۆ بەمەبەستی نەوازش و ڕێز لێنان لەتەك دەستەیەك لە بوێژو کەڵە نووسەرانی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، کە لەپەنجەی دەست تێناپەڕن، پلەوپایەی (مامۆستا)ی پێ دراوەو بووە بە (مامۆستا هێمن). ئەمەو لە کاتێك دا کە ئەو هێشتا لە نێومان دابوو، بە گەورەترین میدالی ئیفتیخاری خۆی دەزانی، کە بە سەدان ڕۆڵە کوردی ئەم لاو ئەو لای کوردستانی بەناوەوە کرابوون، بەشێکی زۆر لە شوێن و بازارو سەیرانگا... لەشارو باژێڕەکانی کوردستان بۆ خۆشەویستی ئەو مرۆڤە، بەنازناوی ئەوەوە هەڵ دراون. چەندێك لە شیعرو هۆنراوە ڕازاوەکانی کراونەتە بەستەو ئاواز و گۆرانی و بوونەتە وێردی سەر زاری خۆشخوان و هونەرمەندانی کورد، مەگەر لەو بوارەدا هەر (گۆران)ی شاعیری جوانی و هونەر، خۆی لە قەرەی بدات. بڕێ لە شاعیرو نووسەرانی کوردیش بە شانازی بەو ناوەوە، (هێمن)یان بۆ تەخەللوسی ئەدەبی خۆیان هەڵبژاردووە(*). بەکورتی وشەی (هێمن) وەکو زارو وەکو بێژە، وەکو چەمك و مەبەست و مێژوو، لە فەرهەنگی کوردەواری دا، بەخاوەنداریەتی بووە بە هی (هێمن).

ئەو سەرباری ئەوەی هەموو ژیان و دارونەداری پێشکەش بە مەسەلەی میللەتەکەی خۆی کردووە. هەمیشە خۆشی وەکو خزمەت گوزارێك ناساندووە، چاوەڕوانی پاداشت و ئافەرین نەبووە، مرۆڤێکی خاکی و ئاواتی هەرە بەرزی ئەوە بووە، خزمەت بەزمان و ئەدەب و کلتووری نەتەوەکەی بکات و لە دوایی میللەتەکەی لێی ڕازی بێت.

---

(*) بۆ نموونە لە کوردستانی عێراق، کامل ژیر (١٩٣٤...) و عەزیزشالی (١٩٢٠-١٩٧٠)، بەنازناوی (هێمن) لەپەنجاو شەستەکان، شیعرو بەرهەمیان لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان دا بلاوکردۆتەوە. لە کوردستانی ئیرانیش لە هەڵبژاردنی نازناوی ئەدەبی لەوێنەی:(هێدی، هاوار، ، هومێد، هەتاو، هێڤی، هۆسا ، هێور...) جۆرێك چاولێکەری و خۆ نزیك خستنەوە لەنازناوی (هێمن)ی شاعیری لێ بەدی دەکرێت.

لەگەڵ ئەوەی هێمن وەکو شاعیر ناوی ڕۆیشتووەو ناسراوە، بەڵام بەرهەمی پەخشانی لە (وتارو ڕەخنەو لێکۆڵینەوەو چیرۆك و وەرگێڕان...) لایەنێکی باش و پرشنگداری دیکەی هونەرو داهێنانی پێك دەهێنن. ئەگەر هات و لەم بابەت و مەبەستانەی شیعری هێمن بترازێن کە لەم نامەیەدا بە دووروو درێژی خراونەتە ڕوو، ئەوا لایەنی هونەرو جوانکاری هۆنراوە، وێنەی شیعری، شیرینی زارو زمان پاراوی و... گەلێك گۆشەو لایەنی تر لە ژیان و بەرهەمی ئەدەبی هێمن، شایانی باس و لێکۆڵینەوەی وردو زانستی و نامەی زانکۆیی و ئەکادیمین.

**بەرهەمی هێمن:**

هێمن بەدرێژایی ژیانی ئەدەبی خۆی، خەرمانێکی مەزنی لە بابەتەکانی شیعرو پەخشان پێشکەش بە مێژوو و گەنجینەی ئەدەبی کوردی کردووە، بەشی هەرە زۆریان چوونەتە ژێر چاپ و بڵاوکراونەتەوە، بگرە کتێب و بەرهەمەکانی دووبارەو چەند بارە لە چاپ دراونەتەوە. هەندێ بەرهەمی بڵاوکراوەشی هەیە(لە شعیرو و تارو نوسین)، کە لە دوایی و لەبەر هەر هۆیەك بێت، نەیخستوونەتەوە نێو قەوارەی کتێب و بەرهەمە چاپکراوەکانی خۆیەوە. بەرهەمی چاپ نەکراویشی لە پاش بەجێ ماون، بەتایبەت لە بواری وەرگێڕان دا، کەوا ڕەنگبێ لە ئایندەدا رووناکی چاپ ببینن.
لێرەدا بەرهەمە چاپکراوەکانی شاعیر، ئەوانەی لە شێوەی کتێب و نامیلکەدا بڵاو بوونەوەتەوە نیشان دەدەین:-

١- تاریك و روون، گوڵبژێرێك لە شێعرەکانی هێمن، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ژمارە (٥)، چاپی یەکەم ، ١٩٧٤م. ئەم بەرهەمە، لە بەغدا بڵاوکراوەتەوە، لە پاشان بۆ جاری دووەم و سێیەم... لە مهاباد و تاران لەبەری گیراوەتەوە.

٢- ناڵەی جودایی، شیعر، چاپخانەی (علاء)، بەغدا، ١٩٧٩. لە ئیران نوسخەی لەبەرگیراوەتەوە و بەناوی (چاپی دووەم) زۆر کراوە.

٣- پاشەرۆك، چاپەمەنی سەیدیان، چاپی یەکەم، ١٣٦٢ش/١٩٨٣م. هێمن لەلاپەڕەکانی سەرەتای ئەو بەرهەمەی ڕای گەیاندووە کە مافی چاپ و لە چاپدانەوەی هەموو بەرهەمەکانی خۆی تا ئەو وەختە داوە بە برایانی سەیدیان و ئیدی مافی ئەویان بەسەردا نەماوە، بەرهەمەکانیش ئەمانەن:-

١) تاريك و روون ، شيعرو پەخشان.

٢) ناڵەی جودايی ، شيعر.

٣) پاشەرۆك ، شيعر و پەخشان.

٤) تحفه مظفريه ، ٢بەرگ ، فۆلكلۆری كوردی كۆكراوەی ئۆسكارمان.

٥) شازادەو گەدا ، وەرگێڕان لە فارسی يەوە، مارك توين.

٦) قەلای دمدم ، وەرگێڕان بۆ فارسی.

( بگەڕێوە بۆ سەرچاوەی ناوبراو، پێشەكی ، لاپەڕەی ، ج ).

٤- چەپكێ گوڵ چەپكێ نێرگز، لە بلاوكراوەكانی بنكەی ئەدەبی و روونـاكبيری گەلاوێژ، چاپی يەكەم، سلێمانی، ١٩٩٧.

ئـەو بەرهەمـە لـە دوای ماڵئـاوايی شـاعير بـلاو بۆتـەوە، بـۆ جـاری دووەم لەلايـەن (چـاپەمەنی و ئينتيشـاراتی رەهـرو - مهابـاد) لـە سـاڵی ١٣٧٨/ ١٩٩٩ لـە چـاپ دراوەتەوە.

٥- ناوەنـدی كتێـب و چاپەمەنی (هەرزان) لـە سويد، چاپێكی تـازەی بـۆ سـەرجەمی شيعرو ديوانی شاعير ( تاريك و روون + ناڵەی جودايی + پاشەرۆك + لێـرەو لـەوێ )، لـە (٤٠٠) لاپەڕەدا، بەهاوكاری و ساخكردنەوەو پێشەكی بـۆ نووسـينی: (س . ج. هێـرش - بەرپرسی نـووسـين لە گۆڤاری /گـزينگ، كـە لـە سويد بلاودەبێتـەوە ) ئامـادە كـردووە. بێگومان ئەم بەرهەمە وەكو پوخت ترين ديوان و سەرجەمی شيعرەكانی هێمن دەبێت، كە تا ئێستا چاپ و بلاوبووبێتـەوە. بـۆی هەيـە لـەم پانزەهـەمين سـاڵيادی كۆچـی دوای شاعير لە (١٨/٤/٢٠٠١)، بلاوبێتەوە.

**چی دەربارەی هێمن نووسراوە:**

لەبەر هەژاری و كەم دەستەلاتی كتێبخانەی كـوردی، لـە بـواری ڕەخنـەو لێكۆڵينـەوەی زانسـتی، هـەروەها كـەم ئـەزموونی ڕەخنـەی ئـەدەبی لـە بەشـی ڕۆژهـەلات بەتايبـەتی، تاوەكو ئێستا كارێكی ئەدەبی سەربەخۆ لە بارەی ژيـان و بەرهـەمی هێمن نەنووسـراوە، لە چـەند بـاس و لێكۆڵينەوەيـەك بـەولاوە كـە لـە شـێوەی نامیلكـەدا دەرچـوون و زيـاتر شـێوەی يـادەوەری و خسـتنە ڕووی خێـرای هەنـدێ شـيعرو بەرهـەمی شـاعيری لـە خۆگرتووە وەكو:-

١- یادی هێمن ، کەریمی حیسامی، لە بڵاوکراوەکانی(سەردەمی نوێ)، سوئید، ١٩٨٧.
بۆ یەکەمینساڵگەردی کۆچی دوایی هێمن نووسراوە، بریتییە لە سەرگوزەشت و بەسەر کردنەوەیەکی خێرای هەندێ لە بەرهەمی شیعری (تاریك و روون)، لەگەڵ ئاماژەی مەبەست و بۆنەو کاتی هۆنینەوەیان، بەسوود وەرگرتن لەیەك دوو سەرچاوە کەلەو بارەیەوە نووسراون. بەشێکی ئەو نامیلکەیە بیرەوەریەکانی نووسەرە لەگەڵ شاعیر، لەتەك کۆمەڵێك نامە، کە شاعیر لە کاتی خۆیدا بۆ هەڤاڵەکانی نووسیوە، یا خوێنەران و شیعر دۆستانی هێمن بۆ شاعیریان نووسیوە.
٢- هێمن و من، نووسینی: هێرش، شیرکەتی کتێبی هەرزان، چاپی یەکەم، سوید، بەهاری ١٩٩٢. نووسەر لە لاپەڕەی (٩)ی پێشەکی ئەو چاپکراوەدا دەڵێ ((ئەو نامیلکەیەی لەبەر دەستت دایە، بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا هێمن و ڕێز لێنان لە یادی ئەو شاعیرە پایە بەرزە نووسراوە، ناوەڕۆکی باسەکەمان بەر لەوەی لایەنی لێکۆڵینەوەیان هەبێ، زیاتر خاترەو بیرەوەرین...)). هەندێ لایەنی ژیانی سیاسی و ئەدەبی شاعیر، بەتایبەت دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستانی ئێران، تیشکی خراوەتە سەر. هەروەها چەند لاپەڕەیەکی دوایی ئەو نامیلکەیە بۆ ((هێمن لە ڕوانگەی شیعرەکانییەوە)) تەرخان کراوە، کەشی کردنەوەی هەندێ ئاماژەی بلیمەتانەی شاعیر بەدیار دەخات. نووسەر هێمن ناسێکی ئەدەب زان و شارەزایە، لەو مەیدانەدا هەندێ هەوڵی سوود بەخشی هەیە، باسێکی لەبارەی ((ڕەوتی سەرهەڵدانی شێعری نیشتیمانی و سیاسی لە موکریان)) لە دووبەشدا بڵاوکردۆتەوە کە ئێمە لە شوێنی خۆیدا سوودمان لێ بینوە، وەکو چۆن بۆ دەرهێنانی چاپی تازەی سەرجەمی بەرهەمی شیعری هێمن، بەشێوەیەکی پوخت و ڕاست و دروست ڕەنجی زۆری داوە.
٣- هێمن و بیرو هەڵوێست و شیعر، خالید دلێر، دەزگای بڵاوکردنەوەی دیموکراسی، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٣. باسێکی ڕەخنە گرانەیە، نووسەر توانج و ڕەخنەی توند لە دیاردەی (مەی نۆشی) لە شیعری هێمن و بەتایبەت لە ساقی نامەی (ناڵەی جودایی) دەگرێت، بەهەڵوێستێکی چەوت و مەبەستێکی ئەدەبی نا زانستیانەی قەڵەم داد دەکا. بەدرێژی لەمەڕ بیرو هەڵوێستی خۆی لەوبارەیەوە دەدوێ، هەرچەندی ئێمە لەگەڵ بیروڕاکانی نووسەر جیاوازیمان هەیە، بەڵام پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت، کە بنیاتی باسەکەی لەسەر ڕێ و شوێنێکی زانستی هەڵچندراوە، بەپشت بەستن بە

سەرچاوەو پەراوێزەوەو بەنموونەو بەڵگە هێنانەوە لە هۆنراوەکانی شاعیر، نووسەر بۆ چوونەکانی خۆی پشت ئەستوور دەکات.

٤- هـێمن- شـاعر نالـه‌ٔ جـدائی، ناونیشـانی نامـەو تێـزی ماسـتەر(فوق لیسـانس)ی خوێنـدکار محمـد سـعید نجـاری (ئاسـۆ)یە، کـە قوتـابی خوێنـدنی بالأیـە لـە ڕشـتەی ئەدەبیاتی زمانی فارسی لە دانیشگای تـەورێز. بنیـاتی ڕەشنووسـەکانی ئـەم تێـزە کـەمن لای ناوبراو لـە کـاتی خـۆی (ئـابی / ٢٠٠٠) دیومـەو وەکـو تێبـینی لـەلای خـۆم تۆمـارم کـردووە، لـە دووبەشـی سـەرەکی پێکهـاتووە: لەبەشـی یەکـەم دا سێ بەرهـەمی شـیعری ناوداری هێمن (ناڵەی جودایی، ئێـوارەی پـایز، سـووری دەوران)، هـەر بەشـیعرو لەسـەر هەمان کێش و ئاواز لەلایـەن خوێنـدکار خۆیـەوە وەرگێڕدراونەتـە سـەر زمـانی فارسـی. بەشـی دووەمـی بریتیـیە لـە دوو بەرهـەمی پەخشـانی هـێمن، (لـەکوێ وە بـۆ کـوێ؟)ی پێشەکی شاعیر بۆ دیوانی تاریك و روون، لەگەڵ چیرۆکی (مهاباد) بە زمانی فارسی.

بەکورتی پڕۆژەی کارو نامەکەی (ئاسۆ) زیـاتر بـۆ ناسـاندنی (هـێمن)ە، وەکـو ئـەدیبێکی کورد لە کوردستانی ئێران، لەلای فارسی زمانان و لێکۆڵەرانی ئەو وڵاتە، هەروەها ڕادەی دەسەڵات و داهێنانیەتی لە هـەردووبواری شـیعرو پەخشـان دا. ئـەم نامەیـە تـاکو ئێسـتا پێشەکەش نـەکراوە، دیـارە خوێنـدکار دووچـاری گرفـت هـاتووە، دەربـارەی هەڵبـژاردنی ناونیشان و باس و بابەتەکەی، لەگەڵ مامۆستاو بەشەکەی دا لە دانیشگا.

٥- کەسـانێك بـاس و پێشـەکییان بـۆ کۆمەڵـە شـیعرو بەرهـەمی چـاپ کـراوی هـێمن نووسیوە، لەوانە: شاد ڕەوان دکتۆر عبـدالرحمانی قـاسملو، محمـدی مـەلا کـریم، ڕەووف بێ گـەرد، دیـارە کـە پەنجـەیان بـۆ گـەلێك مەبەسـت و لایـەنی ئـەدەبی و هونـەری و کۆمەلأیەتی، بەرهەمی شاعیر درێژ کردووە، بیرو سەرنجی بـە نرخیشـیان لـەو بوارانـەدا دەربڕیوە، کە لەجێگەی خۆیدا سوودیان لێ وەرگیراوە.

٦- دەیان وتارو باسی جۆراو جۆر، کە هەندێکیان دەچنە خانـەی لێکۆڵینـەوە، دەربـارەی لایەنە جیاوازەکانی ژیان و شیعرو بەرهەمی هێمن لەبەر دەست دا هەنە، کە بۆ گۆڤـارو ڕۆژنامەکان، لەماوەی سالأنی نێوان (١٩٧٠-تاوەکو ئەمڕۆ) نوسراون و بلأوکراونەتەوە. هەریەکێك لەمانە بە ئەندازەیەك هاوکاری کردووە لـە ڕۆشـن کردنـەوەی گۆشـەیەك لـە مەبەسـت و بەرهـەم و داهێنـانی شـاعیر. ئێمـە ئەوەنـدەی بەدەسـتمانەوە هاتبێـت چووینەتە سۆراغی ئەو گۆڤارو ڕۆژنامەو بلأوکراوانەو، ئەو نووسین و وتـارو باسـانەمان

**بەسەر کردۆتەوە، بەڕادەی سوود بەخش و پێویستیش بۆ ئەم نامەیـە کـەڵکمان لـێ یـان وەرگرتووە.**

# بەشی یەکەم

**هـێـمن:**

**کورتەیەکی   ژیان و   ئەدەب و تێکۆشان**

## ١/**سەرەتاکان** ( ١٩٢١ - ١٩٤٣ )

**١/ ١/ژیـــــــــان :**

**سەرە قەڵەمێکی ژین و بەسەرهات.**

**١ / ٢ / ئـــەدەب :**

**١/ ئاشنایەتی لەگەڵ شیعر و ئەدەب.**

**١/ ئەزمونی شیعری ناوچەی موکریان.**

**١/٣/ سیاسەت:**

**هێمنی خەباتکارو تێکۆشەری سیاسی**

## ٢/ یەکگرتنەوەی جەمسەرەکان ( ١٩٤٥ - ١٩٨٦ )

**٢/ ١/ مەکۆی ژیان و بەرهەم و تێکۆشان**

**٢/ ٢/ دوا قۆناغ**

## ١/ سەرەتاکان ( ١٩٢١ - ١٩٤٣ )

### ١/١/ ژیـــــــان:

**سەرەقەڵەمێکی ژین و بە سەرهات:**

**بداغ سولْتانی کوڕی شێرە بەگ ( ١٦٠٨ - ١٦٨٩ ) کە بە سەردار و بابە گەورەی هۆزی بەگزادەو میرانی موکری ناسراوە، لە ڕۆژگاری شا سولەیمانی سەفەوی(*) حوکمڕانی شاری سابلاغی بە دەستەوە بووە،پیاوێکی میللەت پەروەرو خوایی بووە، لەگەڵ ئەوەش دا بە دامەزرێنەرو ئاوا کەرەوەی شاری سابلاغ،یاخود مهابادی ئەمڕۆ دەناسرێت. لە شوێنەوارە بەجێ ماوە ناودارەکانی ئەو لە مهاباد، (مزگەوتی سوور) و (پردی سوور)ن.(**) لەو ڕۆژگارانەداو لە دوا دواییەکانی سەدەی حەڤدەی زاینی،(مەلا جامی چۆڕی مەریوانی)ناو و ناوبانگێکی فرەو بەربڵاوی پەیدا کردبوو، ئەو لە سەرێکەوە فەقێ و شاگردی زانای پایەداری موکریان لەو سەردەمە،(مەلا عەلی قزلجی)ولە سەرێکی دیکەوە لە ڕەچەڵەکی زانای مەزنی ئیسلام(مەلا ئەبوبەکری موصەنیف)(***) دەبێت. بداغ سولْتان بە شوێنیدا دەنێرێ و بانگی دەکاتە لای خۆی،مزگەوتی سووری بۆ ئاوەدان دەکاتەوە،لەو ڕۆژگارەوە مەلا جامی وەکو وتار**

---

(*)لە ساڵی ( ١٦٦٧ )م لەسەر تەختی شایەتی ڕۆنیشتووە و لە ساڵی ( ١٩٦٤ )کۆچی دوایی کردوە بڕوانە:-

-دکتر محمد معین ، فەرهنگ فارسی ،چاپ چهارم ، تهران ،١٣٦٠ش،ج ٥،ص٧٩٦.

(**) مزگەوتی سوورو پردی سوور،دوو شوێنەواری ناودار و مێژوویی شاری مهابادن و هەر لە کۆنەوە تێکەڵاوی کەلەپووری ئەو مەڵبەندە بوون،لەم ساڵانەی دوایی بە هۆی دروست کردنی بەربەست(سەدە)ی مهاباد،پردی سوور ڕووخاوە و لە بەین چووە،بەڵام مزگەوتی سوور هێشتا ماوە و لەسەر بەردە لەوحی سەر دەرگانەکەی مێژووی دروست کردنی هەڵکەندراوە، کە بۆ ساڵی (١٠٨٩ه/١٦٧٨)م دەگەڕێتەوە

بڕوانە:- شەڕەفخانی بدلیسی ، شەڕەفنامە ، هەژار کردویە بە کوردی ، چ١، نەجەف، ١٩٧٢، ل٥٤٣

(***)ئەم زاتە کوڕی هیدایەتولاّ حوسەینی گۆرانی کوردی و لە نەوەی پیر خدری شاهۆیە، لە ساڵی ١٠١٤ه/١٦٠٥م وەفاتی کردووە، نشتەجێوخاوەنی گوندی (چۆڕ)بووە کەوا لە (٢٤)کیلۆمەتری باشووری قەڵای مەریوان هەڵکەوتووە.زانایێکی ناودارو پلەو پایەداربووە،لەشەرع و زانستەکانی ئیسلامەتی دەستێکی باڵای هەبووە.خاوەنی کتێب و نوسراوی زۆرە،بەهەردوو زمانی عەرەبی و فارسی لەو بارەوە، کە ناو دارترینیان کتێبێکە بەناوی(طبقات الشافعیة)ئەم زاتە بە باپیرە گەورەی سەیدەکانی مەریوان و مهاباد و قەڵاچوالان و چوارتا لە قەڵەم دەدرێت.لەو چەرخەدا قەڵای مەریوان سەر بە ئایالەتی شارەزوور بووە بۆیە بە (شارەزووری)یش ناسراوە، هەروەها نازناوی(شیخ الاسلام)یش، کە بەرزترین پلەو پایەی ئاینی بووە لەو سەر دەمەداو دەوڵەتی عوسمانی پێی بەخشیوە، هەر لەم زاتەوە بۆ هەر دوو تایەفەی شێخە ئیسلامیانی مەریوان و موکریان ماوەتەوە.بڕوانە:-

- محمد صالح ئیبراهیمی محمدی(شەپۆڵ)، ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی ، تەهران ،١٣٦٤، ل٨ - ٨١.

**خوێنو پێش نوێژ، هەروەها دەرس گۆ و وانەبێژ لە زانست و زانیاریەکانی ئیسلامەتی لە مزگەوتی سوور لە مهاباد جێگیرو نیشتەجێ دەبێت.**

**مەلا جامی لە سەرەتای سەدەی (١٢ی هیجری/١٨ی میلادی) بارگەی بەرەو لای یەزدان تێك دەنێ[١]و لەسەر وەسیەتی خۆی لە بان تەپۆڵکەیەك نێژراوە کە ئەمڕۆ بەناوی(مەیدانی مەلا جامی)ناو دەبرێت و گەورەترین وناودارترین مەیدانی ناو شاری مهابادە.**

**مەلا جامی دوای ئەوەی ماڵئاوایی لە جیهان دەکات،پاشی خۆی بنەماڵەیەکی گەورەی لێ دەکەوێتەوە کە لقی موکریانی خانەوادەی(شیخ الاسلام)ی پێك دەهێنن، ئەم بنەماڵەیە تاکو ئەمڕۆ نەوەو نەوەزایان لە ناوچەکانی موکریان و مهاباد ماون.**

**لە ڕۆژگاری بداغ سوڵتانەوە، کە دەکاتە نزیکەی (٣٠٠) ساڵێك بەر لە ئێستا، شاری مهاباد بووە بە بنکەو مەڵبەندی کوردستانی موکریان[*] ئەم مەڵبەندە زۆر جاران لە مێژوودا بووە بە مەیدانی کێشەو ململانەی نێوان هەر دوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی،شەڕو پێکدادانی خوێناوی لە نێوانیان دا لەم ناوچەیە بەرپا بووە[٢]بەلاَم هەر ماوەتەوە و لەگەڵ ڕەوتی ڕۆژگار ئاوەدان بۆتەوە، تا بە سەرەتاکانی ئەم سەدەیەگەیشتووە.**

**لە گەرمەی شەڕی یەکەمی جیهانی مهاباد دەکەوێتە بەر شالاَوی قەتل و عامی سەربازانی ئۆردووی ڕووس، هێشتا خەڵکەکە لەو تالاَوە دەرباز نەبوو بوون،کە بۆ جارێکی دیکەو لە ماوەیەکی کەمدا،دەکەونەوە ژێر هەڵمەت و پەلاماری لە شکری سمایل**

---

(١) عبدالکريم محمد المدرس ، علماؤنا في خدمة العلم و الدين،،ط١ ، بغداد،١٩٨٣،ص١٣٢ .

(*) **ئەو بەشەی خاکی کوردستان کە ناوچەکانی ڕۆژئاوای ولاَتی ئێرانی ئەمڕۆ پێك دەهێنێت، واتە (کوردستانی ڕۆژهەلاَت) یا کوردستانی ئێران،لە دێر زەمانەوە و لەسەرچاوە مێژووییەکان دا،لە ژێر هەندێ نازناوی ناوچەیی وەکو:کوردستانی موکریان، کوردستانی ئەردەلاَن، کوردستانی کرماشان...بەش بەش کراوەو ناسراوە ، بەم جۆرە ئەمڕۆ(کوردستانی موکریان)لە ناوچەکانی خوارووی ئوستانی ئازەربایجانی غەربی و باکووری ئوستانی کوردستانی ئێستا پێك دێت،کەوا شاروشارۆچکەکانی:مهاباد،بۆکان،سەقز،بانە،سەردەشت،خانێ و شنۆ دەگرێتەوە. بڕوانە:-**

-سعید خضری ، **جغرافیاي طبيعي کردستان مکریان ، انتشارت ناقوس ، چاپ اول،١٣٧٩ش ، ص٥ .**

**(٢) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:-**

**-حسین حزنی ، کوردستانی موکریان ، چ١، نشریاتی زاری کرمانجی ، رەواندز، ١٩٣٨.**

**-محمد جمیل رۆژ بەیانی ، فەرمان رەوایی موکریان ، بەغدا ، ١٩٩٢.**

خانی شکاك و دووچاری تالآن و برۆ دێن و زەبرێکی قورسیان وەبەر دەکەوێت[٣]لە پای ئەوە بەشێکی دانیشتوانی مهاباد، شارەکە بەجێ دەهێڵن و پەرتەوازەی گوند و دێهات و ناوچەکانی دەوروبەر دەبن، هەر ئەو حەلەش (سەید حەسەنی شێخە لئیسلامی)بەماڵ‌و خێزانەوە بار دەکات و شار بەجێ دەهێڵێ، پاشان لە گوندی(لاچین)[*] باروبنەیان لێ دەخەن و لەوێ دەگیرسێنەوە، هەر لەو ساڵەش یەزدان ڕۆڵەیەکی تازە بەم خێزانە دەبەخشێت.

هێمن لە (١٥ی مانگی شەعبانی ١٣٤١ھ/ ٥ی مایسی ١٩٢١م[٤])، لە گوندی (لاچین)یەکەم جار چاوی لە ژیان هەڵێناوە،ناوی(سەید محمد ئەمین)کوڕی (سەید حەسەنی - شێخە لئیسلامی)کوڕی(سەید عەلی)ناسراو بە (أمین الشرع)و کوڕی(سەید محمد)ی ناودار بە(عولەما)یە،ئەم سەید محمدی عولەمایە،لە نەوەی (سەید هیدایەتولای سەید قادر)ە کە لەناو ئەو تایەفەدا بە شێخە لئیسلامی یەکەم، یاخود شێخە لئیسلامی گەورە[**]ناو دەبرێت.

هێمن وەکو چۆن دیارە لە لایەنی باوکیەوەسەید و شێخ زادەبووە. لە لایەنی دایکیشیەوە هەروابووە ، دایکی ناوی ( زەینەب ) و کچی ( شێخ یوسف شەمسەددینی ) ناسراو بە

---

(٣ ) احمد شريفي ، عشائر شكاك و شرح زندگی آنها،لا( دراسات من تاريخ ايران الحديث و المعاصر،د. كمال مظهر احمد،بغداد، ١٩٨٥، ص٢٥) وەرگێراوە.

(*) (لاچین) و (شیلاناوێ) دوو گوندن زەوی و ئاقاریان بەسەر یەکەوەیە لە ڕۆژهەلاتی مهاباد و لە دووری (٧ - ١٠) کیلۆمەتری شارەکە هەڵکەوتون،باغ و باغات و زەوی کشتوکاڵی و بەراویان هەیە، کانگای بەخێوکردنی مەڕو ماڵاتیشە، لە کۆنەوە ئەم دوو دێ یە بە موڵکایەتی هی باپیرەی هێمن بووە، لەدوایە وەکو میرات لە نێوان دوو کوڕەکەی دابەش دەکرێت و گوندی(شیلاناوێ)وەبەر سەید حەسەنی باوکی هێمن دەکەوێت.

(٤) کەریم حیسامی ، شاعیری ناوداری کورد، هیمن ، گ/ پەیڤ ، مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد- لەندەن ، ژ/٢ ،ساڵ/١، ١٩٨٦، ل١٣٤.

(**) لقی موکریانی ئەم تایەفەیە دوو کەسیان بەم نازناوە، واتە (شیخ الاسلام) بەناوبانگ بوون، یەکەمیان ئەم سەید هیداتۆڵای سەید قادرەیە، کە دۆست و ئاشنای شێخ مارفی نۆدێ بووە، دەبێ خزمایەتیشیان لە نێوان دا هەبووبێت، لە ساڵی ١٢٧٧ھ / ١٨٦٠م شێخ مارف شەجەرەی بنەماڵەکەیانی بە شیعر بۆ ڕێك خستووە و نووسیوە تەوە. ( سەیری پاشکۆی/ ٤ بکە)

دووەمیان سەید حەسەنی باوکی هێمنە ، کەپیاوێکی ماڵ داری کەر و بەرچاوو دڵ تێر و ئاغا مەشرەب بووە، لە ساڵی ١٩٦٥م لە شیلاناوێ کۆچی دوایی کردوە.

- عومەر ئاغای عەلیار ، دیدارێکی تایبەتی ، مهاباد ، ئاب ٢٠٠٠ .

**(شـێخی بوڕهـان) بـووه ، کـه شـێخی تەریقـەتی نەقشـبەندیو بنەماڵەیـەکی نـاودار و ناسراوی موکریانن[***].**

**هـێمن لـه باوەشـی خێزانێکـی خـوا پێـداو ، بـه دڵ و دەوڵەمەنـد ، هاتۆتـه دنیـا . بـه ساوایەتی له سایەی نازو نیعمەتی ئەو خێزانه پەروەردەبووه ، که ( دایـەن ) و ( لەلـه ) یـان بـۆ راگرتـووه . لەگـەڵ ئـەوەش کـه لـه رۆژگـاری منداڵیـدا تێـر و تەسـەل و کـۆك و پۆشتەو پەرداخ بووه ، کەچی دڵی بەو هەموو نازو نیعمەت و سەڵتەنەته خۆش نەبووه، لەبەر ئەوەی دیلی ناو کۆت و بەنـدوباوی کـۆن و، داب و دەسـتووری بنەماڵـه و کۆمـەڵی خێلایەتی بووه ، وەك خۆی دەڵێ:(دیلـی نـاو قەفـەزی زێـڕو ڕێ و شـوێنی کـۆن)[٥]، کـه کارێکی وای کردووه له هەموو بەزم و خۆشی و تام چێژی سـەردەمی منـداڵی بـێ بـەش بێـت. ئـەم دابڕانـه لـه خۆشـی و هەڵبـەزو دابـەزی هـەرەتی منـداڵی، گـەرای یەکـەمین قۆنـاغی حیرمـان و بێبەشـی لـه قـولایی دەروونـی شـاعیر بـەجێ هێشـتووه،که تـا دوا ساتەکانی ژیـانی سـارێژ نـەبووه. سـەرەتا لـه تەمـەنی (٥ - ٦) سـاڵیدا هـەر لـه دێکـەی خۆیان دەچێته بەرخوێندن،ئەلفوبێ و کتێبه بچووکەکان دەخوێنێ، که تەمەنی دەبێتـه (٨)ساڵ،باوکی ڕەوانەی قوتابخانەی دەوڵەتی دەکات له مهاباد،چـوار سـالأن لـه قوتابخانـه دەخوێنێت.ئەنجا بـاوکی لـه قوتابخانـه دەری دەهـێنێ و دەیخاتـه بـەر خوێنـدنی دەرسـی ئاینی و ڕەوانەی دەکات بۆ مەدرەسەو خانەقای شێخی بوڕهان.کاتێـك هـێمن لـه خانـەقا دەگیرسـێتەوە(١٣ ) سـالأن دەبێت،((ئەمـه یەکـەمین هـەنگاوی تێکـەلأوی هـێمن لەگـەڵ دنیای دەرەوەدا دەبێت که کاریگەریـەکی مـەزن لەسـەر ژیـانی بـەجێ دەهێڵێـت))[٦] لـه خانەقا بارو دۆخەکه دەگۆڕێت،نه چاودێری بـاوك و نـه دڵەڕاوکـەی دەرس و دەورو نـه چاودێری مامۆستاکانی بەسەرەوە دەمێنێت.لەگـەڵ دەسـتەو تـاقمی فـەقێ کـانی خانـەقا**

---

**[***] لـه مهابـاد و ناوچـەکانی مەڵبەنـدی موکریـان دوو بنەماڵـه شـێخ و رابـەری تەریقـەت و ئـایین پـەروەری ناسـراو هـەن ، یەکێکیان خانەوادەی شێخی بورهانه ، ئەمانه پەیڕەوی له تەریقەتی نەقشبەندی دەکەن و خـاوەنی موریـد و مەحسـەبێکی زۆرن لەو ناوچەیەدا ، خانەقاکەیان (خانەقای شێخی بوڕهان ) له نزیك دێی شەرف کەنـدی و لـه نێـوان مهابـاد و بۆکانـه ، هێمنی شاعیر هەم دایکی و هـەم هاوسەرەکەشـی لـەم بنەماڵیـه بـوون . دووەمیـان خانـەوادەی ( شـێخی زەنبیـل) ە ، کـه لـه پەیڕەوانی تەریقەتی قادرین و تەکیەکەشیان له ناوچەی (زەنبیل ) هەڵکەوتووه.**

**(٥) هێمن له کوێ وه بۆ کوێ؟ ، تاریك و ڕوون (پێشەکی شاعیر) ، له بلاْوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ١٩٧٤، ل٤.**

(6)JOYCE BLAU، HÊMIN JI MIR،HÊVI،HEJMR،5،1986،L19

**(٧)هەژار ،من سەیفم چۆن دیوه ، دیوانی سیف القچات(پێشەکی)، گردەوه کوێ: قازی ئەحمەد، چ ١، ١٣٦١ش،ل٨.**

تێکـەڵاو دەبێـت و بـە جارێـك سەربەسـت و بەرهەڵـداو دەبێت،ئەوانیش(هـەژار)ی لـێ دەرچێت،هەموویان خزم و خاڵۆزاو پوورزای خۆی دەبن.

هێمن هەر چەندە چوار ساڵیش لەو شوێنە دەمێنێتەوە،بەڵام لە بـاری خوێندنەکەیـەوە شتێك بە شتێ ناکات،چونکێ لە تەك ئەو دەسـتە جحێـڵ و هـەرزەکارەدا، هـەموو کـات و ساتیان بۆ بەزم و گاڵتـە و سـەر بزێـوی تـەرخان دەکەن،لـە بـەر ئـەوەش منداڵـە شـێخ و نـەجیب زادەبوون،کـەس دەسـتی نەهێناونەتـە ڕێگا،ئـەوانیش لـە هـیچ شـتێ نـەپرینگاو نەتەوە[٧] وەختێك باوکی لەو مەسەلەیە ئاگادار دەبێتەوە و تێ دەگا کوڕەکـەی لـە بـاری خوێندنەکەیەوە هیچی بە هـیچ نـەکردووە، لـە خانـەقا ڕای دەگوێزێ و دەینێرێتـە لای (مەلا ئەحمەدی فەوزی) لە دێی(کولیجە)،ئەو کاتە هێمن تەمـەنی (١٧) سـاڵان دەبێـت و ماوەی ساڵ و نیوێکیش لای ئەو مامۆستایە دەمێنێتەوە، لە ساڵی (١٩٣٨) کـە هـێمن لە هەڕەتی گەنجێتی دا دەبێت، هەندێ شتی وا دێنە پێشەوە کە وابکەن واز لـە خوێنـدن بهـێنی و دەسـت لـە گەڕیـدەیی هـەڵبگرێت، بگەڕێتـەوە بـۆ هـەوارە تازەکـەیان لـە (شیلاناوێ)و بۆ ناو کـەس و کـارو خێزانەکەی،ئەمـەش وا دەکات بـە جارێك پشت لـەو ئامانجانە بکات کە پێشتر باوکی بۆی ڕەچاو کردبوو و هیوای بۆ دەخواست، تـا ببێـت بـە مەلاو کەواو سـەڵتەی ئـاو دامـێن بپۆشـێ، نـاوو شـۆرەتی لـە وڵات دا بڵاوبێتەوە،جێگـەی مەلا جامی چۆڕی باپیرە گەورەی بگرێتەوە.

دیارە ئەو ئەنجام و ئامانجە بۆ هەردوولا بـەدی نـەهات، لەمـە بـەدوا باوکیشـی پێویسـتی بـەوەبوو بـۆ ڕاپەڕانـدنی ئـەرك و کاروبـاری ژیـانی گونـد نشـینی کوڕەکـەی لـە تەکیـدا بێت.ئیـدی هـێمن دەبێتـە جووتیـار و موڵکـدارو ڕێنجبـەرێکی خوێندەوار،بـە ڕۆژ کـارو فرمانی خێزان و ماڵ و مەزرا بەڕێوە دەبات،شەوانیش دەبێتە هاونشینی کتێب و گۆڤارو ڕۆژنامە خوێندنـەوە،ناوە نـاوەش ڕوو دەکاتـە شار،سـەری دۆسـت و ئاشـناکانی دەدات لـە مهابـاد، هامشـۆی مەحکەمـەی (قـازی محمـد) و دیوەخـانی (مـیرزا ڕەحیمـی شـافیعی) دەکات((ئـەو دوو جێگایـە قـەوغاترین دیوەخـانی مهابـاد بـوون و خـەڵکیان زۆ ر لـێ دەبوو،ووردە ووردە چاو و گوێم دەکراوە و گەورە پیاوانی وڵاتم دەناسین،ئەوانیش لەبەر خاتری بابم حورمەتیان دەگرتم))[٨].

---

(٨) هێمن ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٤.

## ١ / ٢ / ئـەدەب

**١/ ئاشنایەتی لەگەڵ شیعرو ئەدەب :**

لە کۆنەوە دابی کوردەواری وابووە،ماڵە میرو مەزن و خوا پێداو مەلاو میرزاى تایبـەتیان بۆ مناڵەکانیان ڕاگرتووە، تاوەکو فێری خوێندەواری و زانست و نووسینیان بکەن، بـەو دەسـتووره مـیرزا عەبـدوڵاى مسـتەوفی (مامۆسـتا سـەعید ناکام)کـە لاوێکـی وریـاو خوێندەوارو میرزای دێ کەیان بووە، دەبێتە یەکەمین مامۆستای هێمن و سیپارەو چەند نامیلکەیـەکی بچووك لـە لای ئـەودا دەخـوێنێ .بێجگـە لـە دەرس و دەوری ئـاینی ،ئـەو چیرۆك و داستان و شیعریش بە شاگردەکەی دەخوێنێ، بەم چەشنە هەم تـرس و سامی لە دەرس و فێربوون دەشکێنێ،هەم خوێندەواریشی لـەلا شـیرین و خـۆش دەکـات.((پێش ئـەوەی ئـەلفوبێم پـێ بناسـێنی بزنۆکـەو مەڕۆکـەی حوسـێن حـوزنی ئەوەنـدە بـۆ خوێندبوومـەوە هـەمووم لـە بـەر بـوو، کتـێبی ئەنجومـەنی ئـەدیبانی ئـەمین فـەیزیمان هەبوو،شێعره گاڵتەکانی شێخ ڕەزای فێر دەکـردم، لـە بیرمـە قەسـیدە درێژەکـەی عـارف سایبم کەوا دەس پێ دەکا، ئاوەرەیی خاکی وەتـەن و سـەیرو سـەفا خـۆم، لـە سـەر ڕا بـۆ خوارێ لە بەر بوو))[٩] .

هێمن کە لە تەمەندا باخۆش دەبێت دەچێتە قوتابخانەی دەوڵەتی،(٨) ساڵان دەبێت کـە لـە قوتابخانەی(سـەعادەت)لە مهابـاد نـاو نـووس دەکرێـت، بـەلاَم لـەوێوە و هـەر لـەو تەمەنە،بچووکەش دا،یەکـەمین هـەنگاوی تـرس و تۆقانـدن دەسـت پـێ دەکـات، کـە پـێ دەنێتـە دەرگـای قوتابخانەکـەی، زمـانی زگمـاکی، واتـە لـەفزی شـیرینی کـوردی ناومـاڵ و خێزانی لێ قەدەغەو یاساغ دەکرێت،((من منداڵێکی لادێی نازدار بووم،لە کوردی بەولاوە هیچ زمانم نەدەزانی،لە مەدرەسەش کـەس نەیـدەوێرا بـە کـوردی قسـە بکا))[١٠]،لەگـەڵ ئەوەش چوار ساڵان لە قوتابخانە بەسەر دەبات، هیچ مەیل و ئارەزوویەکی بەلای شیعرو

---

-پێویستە ئەو ڕاستیە بسەلمێنین کە سەرچاوەو دەلیلی سەرەکی بەر دەستمان لە گێڕانەوەو شیکردنەوەی قۆناغەکانی بەرایی ژیان و بە سەر هاتی شاعیر، هەر ئەو پێشەکی و (ژین نامە)یە کە خۆی لە ژێر ناونیشانی (لەکوێ وە بۆ کوێ؟) بۆ کۆمەڵە شیعری (تاریك و ڕوون)نووسیویەتی. هەروەها دەبێ ئەوەش بڵێین کە تاکو ئەمڕۆ هەر زانیاری و لێکۆڵینەوەکیش هەیە دەربارەی ژیان نامەی شاعیر کە لەلایەن خەڵکانی ترەوە نوسراوە و بلاّوکراوە تەوە،هیچیان لەوە تێناپەڕن کە شاعیر زۆر بە ووردی و بە دوورو درێژی و بە قەڵەمی خۆی،لەو شوێنەدا تۆماری کردووە.

ئەدەبیات دا لێ بە دیار ناکەوێت، لەلای ئەو دەرسی زمان و ئەدەب و ئینشاو حیساب وەکو یەك بوون، وەکو یەکیش نمرەی لێ دەهێنان.لەو سەرەوە باوکی هێمن لە فکری ئەوەدا دەبێت کوڕەکەی بۆ مەلایەتی ئامادە بکات، بۆیە لە قوتابخانە دەیگوێزێتەوە بۆ مەدرەسەی خانەقاو دەیخاتە سەر ڕێبازی دەرس و دەوری ئاینی.حوجرەی مزگەوت و مەدرەسەو تەکیەو خانەقاکان،.بۆ کورد لە دێرزەمانەوە هەمیشە مەکۆی خوێندەواریو عیلم و زانست بوون، لەو دەورەدا خانەقای شێخی بورهانیش لە وێنەی زانستگەیەکی مەزن و ناودار بوو،هەردەم ئاپۆڕەو ئاوەدان،لە هەموو توخم و ڕەگەزێکی لێ کۆدەبۆوە، مەلاو زاناو پیاوە ناو دارەکانی موکریان بەردەوام لە هامشۆی خانەقادا بوون و لێ ی دەمانەوە، بە کورتی بۆ خواناسی و ئایین پەروەری،زانست و زانیاری و ئەدەب لە مەڵبەندی موکریان دا خانەقا لە وێنەی نەبوو. هێمن کە چوارساڵێکیش لەو مەڵبەندە بەسەر دەبات و لەگەڵ ئەوەش لە دوایە تا ڕادەیەك لە ڕەوشت و هەڵس و کەوتی ئەو دەورەیەی پەشیمان و ناڕازی یە[*]! ، بەڵام ناشێت ئەوە فەرامۆش بکرێت، کە یەکەمین قوتابخانەی ژیان و هێلانەی پێگەیشتن و تێگەیشتنی ئەم شوێنە بووە، بۆ یەکەمجار لەگەڵ هەزاری هاوڕێ ی تەمەن و تێکۆشانی یەك دەگرنەوە، هۆگری و ئاشنایەتی لەگەڵ دنیای شیعرو ئەدەب دەست پێ دەکا و لەم ڕێگەیەوەش ڕووەو شەقامی بەرینی ژین و پاشەڕۆژ هەنگاو هەڵدەهێنێ. لە خانەقا نێوانی لەگەڵ هەژار پتەو دەبێت، هەموو کات و ساتیان وێکڕا بەسەر دەبەن و هەر لەمەوەش، داستانی جووتمانەیی ئەم جوتە سوارە ئەفسانەیی و ئەفسوو ناویە ناودارەی موکریان، کە بێ پسانەوە لە هەر دوو مەیدانی ڕووناکبیری و تێکۆشان دا نزیکی نیو سەدە بەردەوام بووە، لەم ساتانەو لە ڕۆژگاری بەیەکەوەی فەقێیەتی دەست پێ دەکات. شیعر و دیوانی شاعیرانی بەرزی فارس، وەکو سەعدی، جامی، حافز، مەولانا، کەلیم، سائیب...دەخوێننەوەو دەور دەکەنەوە. هەزاران بەیتە شیعری شاعیرانی کورد و فارس لەبەر دەکەن، چیرۆکو داستانە کۆنەکانی وەکو،

---

(٩) (١٠) هێمن ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦ .

[*]هێمن لە پیریدا داخ و خەفەت بۆ ئەو ڕۆژانە هەڵدەڕێژێ کە لە خانەقادا بە فیڕۆی چوواندوون ، بۆیە لەو بارەوە دەڵێ : (( دەستی شکاوو ڕانی ووردم ئەوەی ئێستا دەزانم ئەگەر ئەو دەم دەمزانی کار لە جێگایەکی دیکەبوو، منیش شتێکیتر بووم )). بڕوانە :-

- هێمن ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٨ .

ئەسکەندەر نامە، ئـەمیر ئەرسـەلان، ڕۆسـتەم، شـێرۆیە و حسـێنی کـورد... دەبێتـە شـەو چەرەیان، تا وای لێ دێ ئـەم دووانـە لـە تـاقمی هاوڕێیانیـان جوێ دەبنـەوەو لـە دنیـای تایبـەتی خۆیـان، دنیـای ئـەدەب و شـێعرو هونەردەگیرسـێنەوە بۆیـە زەوق و سـەلیقەی شیعر و ئەدەب و شاعرێتی لە دەروون و هەستی هـێمنی نەوجـەوان، لـە خانـەقادا بـەرە بەرە گـوڵ دەکا و دەگەشـێتەوە، هـەر خۆشـی پەنجـە بـۆ ئەمـە ڕادەکێشـێ:((ئەو هـەموو شێعر خوێندنەوە و ڕەفاقەتی هەژار و هات و چۆی مەجلیسی ئودەبـای خانـەقا، زەوقـی ئـەدەبی لـە مـن دا بـە وجـوود هێنـا))[11].ئـەنجا هـەر لـەوێ کەڵکەلـەی شـیعر دانانیشـی دەچێتە سەر، بە فارسی، بە کوردی،بەلاّم بە نهێنی و بە شەرمەوە !، هەر تەنیا هـەژاری هاوڕێی لێ ئاگادار دەکاتەوە.

دیارە سەرەتا وەکو گـوترا لـەو زانسـتگەیە، واتـە لـە خانـەقای شـێخی بورهـان، هەسـت و سۆزو بیرو هۆشی شاعیرانە لە مێشك و دەروونی هێمن نەش و نمـای کـردووە، بـەلاّم بـۆ خەملێن و پەروەردە بوون، ئەنجا گەشانەوەو پێگەینی ئـەو سـۆزو هەسـت و بـیرە، دیـارە هەنگاوی دواتر پێویست بـوو، کـە ئـەویش لەسـەر دەسـتی مـەلا ئەحمـەدی فـەوزی پێـك دێت. هێمن وەك ئەوەی بەخت و شانس لە خانەقاوە لەسەر باڵی سیمرغ هەڵی گرتبێ و بردبێتێ لەبەر دەسـتی زانـای ئـەدەب زان و ولاّت پـەروەر، فـەوزی دانـابێ وابـووە. دیـارە ئەمـە ئاسـۆیەکی تـازەی لـە بـەر دەم هـێمن دا کردۆتـەوە، ئـەو ماوەیـە کـە لـەلای ئـەودا ماوەتـەوە لەگـەڵ ئـەوەی کـەم و کـورت خایـەن بـووە بـەلاّم لـە ڕووی چـۆنایەتیەوە زۆر گرینگ و بایەخدار بووە، هەر لەم ماوەیەش دا بەتەواوی ئاشناو شارەزای سامانی شیعرو ئەدەبی کلاسیکی نەتەوەکەی بووە،((ئەو فێری کردم زەوقـی ئـەدەبیم چـۆن تیـف تیفـە بدەم، مشت و ماڵی بکەم، ئەو فێری کردوم چۆن بنووسم و چۆن شێعر بڵێم..ئەو حـاڵی کردم کوردی زمانێکی ڕەوان و بەر بلاّو و دەوڵەمەندە و دەکرێ ئەدەبێکی گەورە و دنیا پەسندی هـەبێ... ئـەو حـاجی قـادری کـۆیی، نـالی، کـوردی، سـالیم، مەولـەوی، حـەریق، مەحوی، ئەدەب و وەفایی پێ ناساندم و شێعرەکانی ئەوانی بۆ شیکردمەوە))[12]هەر لەو کاتـە شـەوە، پـەی بـە گەنجینـەو خەزێنەیـەکی دیکـەی سـامانی ئـەدەبی میللەتەکـەی بـردووە، داسـتان و بـەیت و جیهـانی ڕەسـەن و بـەپێزی فۆلکـۆری کـوردی. لـە کۆلیجـە

---

(١٢) هێمن ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٠.

مامۆستایەکی دیکەشی بۆ پەیدا دەبێت، (سەید عەولای سەید مینە)، ئەگەر چی کلۆڵ و نەخوێندەوار و هەژار، بەلام هۆشیار و ئاگادار، بەیت بێژ و شیعر ناس و ئەدەب زان، هێمن لای ئەو مامۆستایەشی فێری ووشەی پاراوو ڕەسەنی کوردی دەبێ و فۆلکلۆر و ئەدەبی کۆنی نەتەوەکەشی دەناسێ.

ئەم دوو قۆناغە، واتە قۆناغی فەقێ یەتی خانەقاو ڕەفاقەتی هەژار، لەگەڵ قۆناغی خوێندنی لای فەوزی و مانەوەی لە کولیجە، زەمینە و ژێرخان و ئەو بناوانە پێك دەهێنێت، کە سەلیقە و چێژو هەستی ئەدەبی و نەمامی شاعێرێتی هێمنی تیادا سەوز بووە، ئەنجا نەشونمای کردووە تا بالای کردوە و ڕسکاوە، ئەنجا لە قۆناغەکانی دواتر لەگەڵ ئەزموون و تاقی کردنەوەکانی ژیانی پڕ لە مەینەتی ئاوێتە بووەو موتوربە کراوە، تابووە بە درەختێکی بالا بڵیند و ڕەگ ئاژۆ، لق و پۆپی هاویشتوە، تا لە باخچەی شاعیرانی ڕۆژ هەلاتی کوردستان سایەو پایەو بەرو بەرهەمی بە هەموولایەك دا بلاو بۆتەوە.

**٢/ ئەزموونی شیعری ناوچەی موکریان:**

لە نیوەی یەکەم و ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم، گۆڕان و وەچەرخانێکی مەزن لە دنیای ئەدەبیاتی کوردی بەرپا دەبێت، هەرسێ کەڵە شاعیرە ناودارو ناسراوەکەی بابان، نالی (١٨٠٠ ـ ١٨٥٦ )، سالم(١٨٠٥ ـ ١٨٦٩)، کوردی( ١٨٠٩ ـ ١٨٤٩ )پایەکانی ڕێبازێکی نوێ لە ئەدەبی کوردی دادەڕێژن، بە کۆششی ئەوان قوتابخانەی شیعری کرمانجی خواروو (بابان)دادەمەزرێت و، زۆری نەخایاند تیشکی ئەم شۆڕش و داهێنانە ئەدەبیە ڕەسەن و تازەیە، سنوور و چێوەی میرایەتی بابان و(سلێمانی)مەڵبەندەکەیانی بەزاندو بە هەر چوار دەوری دا پڕشنگی دایەوە. لە پاش ئاوابوونی ئەستێرەی ژیانی ئەم دامەزرێنەرانە، لە مەڵبەند و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، گەرمیان، سۆران، سلێمانیو موکریان، نەوەیەکی نوێ لە شاعیرانی کورد پێگەیشتن، کە لە سەرەتا شاگردو موریدی ئەم قوتابخانەیەبوون، لە پاشان هەر کەسەو لە زێدو مەڵبەندەکەی خۆی بوو بە ڕابەرو ئالا هەلگری ئەم ڕێبازە ئەدەبیە

پێشکەوتووە، ئەوەنـدەش بـۆی کرابێـت لـەو ناوچـەیە پـەرەی پـێ داوە و گەشـەی پـێ کردووە و بڵاوی کردۆتەوە.

نوێنەرانی ئەم قوتابخانەیە لە ڕەعیلی دووەمی شاعیرانی کلاسیکی کرمانجی خواروو، لە سـلێمانی بنکـەی بزووتنەوەکـە مـەحوی(١٨٣٠ - ١٩٠٦)،لـە گەرمیـان شـێـخ ڕەزای تاڵـەبانی(١٨٣٥ – ١٩٠٩)، لـە سـۆران حـاجی قـادری کـۆیی(١٨١٦ – ١٨٩٧)،لـە موکریـان مـیرزا عەبـدولڕەحیمی سابڵاغی (وەفـایی-١٨٣٨-١٨٩٩)بـوون. ئەمانـە لـە سەرەتای سەدەی بیستەم،هەر یەکەو لە ناوچەو مەڵبەندەکەی خۆی لە بڵاوکردنـەوەو بـاو سـەندنی قوتابخانـەی شـیعری کرمـانجی خواروو(قوتابخانـەی نـالی) دەستپێشـخەرو سەرامەد بوون، بەم پێ یـە وەکـو دیـار دەکـەوێت (وەفـایی) بەیەکـەمین نوێنـەری ئـەم قوتـابـخـانـەیـە لە دیـوی ڕۆژهەلاَت دەنـاسرێت و لەمــەوەش وەکـو مـامۆسـتـای دەورەی یەکەمی شـاعـیـرانی نـاوچەی مـوکـریـان ســـەیر دەکـرێت. لێـرەوە دەسـتـەیـەك لـە شــاعـیـرانی کـوردی ســـەر بـــەم نـــاوچـــەیـــە بــەدی دەکـرێن کـــە هــەر لــەو سـەرو بەنـدەدا ژیـاون وەکو، مــەجدی (١٨٤٩-١٩٢٥)، ئــەدەب(١٨٥٩-١٩١٢)، ئـەدیـب (١٨٧٤ - ١٩٣٢)،حـەریق(١٨٥١-١٩٠٧)، ئەمانـە بـەهاوڕێ و هـاو ڕێبـازی ئـەدەبی وەفـایی حیسـاب دەکـرێن و بــە هــەموویان دەسـتـەی یەکـەم یـاخود (دەورەی یەکـەمی شـاعیرانی ناوچـەی موکریان)پێـك دەهێـنن، کـە لـە دەسـتپێکی ئـەم سـەدەیەوە کـاروانی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی یان لە مەڵبەندی موکریان وەڕێ خستووەو ڕێڕەوەکەیان ڕەنـگ ڕێژ کردووە(*)، شەقڵ و ئەدگارە گشـتیەکانی بەرهـەمی ئـەدەبی ئـەم دەورەیـە، لـە بـاری

---

(*) هەندێ وتارو لێکۆلینەوە دەربارەی(مەکتەبی موکریان) لـە ڕۆژنامـە و گۆڤارەکانـدا بڵاوکراوەتـەوە، کـە سـەر هەڵدان و شکڵگیری ئەم بزووتنەوە ئەدەبیەی موکریان بۆ ناوەڕاستی ئەم سـەدەیەو بـۆ نـەوەی دووەمـی شـاعیرانی موکریان(خاڵـەمین، عـەتری، هـەژار، هێمن...)دەگێڕنـەوە، یـا ئـەوەتا سـەرەتاکەی دەدەنـە پـاڵ سـەیفی قـازی یـەوە، بـێ ئـەوەی بنـەما دێـرین و مێژووییەکەی دەست نیشان بکەن، ئێمە وای دەبینین کە ئەم ئەزموونە ئەدەبیەی لەناوچەی موکریان گەشەی سەندوە:-

١-لە بنەڕەت دا لە قوتابخانەی شیعری نالی یەوە سەرچاوە هەڵ دەگرێت.٢-بناغـە داڕێژەرەکـەی وەفـایی و لـە سـەر دەسـتی ئەویش دا گوێزراوەتەوە ئەوێ.٣-لەرێگەی شاعیرانی دەورەی یەکەم(وەفایی، ئەدەب، حەریق)لە موکریان باوی سەندوە.

٤-بەهۆی شاعیرانی دەورەی دووەم، کە خۆیان لە ژمارەی پەنجەی هـەر دوو دەست دەدەن،خەسڵەتو تایبەتمەنـدی بـۆ پێـك هاتووە و مەودای تەواوی خۆی وەرگرتووە. بۆ زانیاری. زیاتر سەیری ئەم سەرچاوە وانە بکە.:-

- هێمن، مامۆستای شاعیران موکریان، پاشەڕۆك، انتشارات سیدیان،١٣٦٢ش:ل٣٩.

- س.ج.هێـرش ، ڕەوتـی سـەرهەڵدانی شـێعری نیشـتیمانی و سیاسـی لـە موکریـان.گ /گـزینگ،ژ/١٣ - ١٥،سـوید،١٩٩٦-١٩٩٧

- سەلاحوددینی موهتەدی ، دەساڵ دوای کاك سوار، ڕۆڤار، ژ/ە، سلێمانی، ساڵ؟،

شێوەو ناوەڕۆکەوە بە شێوەیەکی گشتی هەر درێژە کێشانەوەی قوتابخانە ئەدەبیەیە عەرووزیەیە دێرینەکەی کرمانجی خواروو( بابان )ە هەر چەندە ((خاوەنی جۆرێك لە تایبەتمەندیو نیشانەی تایبەت بەخۆشیەتی))[١٣]، بەتایبەتی لەلایەنی دیالێکت و زمانەوانیەوە، هەروەها لەلایەنی بەچڕی کەوتنە ژێر کاریگەری فەرهەنگ و ئەدەبیاتی فارسیەوە بە شێوەیەکی وا کە بەرهەمی شاعیرانی دورەی یەکەم سێبەری بەرهەمە کلاسیکی و ئەفسانەییەکانی ئەدەبی فارسی بە ئاشکرا پێوە دیارە.[١٤] رەنگدانەوەی هۆکارو تایبەتمەندی ناوخۆیی و هەرێمی، هەروەها دەرکی و دەوروبەر لە فەرهەنگ و شیعرو ئەدەبی ئەم ناوچەیە، ئاکامێکی سروشتی واقیعی دابەش بوونی کوردو نیشتیمانەکەیەتی، لەبەرئەوەی:(( دابڕانی بەشەکانی خاکی کورد لە یەکتری کارێکی وای کرد بکەوێتە ژێر کاریگەری خوێندەواری ئەو بەشانەی لە گەلیان دەژیاوەکو تورك و فارس و عەرەب... ئەمە هەمووی بووە هۆی ئەوەی هەندێ خاسیەتی هەرێمی لە ئەدەبی کوردی ئەم هەرێمە جیاوازانە پەیدا ببێ، واتە ئەدەبی هەر لایەك شێوەو ناوەڕۆکی تایبەتی خۆی هەبێ و لە ئەوانی تر جیابێتەوە، ئەگەرچی لە بنچینەشدا دیارە هەمووی هەریەك ئەدەبە))[١٥] کاروانی شیعری کوردی لە موکریان و لە ڕۆژهەلأتیش، وەك هەرێمەکانی دیکەی کوردستان، لە ئاکامی ئەو ئالوگۆڕە بنەڕەتیانەی لە بارودۆخی ئابووری و کۆمەلأیەتی و سیاسی و فەرهەنگی ناوچەکە پێك هاتن دوابەدوای ئینقلابی عوسمانی(١٩٠٨)،شۆڕشی مەشرۆتە لە ئێران(١٩٠٦-

---

-جوان بۆکانی ، پێشڕەوانی شیعری نوێ لە ڕۆژهەلأتی کوردستان ، ڕ/پەیام ، ژ/٣-٤ ، لەندەن .١٩٩٧.

- سامان حوسێنی ، هەلوەستەیەك لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی ڕۆژهەلأتی کوردستان ، گ/بیری نوێ،ژ/١٨، ١٩٩٧.

(١٣)سامان حوسێنی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٦.

(١٤)بۆ زانیاری زیاتر تکایە سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:

دکتۆر ئەمین علی موتابچی، شاعیرانی کوردو ئەدەبیاتی فارسی، گ/کۆلیجی ئەدەبیات ، زانستگای بەغدا،ژ/١٦، ١٩٧٣ ، ل٥.

دکتۆر محمەد محمەد نوری عارف ، تەئسیری زمان و ئەدەبی فارسی لەسەر ئەدەبی کوردی،گ/کۆلیجی ئەدەبیات، زانستگای بەغدا ، ژ/ ٨ ، ١٩٧٤ل٧٢.

(١٥) دکتۆر مارف خەزنەدار ، شیعری کوردی/ سیاسەت- کۆمەلأیەتی- کوردایەتی نێوان هەر دوو جەنگی گێتی،گ/ڕۆشنبیری کوردستانی،ژ/١، هەولێر ١٩٩٩،ل٥

١٩١١)وكۆتایی هاتنی جەنگی یەکەم(١٩١٤ـ١٩١٨)،بەرە بەرە لە ڕێڕەوی کلاسیکی و کۆن لایداو هەم نیشانەکانی ڕێبازی ڕۆمانتیکی و هەم بابەت و ناوەڕۆکی ڕۆشنگەری(تەنویری)،سیاسی،ڕەخنەی کۆمەلاّیەتی لێ بەدیار کەوتن.ئەم دیاردەیە بە ڕوونی لە شیعرو بەرهەمی چەند شاعیرێك بە دیار دەکەوێت، کە دەکرێت وەکو شاعیرانی قۆناغی گواستنەوە، لە نێوان کۆن و نوێ، دەورەی یەکەم و دووەمی شاعیرانی ئەم مەڵبەندە سەیر بکرێن، کە بەحوکمی بارودۆخە تازەکەو ئیلهام وەرگرتن لەو قوتابخانە فیکری و ئەدەبیەیە ئازادیخواز و تازەکەرەوانەی لە تورکیا و ئێران باوی سەند بوو،جڵەوی شیعری کوردیەیان لەم ناوچەیە بەرەو ئاقارێکی نوێ وەرچەرخاند،((ئەو گۆڕانکاریە کۆمەلاّتیانەی دوا بە دوای سەرهەڵدان و جێگیر بوونی شۆڕشی مەشروتە لە ئێران هاتنە کایەوە،کاریگەری بەسەر هەموو ژیانی ئێرانیەکانەوەهەبوو و سەرتاپای کۆمەڵی گۆڕی، ئەم ئاڵ و گۆڕە نەوەك تەنها بنیاتەکانی کۆمەڵ و باری ئابووری گرتەوە، بەڵکو تێکەڵ بەبیرو باوەڕو ئەدەبیات و نەریتەکانیشمانەوە بوو))[١٦] لێرەوە پێویستە ئیشارەت بۆ ڕۆڵی قازی زادە مستەفا شەوقی (١٨٩٦ـ١٩٥٠)بکرێت کە ((یەکێکە لە ئالاّ هەڵگرانی قۆناغی ڕۆشنگەری و ...خاوەنی دەنگی ڕەسەنی سەردەمی خۆیەتی))[١٧]،هەروەها تان و پۆی ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ڕوخسارو ناوەڕۆك بەتەواوی لە شیعر و بەرهەمەکانیدا بەدیار دەکەوێت، ئەو لەگەڵ ئەوەش سەردەمانێك لە زێدو مەڵبەندەکەی دوور کەوتۆتەوەو لە دوایی بە یەکجاری لێی دابڕاوە، هەروەها تا ئێستا ژیان و بەرهەمەکانی بەتەواوی ساغ نەکراونەتەوە، بەلاّم دەشێ وەکو ڕابەرێکی شیعری نوێی کوردی نەك هەر لە موکریان بەڵکو لە مێژووی قوتابخانەی ئەدەبی کرمانجی خواروودا حسابی بۆ بکرێت.[*]مەلا

---

(١٦) پروفسور،آ،ج، آربری ، شعر جدید فارسی، مترجم : فتح الله مجتبایي، چاپ پیروز، مؤسسة مطبوعات امیرکبیر، تهران، ١٣٣٤ ،ص١٤.

(١٧)س.ج هێرش، سەرچاوەی پێشوو، بەشی دووەم ، ل١٦.

( * ) شیعرو بەرهەمی شەوقی، کە تا ئێستا زانراون و تیشکیان خراوەتە سەر،ئەوانەن کە لە گۆڤارەکانی ئەستەمبۆڵ، وەکو(ژین)و (کوردستان)..بلاّوکراونەتەوە،جگە لەو مەیدانە شەوقی ڕووناکبیرێکی مەزن و خەباتکارێکی نیشتیمان پەروەر بووە، تێکەلاّوی جوولاّنەوەی، کورد و ئەو کۆڕو کۆمەڵە سیاسی و کۆمەلاّیەتی و فەرهەنگیانە بووە کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە ئەستەمۆڵ پێکهاتوون.بڕوانە:-

-**M.EMIN BOZARSLAN، JÎN، KOVARA KURDÎ- TIRKÎ، 1918- 1919، CILD- 1، SWDEN، 1985.**

مــارف كۆكــەیی(١٨٧٤_١٩٤٥)لــە بــواری شــیعری زانســت پــەروەری و ڕەخنــەی كۆمەلایەتیـدا دەسـتێكی بـالای هـەبووە، بـەلاَم ئـەوەی لـەو ماوەیـەدا ڕۆلێكـی بەرچـاوی گێڕاوە وەكو(مامۆستای شاعیرانی موكریان)(١٨) بـۆ ئـەو سـەردەمە و بـۆ ئـەو شـاعیرانەی كـە لـەدوای ئــەوەوە هاتــوون نــاو دەبــرێت، ئەبولحەســەنی ســەیفی قــازی(١٨٧٧-١٩٤٤)ناسـراو بـە (سـیف القضـات)ە، كەوا((یەكێكـە لـەو شـاعیرانەی دەكـرێ وەك پێشەنگی شیعری نیشتیمانی و سیاسـی موكریـان نێـوی بێنیـنن كـە شـوێن پێـی لەسـەر شاعیرانی دواتری موكریان بە ڕوونی دەر دەكەوێ))(١٩). ئەم شاعیرە لـە هـەر دوولایـەنی شێوەو ناوەڕۆكەوە، مۆركی تازەگەری و پێشكەوتن بە بەرهەمەكانی یـەوە دەردەكـەوێت، لەوێنەی: بەكارهێنانی كێشی خۆمالی، دەربـڕین بـە زمـانی سـادەو دیـالێكتی قسـەكردن، بــەكارهێنانی ووشــەی ڕەســەنو پــاراوی كــوردی، نزیــك بوونــەوە لــە كێشــە و گرفتــە كۆمەلایەتیــەكان...، جگـە لـەو هـۆش و هەسـتی نیشـتیمانی و نەتـەوە خوازیـە گلێـە سەندووەی، كە دواتر بوون بە مۆركێكی بنەڕەتی ڕێـڕەو و ڕێبـازی شـیعری لـە ناوچـەی موكریان، تا ئەوەی دەتـوانین بلێین،((كلاسـیزمی نـوێ بـە درێـژایی ٢٠ سـالَ (١٩٢٠ - ١٩٤٠)زەبـرو زەنگـی دیكتـاتۆری و سـەرەڕای زمـان ئامـان و كـوردی قەدەغـەی دەوری سەلتەنەتی ڕەزا شـای پەهلـەوی بـە هـەولَ و هیمـەتی زانـاو شـاعیری نیشـتیمان پـەروەر حەسنی(سەیفولقوزات)ەوە ڕچەی بۆشكا))(٢٠)، لە سەرەتای چلەكانی ئـەم سـەدەیەو بـەر لەوەی نیوەی یەكەمی كۆتایی پێ بێت، لە هەلَ و مەرجێكی تـەواو جیـاواز و تـازەی پـڕ لە ئالوگۆڕی هەلایسانی بلێسەی جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٤٠_١٩٤٥)بـارودۆخێكی نوێ بالی بەسەر ئێران و ولاَتانی ناوچەكەو جیهان دا كێشابوو، ڕۆژهەلاَتی كوردستان لە ئــەنجامی بۆشــایی دەســەلاَتی ناوەنــدی، حالــەتێكی هۆشــیاری و بوژانــەوە بەخۆیــەوە دەبینێت و سـەرەنجام دەورو دەرەتـانێكی زێـڕین لـە بـواری فیكـرو ئـەدەب و ڕۆشـنبیری دێتـە پێشـەوە، لـەم نـاوەدا دەنـگو زایەلـەی پۆلـە شـاعیرێكی پێشـەنگ، كـە هێمنـیش یەكێكیان دەبێت، لە موكریانەوە بەرزدەبێتەوە، كەوا گوڕوتین و سەرو سامانێكی تـازەو

---

- دكتۆر مارف خەزنەدار ، لە بابەت مێژووی ئەدەبی كوردی یەوە، المؤسسة العراقية للدعاية و الطباعة،بەغدا،١٩٨٤.

(١٨) هێمن ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٩.

(١٩)س،ج هێرش ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٨.

(٢٠)سەلاحوودینی موهتەدی سەرچاوەی پێشوو ، ل٤.

بەپێزو دەوڵەمەند بۆ خەرمانی ئەم ئەزمونە ئەدەبیە پێك دەهێنێت.ئەم دەستەیە دەورەی دووەمی شاعیرانی ناوچەی موکریان یاخود (نەسلی ناوەڕاست)ی[*]پێك دەهێنن و بریتین لە ، خاڵەمین، سەید کامیلی ئیمامی(ئاوات)، عەباسی حەقیقی، محمەدی عەتری گلولانی(نوری).هەژاری موکریانی، هێمن، خالید ئاغای حیسامی(شێواو-هێدی)...کە دوابەدوای سەیفی قازی و لە بێشکەی شیعری نیشتیمانیدا پێگەیشتوون و زۆربەی شیعرەکانیان بۆ نیشتیمان پەروەری تەرخان بووە، ئەم دیاردەیە لە سەردەمی کۆمەڵەی(ژ.ك)و پاشان لە ڕۆژانی کۆماری کوردستان لە مهاباد بە ڕوونی دەبینرێ[٢١]سامانی ئەدەبی ئەم دەورەیە لە ئاکامی ئاوێتە بوون و یەکگرتنەوەی کۆمەڵێك فەرهەنگ و ڕووناکبیری هاتۆتە بەرهەم، واتە سەرچاوەکانی کارتێکردن و خولْقانی ئەم ئەدەبە فرە لایەن و فرە جەمسەرن، هەندێکیان کوردی و خۆماڵی و هەندێکیان بێگانەن، لە سەرێکەوە. ئەمانە لە دەستپێکەوە لەباوەشی شیعری کلاسیکی کوردی و ڕۆژهەلأتیدا پەروەردە بوون، لەو لاشەوە شەپۆلە تازەکانی شیعری نوێ باوی فارسی، کە لە دوای مەشروتە لە ئیران وورژا بوو دەیهەژاندن، لەگەڵ ئەمانەش کەش و هەوای تازە نەفەسی شیعری نوێ ی کوردی کوردستانی عێراق چێژو بیرکردنەوەیانی داگرتبوو، سەر باری ئەوەی ئەم شاعیرانە لەسەر زەمین و مەڵبەندێکی بەپیت و دەوڵەمەندی پڕ لە سامانی زمان و ئەدەبی نەتەوەیی (فۆلکلۆر)دا چاویان هەڵێنابوو، کەتام و بۆیەکی شیرین و تایبەت بە ئەدەبەکەشیان دەبەخشێت، بەم ڕەنگە و لە ئاکامی ئاوێتە بوونی ئەم جەمسەرو جۆگەلەو سەرچاوانە خەرمانێکی ڕەسەن و تاقی کردنەوەیەکی ئەدەبی دەوڵەمەند و تایبەت بەم هەرێمە، هاتۆتە بەرهەم،کە لایەنێکی بەرچاو لە مێژوو کەلەپووری ئەدەبی میللەتەکەمان پێك دەهێنێت، هەندێ جاریش لەلایەن نووسەرو ڕووناکبیری خودی ئەو مەڵبەندە بە (قوتابخانەی موکریان) یا بە (مەکتەبی موکریان)ناو دێر دەکرێت، ((ئەو مەکتەبەی دەکرێ بە (مەکتەبی

(*) لە بەکارهێنانی ووشەی (ناوەڕاست) مەبەستێکی سێ لایەنە ڕەچاو کراوە:-

١-ئەم دەستە شاعیرە لە نێوان هەردوو نەسلی کۆن و نوێ ، یەکەم و سێ یەمی شاعیرانی ناوچەی موکریان هەڵکەوتوون.

٢-لە نیوە و ناوەڕاستی سەدەی بیست (١٩٤٠-١٩٦٠)لە هەرەتی ژیان و شاعیریەتی دا بوون.

٣- لە نێو کۆمەڵێك شەپۆڵ و ئاراستەی ئەدەبی و لە ژێر کاریگەری چەند ڕێبازێکی ئەدەبی و فەرهەنگی جیا جیا ژیاون و پێگەیشتوون.

(٢١)دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسول ، ئەدەبیاتی نوێی کوردی، هەولێر،١٩٨٩،ل١٥٥

موکریان) له مێژووی ئەدەبی کوردیدا ناو ببرێت، هەر چەند بەپێی پاراستنی وەزنی عەرووزی و ڕیعایەتی کێش و قافیەو داڕشتنی شیعر لە قاڵبی دوو نیوە بەیتی هاوتادا هەر لەسەر شێوەی شیعری کلاسیکی کوردی دەڕۆیشت،بەڵام چ لە ناوەڕۆك و ئامانجەکانی گوتن وە چ لە شێوازی بەیان و هەڵبژاردنی ووشەدا خۆی لە مەکتەبی (کلاسیکی کۆن) جیاکردەوە))[٢٢] هێمنی شاعیری ئێمەش یەکێکە لە ڕێبوارانی پێشەنگ و ڕێبەرانی ئەم کاروان و ئەزموونە ئەدەبیەیە پڕ شۆڕەی موکریان، کە هەم لە ڕووی زۆری بەرهەم و فرە ڕەنگی داهێنانەوە، هەم لە ڕووی بەردەوامی و ئامادەیی هەمیشەیی لەماوەی نیو سەدەدا، لە سەرجەم مەیدانەکانی داهێنانی ئەدەبی و ڕووناکبیری کوردی دا، توانیویەتی لە چوارچێوەو سنووری ناوچەییو هەرێمایەتی لە دایك بوون و پێگەیینی خۆی دا تێپەڕێ و ژیان و بەرهەم و کۆششی، تێکەڵ بە دەریای مێژوو کەلتوری نەتەوەکەی بێت.

لە نیوەی دووەمی ئەم سەدەیە، ئەم قوتابخانە ئەدەبیەیە، نەوەیەکی نوێ، وەکو دەورەی سێ یەمی شاعیرانی ناوچەی موکریان، دێنێتە سەر شانۆی دنیای شیعرو ئەدەبیات و داهێنان، کە سوارەی ئێلخانی زادە(١٩٣٧ـ١٩٧٦) فاتیحی شیخ الاسلامی (چاوە)، عەلی حەسەنیانی (هاوار)(١٩٣٩ـ١٩٩٠) سێ کوچکەی شیعری نوێی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان لە ساڵانی (١٩٥٠ـ١٩٦٠) پێکەوە ناوە و لە پاڵ دەستەیەك لە هاوڕێ یانیان، لە وێنەی، عومەری سوڵتانی(وەفا) مصلح شێخ الاسلامی (ڕێبوار)، دکتۆر عابد سەراج الدین (هێژا). ئاڵای نوێ خوازی و تازەکردنەوەیان لە شیعری کوردی بەسەر شانی خۆیانەوە هەڵگرتووە و خستوویانەتە سەر ڕاستە شەقامی ڕێبازی ڕیالێزم و ئەدەبیاتی هاوچەرخ[٢٣] . (بڕوانە پاشکۆی/ ٣). لە کۆتایی ئەم بەشەدا هەوڵ دەدەین سیماو تایبەتمەندیەکانی ئەم ئەزموونە شیعریەی ناوچەی موکریان لە ڕووی ڕووخسار و ناوەڕۆکەوە،بەڕەچاو کردنی شیعرو بەرهەم و داهێنانی دەورەی دووەمی

---

(٢٢)سەلاحوددینی موهتەدی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٤

(٢٣) جوان بۆکانی ، پێشڕەوانی شیعری نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەواڵنامەی مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد، ژ/(٧٧ـ٧٨ـ٧٩)ساڵی ٧، لەندەن،١٩٩٦ . هەروەها بڕوانە:- ڕ/پەیام ژ/(٢ـ٣ـ٤ـ٦ـ٧ـ١٠)، لەندەن١٩٩٧ ، ١٩٩٨ .

- شایانی سەرەنجە کەوا سوارە و چاوەو هاوار کە بە نەسلی یەکەمی تازە کردنەوەی شیعری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەناسرێن، هەرسێکیان خەڵکی ناوچەی موکریانن.

شاعیرانی ئەم ناوچەیە، کە قورسایی ئەم ئەزموونە ئەدەبیەیە پێك دەهێنن، لە چەند خالێکدا کۆبکەینەوە:-

١-مەبەست و ناوەڕۆکی شیعری کلاسیکی کوردی لە (غەزەل و موناجات و، تەسەوف و عیرفانەوە...) دەگۆڕێت بە ناوەڕۆکێکی خۆماڵی، نیشتیمانی و شۆڕشگێڕی.

٢-شیعر هێڵی زمانی ڕەق و ووشك و، ووشە ئاراییی بێگانەو باوی کۆن بەر دەدات و، زمانی پاراو و وشەی ساکاری خۆماڵی، دەبێتە کرو قوماشی داهێنانی ئەدەبی.

٣-شیعرو ئەدەب لە چوارچێوەی مزگەوت و خانەقا و دیوەخانان دێتە دەرو ڕەنگی کۆمەلایەتی و بەرەنگاری و سیاسی بە خۆیەوە دەگرێت.[٢٤]

٤-شیعر لە ئاستانەی هەوڵی ئازاد بوون دایە لە کۆت و بەندی کێش و عەرووزی بێگانەو رووەو چوار چێوەو کێشی ڕەوان و خۆماڵی.

٥-شیعر و ئەدەب لە ئاسمانی خەیاڵ و فەلسەفەو میتافیزیکەوە، دادەبەزێت و دەبێت بە ڕەنگدەرەوەی جیهانی واقع و دەربڕی خەم و ئاواتی خەڵك و چەکی ڕێگای هۆشیاری و خەبات و نەجات.

٦-مەسەلەکانی پێشکەوتن و ڕزگاری و ئازادیخوازی، ململانەی کۆمەلایەتی، سەربەستی و ڕەهایی ژن، هۆشیاری کۆمەڵ، بەگژداچوونەوەی خوو نەریتی کۆن،... دەبنە باس و بابەتی باوی بەرهەمی ئەدەبی.

---

(٢٤) س.ج. هێرش ، سەرچاوەی پێشوو ، ب٢ ، ل٣٣.

## ١/٣/ سیاسەت

**هێمنی خەباتکار و تێکۆشەری سیاسی:**

دوا ڕۆژەکانی خولی فەقێ یەتی هێمن، ئەو ماوەی کە لە دێی کولیجە لای مەلا ئەحمەدی فەوزی زانا و ڕووناکبیر و نیشتیمان پەروەرداماوەتەوە، هەر چەندە تەنیا ساڵ و نیوێك بوو، بەلاَم لە حەقیقەت دا هەر ئەو ماوە کەم و کورت خایەنەیە کە ڕێڕەوی هۆش و هەست و ژیان و پاشە ڕۆژی ڕەنگ ڕێژو ئاراستە کردووە، ئەو خۆی ئەم ڕاستیەمان بۆ دەستنیشان دەکات،(( دەبێ بڵێم من دەستکردی فەوزیم، ئەو هەڵی وەشاندم و تێکی هەڵشێلاَم و سەر لە نوێ دروستی کردمەوە، ئەو ڕێگای ژیانی پێ نیشان دام، بێ گومان ئەگەر نەچووبامە خزمەت فەوزی و لە کن ئەو مامۆستایەم نەخوێندبا ڕێبازی ژیانم ئەو ڕێبازە نەدەبوو کە گرتم و پێی دا ڕۆیشتم و ئێستاش بەرم نەداوە))[٢٥]. ئەو تەمەنەی تاڤ گەنجێتی هێمن، واتە(١٨-٢٠)ساڵی دیارە لە ژیانی هەر مرۆڤێك سەردەمێکی گرینگ و ناسکە، بەڵکو چارەنووس سازیشە، تیادا هۆش و هەستو بیر، مەیل و ئارەزووەکانی مرۆڤ پێدەگەن و ڕەوت و ئاسۆی ئایندەشی لێ بەدیار دەکەوێت. دیارە زۆرشت هەبووە، کە هێمن تا ئەو ڕۆژانە لێی بێ ئاگابووە:((ئەو تێی گەیاندم من ڕۆڵەی کوردم و کوردیش نەتەوەیەکی بێ بەش و چارەڕەش و زۆر لێکراوەو دەبێ ڕۆڵەکانی لە پێناوی ڕزگارکردنیدا فیداکاری بکەن و لە خۆ بووردوویی نیشان بدەن... ئەو فێری کردم ولاَتەکەم خۆش بوێ و پێی هەڵ بڵێم ... ئەو دیوانی شاعیرە شۆڕشگێڕەکانی فارسی بۆ پەیدا کردم و هانی دام بیانخوێنمەوە و شتیان لێ فێربم، بەلاَم سوێندی دام قەت بە فارسی شیعر نەڵێم و هەتا بۆم دەکرێ بە کوردی بنووسم))[٢٦] لێرەوە فەوزی نەك تەنیا فێرکار و وانە گۆی زانست و زانیاری و بابەتە ئاینییەکان بووە بۆ هێمن، بەڵکو مامۆستاو پێشڕەوی ڕێگای خەبات و کوردایەتی و تێکۆشانیشی بووەو پەروەرد یارێکی دڵسۆزو مەزن و بیر ڕووناکیش بووە، ئەمە نەك هەر سەبارەت بە هێمن بەڵکو لە مێژووی ناوچەکەش شوێن پەنجەی دیار بووە، کۆمەڵێك لەو لاوە کوردانەی لە پاشان ڕێگای خەبات و کوردایەتییان گرتۆتە بەرو

(٢٥) هێمن ، لە کوێ وە بۆ کوێ، تاریك و ڕوون ل١٠.

(٢٦) هێمن ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٠.

**ئازایانە کوردایەتی‌یان کردووە شاگردی فەوزی بوون و لە سەر دەستی ئەو پێگەیشتوون، تەنانەت پێشەوا قازی محەمەدیش یەکێك بووە لە شاگردەکانی فەوزی[٢٧] هێمن هەر ئەو کاتەی لە خزمەت فەوزی دا دەبێت((ئەوین و هەستی نەتەوایەتی، دڵ و دەروون و بیرو مێشکی دەتەنێتەوە))[٢٨]، بارتەقای سالآنێکی زۆری تەمەنی ڕابردووی، زانیاری و هۆشیاری وە سەر یەك دەنێ، لە دەریای بیری پاك و پیرۆزی مامۆستاکەی، دوڕو گەوهەری بێ وێنە هەڵ دەهێنجێ. ئەوان مامۆستا و شاگرد نەبوون، بەڵکو (پیرو مورید) بوون، لە سەرچاوەی یەك عەشقی پیرۆزدا ئاویان دەخواردەوە، کە عەشقی بە سۆزی نیشتیمان و نەتەوەکەیان بوو. ئەو کاتەش کە هێمن دەست لە خوێندن هەڵ دەگرێت و دەگەڕێتەوە بۆ ناو ئامێزی خێزانەکەی لە شیلاناوێ، کەسێکی دیکە دەبێت، هۆشیاری سیاسی لە پلەیەکی بەرزدا دەبێت، بۆیە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی لێ نابڕێن، بە شوێن هەواڵ و باس و خواستی ڕووداوەکانی جیهان دا دەگەڕێ و بە پەرۆشەوە چاودێری ئاڵ و گۆڕەکانی سەر گۆڕەپانەکانی سیاسەتی دنیا دەکات، دەبێتە هاوڕێ و هاودەمی ئەو لاوانەی کە هەوای نیشتیمان پەروەری‌یان کەوتبووە سەر، لەگەڵ زەبیحی، ڕەسولی میکایلی، قزلجی، نانەوازادە و هەژار...دا یەك دەگرێتەوە، کە دواتر لە ژیانی سیاسی ڕۆژهەلآتی کوردستان دا دەوری کاریگەریان گێڕاوە. لە دوایەش هەر ئەم ئەڵقەیە بوو لە لاوانی هۆشیار و ئازادیخواز کە بوون بە ناوك و بنەمای پێك هاتنی ڕێکخراوێکی سیاسی- نەتەوەیی خەباتگێڕ، بە ناوی (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد)(ژ.ك)ەوە.**

**لە ڕیزەکانی ئەو ڕێکخراوەدا کە بەنهێنی لە (٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ش/١٦ی ئاب ١٩٤٢م)پێکهاتبوو، تێکۆشانی سیاسی و چالآکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بەیەکەوە گرێ درابوون. لە کۆڕو کۆبوونەوەکانیان دا، بە مەبەستی پەرەپێدانی خوێندەواری کوردی و جۆش دان و بزواندنی هەست و هۆشی کوردایەتی، شیعری شۆڕشگێڕانەی شاعیرانی کوردیان دەخوێندەوەو بلآو کردەوە.هێمن هەر زوو دەبێتە ئەندامێکی چالآك و**

(٢٧) **بۆ زانیاری زیاتر تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە.**

- كريم حسامي ، قافلة من شهداء كردستان ايران ، ترجمة: نزار محمود، بغداد ، ١٩٧٣.ص١٤.

- **مجتبى برزويى** ، اوضاع **سياسى ايران ، چ ١ ،،تهران، ١٣٧٨ش.**

(٢٨) **عەلی پاسبار ، هێمن و ئەوین و بیری کۆمەڵایەتی ، کنگره بزرگداشت فرزانگان کرد، چ ١ .جلد٢، انتشارات صالاح الدين ايوبى،١٣٧٧، ص٨٦٩ ، بۆ لەمەو دوا: کنگره بزرگداشت...ل .**

وەفاداری کۆمەڵـە. ئەمـە گـۆڕانێکی سـەیرو بنـەڕەتی لـە هـەڵس و کـەوت و ڕەوشـت و کەسایەتی هێمن پێك دێنێ، لەو ساوە خەم و ئـاواتی شـەو و ڕۆژی دەبێتـە تێکۆشـان بـۆ خزمەت بەخشین بە کۆمەڵـەو ڕزگـار بـوونی کـورد، لـەو پێنـاوەش دا دەسـت لـە هـەموو حەزوو ئارەزووەیەکی کە هەیبوو بەر دەدات.لێرە بە دواوە هێمن لە ژیانی کۆمەلأیەتی و سیاسـی و ئـەدەبی خـۆی دا دەچـێتە قۆنـاغێکی تـازەوە، ئـەدەب و سیاسـەت و گیـانی حزبایەتی لەلای ئاوێتـە دەبـن، لـە نووسـین و بلأوکردنـەوەی گۆڤـاری (نیشـتمان) زمـان حالّی کۆمەڵەی(ژ.ك)دا هاوکاری دەکا و شیعر و نووسینەکانی لە زۆربەی ژمارەکانی ئەو گۆڤارەدا بلأودەبێتەوە.بەلأم ئەم نازناوە، (هـێمن) لای ژمارەیـەکی کـەم لـە هاوکارەکـانی نــەبێت. کەســێکی نەناســراو دەبێــت. تائــەو ڕۆژەی کــۆنگرەی دامەزرانــدنی حیزبــی دێموکراتی کوردسـتان دەگیرێـت ولـە مزگـەوتی سـووری مهابـاد هـێمن بـۆ یەکـەم جارلـە بـەردەمی خـەڵك ولـە کـۆڕی کـۆنگرەدا، لەسـەر مینبـەری ئیمـامی مزگەوتەکـە شـیعر پێشکەش دەکات، ئەوسا دەزاندرێت، کە هێمنی شـاعیری گۆڤـاری نیشـتمان، سـەید محمـد ئەمینی شـێخە لئیسـلامیە. ئـەنجا بـەم شـێوەیە لـەم ڕۆژگـار و سـەرەتایانەوە، شـیعر و ئـەدەب و سیاسـەت، ژیـان وخـەبات و کوردایـەتی، لای ئـەم شـاعیرە، وا یـەك دەگرنـەوەو ئاوێتە دەبن،کە زەحـمـەت لـە ژیـانـی کە سێکی دیکەدا ئـەم دیاردەیـە وا بـە تێکچڕژراوی بەدی بکرێت، بە شێوەیەکی ئەو تۆ کە دەبن بە ژیـن و قـەدەرو چـارەنـووسـی، تـا ئــەو ڕۆژەی ئەستێرەی ژیـان و بـەختی لەکـەڵ ئـاوا دەبـێت.

## ٢/ یەكگرتنەوەی جەمسەرەكان( ١٩٤٥-١٩٨٦ )

### ٢/ ١/ مەكۆی ژیان و بەرهەم و تێكۆشان:

پایزی ساڵی (١٩٤٥)م، (حیزبی دێموكراتی كوردستان)[*] لەسەر بنەمای كۆمەڵەی ژیانەوەی كورد دادەمەزرێت، قازی محمەد كە پێشتر بەناوی (بینایی) وەكو ئەندام و پیشتیوانێكی گەورەی كۆمەڵە بوو،بە سەرۆكی ئەم حیزبە تازەیە هەڵ دەبژێردرێت. لە پێناوی پڕكردنەوەی بۆشایی سیاسی و نەبوونی دەسەڵات لە ناوچەی مهاباد، كۆمیتەی ناوەندی حیزب كۆڕێك بە ناوی (هەیئەتی ڕەئیسەی میللی) لە ئەندامەكانی، بە سەرۆكایەتی(حاجی بابە شێخ) پێك دەهێنێ، بەمەبەستی پاراستنی نەزم و ئەمن و ئاسایشی خەڵك و هەڵسوڕاندنی كاروباری ئابووری و كۆمەڵایەتی و فەرهەنگی... هێمن لەلایەن قازییەوە، وەكو سكرتێری ئەم هەیئەتەو لە بەر دەستی حاجی بابە شێخ دا دەست بەكار دەبێت. بەوهۆیەی ئەم ئەركە تازەیەی لەلاگران و لەگەڵ حەزو هەست و خولیاكانیدا ناگونجێن، لە دوای چەند مانگێك دەستبەرداری ئەم كارە دەبێت و دەچێتە بەشی ڕاگەیاندنی حیزب[٢٩] بە وتار و شیعرو نووسین لە چاپەمەنی و ئۆرگانەكانی ئەو كاتەی وەكو،ڕۆژنامەی كوردستان، گۆڤاری كوردستان، هاواری كورد، هاواری نیشتمان، گڕوكاڵی منداڵانی كورد، هەڵاڵەو، هەروەها لە هەڵسوڕاندنی كاروباری فەرهەنگی چاڵاكانە بەشداری دەكات. لە زستانی (١٩٤٦) لە شاری مهاباد ئاڵای ئازادی كورد هەڵ دەكرێت، هێمنی ناسك خەیاڵ چاوو دڵی بە دامەزراندنی (دەوڵەتی جمهوری كوردستان) ڕوون دەبێتەوە، گەلێك سرووود و بەستەی سەر فرازی بۆ كۆماری تازەو ئاڵای شەكاوە و پێشەوا مەزنەكەی دەهۆنێتەوە، هەر لە سایەی كۆماریشدا نازناوی (شاعیری میللی)[*]پێ دەبەخشرێ. لەوان ڕۆژان دا ((وڵاتپارێزانی كورد لە هەر چوار پارچەی

---

(*) دواتر و لە سەرەتای حەفتاكان دا دەبێت بە (حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران)-حدكا.

(٢٩) هێمن ، لە كوێ بۆ كوێ ، ل٢٤.

(*)بەبروای من ئەم نازناوە كە لە كاتی خۆی بە باڵای هەژار و هێمن دا بڕواه، دوایی لای ئێمەش دراوەتە پاڵ قانیع و تەنانەت گۆرانیش ، زیاتر بەمانای شاعیری گەل یاخود شاعیری نیشتیمانی و نەتەوەیی دێت، وەك ئەوەی بەو مانایە بێت كە شیعرو بەرهەمی ئەمانە لە ڕووی سادە و ساكاری و ڕەوانی یەوە، لە شیعرو بەرهەمی ئەدەبی میللیەوە نزیكە، كە ئەمەی دوایی زادەی قۆناغێكی مێژوویی تایبەتە. چونكێ ئەم وەسفە لەو دید و بۆچوونەوە هاتوە كە پێی وایە شیعر و ئەدەب بە شێوەیەكی گشتی پێویستە هەڵقوڵاوی ناخی گەل و بە زمانی گەل و لە پێناوی گەل دابێت. لەم بارەوە بڕوانە:-

کوردستانەوە ڕوودەکەنە مهاباد، کۆماری تازە دەبێتە نیشانەی خواستی هەزار ساڵەی کورد))[٣٠]، لەمەوە هێمن نێوان و پەیوەندی دۆستانە لە گەڵ پیاوانی ئازادیخواز و ڕووناکبیرانی کوردستانی عێراق پەیدا دەکات کە لەو کاتە یاوەر و هاوکاری کۆماری کورد بوون، بۆ نموونە قانیعی شاعیر (١٨٩٨-١٩٦٥) یەکێك بووە لەو کەسانەی کە هێمن لەو کاتەدا سوودی زۆری لە ئەزموونی ئەدەبی ئەو شاعیرە وەرگرتوە،هەر لەو ساڵەدا هێمن ژن دەخوازێ و خێزان پێکەوە دەنێت، یادگار و بەربوومی ژیانی خێزانداری هێمن و ئایشەخانی خێزان و کچە خاڵی، کە چل ساڵی پڕاوپڕ لە تاڵی و سوێری و ناکامی بوو، تاقە کوڕێکە بەناوی (سەلاح) کە ئێستا لە مهاباد دادەنیشێت.
تەواو ساڵە وەختێك لە دوای ڕاگەیاندنی کۆمار لەشکری شاهەنشاهی هێرش دێنێتە سەر کۆمار، مهاباد و ناوچەکانی دیکەی کوردستانی ئێران داگیر دەکاتەوە، سەرانی کۆمار دەستگیر دەکرێن و لە (٣١ی ئاداری ١٩٤٧) هەر لەو مەیدانەی کەبۆ یەکەمجار بانگی ئازادی و ئاڵای سەربەخۆیی تیادا هەڵ کرا، قازییەکان سێدارەیان بۆ هەڵ دەبەسترێت، هێمن دوای ئەو کارەساتە بە ڕۆژێك، بەدڵێکی شکستەو پڕ لەداخ و پەژارە ڕووەو کوردستانی عێراق سەر هەڵ دەگرێت و لە قەڵادزێ دەگیرسێتەوە، ساڵێکیش دوای ئەوە ڕەوشەکە کەمێك ئارام و ئەویش سۆزی غەریبی و یادی ماڵ و خێزان و کەس و کار تینی بۆ دێنێ، ڕووەو ڕێگای گەڕانەوە بۆ هێلانەکەی هەنگاوی پێ گورج دەکات، وەکو ڕێبوارێکی شکست خواردوو خۆ لە ئامێزی شیلاناوێ داوێتەوە، چەندێك دواتر لەگەڵ ئازادیخوازانی حیزبی دێموکرات وبزووتنەوەی نیشتیمانی ئێران دەکەوێتەوە هاوکاری، ساڵی (١٩٤٨) لە دوای هەوڵێکی سەر نەکەوتووی کوشتنی شا لە زانستگای تاران، خولێکی تازە لە ڕاوەدونان و زوڵم و ستەم لە سەرتاسەری ئێران لە ئاست تێکۆشەرانی جووڵانەوەی نیشتیمانی دەست پێدەکات، هێمن ناچار، بەحەشاردراوی ژیان بەسەر دەبات. لە پەنجاکان و سەرەتای شەستەکاندا، شیعرو بەرهەمی هێمن، ئاوێنەیەکی ڕوونی هەورازوو نشێوی باری ژیان و گوزەرانی خۆی، یاهەڵکشان و داکشانی بارودۆخی ژیانی خەڵکی کورد و جوڵانەوەی نیشتیمانی یە لە کوردستان و سەرتاسەری ئێران، یا لە ماڵی خۆی یالە خۆ حەشاردان و دەربەدەری بووە،پۆلیس و ئەمنیە بە دوایدا گەڕاون،

---

-د. عبدالرحمن قاسملو ، شاعیری گەل ، تاریك و ڕوون(پێشەکی)،ل أ-س.
(٣٠)**Joyce BLAU** ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٤.

ساڵ و مانگ و ڕۆژی تێپەڕاندووە و لە چاکترین حاڵەت دا کە لە ماڵی خۆی بووبێت، ئەوا پۆلێك جاسووس و چاودێری بەدەوروبەردا گەڕاون، لەو ماوەیەدا باوك و دایك و ئازیزانی ماڵ ئاوایی لێ دەکەن،هێمن پشتی لەژێر کارەساتان دا دەچەمێتەوە، هەر لە تەمەنی لاویدا پیر دەبێت، ئەوەی کە هەتا سەر لە بۆی وەفادار دەبێت، هەر شیعر و بەهرەو هونەرەکەی دەبێت. لە ساڵی (١٩٦٨)لە ئەنجامی خوێن ڕێژی بە سام و بێ ڕەحمانەی دەسەڵات و هەڵمەتی ڕەشبگیری بۆ سەر خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان، دەرەتانێك بۆ ژین و گوزەران و ئارام گرتن لەبەردەم هێمن دا نامێنێتەوە، بە ناچاری پشت لە هەموو شت دەکات، ماڵ و خێزان، ژیان و سامان، زێدو کەس و کار و روو دەکاتە کوردستانی عێراق. سەرەتا لە ناوچەی باڵەکایەتی دەگیرسێتەوەو لە دوایی لەگەڵ هەڤاڵەکانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان یەك دەگرێتەوە.

پایزی (١٩٦٩) لە دووەمین کۆنفرانسی حیزبی دێموکرات، هێمن بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژاردراوە و لە پاشان لە هەموو کۆنفرانس و کۆنگرەکان، تاوەکو دابڕانی لە سەرەتای هاوینی(١٩٨٠)لە پۆستی ئەندامی سەرۆکایەتی ئەو حیزبەدا ماوەتەوە[٣١] ساڵی (١٩٧٠)دەگوێزێتەوە بەغداو لەگەڵ هەڤاڵەکانی لە ماڵێکی حیزبی دا دەژی [٣٢]. لێرەوە ماوەیەکی بەپیت و دەوڵەمەند بە ئەزموونی ئەدەبی بەرزو بە نرخ، پڕ لە ئەفراندن و داهێنان و نووسین و چالاکی ڕۆشنبیری لە ژیانی هێمن دەست پێ دەکات. یەکەم کۆمەڵە شیعری لە دیوانێك دا بەناوی (تاریك ورِوون) لە ساڵی (١٩٧٤) لە بەغدا بە چاپ دەگەیەنێت، هاوکاری لەگەڵ کۆڕ و کۆمەڵە ئەدەبی و ڕووناکبیری و زانستی- یەکانی وەکو، یەکێتی نووسەرانی کورد، کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد، کۆڕی زانیاری کوردو دەزگای رۆشنبیری کوردی،دەست پێ دەکات. بە دەیان شیعر و چیرۆك و وتارو لێکۆڵینەوە، لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان بلاّو دەکاتەوە. هەر لەو ساڵانەدا چەند وتارێك وەکو سەرەتا و پێشەکی، یا نرخاندن و هەڵسەنگاندن، بۆ چەند

(٣١) بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەوە، سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:

-عبداللە حسن زادە ، نیو سەدە تێکۆشان، بلاّوکراوەی کۆمسیونی چاپەمەنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،

- بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، گەلاوێژی ١٣٧٤ش/١٩٩٥م.

– بەرگی دووەم، چاپی دووەم، پۆشپەری ١٣٧٦ش/١٩٩٧م

-جەلیل گادانی ، ٥٠ساڵ خەبات ، چاپخانەی وەزراەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان ،ساڵ ؟.

(٣٢) عبداللە حسن زادە ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٦٤.

کتێـب و چـاپکراوی بەرهـەمـی ڕووناکـبیـری ئـەو سـەردەمـە دەنـووسـێ وەکـو، شـەرەفـنـامـە، پـێکـەنـیـنی گەدا، قـەڵای دمـدم،...کە هەریەکەیان لە بواری خۆیدا، وەکو دەقێکـی ئـەدەبی نـایـاب و لێکـۆڵینـەوەیـەکی ئـەدەبـی و ڕەخـنـەیـی ووردو کـەم وێنەیـە[٣٣] لـە بـاری بوژاندنـەوەو زیـنـدوو کـردنـەوەی کلتـووری نـەتـەوەیی کـورد، هـەر دوو بـەرگی بـەیت و گـۆرانی و دەقـە خـۆمـاڵیـیە کوردیـەکانی نـاوچەی موکریانی، نووسـراوی(ئـۆسـکـارمـان)ی ئـەڵمانـی، کـە لـە ژێـر نـاونیـشـانـی ( Die Mundart der Mukri-Kuerden) لـە سـاڵانی (١٩٠٦ و ١٩٠٩) لـە بـەرلین هاتبووە چاپکردن، لە دوای ساخکردنەوەو هێنانە سەر ڕێنووسـی کوردی بـە پێشـەکی و لێکۆڵینەوەی ووردو، لە دوو بەش لە ژێـر نـاوی (تحفـه مظفریـه)دا، لەسـەر ئـەرك و لـە چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد چاپ و بڵاو دەکاتەوە[٣٤] جێ بـەجێ کردنـی ئـەم ئەرکـە مەزنە نیشانەیەکی زیرەکی و هۆشیاری و دووربینی هێمنە لە بـواری زیندووکردنـەوەی سامان و کەلەپووری نەتەوەیی میللەتەکـەمان. سـەرباری ئەمانـەش هـێمن لـەو سـاڵانەدا بەرپرسی بەشی ئەدەبی دەبێت لە ڕۆژنامەی (کوردسـتان). ئۆرگـانی کۆمیتـەی ناوەنـدی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئیران، لە دەورەی سێیەمی بڵاوبوونەوەی دا لە بەغـدا لـە ساڵی (١٩٧١)بە دواوە و چەندین شیعر و وتاری تیادا بڵاو کردۆتـەوە، وەکـو چۆن لـە (تێکۆشەر)ی گۆڤاری نـاوخۆیی حیـزبیش کـە لـە سـاڵانی (١٩٧٥ - ١٩٧٦) لـە بەغـدا دەرچووە، وتارو لێکۆڵینەوەی سیاسی بڵاوکردۆتەوە[٣٥] .

ساڵی (١٩٧٥) بە دواوە، پاشەکشەی جولانـەوەی نیشـتیمانی لـە کوردسـتان جۆرێـك لـە بۆشایی سیاسی و گیانی لە دەروونی خەڵکی نیشـتیمان پـەروەر و ڕۆڵـە ئازادیخوازەکـانی

---

(٣٣) بۆ زانیاری زیاتر سەیرێکی ئەم بەرهەمانە بکە:

-شەرەفخانی بدلیسی ، شەرفنامە ، ل٦٣.

-حەسنی قزلجی ، پێکەنینی گەدا ، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا،١٩٧٢.

-عـەرەب شـەمۆ ، قـەڵای دمـدم ، شـوکور مسـتەفا ،کردویـە بـە کرمـانجی خـواروو، چـاپخانەی کـۆڕی زانیـاری کـورد، بەغدا١٩٧٥.

(٣٤) ئۆسکارمان ، تحفه مظفریه ، بە زمانی کوردی موکری، پێشەکی و ساخکردنەوەی هێمن موکریانی، -بەشی یەکەم و بەشی دووەم ، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٥.

(٣٥) عبدالله حسن زاده ، دیدارێکی تایبەتی ، کۆیە ،٢٠٠٠/٥/٢٨.

گەلی کورد پێك هێنابوو، لەو ساڵانەدا کە هێمن بە شارەکانی کوردستان دا دەگەڕاو لە کۆڕ و کۆبوونەوان دا شیعرو هۆنراوەی دەخوێندەوە لە وێنەی پشکۆی ئاگر و ژیلە، ئاگردانی ساردەوەبووی دڵ و دەروونی کوڕو کاڵ و لاوەکانی دێنایەوە جۆش و خرۆش، ببوو بە شاعیری تاقانەو خۆشەویستی ناو کۆمەڵانی خەڵك، کوڕ و کیژەکانی کوردستان دەیان پەرەست و بە هەزارانیان تا سوق و تامەزرۆی دیدار و بیستنی شیعر و هۆنراوەکانی بوون، لەم هەڵ و مەرجەدا دووەمین کۆمەڵە شیعری بەناوی (ناڵەی جودایی)لە بەغدا و لە ساڵی (١٩٧٩) دا بڵاو دەبێتەوە. کە تیایدا شاعیر لە وێنەی((بەردی خارێندراوی بەر شەرارەی کوورە))[٣٦] لە ئەزمونی سۆزو سووتانی شیعر بە چلە پۆپە دەگات. خەڵکی ئازادیخوازی کورد لە ڕاپەڕینی جولانەوەی نیشتیمانی و شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٨ - ١٩٧٩ )چالاکانە بەشداری دەکەن. دوای سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە و لە نیوەی دووەمی (١٩٧٩ )دا هێمن دوای ساڵەهای ساڵ، دوابەدوای گەڕانەوەی بەرپرسانی حیزبی دێموکرات و هەموو ئازادیخوازانی ئێران، بۆمهابادی زێد و باوانەکەی، ژوانگەی ئەوین و شیرینە نیشتیمانەکەی، دەگەڕێتەوەوپێشوازییەکی گەرم و شکۆدار و بێ وێنەی لێ دەکرێت.

٢/٢/ **دوا قۆناغ:**

دوابەدوای سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، هەڵ و مەرجێکی ئازاد و سەربەست لە کوردستانی ئێران پێك دێت، بەمەبەستی بە دیهێنانی خواستە نەتەوەیی و مێژووییەکانی گەلی کورد، جولانەوەی نیشتیمانی لە کوردستان پێ لەسەر مافە ڕەواکانی گەلی کورد دادەگرێت، لەم ناوەدا جیاوازی لە دید و بۆچوونی سیاسی لە نێوان جولانەوەی کورد و حیزبی توودەی ئێران بەرپا دەبێت. حیزبی ناوبراو لە جوولانەوەی نیشتیمانی کوردستان دەخوازێت کە پشتگیری تەواو و بێ چەند و چوون لە ڕژێمی تازە بکات، بەو ئیعتیبارەی ڕژێمێکی (ئەنتی ئیمپریالیستی)یە، هات و پشت لە داخوازیە ڕەواکانی گەلی کوردیش بکات، نابێ بەگژی دابچنەوە[٣٧]، ئەمە لەکاتێکدا کە زۆربەی

(٣٦) غەریب پشدەری و حەمە کریم ، هەورامی ، لە دیدارێك دا ، ٢٠٠٠/٥/١١.

(٣٧) کەریم حسامی ، لە بیرەوەریەکانم ، بەرگی حەوتەم ، ستکهۆلم ، ١٩٩٣، ل٧١.

ناوچـه کوردنیشـینەکان ئـازاد و کاروبـاری بەدەسـت کـوردان خۆیانــەوە بـوو، خـەڵکی کوردستان لە دوای ساڵانێکی پڕ لە ئێش و دەردو ژان و ستەم، تامی ئازادیان چەشـتبوو، بۆیە ئامـادە نـەبوون دەسـت بـەرداری ئـەو ئازادیـە بـن، لەسـەر داوای (خـود موختـاری) سوور بوون و نەچوونە ژێرباری داخوازیەکانی حیزبی توودەوە. لەم سەروبەندە هەندێ لە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات، کـە لـە ژێـر نفـووزو کاریگـەری حیزبـی تـوودە دابـوون، وەکو غەنی بلووریان و دکتـۆر ڕەحیمـی قـازی کـە دواتـر بـە (گروهـی حـەوت نەفـەری) ناسران، لە حیزبی دیموکرات هەڵبڕان و دایانە پاڵ ڕژێمی تاران کـە هێمنـیش یـەکێکیان بوو. ئەمانە لە دوای جیابوونەوەیان نەیان توانی هیچ بـەهیچ بکـەن، بۆیـە لـە بەریـەك هەڵوەشانەوە و پەرتەوازە بوون، هێمنیش خۆی کێشایەوەو چـوو لـە دێیەکـەی خۆیـان، لە شیلاناوێ لێی دانیشت. سـاڵی ١٩٨٣ (پاشـەرۆك)ی مامۆسـتا هـێمن، لەبەرگێکدا لـە مهاباد چاپ دەبێت، ئەو وتـارو شـیعر و لێکۆڵینەوانـەی لـە گۆڤـار و ڕۆژنامـەکان دا بـڵاو ببوونــەوە تیایــدا کۆکراوەتــەوە. هــە لــەو ماوەیــەدا چــەند بەرهــەمێك لــە فارســیەوە وەردەگێڕێتـە سـەر زمـانی کـوردی، وەکـو (شـازادەو گـەدا- The prince and the pauper)ی مارك تۆین،(نان و شەڕاب) و (خەرمەگەز) کە هێشتا بە دەستنووسی مـاون لەگـەڵ ئـەوەش دا هـێمن لـە مـاوەی چـوار پێـنج سـاڵی پـڕ لـە ئـاڵۆزی و ئـاڵ و گـۆڕی (١٩٨٠)بە دواوە لە ئێران، لە حیزبایەتی و تێکۆشانی سیاسی دابـڕاوە، بـەڵام هەمیشـە کەلکەلەی ئەوەی لەسەر دابوو کارێك بکـات خێـرو خزمـەتی میللەتەکـەی تێـدابێت.[٣٨] ئەو دەرفەتەش دوای ئەوە پێکهات کـە دەوڵـەتی ئێـران لـە دەرخسـتنی هەنـدێ گۆڤـار و بڵاوکراوەی کوردی کەزیاتر بۆ مەبەستی پڕوپاگەندەی سیاسی بوو لـەوەی بـۆ خزمـەتی ئـەدەب و ڕۆشـنبیری کـوردی بێـت، سـەرنەکەوت[*]. بۆیـە بەناچـاری ئـەو پێشـنیارەیان خستە بەردەمی هێمن کـە بچێت لـە ورمـێ دابنیشـێت و دەزگایـەك بـەڕێوەببات، وەکو ناوەندێك بێت بۆ خزمەت کردن بە ڕۆشنبیری و ئەدەب و فەرهەنگی کوردی. ئەوە بـوو لە ساڵی (١٩٨٤) دا لە ورمێ دەزگایەك لە ژێرناوی (ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنـگ و ئـەدەبی کـوردی-ئینتشـاراتی سـەلاحەدینی ئـەیوبی) دادەمـەزرێنێت، ئـەو لـەو کـارادە

(٣٨) ئەحمەدی قازی ، لە دیدارێکی تایبەت دا ، سلێمانی ، ٢٠٠٠/٥/٢٨.
-ئەحمەدی شەریفی ، لە دیدارێکی تایبەت ، سلێمانی ،٢٠٠٠/٥/٢٨.

بەتەنها نەبوو، بەڵکە ڕوناکبیرانی ناوداری کورد لە ناوەوەی وڵات وەکو: هەژار و سەید تاهیری هاشمی، مەلا محمەدی ڕەبیعی، حەقیقی، سەید کامیل و دەستەیەك لە لاوان و گەنجانی ڕۆشنفیکر و تازە پێگەیشتوو لەو کارەداپیشتیوانی بوون. کەوابێ ڕاستە هێمن لە خەباتی سیاسی و حیزبایەتی داڕبڕابوو، بەلاّم قەت خەیانەتی لەگەڵ مەسەلەی میلەتەکەی نەکردووە، وە لە پێناوی خزمەت بەخشین بە گەلەکەی، ئەگەر لە مەیدانێکی کەش بێت، هەرگیز دوانەکەوتووە. سەرەتا شوێنەوارە نەمرەکانی ئەدەبی کلاسیکی کوردی وەکو، چاپێکی دیکەی دیوانی نالی، وەفایی، مەحوی، ئەنجا گەلێك بەرهەمی شیعر و دیوانی شاعیرانی وەکو: حەریق، سیف القضات، ئیمامی و مەلا مارف... لەو ناوەندە چاپ و بلاّو دەکاتەوە. ئەڵقەکانی ئەم زنجیرەیە درێژە دەکێشێ، لە ساڵی (١٩٨٥) دا گۆڤارێکی وەرزی بەناوی (سروە) لەو مەڵبەندە دەردەچێ و بە کوردستان دا بلاّودەبێتەوە، کە بوو بەیەکێك لە جۆگەلەکانی سەرچاوەی ڕۆشنبیری کوردیمان. دەرکەوتنی سروە کە دواتر بوو بە بلاّوکراوەیەکی مانگانە، بەقسەی زانایان و شارەزایان لەو زەمین و زەمانەی کوردستانی ڕۆژهەلاّت ڕووداوێکی گرینگ و مێژوویی بوو، لە دوای دەیان ساڵ لە خەفە کردن و قەدەغەی زمان و کلتووری نەتەوەیی، ئەم هەنگاوە دوور لە دەست تێوەردانی دەوڵەت و ڕێبازەگەی سیاسی و ئیعلامی، جولانەوەیەکی تاك و دەگمەن بوو، بۆیە جەماوەرێکی بەرینی تامەزرۆ و تینوو بە زمان و ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردی بەگەرمی پێشوازیان لێکردو ئەم نۆبەرە تازەیان گرتە ئامێز، بوو بەو قوتابخانەی کە هەزاران گەنج و لاوی کورد تیادا فێری خوێندنەوەو نووسینی کوردی بوون، بەرهەم و شیعرو چیرۆك و وتارەکانیان تێدا، بلاّو دەکردەوە.(*) دوور کەوتنەوە و دابڕانی هێمن لە کۆشش و کاروانی هەڤاڵە دێرینەکانی، ماکی خەمێکی قورس و گران لە دڵی هێمن دا دەتەنێتەوە. لەو ساڵانەدا لە سەر تەنافێکی

---

(*)ساڵی ١٣٦٢ش/١٩٨٣ م لە کرماشان گۆڤارێك بەناوی (پێشمەرگە)لە ژێر چاودێری دەوڵەت خۆیەوە بلاّوکرایەوە، بەلاّم خەڵك پێشوازی لێ نەکرد، بۆیە دوای دەرچوونی (٣)ژمارە وەستاندیان، هاتنە سەر ئەو باوەڕەکە کارەکە بە خەڵکانی شارەزاو جێ متمانەی خەڵك بسپێرن.

(*) لە بیرەوەری (١٠) ساڵەی بلاّوبوونەوەی ئەو گۆڤارە، لە کرمشان ئامار و ڕاپرسیەك لە نێو خوێندەوارانی ئەنجام دەدرێت، لە ئاکام دا بە دیار دەکەوێت کە تەنها لە سنووری (ئوستانی کرماشان) (١٠)هەزار گەنج و لاوی کورد لە ڕێگای ئەم گۆڤارە فێری نووسین و خوێندنەوەی کوردی بوون.

-ئەحمەدی شریفی ، دیدار ، ٢٨ /٥/٢٠٠٠.

باريك بەڕیوە دەڕوات، دەشزانی خوارەوەی هەڵدێری هەزار بە هەزارە، ئەو خـەم و کـول و دەردە، لە چەند شیعر و هەڵبەستی ئـەو ڕۆژانـەی دا بـەروونی دیـارە[**]، لـەو ڕێبـازو دابڕانەش نیگەران و ناخۆش حاڵە[٣٩]. دۆسـت و هەڤاڵەکانی لـەناو حیزبـی دێمـۆکرات وەلاّمی لێ دەگێڕنەوە. کە بێ گومان ئەوان بە بینینەوەی هێمن لەناو ڕیزەکانی خۆیـان دا زۆر خۆشحاڵ دەبن[٤٠]، کەچی لەم دوڕیانەدا نەخۆشی بـالاّ دەست و زاڵ تـر دەبێـت، دڵە مەزن و پڕ شۆڕەکەی خۆ لەبەر ئـەم هـەموو کـول و حەسـرەتە ڕاناگرێـت، بۆیـە لـە نیوە شەوێکی درێژو تاریکی ورمێ دا دڵە بریندارەکەی لە (١٨/ی نیسانی ١٩٨٦) کـت و پڕ لـە لێـدان دەکـەوێت. تـەرمی پـیرۆزی دەگوێزرێتـەوە شـاری مهابـاد و لـە مزگـەوتی حـاجی سـەید بـایز اغـا و لـەکاتی نوێـژی جـەنازەدا، لـە نێـو ئـاپۆڕەی خـەڵکی شـارەکە جێگایەکی بەتاڵ نەبوو، بـەڕێزەوە لـە گۆڕسـتانی (بـداغ سـوڵتان)، کـە بـووە بـە مـەکۆی شـاعیران و هونرمەنـدان و ڕوونـاکبیران بـەخاك دەسـپێردرێت، ڕۆژانـی دوایـی لـە شـارە گەورەکانی کوردستان، وەکو کرماشان، سنە، ورمـێ،... پرسـەی سەرەخۆشـی و ڕێزلێنـانی بـۆ پێـك دەهێنـدرێ. بـەم جـۆرە لاپـەڕەی ژیـنو بەسـەرهاتی ئـەم کەڵـە جـوامێرە هونەرمەنـدە، بـۆ دواجـار دەپێچـرێتەوە. گیـانی پـاك و پـیرۆزی بـۆ بەهەشـتی نـەمران، هەڵـدەفڕێ، بـۆ مـەنزڵگای خۆشەویسـتەکانی، (نـالی و حـاجیو مـەولانا)، هونـەرو بەرهەمەکانیشـی لـە دڵـی مێـژووی سـەردەمەکەی، بـەدێری زێـڕین دەنووسـرێ و جـێ دەگرێ. زمانحاڵی شاعیر، هەر هەمان زمانحاڵی مامۆستاکەیەتی کاتێ دەفەرموێ:

لە سـایـەی شیعرەکانی وەك فەریدوون
دەمـێـنێ (هێمـن) تا دەورانی گەردوون[*]

•••••••••••••••••••••••••••••••••••••••••

---

(**) بەنموونـە هـەر دوو پارچـە هـۆنراوەی (خانەنشـین)و (بارگـەی) یـاران، کـە لـە دوا بـەرهـەمـی چاپـکـراوی شـاعیر (چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز) بلاّوکرانەتەوە، بە ڕوونی ڕەنگدەرەوەی ئەو خەمەگرانەی دەروونی شاعیرە.

(٣٩) سەرۆ قادر ، جێی من پەنا بەردە ، ر/ برایەتی، ژ /١٨٣٤، ١٩٩٣/١٢/٣.

(٤٠) JOYCE BLAU ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤،

(*) لە ئەسڵ دا (دەمێنێ حاجی)...

# بەشی دووەم

## ناوەڕۆکی سیاسی شیعری هێمن

**١/ ئــەدەب و ســیــاســەت:**

**١/١ / هێمن و شیعری سیاسی**

**٢/١/ شیعری سیاسی و لیریکی سیاسیانە**

**٢/ رەنــگــدانەوەی بــیــری نــەتــەوەیــی و ناسیۆنالیستی (کوردایەتی) لە شیعری هێمن**

**٣/ شیعری نیشتیمانی**

**٤/ شیعری خەبات و بەرینگاری**

**٥/ لە بـــارەی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان و قازی محەمەد**

## ١/ ئەدەب و سیاسەت

**سەبارەت بە چەمك و سروشتی ئەدەب چەند بیروڕاو تیوری جیاواز هەیە، کە لەگەڵ ڕەوتی پەرەسەندن و بەرەو پێش چوونی مێژووی ئەدەب داهاتوون. کۆنترینیان تیوری ئەفلاتۆن و ئەرەستۆیە، کە ئەدەب وەکو بەشێکی هونەر بەلاسایی کردنەوە دەداتە قەڵەم، ئەویش بە لاسایی کردنەوەیەکی سەقەت و دوو هەنگاو دوور لە ڕاستی[١]. لەگەڵ ئەوەش دا ئەم تێڕوانینە خواستیاری ئەوەیە کە هونەرمەند (داهێنەر)،پێویستە پابەندی دوو شت بێت لە هونەرەکەی، یەکێکیان جوان کاری (ئیستاتیکا) و دووەمیان ڕەوشتی کۆمەڵایەتی.**

**تیوری دواتر ئەدەب وەکو خوڵقاندن و داهێنانێکی سەربەخۆ سەیر دەکات کە دوور لە ژیان و مرۆڤ و دەوروبەرەکەی دێتە ئاراو رادەوەستێت، ئەمەیان ناوەڕۆکی قوتابخانەی هونەر بۆ هونەرە، کە تیایدا هونەر خۆی لە خۆیدا هەم ئامرازەو هەم ئامانج، هەم دەستپێکەو هەم کۆتایی[٢]. لە دوایە تێڕوانینێکی نوێ بۆ ئەدەب و هونەر پەیدا بوو، کە بەتیۆری ئەدەبی واقیعی یا ئەدەبی سروشتی دەناسرێت، کە ئەدەب وەکو ئەزموونێکی مرۆڤانە سەیر دەکاو بە ژیانی خەڵك و کۆمەڵ و بارودۆخی مێژوویی گرێ دەداتەوە. تیادا ئەدەب دەبێتە تیشك دانەوە، یاخود ڕەنگدانەوەی ئەم واقیعە کۆمەڵایەتییەی کە تیادا دێتە بەرهەم، لەگەڵ گۆڕانی ڕەنگی کۆمەڵیش گۆڕانی بەسەردا دێت[٣]. ئەم تیورە لەم سەدەیەی دوایی‌دا خۆی گرت، تاهاتیش پەرەی سەند و لق و پۆپی لێ کەوتەوە، تا بوو بە دیدێکی سەرتاپاگیری جیهانی و شەقڵی ڕووناکبیری سەردەم.**

**سیاسەت: وەکو زاراوە هەموو ئەو بیرو چالاکیانە دەگرێتەوە کە پەیوەندیان بەکاروباری هەڵسوڕاندنی حوکم و جۆری دەسەلات و سیستەمی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵی مرۆڤەوە هەیە، بەو مەعنایە سیاسەتیش لە باری مێژووییەوە، یەکێکە لە پایەو پێداویستی یەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵ، واتە دیاردەیەکی مێژوویی کۆمەڵایەتییە بەمەبەستی پێشکەوتن و شارستانیەت[٤]. بەو شێوەیە سیاسەت و هونەر**

---

**(١)کەمال مەمەند میراو دەلی ، فەلسەفەی جوانی و هونەر ، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی ، ١٩٧٩ ، ل٢٥.**
(٢) (٣) د. شكري عزيز الماضي ، نظرية الادب ، دار الحداثة ، بيروت ، لبنان ، ١٩٨٥ ، ص١٢١.
(٤) د. حسن صعب ، علم السياسة ، دار العلم للملايين ، بيروت ، ١٩٧٧ ، ص ٢٤,٢٠ .

به شێوەیەکی گشتی وەکو دوولایەنی ژیانی کۆمەلأیەتی مرۆڤ سەیر دەکرێن، یا دوو پایەگای ئەو ژیانە پێك دەهێنن، لەوێنەی دووچەم و رووبار هاوشانی یەکترن لە پێچ و گەوەکانی مێژووەوە رێ دەکەن و لە دەریای پێکهێنان و داهێنانی ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤ دا بە ئامانج دە گەن[٥]. لەمەوە خاڵی یەکانگیری و مەسەلەی ناوکۆیی نێوان سیاسەت و ئەدەب هەمان بابەتە کە مرۆڤ و ژیانە، خۆشیان لە بنەڕەت دا وەکو دوو دیاردە لە کۆمەڵەوە هەڵدەقوڵێن و لە کۆمەڵیش دا بە ئامانج دەگەن ، بۆیە نابێت ئەدەب و سیاسەت وەکو دوو مەسەلەو دوو جیهانی جیاوازو لێك دابڕاو سەیر بکرێن.

کە ئەدەب هەڵوێست گرتنی داهێنەرەکەی بێت بە ووشەو تەعبیر لە ئاست مرۆڤ و جیهان، کاتێك خەون و خەیاڵ و بەها مرۆڤایەتیەکان رەنگ و روخساری بەرهەمی ئەدەبی رەنگ رێژ بکەن... ئەوا بیرو هەست و هەڵوێستی ئەدیب، دەبێتە جۆرێك لە هۆشیاری و هەڵوێستی سیاسی، یا ئەوەتا ناوەڕۆکی بەرهەمەکەی شەقڵ و سیمایەکی سیاسیانە بەخۆیەوە دەگرێت. ئەمە وەکو شەرت و مەرج ئەوە ناگەیەنێ، کە ئەدەب پێویستە هەمیشە لە خزمەت و پاشکۆی سیاسەت بێت، یا هەر کات لە تەوەری ئەودا بخولێتەوە، بەلأم پێچەوانە کەشی راست و دروست نیە، کە ئەدیب و هونەرمەند و بەرهەمی هونەری لە دنیای سیاسەت ، دابڕێن و بێ بەری بکرێن. هێمن لەو بارەیەوە خۆی رایەکی هەیەو دەڵێ:(( من پێم وانیە ئەدەب لە سیاسەت دووربێ و هەر کەس دەتوانێ نەوعێك لە ئەدەب بۆ خۆی هەڵبژێرێ،... بەلأم ئەدەب، هەموو ئەدەبێك کەم و زۆر لە خزمەتی سیاسەت دا هەر هەیە))[٦]. ئەنجا چۆنیەتی رەنگدانەوەی بیروباوەڕی سیاسی لە ئەدەب، ئەمەیان مەسەلەیەکی ترەو لەسەر چۆنیەتی راگرتنی پارسەنگی نێوان دارشتنی بیرۆکەو هەڵبژاردنی چوارچێوەی هونەری گونجاوو دەسەلأتی هونەرمەند لە داهێنانی بەرهەمی ئەدەبی دا دەوەستێت. واتەپەیوەستە بە کردەوەی داهێنان، کە کارێکی دژوارو سەختەو سانا نیە، هەر ئەمەشە پەیامی ئەدیب و هونەرمەندپێك دەهێنێت، و کارێکی ئەدەبی لە کارێکی نا ئەدەبی جیا دەکاتەوە. بیرو

---

(٥) محمەد حمە باقی ، راوە گزنگ ، حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق، وەزارەتی رۆشنبیری ، هەولێر ، ١٩٩٨ ، ل٨.

(٦) فەرهاد شاکەلی ، لە بەهاری شیلاناوێوە تا پایزی ورمێ و چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز ، نووسەر : مامۆستا هێمن ،چ٢، مهاباد ، ١٩٩٩ ، ل١٤٢.

**باوەڕی سیاسی[*]، لە کۆنەوە لە ناوەڕۆکی شیعرو ئەدەبی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە، مەسەلەی خۆشەویستی خاك و گەل و نیشتیمان، میللەت پەروەری، شانازی کردن بەقەوم و زمان و داب و نەریتی نەتەوەیی، بەشان و شکۆی میرو مەزن و سەرداری کورددا هەلگوتن،... لە زووەوە باس و بابەتی شیعری کوردی پێکهێناوە. تەنانەت ئاوڕدانەوە لە زمانی نەتەوەیی لە بڕی زمانی بێگانە کە زمانی موعتەبەرو باوی ئەو سەردەمانە بوون، جۆرێکە لە دیاردەو هەڵوێستی سیاسی،( نیشتیمانی و نەتەوەیی )، لای شاعیرانی کلاسیکی کورد، هەر ئەمەش سەرتا بووە بۆ سەرهەڵدانی شیعری سیاسی کوردی. ئەنجا شیعر هەر لە سەرەتاوە ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە پەروەردە کردنی گیانی نەتەوە پەروەری و نیشتیمان دۆستی لە دەروونی ڕۆڵەکانی گەلی کورد، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە شیعر هەڵگری پەیامێکی سیاسی بووە لە سەردەمی کۆن و تازەدا.**

**خانی (١٦٥٠-١٧٠٦) ڕابەری شیعری سیاسی کوردییە، هەموو کەرەستەو پێداویستی پێك هاتنی دەوڵەت یا (قەوارەیەکی سیاسی)، لە شیعرەکانی دا هاتووە وەکو: (تاج ، تەخت ، عەلەم، سوپا، سەرحەد، پایتەخت،...)، مەسەلەی دیبلۆماسی و فەلسەفەی حوکم و حوکمڕانانی نیشان داوە، ((بانگی کوردی کردووە بۆ یەکگرتن لەژێر سایەی**

---

**[*]- لای ئێمە هەموو ئەو باوەڕو فیکرو مەسەلانە دەگرێتەوە، کە بەشێوەیەکی گشتی لە چوارچێوەی (٣) مەسەلەی سەرەکیدا کۆدەبنەوە:-**

**١-مەسەلەی نیشتیمانی ، ٢، مەسەلەی نەتەوەیی ، ٣. مەسەلەی چینایەتی. ئەنجا هەر فیکرو فەلسەفەو جیهان بینی یەك کە مرۆڤ هەیەتی‌و ، دەبێت بە سەرچاوەو (ئایدیۆلۆجیا)، بە پەیوەندی لەگەڵ ئەم مەسەلانەی سەرەوەدا، دەبێت بەبەشێك لە سیاسەت.**

- **هەروەها ئەو جۆرە هەڵوێستانەش کە بە (شۆڕشگێڕی ، ئازادخوازی ، پێشکەوتن خوازی ، ..ز...) با پێچەوانەکانیان دەناسرێن و لە کرۆك و ناوەرۆکدا هەر لە دەوری (٣) تەوەرەکەی پێشەوە دا دەخولێنەوەو دەبن بەناواخنی هەڵوێست و بابەتێکی سیاسی، ئەمانە لە باری سیاسەت وەکو بابەت (**الموضوع**)ەوە، هەروەها هەڵوێست وەرگرتن بە سە لبی یا بەشێوەیەکی ئیجابی دەرحەق بە سیستەمی حکومرانی و دەسەڵات، وەکو: دیموکراتی ، سۆشیالیستی ، لیبڕاڵی ،... کە پەیوەستن بە تیوری سیاسیەوە (**النظرية السياسية**) ئەمەش هەر دەچێتە قالب و چوارچێوەی هەڵوێستی سیاسیەوە ، لە هەر ڕوویەکەوە بێت. بڕوانە:-**
- د. حسن صعب ، **سەرچاوەی پێشوو ، ف** ١-٢ **و ص**١٧,٦٥ .
- د. **أپدوریا** ، المدخل الى العلوم السياسية ، ترجمة : نوري محمد حسين ، ط ١، بغداد ، ١٩٨٨ ، ف ١-٢ ، ص١٢-٦٩.

(شایەکی کورد) و (تاجێکی کوردی) بۆ دامەزراندنی (دەوڵەتێکی کوردی).))[٧]. بۆیە دەشێ بڵێین کە ئایدیۆلۆجیای نەتەوایەتی کورد، وەکو مەسەلەیەکی سیاسی، لەلایەن ئەحمەدی خانییەوە داڕێژراوە[٨]. تەنانەت فکری سیاسی-نەتەوەیی کورد لای میر شەرەفخانیش (١٥٤٣-١٦٠٤) هەبووە لە کۆتایی سەدەی شانزەهەم، کاتێك لە (شەرەفنامە)دا بە دوورو درێژی باس لە سنووری کوردستان و میرنشینە کوردەکان دەکات. ناوەڕۆکی سیاسی لە شیعری حاجی قادری کۆیی ( ١٨١٠- ١٨٩٧) تۆختر و چڕوپڕتر دەبێت. بیرو هۆشی نەتەوەیی لەو سەردەمە،(سەردەمی تەنویر) دەچێتە ئاستێکی گەشاوەتر کە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا بە قۆناغی (دیموکراتی بوورژوایی) دەناسرێت و حاجی ((بەهەستێکی نوێ و گیانێکی نەتەوایەتی قووڵەوە هاتە مەیدانی شیعر نووسین و شیعری وەکو چەك بەکار هێنا بۆ خەباتی سیاسی و هۆشیار کردنەوەی خەڵك ... جەیش و عیرفانی کرد بە هۆکاری بنچینەیی بۆ مسۆگەر کردنی سەربەخۆیی))[٩].سەدەی تازە، (سەدەی بیستەم) سەرەتای مێژوویەکی پڕ لە وەرچەرخان و گۆڕانکاری بوو، بە تایبەت لە رۆژهەلاّت کە ((یەکێ لە سیما بنەڕەتییەکانی ئەوەیە کە سەدەی شۆڕش و جولاّنەوەی رزگاری نیشتیمانی بوو))[١٠].لەم هەل و مەرجەدا بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی مێژوو کردو بابەتی، لە دەروونی کۆمەڵی کوردەواری بەڕێوە بوو، کە ئامانجی رزگاری خاك و سەربەستی گەل و پێشکەوتنی کۆمەڵ و ژیانێکی تازە بوو، کاروانی شیعرو ئەدەبیش لە کوردستان لەو

---

(٧) جەماڵ نەبەز ، ناسیونالیزمی کوردی (کوردایەتی) ، گۆڤاری نیشتمان (پێشەکی) ، بنکەی چاپەمەنی، ئازاد سوید ، ١٩٨٥ ، ل٢ ، شایانی گوتنە د. جمال نەبەز (٦) ژمارەی گۆڤاری (نیشتمان)ی زمانحاڵی کۆمەڵەی (ژ.ك)ی لە بەرگێکدا بە ئوفسێت چاپ و بلاّوکردۆتەوە، بە پێشەکی و لێکۆڵینەوە وە بەهەردوو زمانی کوردی و ئەڵمانی. بۆ لەمەودا :-

- گۆڤاری نیشتمان ، ژ ، ساڵ ، ل.

(٨)سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:-

- محمەدی مەلا کەریم ، لە پێناوی راستی و کوردوخانیدا ، دەزگای چاپ و بلاّوکردنەوەی ئاراس ، چاپی یەکەم ، هەولێر ، ١٩٩٩ .
- د. ئەمیری حەسەنپوور ، ئیتنۆ ناسیونالیزمی کورد ، گ/ وەرگێران ، لە بلاّوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان ، ژ/١ ، هاوین ١٩٩٧، ل١١.

(٩) کوێستان جەمال سەلام ، سروشت لە شیعری نوێی کوردیدا ، نامەی زانکۆیی ، زانکۆی سەلاّحەدین ، کۆلیجی ئاداب، ١٩٩٦ ، ل١٢.

(١٠) حنا مينة ، ناظم حكمت - السجن . المرأة ، الحياة ، دار الاداب ، بيروت ، ط ١ ١٩٧٨ ، ص١٤٧.

سایەوە، بەحوکمی ئـەمری واقیـع، بـوو بـە بەشـێك لـەم هـەڵ و مەرجـەو ئاوێتـەی ئـەم جوڵانەوەیە بوو، بەڵکو بـوو بـە زایەڵـەو بڵێنـد گۆی، لـە پێنـاو پاشـەڕۆژێکی روونـاك و بەختەوەر بۆ مرۆڤی کورد، ئەنجا شاعیران و ئەدیبانی کورد رووبەڕووی ئەرکێکی گـران و دوو لایەن بوونەوە، لەلایەك هاوبەشی تێکۆشانی نەتەوەکەیان وا پێویستی دەکـرد کـە بەهـەموو توانایـەك گیـانی بـەرگری و شۆڕشـگێڕی لـەناو رۆڵـەکانی نەتەوەکەیانـدا پەروەردەو بەهێز بکەن، لەلایەکی تر دەنگی هـەق خوازانـەی میللـەت بگەیەننـە گوێی جیهان و تاوانەکانی داگیرکەران لەبەر دەمی رای گشتی جیهان ریسوابکەن[11].

**١ / ١ / هێمن و شیعری سیاسی :**

پەڕینـەوەی شـیعر بـۆ مەیـدانی سیاسـەت، بـەواتای ئاوێتـە بـوونی ئـەم دوو چـەمکە لـە کوردستانی موکریان، سەرەتاکەی بۆ سەیفی قـازی دەگەڕێتـەوە، ئـەم نـاودارو نیشـتیمان پەروەرە شیعری کوردی، کە لە پێشە خۆیـدا وەکـو باڵندەیـەکی ئەفسـوناوی لـە ئاسمـانی خەون و خەیاڵ دەسووڕایەوە، دەستەمۆ کردو بۆ سەر زەوی هێنایە خوارەوە، بۆ باوەشی خەڵکی هەژارو ستەم دیـدەی کـورد، ئـەو لـە سـەرێکەوە یەکـەمین کەسـە لـەو رۆژگـارەدا شیعری بەناوەڕۆك سیاسی (نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانە)ی گوتبێـت، لـەو بـوارەدا ((یەکـەم شـاگردی قوتابخانـەی شـاعیری مـەزن، فەیلەسـوفی زانـاو روونـاکبیر حـاجی قـادری کـۆیی بووە))[12]، و لەسەرێکی کـەوە لـە بـاری زمـانی شـیعریەوە((بای داوەتـەوە سـەر ئـەدەبی فۆلکلۆری کـوردی و بـە زمـانی زەحمەتکێشـان و رەنجبـەرانی لادێ شـێعری گوتـوە))[13].

بۆیە سەیفی قـازی بەحـەق بـووە بـە مامۆسـتای شـاعیرانی موکریـان، (دەورەی دووەمـی شاعیرانی ناوچەی موکریان) و بەتایبەتیش بۆ هـێمن، کـە ئـەم دوو خەسـڵەتەی، گیـانی نیشتیمان و نەتەوە پەروەری و زمانی رەسەنی پاك و ڕەوان لە شیعردا، لەو مەزنـەوە بە میرات بۆ ماوەتەوە.

پەیوەسـت بـوونی هـێمن بـە بـیری نیشـتیمانی و نەتـەوەیی و خـۆ ئەڵقانـدنی بـەڕیزی خـەباتگێڕانی جولانـەوە ئـازادی خوازانـەی گەلەکـەی، هـەر لـە سـەرەتای تەمـەن و تـا دواسـاتەکانی ژیـانی، ئـەوەی لـێ کەوتۆتـەوە، کـەوا شـیعر و سیاسـەت و ژیـان و خـەبات،

---

(١١) ئەحمەدی هەردی، هەڤپەیڤین، گ/ نووسەری کوردستان، گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کوردستان، ژ/ ١٦، سەقز، ١٩٨٩ ، ل٧٣ .

(١٢) (١٣)هێمن ، پاشەرۆك ، ل٤٣.

بەشێوەیەکی زیندوو لەلای هێمن تێکچڕژاوو یەکانگیر ببن، کە زۆر ئەستەمە بتواندرێت هێڵی جیاوازی مەبەست و ناوەڕۆك لە شیعرەکانیدا دەستنیشان بکرێت، وەك ئەوەی بابەتی هونەری شیعر، لە گیان و باوەڕو تێکۆشانی جیا بکرێتەوە. هێمن شاعیرێکی ئاسایی نەبووە، لاتەریك و لە کەنار وەستابێت، یا بە دووربینی خەیاڵ مامەڵەی لەگەڵ ژیان و بەسەرهاتەکانی میللەتەکەیدا کردبێت، بەڵکو لە ناوەڕاست و گۆنگەری گێژەنەکەدا بووە. شیعرو بەهرەو هونەری، ئاوێنەی نیو سەدە ژیانی پڕ لە نائومێدی و هیواو، نسکۆو بووژانەوەو، نووچ دان و هەڵسانەوە بووە، وەك بەشێکی دانەبڕاوو جیانەکراوە لە ژیان و چارەنووس و پاشە ڕۆژی نەتەوەکەیەتی.

**١/٢/ شیعری سیاسی و لیریکی سیاسیانە:**

ئەگەر بگوترێ هێمن هەر لە سەرەتاوە لە دەروازەی شیعرەوە چۆتە ناو دنیای سیاسەت یا لە دەروازەی سیاسەتەوە هاتۆتە نێو دنیای شیعرو ئەدەب، بۆ چوونەکە بەهەر دوو باریدا دروست دەبێت، چونکێ شاعیر هەر لە هەوەڵەوە هەست و سۆزو هونەرو بەهرەی شاعیرانەی بەهۆش و گیانی نیشتیمانی و نەتەوە پەروەرانە گۆش کراوە. سەرەتا لەسەر دەستی هاوڕێ و مامۆستاکانی، ئەنجا بەهۆی ئەو کۆمەڵ و ڕێکخستنە سیاسیەی کە تیایدا بۆتە ئەندام و ژیان و چالاکی خۆی بۆ تەرخان کردووە، لەبەر ئەوە شتێکی سەیر نیيە کە بەمەبەست و ناوەڕۆکی سیاسیانە ببێتە ناوك و ناواخنی سەرەکی زۆربەی شیعرو بەرهەمەکانی شاعیر(*). لێرەوە پرسیارێك دروست دەبێت، ئەویش ئەمەیە، کە ئاخۆ شاعیر لە داهێنانی شیعری بە ناوەڕۆك سیاسی، یا لەبە سیاسەت کردنی شعردا تا چەند سەرکەوتنی بەدەست هێناوە؟ ئەگەر بە کورتی و بەچڕی بە شوێن وەڵامی ئەو پرسەدا بگەڕێین، دەبێ ئاماژە بۆ هەندێ بیروڕای ڕەخنەگرانە بکەین لەوبارەوە، هەندێ پێیان وایە هێمن لە ئاکامی تێکەڵاوکردنی شیعرو سیاسەت، لە داهێنانی بەرهەمی باش سەرکەوتوو نەبووە [١٤]!. لە دوو ڕوانگەی جیاوازو پێك ناکۆك ((متناقض)) یشەوە بۆ

---

(*) تاریك و ڕوون یەکەمین کۆمەڵە شیعرو دیوانی چاپکراوی هێمنە، دەستپێك و کۆتاییەکەی بەدوو پارچە شیعری سیاسیانەی نەتەوەیی ئاگرین ڕازاوەتەوە.

(١٤) ئەمیری حەسەنپوور ، نامەیەك ، گ / مامۆستای کورد ، ژ/ ٤-٥ ، زستانی ٩٨٧ ، ل٣٩ .

لێكدانـــەوەی رایەكـــەیان دەچـــن، یەكـــەمیان دەڵـــێ كـــە هۆكـــاری ســـەرەكی لـــە دامـــان و ســـەرنەكەوتنی شـــاعیر لەوەدایـــە كـــە نەیتوانیوەسیاســـەت لـــە هونـــەر جـــوێ بكاتـــەوە، بـــۆ چوونی دووەم لای وایە دەردەكە لەوە دایە كە شاعیر نەیتوانیوە بـاش هونـەرو سیاسـەت لەگەڵ یەكتری تێكلاو بكات !. بـۆ تـاوتوێ كردنـی ئـەم مەسـەلەیە پێویسـتە لـە پێشـەوە ئیشـارەت بـۆ ئـەو راسـتیە بكرێـت كـەوا، شیعرهەسـت و سـۆزو خرۆشـان و رامـانێكی مرۆڤانەیە، لە مێشك و دەروونـی مرۆڤێكی هەست ناسك و لـەبارودۆخێكی تایبـەت دا چـەكەرە دەكـا و دێتـە وجـود، لەمەشـەوە ئاسـاییە كـە سـەرجەمی شـیعرو بەرهـەمی شاعیرێك، هـەر شـاعیرێك، لەهـەمان ئاسـت و پلـە و پێگەیشتنی هونەریـدا نـەبن، واتـە بەرزی و نزمـی، هەڵكشـان و داكشـان، كـزی و بـەهێزی ئاسـتی داهێنـان، دەبنـە كـالاو بـە بەبالای شیعرو بەرهەمی شاعیران دا دەبڕێن. چـونكێ شـیعر ئـەو كەرەسـتەیە نیـیە لـە فابریقەیەك دەربچێت و سەرپاكی یەك دەست و یـەك رەنـگ بـن و بەهـەمان چۆنیەتی بهێندرێتـە بەرهـەم. بۆیـە شـیعر و بەرهـەمی شـاعیری ئێمـەش، بـە تایبـەتیش شـیعرە ناوەڕۆك سیاسیەكانی لەو یاسایە بەدەر نین، تەنانەت هێمن خۆشی دانـی بـەو راسـتیەدا ناوەو لەهەنـدێ لـە شـیعرە سیاسـیەكانی بـە گلـەیی و ناڕازیـە[١٥]. بـە تایبـەت ئەوانـەی لەسەردەمی لاوی و لە سەرەتای هەرەتی شاعیرێتیدا گوتونی، تا ئەوەی لـە پاشـان خـۆی لێ بێ ساحێب كردوون و نەیخستونەتە نێو دیوان و كتێبە چاپكراوەكانی[١٦]. هـێمن لـە ئاكامی ئەزمونێكی دوورو درێژدا، خۆی ئەم قەناعەتەی لـەلا پێـك هـاتووە، كـەوا كاتێـك بیرو باوەڕی سیاسی بەتایبەت (مەسـەلەی حیزبایـەتی و ئایـدۆلۆژی) خـۆی لـەناوەڕۆكی بەرهەمێكی شیعریدا باردەكات، ئەوا زەرەر بەلایەنی هونەری بەرهەمەكـە دەگەیـەنێ و لاوازی دەكات[١٧] ، بەم گوێرەیە نكوڵی لەم راستیە ناكرێـت كـە شـیعرەكانی هـێمن یـەك دەست نین و بەرزی و نزمیان تێدایە... هەنـدێ لـە شـیعرەكانی ئـەو سـەردەمەی هـێمن تارادەی (شیعار) دێنە خوارو و كـەم رەنـگ تـر دیاردەكـەن و لـە جەوهـەری شـیعری بـێ

---

(١٥) هێمن ، ئەزموونی شاعیریم ، پاشكۆی رۆژنامەی عێراق ، ژ/١٠ ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل٤.

(١٦) هێرش ، نامەیەكی تایبەتی ، سوید ، ٢٠٠٠/٨/٢٠.

(١٧) عوسمان ئیبراهیم رانیەیی ، یادێك لـە بـیرەوەری مامۆسـتا هـێمن ، ر/ برایـەتی پاشـكۆی هونـەرو ئـەدەب ، ژ /٢٨ ، ١٩٩٧/٦/٥.

(١٨) یونس رەزایی ، هێمن شاعیرێك لە مەیدانی سووتان و هەرمان دا ، كنگرە بزرگداشت... ، ل٨٧٧ .

بەرین[١٨]، بەلاَم ئەمەش پاساوی خۆی هەیە، چونکێ زادەی هەل و مەرج و سەردەمێکن کە ئەرکی پیرۆزی شیعر هەر دەبوایە هان دانی گیانی خەبات و شۆڕشگێڕی لای لاوەکان و رۆڵەکانی میللەت بوایە. لەگەڵ ئەوەش دا لە گوڵزاری شیعری هێمن دا بەرهەمی جوان و بەهێزو پێزی ئەوتۆ هەیە کە چێژو بایەخی هونەری (ئیستاتیکی) و فیکری خۆی لە دوای دەیان ساڵ پاراستوە و بەنەمری لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا ماوەتەوە. لێرەوە تیریێژی روونـاکی بـەرەو لایـەنێکی درەوشـاوە لـە شـیعری هـێمن وەردەگێـڕین و دەیسەلمێنن کەوا خەسڵەتێك لەو ئەدەبە،کە شاعیر تیایدا سەرکەوتنی بەدەست هێنـاوەو ناوبانگیشی پێیەوە دەرکردووە، ئەو بابەتە شیعرەیە کە بـە لیریکی-سیاسـی، (الغنائیـة-السیاسیة)نێو دەبرێت، تیادا هونەری شـیعرو جـوانی و دلگـیری و ناسـك خـەیاڵی شـاعیر لەگەڵ باوەڕو بیرۆکەو ئاماژەی سیاسی تێکچرژاونەتە ناو یەکترو ئاوێتە بـوون، لـە ئاکـام دا پارچەیەکی ئەدەبی دلگیرو سۆزداریان هێناوەتە بەرهەم کە مرۆڤ لە ئاستیا سەرسامو سەوداسەر دەبێـت، وە بەهـەموو سـەنگ و بـە هایـەکی ئـەدەبی و هونـەری، پارچـەیەکی تەلیسماویە لە داهێنان و هونەر، ئەنجا بەم بۆنەوەیەوە گوتراوە کەوا ((هێمن لە شیعردا شـێوازێکی تایبـەت بـەخۆی بـوو، وەك دەزانـین بـۆ یەکـەمجار لـە ئـەدەبیاتی فارسـیدا (سـەنایی غەزنـەوی)و (خواجـەی کرمـانی) شـێوازی (عارفانـە-عاشـقانە) یـان داڕشـتووە، (حـافظ)یـش کـە درێـژە دەری رێگـەی ئـەوان بـووە بەتێکـەڵ کردنـی عیشـق و عیرفـان شێوازی تایبەت بە خۆی پێك دێنێ. لە کوردیش دا هێمن کارێکی وای کرد، پـێش هـێمن هەم شیعری سیاسیمان بـوو، هـەم عاشـقانە، بـەلاَم مامۆسـتا هـێمن ئـەو دوو دیاردەیـەی پێکـەوە موتوربـە کـردو شـێوەی تـازەی خـۆی خولقانـد))[١٩]. هـێمن جـوانی و عیشـق و ئەوینی ئینسانی لە ئەوینی نیشتیمان و نەتەوەکەی جیاناکاتەوە، بۆیە دەبینین زۆربەی شیعرەکانی لە سەرەتادا، یا لە رووکاری سەروەدا، واتە بەرووکـەش دلڵدارین و بەهەسـتی گـەرمی خۆشەویسـتی دەسـت پێدەکـەن و تـا ووردە ووردە لـە دوایی‌دا، یـا لـەناواخن و قولایی دا، نێوەڕۆکێکی نیشتیمانی و سیاسی شۆڕگێڕانە بەخۆوە دەگرن[٢٠]. هـێمن بـەم کارە توانیویەتی هۆنراوەی لیریکی کوردی لە چوارچێوەی رۆمانتیکیانەی تەنها ویژدانی دەرباز بکات و شـێوازێکی تـازەی پـڕ لـە کارەبـاو سـۆزی سیاسـی (نیشـتیمانی-نەتـەوەیی-

---

(١٩) یونس رەزایی ، سەرچاوی پێشوو ، ل١٧٩.

(٢٠) مستەفا مەعروف ، یادێك لە مامۆستا هێمن ، ر/کوردستان ، ژ/ ٢٥٨ ، ١٩٩٨ ، ل٢١.

کۆمەلأیەتی) ریالیزمیانەی پێ ببەخشێت. ئەنجا بە تێکلاو کردنی، هەستی نیشتیمان پەروەری و جوان پەرستی لە شیعردا جۆرێك لە (غەزەلی سیاسی)دا بهێنێ، کە دەتوانین بڵێین ئەمە هونەرێکەو بە بەژنی ئەو دابڕاوە[٢١]. ئەم دیاردەیە بە شێوەیکی تر لەلای هەندێ لە شاعیرانی کورد بەدی دەکرێت، بۆ نموونە گۆران و پیرەمێرد و دڵدار، هاتوون سۆزو خۆشەویستی نیشتیمان و نەتەوەکەیان لە دوو توێ ی وەسفی سروشت و دیمەنی رازاوەی کوردستان، لە شیعرەکانیان دا دەربڕیوە[٢٢]. بۆ رۆشن کردنەوەی ئەو مەبەستە لە جێگای خۆیەتی هێما بۆ چەند نموونە لە شیعری لیریکی سیاسیانەی هێمن بکەین:-
لە (شەوگاری تەنیایی)دا دەڵێ:-

ستەم کاری منی دوور خستۆتەوە لەویارە شیرینەم
ئیتر من چۆن رقی زۆرم لە ئازارو ستەم نابێ
ئەوی سەر بەرزە لەم وێرانەدا تووشی خەم و دەردە
چیای سەرکەش ببینە قەت سەری بێ هەورو تەم نابێ

تاریك و روون ، ل٢١٨ .

لێرە مەبەست لە ستەمکاری، هەر سەرەڕۆیی و زوڵم و زۆری رژێمی پاشایەتی پەهلەویە، کە بووە بە باعیسی دابڕانی هێمنی شاعیری دڵ ناسك و مرۆڤ لە یارو دڵخوازو (شیرین)ەکەی و لەوێنەی (فەرهاد) رەهەندەی کێوانی کردووە، ئیتر هێمن چۆن بە گژ ستەم کاران دا ناچێتەوە ؟،.ئەنجا هەر لە سۆنگەی ئەو رژێمە نەگریسەشەوە بووە، کە تێکۆشەرانی سەربەرز لەوێرانە خاکی نیشتیمانی خۆیان دا لە دەریای خەم ئازارێکی دوو فاقەدا دەتلانەوە، لە لایێ خەمی دیلی و ژێر دەستەیی گەل و نیشتیمانەکەیان، زەغت و زۆری ستەمکاران، مەیدانی خەبات و بەرینگار بوونەوەی پێ هەڵ دەبژاردن، لەولاشەوە دەکەوتنە داوی دەردی دووری و دابڕان لە زێدو یاران و خۆشەویستانیان، لەمەوە نوقمی تەم و دوکەڵی سووتان و هەڵقرچان دەهاتن. ئەنجا هەر بە پەیوەندی لەگەڵ ئەم مەعنایەوەیە کە شاعیر لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ:-

---

(٢١) حەسەنی دانیشفەر (هێور)، لە یادی چواردەمین ساڵی کۆچی دوایی هێمنی شاعیردا، ر/ برایەتی، پاشکۆی ئەدەب و هونەر، ژ/ ١٧٣ ، ٢١/٤/٢٠٠٠ .

(٢٢) کوێستان جەمال سەلام ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٩٦ .

جیابوونەوەت دەردە، بەلاَم تۆش دەزانی تامی نی یە

ژوان و شــەو ڕاوی دڵــداری ، رازو نـیــازی بە دیـلـی

تاریك و روون ، ل١٦٨ .

ئـەنجا ئەمـە دەبێـت بـە نـەریتێك و شـاعیر لـەناو چوارچـێوەی باسـێکی خۆشەویـستیدا، نیشتیمان و گەلەکەی ناخاتـە لاوە، هەمیشـە لەبـەر دەرگـای خـەیاڵی دا ئامـادەن، لەگـەڵ هـەر دیمـەنێکی دڵـداریو عیشـق و ئەویـنـدا، دیمـەنێکی خـەبات و لـە خـۆ بـووردن و فیداکاریمان دێنێتەوە یاد، برژانگی تیژی دلبەرەکەی نووکی رمی دوژمنی دێنێتەوە یادو لە (یادگاری شیرین)دا هاتووە:-

چـــاوەکەم چاوی رەشــی تــۆ ئافەتی گیانی منە

گیانــەکەم برژانــگی تیژت نووکە رمبی دوژمنە

شـیـری دەسـتی شــێری ئالاَیە بـڕۆ راکـشاوەکەت

جـەرگـی لاوێکـی هـــەژاری کوردی ورد پێ بنجنە

بەژنەکەت سێدارەیە، کە زیەت تەنافە زووبە دەی

بیخە ئەستۆی من کە کوردم کورد بەشی خنکاندنە

تاریك و روون، ل٦٩ .

(( کە هـێمن تەشـبیهی بـالاَی خۆشەویـستەکەی دەکـات بـە سـێدارەو پرچیشـی بەتـەناف هەروا لە خۆوە نەبووە، کام شاعیر هەتا ئێستا ئەم تەشبیهەی کردووە؟ بەبڕوای من ئەم لێکچـواندنەی مامۆسـتا لـەوەوە هـاتووە کـە تـەناف و سـێدارەو خنکانـدن لـە مێـژووی نەتەوەکەمان دا رۆڵی خۆی گێڕاوە))[٢٣].

مەسـەلەی ویـژدانی و سـۆز زۆر جـاران لای هـێمن لەیـەك کـات و شـوێن داو لـە هـەمان پارچـە هۆنـراوە، دوو وێنـەی جیـاواز بـەخۆوە دەگـرن کـە سـەر بـەدوو جیهـانی لەیـەك نەچووی جیاوازیشن، بەلاَم سۆزو سووتانەکە هەریەکە ئەگەرچی وێنـەو بەسـەرهاتەکان جیاوازیش بن، لێرەوە لەهۆنراوەی (مووناپسێنم) ئەم بەندە گوڵ بژێر دەکەین:-

ئەگەرچی رۆیی ، قەت ناچێ لە یادم

دەکــەم یـادت بە یـادی تـۆوە شـادم

(٢٣) برهان شاسوار ، هێمنی مەهابادی شاعیرە ئاوەرەکەی کوردستان ، ر/ هاوکاری ، ژ/ ٢٢٠، ١٩٧٤/٥/٣١ .

که بـارگـەت بۆ هـەوارتێك نا عەزیزم
شـکـــا ئـەسـتـوونـدەگـی تـاوڵی مـرادم

تاریك و روون ، ل١٢٩.

رووی دەرەوەی ئـەم هۆنـراوەیـە سـۆزی بـێ پایـانی هەسـت و ویـژدانی شـاعیری کـۆس کەوتوومان نیشان دەدات لە ئاست کۆچ ورەوی یارە ئازیزو و دڵخوازەکەی، کە تا ئێستاش بەیادی ئەو ماوەتەوەو زیندووە، کەچی نـاواخن و ئامـاژەی راسـتەقینەی هۆنـراوەکـە بـۆ رووداوێکی دیکەیە، بۆ کارەسات و نسکۆیەکی جەرگبڕی مێژووی سیاسی کـوردە، ئـەویش رمانی کۆمارە ساوایەکەی کوردی ساڵی (١٩٤٦) و لـە سـێدارەدانی پێشـەواکەیەتی، کـە بەهۆیەوە کۆشکی ئاواتی شاعیرو تاوڵی مـرادی دا دەتـەپێ، بـەلاَم یـادەوەری ئـەو یـاوەرو رابـەرە، ئـەو ئاواتـە پـیرۆزو مەزنـە، لـە دەروون و ویـژدانی شـاعیردا هەمیشـە زینـدووە. شیعرەکەش وەکو هەستی پاك و بەسۆزی شاعیر، راستگۆیانەو سەرشارو ڕەوان دێتەگۆ.
لە هۆنـراوەی (سنوور)دا شاعیر مەسەلەیەکی سیاسـی دەووروژێـنێ ئـەویش ئـەو سـنوورە دەستکردانەیە کە دوژمن کێشاویەتی و بوون بە شوورەی چین لە هـەر لایـە ولاَتەکـەیان دابەش و پارچە پارچـە کـردووە، شـاعیر ئـەو مەسـەلە سیاسیە دەکاتـە هۆکـارو بنـەمای سەرهەڵدان و بەرپابوونی موعاناتێکی ئینسانی بەرین کە ئۆقرەو ئارامی لەبەربڕیوە:-

ئەی ئەو کەسەی دەتپەرستم و لێم ونی
تــۆ خــودا نی تــۆ خـۆشــەویـستی منی
لە ئــاسـمـان نی تـاوێت ڕانـەگـا دەسـتـم
لە قـاف نی کـاڵەی ئـاسـنت بۆ هەڵبەستم
تۆی لەمن ون کردو منی لە تۆ دوور
ئــەو بـسـتـۆکـەی دوژمـن نـاوی نـا سـنـوور

تاریك و روون ، ل١٨٤.

ئەنجا بـابزانین، وشـەی کـوردی شـیرین، کـە ڕیـزە بـەڕیزە لـەدەم و لێـوی هـێمن دا هـەڵ دەڕێژێن، کە ئەمەشیان رەگێکی لە کوردایەتیەیە، ئەنجا بەبەراورد لەگەڵ شەکرە لێـوەی یارو نازداران، ئاخۆ کامەیان دڵگیرو شیرین ترن:-

بەڵێ تۆ کیــژی ، نــازداری ، لەبـــاری
مــنــیــش پــیــرێکی زورهــان و دزێـوم
بــەلاّم شــیــریــنــتــرە لەو شەکرە لێوە
وشەی کوردی کە هەڵ دەڕژێ لە لێوم

تاریك و روون، ل١٩٣.

ئــەنجا تــا ئــەزموونی شــاعیر، بــەرەو ژوورتــر هــەنگاوبنێ و هــەڵ بکشــێ، تــا دێ ڕادەی سووتانو هەژانی شاعیر بـە ئـاگری ئـەم دوو عەشـقەوە پـەرە دەسـتێنێ ((دڵـداری تـەڕو سۆزی سیاسی لە دەفرێکدا جۆش دەدا، هەڵیان دەشێلێ و پێکەوە دەیـان گـونجێنێ... زۆر جار ئافرەت و خۆشەویستی دەینە مەسەلەو مەسەلەش دەبێتەوە بە خۆشەویسـتی، جـێ گۆڕکێیان پێ دەکات تا هەر دووکیان دەبنە یەك و توند پێکیانەوە دەبەستێ))[٢٤] .

بەم شێوەیە شاعیر زۆر جاران لە شیعرەکانی دا لـە تێکـەڵاو کردنـی نـەرم و ڕەق، سـۆزی ئـەوین و بـیری سیاسـی، خۆشەویسـتی و دلگـیری خـەبات، جـوانی پەرەسـتی و خولیـای سەربەسـتی، عەشـقی ژن و خۆشـی ئـازادی... سـیمبۆلێکی داهێنـاوە، ئـەم سـیمبۆلە لـە هونەرو ژیانی شاعیر لە چوارچێوەی (عەشق و ئازادی)دا یەك دەگرێتەوە. کـە مـرۆڤ لـە ئاوێنـەی ئـەم سـیمبۆڵ و سەوداسـەریەی شـاعیر دەڕوانـێ، لـە دوولاوە گـیرۆدە دەبێـت، لەسـەرێکەوە هەسـت بەنەشـئەو سـۆزی دڵـداری و خۆشەویسـتیەکی ناسـك و راسـتەقینە دەکات، لەو لاشەوە بیرێکی بەرزو پـیرۆزی مـرۆڤ دۆسـتانەی لـێ بـەدی دەکـات. پێویسـتە ئەوەش بگوترێ کە رەنگدانەوەی چەمکی سیاسەت لە ئەدەب دا نابێت بەهیچ شێوەیەك بەو واتا کاڵ و کرچ و دزێوەی ووشەکە وەربگیرێت کە لـەلای زۆربـەی خەڵکیـدا بـاوە و، هاو واتاو تێکەڵی کۆمەلێك ئاکاری ناپەسندی وەکـو درۆو دەلەسـەو فرِوفێـڵ و بـێ بـاری بووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، سیاسەت لەو مەیدانەدا هێمایە بۆ کۆمەڵێك نـرخ و بـەهای پیرۆزی مرۆڤانە کەمایەی شکۆمەندی و سەروەرین، لەوێنەی داکۆکی کردن لە ئـازادی و سەربەستی ئینسان و رزگار بوونی گەل و نەتەوە و نیشـتیمان، لـە دیلـی و چەوسـانەوەو دەستبەسـەری... واتـە ئێمـە لایـەنی (ئیجـابی) مەسـەلەکەمان لامەبەسـتە کـە لایـەنی نیشتیمان خوازی و گەل پەروەری و لە خۆبووردن و فیداکاریە لەو پێناوەدا. ئـەنجا بـۆ

---

(٢٤) محمد فریق حسن، هێمن و بۆنی غەریبی، بەشی یەکەم، گ/بەیان، ژ / ٦٥ ، ئاب ١٩٨٠ ، ل١٢ .

کەسێك کە سەدان ساڵە نیشتیمانەکەی لەت و پەت و داگیرو دابەش کراوبێت، هاوخوێن‌و هاونیشتیمانەکانی دیل و ژێردەستەی کۆت و بەندی زاڵمان بێت لەهەر جۆرە مافێکی سروشتی و ئازادیەکی سیاسی و ئابووری و کۆمەلاًیەتی و فەرهەنگی مەحروم کرابێت... لایەنگیری و سیاسەت چ بەکردەوەبێت چ بەهزرو بیر، چ بەهەواداری و خواست و ئاوات، ئەوا نەك هەر کارێکی شیاوە بەڵکو ئەرکێکی ئینسانی پیرۆزو پێویستیشە، تۆ بڵێی کەسێك هەبێت، نەخاسمە ئەو کەسە شاعیرو بیر ڕووناك و رۆڵەیەکی بەوەفابێت، کەچی لە ئاست مەسەلەکانی خاك و خەڵك و ئاو هەوای نیشتیمان و مەینەتیەکانی میللەتەکەی بێ بەری بێت؟، ئەنجا ئەگەر ((مێژوو نووس و رەخنەگرە لیبڕاڵەکانی ئەدەب لە رۆژئاوای گرژییێکیان هەبووە بەرامبەر بە زاراوەی (شیعری سیاسی) و بەلای ئەوانەوە ئامانجی سیاسی و بیری ئایدیولۆجی و پرۆگرامی حیزبی زاڵ دەبێ بەسەر لایەنە بنچینەییەکەی ئەدەب دا کە ئستێتیکە... لەبەر ئەوە بووە کە گیروگرفتی ماف و چارەنووسی نەتەوایەتیان نەبووە، ئەگەر هەشبووبێ لەوێنەی بابەتی مەسەلەی نەتەوایەتی لە رۆژهەلاًتی ناوەڕاست بەگشتی و لەلای میللەتی کورد بەتایبەت نەبووە))[٢٥]. ئەنجا بۆ مەسەلەی رووکردنە سیاسەتی شاعیران و بیر رووناکانی کوردیش لە بەرهەمی ئەدەبیان دا، ئەم رایەی مارکیز دەهێنینەوە کە پڕ بەپێستی وەزعەکەی لای ئێمەیە، کاتێك دەڵێ: ((شتێکی ئاسان نیە لە ئەمریکای لاتین بژی و پێچەوانەی سیاسەت بی، چونکە واقیع و سیاسەت پێکەوە گرێ دراون، کە پاڵت پێوە دەنێ نەك بۆ ئیلتیزامی، حیزبایەتی بەڵکو بۆ بەشداری کردنی بەشێوەیەك لە شێوەکانی دا، هەروەها سیاسەت هەمیشە مانای ئیلتیزامی حیزبایەتی نیە !))[٢٦]. هێمنی شاعیری ئێمەش لە سۆنگەی ئەم واقیع و میراتە مێژوویەی نەتەوەکەیەوە توخنی سیاسەت کەوتوە، ئەنجا بە کردەوەو بەفیکرو بەشیعرو ژیان و هەست و نەستیەوە چۆتە ئامێزی سیاسەتەوە، سیاسەتێك کە قەدەری بێ چەندوچوونی یەك بەیەکی رۆڵەکانی میللەتەکەی بووە بەدرێژایی ئەم سەدەیەو، لەو پێناوەو لەسەر ئەم

---

(٢٥) د. مارف خەزنەدار ، کاریگەری بیری نەتەوەیی لە گەشەسەندنی کورتە چیرۆکی کوردی کوردستانی عێراق(پێشەکی)، عبدالله عزیز خالید ، چ ١ ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ، ١٩٩٩ ، ل٤-٥ .

(٢٦) د. کەمال مستەفا مەعروف ، سیاسەت لە هۆنراوەی نوێ دا ، گ /نووسەری نوێ، گۆڤاری یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر، ژ/ ٢ ، ئەیار ١٩٩٨ ، ل١٤ .

ڕێبازەش دا رەنجی فەرهادی کێشاوە، ئاوارەو دەربـەدەری چێشتووەو دووچاری هـەزاران بەلای ناگەهان هاتووە، بۆ گەلی کورد هێمن جێگەی شانازیە، لـە ریـزی مـەزن شـاعیرانی ئـەو سـەردەمەی دنیـاداو لەوێنـەی نـازم حیکمـەت و لۆرکـاو ئـەراگۆن و بـابلۆ نـیرۆدا... هیچی کەمتر نىيە.((هێمن حەقی بوو، بەحەق ڕێبازی راست و رەوانی خۆی دۆزیبـۆوە، شـاعیر و نووسـەری نەتەوەیـەك كـە لـەدوا دواییـەکانی سـەدەی بیسـتەم دا، لـە هـەموو مافێکی نەتەوایەتی بێبەش کرابێ، شاعیری نەتەوەیەك كە لەژێر ستەمی نەتەوایەتیو مەترسـی تواندنـەوەدا پشـتی چـەمابێ، چۆن دەتـوانێ... لـە دنیـای بـێ بـیرو بـاوەڕی و ڕاراییو وازوازی دا بسوورێتەوە و گەڕ بخوا؟))[٢٧]. سەرباری ئەوەش هێمن بە چاکی لـە پەیامی هونەرو شیعرو ئەدەب گەیشتبوو، كە بنچینەکەی ئیستاتیکایە، بەڵام کاتێـك كـە چڕە دووکەڵ و گەردەلولی دنیـا و دەوروبـەر بـەربینگی پـێ دەگـرن بـۆ ئـەوەی خەفـەی بکـەن و بیخنکێـنن، ناچـار دەبێـت شـیعر بکـات بـەهاوارو بـانگ و بیکـات بـە ئـامرازی بەرگری و بەرینگاری، لەمەوە بەبەرچاو روونیەوە لە دوو روانگەی جیـاوازەوە، سـەیری پەیامی شیعرو هونەری کردووەو رەنگی بۆ ڕشتووە، شاعیر لە هۆنراوەی (پەری شیعر)دا گوتویە:-

شێعرێك وەك خوناوەی باران
شێعرێك وەك سرتەی دڵداران
وەك ئارەقەی هەنیەی جوانان
وەك دڵە خورپەی جێ ژوانان
لــە ئــــاوی کـــانـــی ڕەوانتر
لــە پــەلکە زێـڕینـە جوانتر
شێعرێك وەك سێبەری برژانگ
وەکوو خەرمانەی دەوری مانگ
رێکتـر لـە گـەڕی رەشـبـەڵەك
خـۆشـتـر لـە خـرمژنی کرمەك
لە کوشینی دەستی دۆ خۆشـتـر

(٢٧) کەریمی حسامی ، یادی هێمن ، لە بلاوکراوەکانی (سەردەمی نوێ)، سوئێد ، ١٩٨٧ ، ل١٤.

**لـەمـەكـەو ئـەيـەڕۆ خـۆشـتر**
**وەك نـيـگـلى چـاوى خـەوالْوو**
**بـــەلـەشـــان دابـێـنـىٚ تـەزوو**
**وەك شـــەڕاب بـگـەڕىٚ لە خوێن**
**خەم ڕەوێن بىٚ و نـەشە بزوين**
**شيعرێك وەكو دەريـاى بىٚ بن**
**گـەرمـتـر لـە بـــاوەشـــى ژن !**

**تاريك و روون ، ل**١٥٨.

**ئەنجا بۆ رۆڵە كوردێكى ئەم سەدەيە، كە وەكو شەپۆڵى زێى خـوڕڕەم ساتێك هـەدادانى نەبووە) پەيامى شيعر هەر لەم چوارچێوە تەنگەبـەرەدا قـەتيس نامێنێت و تێكـەلاْوى شەپۆڵەكانى ژيان و مەيدانە كانى خەبات و تێكۆشان دەبێت، دەبێت بەو شيعرەى كەوا:-**

شـــيَعـريَك ســــروودي شــــادي بـيَ

**شــــێعـرێك دەنـگـى ئــازادى بـىٚ**
**شـێعـرێك مـزگـێنـى نەجات بىٚ**
**شـــەوچـەلـــەى كـۆڕى خەبات بىٚ**
**شێعرێك رەق بىٚ، رق بىٚ ، قين بىٚ**
**گـــڕ بىٚ، بـلێســـە بـىٚ تـيـــن بىٚ**
**بلێســـەى گـولـلـەى هـــەلْمــەت بىٚ**
**شـــــــەپـۆڵى رقـى مـلـلـەت بـىٚ**
**بشـكـێـنـى دەركـى بــــاسـتـيـلان**
**ئـــازاد بكـا كـۆيـلْـەو ديـــــــلان**
**نـــڕكـەى سـيـنـگـى كـرێـكار بىٚ**
**ئـــالاْى شـــۆڕشـــى جـوتـيـــار بىٚ**
**هــــەروەك گـــڕى ئــاگـرى نەورۆز**
**رەمــــزى ئـــــازادى بـىٚ و پــيــرۆز**
**شێعرێك هەم تـونـد بىٚ هەم وردبىٚ**
**يانى شــێعرى ئــەو ڕۆى كورد بىٚ**

تاريك و روون ، ل١٥٩ .

هێمن ئەركی شاعیرو نووسەرانی لەو قۆناغەدا وا دەستنیشان كردووە: ((لەخەباتی رزگاریخوازی گەلان دا هەمیشە شاعیرو نووسەری رووناكبیرو پێشرەو نەخشێكی گرینگو بەرچاویان هەبووەو ئەركێكی مەزن و پیرۆزیان بەجێ گەیاندووە... یەكەم هاواری رزگاری نەتەوەكەمان لە گەرووی شاعیرێكی مەزن و هەڵكەوتوو هاتۆتە دەرو لە چیا بەرزو سەركەشەكانی كوردستان دا دەنگی داوەتەوە،... شاعیرو نووسەرە نیشتیمان پەروەرەكانمان لە قۆناخی ئیمڕۆدا بۆ بەجێ گەیاندنی ئەم ئەركە پیرۆزە... دەبێ لەناو خەڵك دا بژین، لە پێشەوە ئاگاداری وەزعی ژیان و بەڕێ چوون و خەباتی ئەوان بن، هەست بە ئێش و ژان و ئازاریان بكەن، لە ژیانی رۆژانەی ئەوان ئیلهام وەربگرن، لەگەڵ تەجرەبەو زانستی خۆیان تێكەڵی بكەن و بیكەنە مایە بۆ نووسراوو شێعر))[٢٨]. هێمن لەو پەیام و دیدو بۆ چوونەوە سەیری شیعرو شاعیرو نووسەرانی كوردی كردووە، خۆشی لە بەجێ گەیاندنی ئەم ئەركە دوانەكەوتووە.

(٢٨) هێمن ، ئەركی نەتەوایەتی ئیمڕۆی شاعیرو نووسەرەكانمان ، ر/ كوردستان ، ئۆرگانی كۆمیتەی ناوەندی حدكا ، ژ/ ٣٠، دیسامبر ١٩٧٤ .

## ٢/ ڕەنگدانەوەی بیرو باوەڕی نەتەوەیی و ناسیونالیستی (کوردایەتی) لە شیعری هێمن

جەنگی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨) شەڕێکی جیهانگیری ئیستعمارگەرو ناڕەوابوو، زلهێزەکانی ئەوکاتە، بەمەبەستی داگیرکردن و بەشینەوەی سەروەت و سامانی گەلان لە نێوان خۆیان دا نایانەوە. لە دوای برانەوەی جەنگیش ((ناکۆکیەکانی ئەو سەردەمە، هەر پارچەیەکی کوردستانی بەچەشنێك خستە نێو گەرداوی مێژووی نوێوە))[٢٩]. لە ڕۆژهەلاتی کوردستانی بن دەستی ئێرانیش، سیاسەتی تواندنەوەی کورد لە ڕێگەی زەبرو زەنگەوە لەسەر دەستی رژێمی رەزاخانی پەهلەوی، بەتوندی بەڕێوە دەچوو، زمان، کەلتوور، جل و بەرگ و هەموو رێ و ڕەسمێکی کۆمەلایەتی کوردەواری قەدەغەو یاساغ کرابوو. ئەنجا هەر ئەو سیاسەتەی زوڵم و چەوساندنەوەی نەتەوەیی ((بوو بەمایەی راپەڕینێکی فیکری لە ڕیزی زانایان و رووناکبیران و گەورە پیاوانی کورد لە مەڵبەندی موکریان))[٣٠]. بەمە بیری نەتەوە پەرستی تا دەهات پەرەی دەسەند، لەکاتی هەلگیرسانی شۆڕشی ئارارات لە ناوەڕاستی سیەکان، دەستەیەك لەم زاناو رووناکبیرە نەتەوە پەروەرانەی موکریان. کۆمەلێکیان پێك هێنابوو بۆ پیشتیوانی کردن و یارمەتیدانی ئەو شۆڕشە، ئەم کۆمەڵە بەرێبەری مەلا ئەحمەدی فەوزی بوو[٣١]، کە هەم مامۆستاو هەم پەروەر دیاری یەکەو بیرو هۆشی نەتەوەیی بوو لای هێمن.

شیرازەی دەزگاو دامەزراوی دەوڵەتی لەدوای هەلایسانی جەنگی دووەم (١٩٣٩-١٩٤٥) لە موکریان بەهۆی بارودۆخەکەوە لەبەریەك هەڵوەشایەوەو لەو ناوەدا نەما. لەو هەل و مەرجەدا و لە بەرامبەر پرۆژەی کورد تواندنەوەی رەزا شادا، یەکەمین پرۆژەی بواژاندنەوەی بیری نەتەوەیی و ناسیونالیستی کوردی لە شێوەی رێکخراوی سیاسی دا، لەدایك بوو، لە سەرەتای چلەکان (کۆمەڵەی ئازادیخوازانی کورد)[٣٢]و پاشان لە (١٦/٨/١٩٤٢) دا (کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد) لە مهاباد پێك هات. هێمن لە ریزی

---

(٢٩) ئەمیری حەسەنپوور ، ژیان و بەسەرهاتی عبدالرەحمانی زەلبجی (پێشەکی) ، عەلی کەریمی ، چ ١ ، سوید ، ١٩٩٩، ل٢٠.

(٣٠) هێمن ، سەرەتا بۆ پێکەنینی گەدا، پاشەرۆك ، چ ١، چاپەمەنی سیدیان ، مهاباد ، ١٣٦٢ ، ل٨٢.

(٣١ )مجتبی برزویی ، اوضاع سیاسی ایران ، ص٢٨٢ .

(٣٢) ئیبراهیم ئەحمەد ، لە بیرەوەریەکانم ، گ /گزینگ ، ژ/١٣ ، ١٩٩٦ ، ل٤٦.

یەکەمی ئەندامەکانی ئەو ڕێکخراوە بوو، ئەنجا لەمەوە بیری ناسیونالیستی و رزگاری خوازانەی کورد (کوردایەتی) لە بیرو مێشکی هێمنی خوێن گەرم و لاودا نەش و نمای کرد. کۆمەڵەی (ژ.ك) کانی و سەرچاوە بوو بۆڕسکانی ئەو بیرو باوەڕە لەناخ و ویژدانی و تەنانەت هێمن لەو سەردەمانە بوو بە زمانحاڵ و شاعیری کۆمەڵە، هەر ئەمەش ئەو سەرەتایە بۆ وپژان و پشکوتنی بیری کوردایەتی لە شیعرەکانیدا پێك دەهێنی، کە شاعیر تاوەکو دوا ساتەکانی ژیانیشی بۆی وەفادار مایەوە. بۆیە ئەگەر چاوێك بە بەرهەمەکانی دا بخشێنین لەو مەیدانەدا دەبینین مەسەلەی نەتەوەیی کورد، ئەگەر لە رووی چۆنایەتیشەوە نەبێت لە رووی زۆری و فرە ڕەنگیەوە، پێش هەموو مەبەستەکانی شیعری شاعیر دەکەوێت، ئەمەشیان رەنگدانەوەی ئاسایی راپەڕینی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردەو سەبارەت بە زۆربەی شاعیران و بەرهەمە شیعریەکانی ناوەڕاستی ئەم سەدەیە راستە[٣٣]. یەکەمین شیعری بلاوکراوەی شاعیر هەر لە بابەتی بیرو باوەڕی نەتەوەیی و کوردایەتی یە، کاتێك کۆمەڵەی (ژ.ك) گۆڤاری (نیشتمان) وەکو ئۆرگان و زمانحاڵی خۆی بلاو دەکاتەوە، هێمن لە ژمارە (٢)ی ئەم گۆڤارەدا بە پارچە شیعرێك بە ناونیشانی (کوردمو...) بەشداری دەکات:-

کورد مو داوای حقوقی پایە مالی خۆم دەکەم
مالی خۆمە مولکی کورد، داوایی مالی خۆم دەکەم
مولکی کوردستان ، ئیرسی بابو باپیری منە
ئیدعای حەقو میراتی حەلالی خۆم دەکەم
هەر وەکو باران لە چاوم دێتە خوارێ ئەشکی خوێن
هەر زمانێك بەرژەوەندیکی لە حالی خۆم دەکەم
گەرچی لای ئاغا خەیالی خاوە فیکری میللیەت
من لەلام باشە هەتا ماوم خەیالی خۆم دەکەم
من لەدەس بێگانە قەت ناکەم شکایەت ئەی رەفیق
گەر شکایەت کەم لە چەنگی مام و خالی خۆم دەکەم
ناسیحا بەس پێم بلێ فیکری مەحالە فیکری تۆ

(٣٣) د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ، ناوەڕۆکی سیاسی و کۆمەلایەتی ی چیرۆکی کوردی ، گ /کاروان ، ئەمینداریەتی گشتی رۆشنبیری و لاوان، ژ، ١٩/ ، هەولێر ، نیسانی ١٩٨٤ ، ل١٥.

نسحەتم ناوێ ئەمن فیکری مەحاڵی خۆم دەکەم

رۆژێ شێخم دیت و پێم گوت هەتبێ حیسی میللیەت

پێی گوتم من چیم لەوانە داوە، سوالی خۆم دەکەم

من ئیتر ماهو تو شالی ئەجنەبی ناکەم لەبەر

رانکو چۆغەی خۆم لە بووزوی رەنگی شاڵی خۆم دەکەم

چیدیکە زەحمەت لە بۆ منداڵی خەڵکی ناکێشم

عیلم و زانست و هونەر فێری منالی خۆم دەکەم

یادەرێژم خوێنی پاکی خۆم لەسەر ئەم مەقسەدە

یانە فیکرێك بۆ برای رووت و ڕەجالی خۆم دەکەم

چاودێری رۆژی خۆشی جێژنی سەربەستیم ئەمن

گەر مودارا وا دەگەڵ ئەم رۆژی تالی خۆم دەکەم(*)

لێرەدا شاعیر بە گوێرەی تێگەیشتنی خۆی لەو سەردەمەدا، ئەوەندەی بۆی بکرێت پێ لەسەر ناسنامەی نەتەوایەتی خۆی دا دەگرێت و لە بەرابەر مەسەلەی پێشلکردنی ماف و داگیرکردنی خاك و بەتالان و بڕۆ بردنی سەروماڵی و هاونیشتیمانەکانی داکۆکی دەکات، دیارە (فیکری میللیەت) کە هێمایە بۆ بیرو باوەڕێکی پێشکەوتوو لەو رۆژگارەدا، مایەی خۆهەڵکێشان و شانازی پێوەکردنە لای شاعیرو، نەفرەت لەوانەش دەکات کە هەمیشە لەخەمی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان دان و بەلای بیرکردنەوە لە حال و کاروباری براکانی خۆیانەوە ناچن. شاعیر بە هۆی سووربوون و پێداگرتن لەسەر ئەم باوەڕەو لە رێی ئەم ئامانجە، چاوەنواڕی رۆژی خۆشی و جەژنی سەربەستییە. ستەم و چەوساندنەوەی نەتەوەیی لە سایەی سیاسەتی فریودەرانەی (هاونەژادی) رژێمی رەزا

---

(*) بەداخەوە تێکەڵاویەك لە بیری هێمن دا پێك هاتووە سەبارەت بەیەکەم شیعری بڵاوکراوەی و یەکەم شیعری بڵاو بووەوەی لە گۆڤاری نیشتمان دا و، هەروەها دووبارە چاپ کردنەوەی شیعرەکەی نیشتمان لە دیوانی تاریك و روون دا. ئێمە لامان وایە کە مەبەستی شاعیر لەیەکەم شیعری بڵاوکراوەی هەر ئەو شیعرەی پێشەوە بێت، کە خۆی واتەنی شیعرێکی سیاسی رێك و پێ کەو لە بڕێ لە شیعرەکانی سەرەتای دیوانی تاریك و روونیشی بەهێزترە، بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەیەوە تکایە سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:-

- هێمن ، ئەزمونی شاعیرم ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٤.
- هێمن ، تاریك و روون ، ل٥٠-٥٢.
- س ج . هێرش نامەیەکی تایبەتی سوید لە ٢٠/٨/٢٠٠٠.

شای پەهلەوی لە کوردستانی ئێران چەند بەرابەر بوو، مەبەستی کوێر کردنەوەی کەلتوور و فەرهەنگی نەتەوەکانی ئێران و سڕینەوەی ناسنامەیان بوو لەسەر شانۆی سیاسی، ئەمە هەمان پەلپ و بیانوو سیاسەت بوو کە لە سەردەمی ئەتاتۆرك دا هاو زەمان لەگەل ئەو بەندو باوە، دەرحەق بە خەلکی کوردستان لە کوردستانی باکوور پەیڕەوی لێ دەکراو بۆ ماوەی حەفتا ساڵە گەلی کورد لەو دەڤەرە بە دەستیەوە دەناڵێنێ.

کلۆکۆی دەروونی شاعیر لەو هەل و مەرجە((دژوارەدا هەر ئەوەبوو شاعیر راست و رەوان مامەڵە لەگەڵ ناخ و دەروونی خۆی بکات))[٣٤]. و بڵێ:-

گەرچی تووشی رەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن

قەت لە دەست ئەم چەرخە سپڵە نابەزم مەردم ئەمن

هەر چەندە لەو ڕۆژانە دا هێمن شێخ زادەیەکی تێروپڕو پۆشتەو پەرداخ و پاك و خاوێنیش بوو، بەلآم بەچی دەخوات ! کە میللەتەکەی سەرپاکی دووچاری رەنج و دەردو حەسرەت بێ... بۆیە (ئەمن) لێرەدا (هێمن) نىیە!، ( ئەمن) (میللەتی کوردە)[٣٥]. ئەنجا ((ئەوە سی ساڵ زیاترە هەزاران خاباتکەری کورد پێکەوە لە گەڵ هێمنی شاعیر هاوار دەکەن و ئەمە دەڵێنەوە))[٣٦]:-

ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ نیم

ئاشقی کێوو تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن

گەر لە برسان و لەبەر بێ بەرگی ئیمڕۆ رەق هەڵێم

نۆکەری بێگانە ناکەم تا لەسەر هەردم ئەمن

من لە زنجیرو تەناف و دارو بەرد باکم نىیە

لەت لەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن

تاریك و روون، ل٤٩.

---

(٣٤) سەید سمایلی حوسێنی ، وتووێژی بلآونەکراوە لەگەڵ مامۆستا هێمن، گ /گزینگ ، ژ/٢٣ ، سوید ، ١٩٩٩ ، ل٣٧.

(٣٥) هێمن ، چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز ، ل١٢٩ .

(٣٦) د. عبدالرحمان قاسملو ، شاعیری گەل ، تاریك و روون ، ل أ.

ئـەم چـەند دێـرە بـوون بـە وێـردی سـەر زمـانی شـۆڕگێڕانی کـورد و هـەزاران منـاڵی قوتابخانەو لاوی سەرگەرم، لەم لاو لـەو لای کوردسـتان، ئـەم شـیعرەیان کردۆتـە ڕەمـزی نیشتیمان پەروەری و ڕاهاتن لەسـەر تێکۆشـان و بەربـەرەکانی دژی زۆرداران[٣٧]. دیـارە مەبەسـتی هـێمن لـە (کـورد بـوون) تـەنیا مانـا ئیتنیـیەکـەی نیـیـە، بـەڵکو مەبەسـتی واتایـەکی ناسیونالیسـتی- سیاسـیـیە، کـە لەبەرابـەر سیاسـەتی نەتـەوە پەرسـتی (پـان ئێرانیزم)دا دەری دەبڕێت[٣٨].

شاعیر لە شوێنێکی کەدا پێشینەو ڕابـردووی زوڵمـی نەتـەوەیی دەرهـەق بـە کـورد ڕوون دەکاتـەوە، تـا بـەوە ڕادەگـات دەوڵـەتانی دەورو بـەر پـەیمانی (سـەعد ئابـاد) یـان هێنایـە ناوەوە، بۆ گەمارۆدانی مەسەلەی نەتەوەیی کورد لەم ناوچەیەدا:-

لە مێـژبـوو هـەققی کورد دەخورا بە فیڕۆ
لە مێژ بوو کورد بوو دەیکرد شین و ڕۆ ڕۆ
لــە مــەیـدانی شــەقـێـنی دوژمــنــی دا
ســـەری ســەرداری کـوردی بوو وەکوو گۆ
بـــە دەوری لاشـــی نـیـــوە گـیـــانی ئەودا
هــەزار گـورگ و چـەقـەڵ دەیـکرد ملۆمۆ
دەیان بەسـت بۆ کوتانی مـــەرج و پەیمان
هـــەناوی لێی دەهات بۆ چرووك و بۆسۆ
کــوڕی کوردی لە خوێنی خۆی دەگەوزێ
کچـی کوردی ســـەری کـردبـوو وە ئەژنۆ
ئـــــەوەی ســووکـایـەتی بوو کردی پێمان
نـــــەدەکـرا کـەس بـڵـێ بـۆ وادەکەی بۆ؟

تاریك و ڕوون ، ل٦٥.

---

(٣٧) کەریمی حیسامی ، هێمن شاعیری ناوداری کورد ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٣٦.

(٣٨) س.ج. هێرش، ڕەوتی سەرهەڵدانی شیعری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە موکریان، بەشی دووەم، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٤ .

گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەسەرو بەندی ناوەڕاستی ئەم سەدەیە بە دەست گشت نەهامەتیەکانی هەژاری و نەخوێندەواری و دواکەوتوویی دەینالاند، هۆشی نەتەوەیش هەر لەو سەرەتایەوە دەخولقێ کە میللەتێك هەست بە واقیعی دواکەوتوویی و چەوسانەوە بکات کە گرفتاری بووە، ئەنجا ڕۆڵەکانی بیر لە حاڵی خۆیان بکەنەوەو بەدوای ڕێگە چارەدا بگەڕێن، بێنەمەیدانی کارو کۆشش و چالاکی بەدوای دەستە بەرکردنی ئامانجی پیرۆز. خەباتی کۆمەڵەی (ژ . ك)یش هەر ئەوەبوو، کەوا کورد لەخەوی غەفڵەت بێدار کاتەوە، پەرە بەهەستی (میللیەت) بدات، تا ڕێگای رزگاری بگرنەبەر، پەیامی شاعیریش هەر لەو چوارچێوە دایە:-

لە غوڕابی خەوێ دای دوژمنت بێدارە کوردە گیان

هەڵستە لەم خەوە، ئیمڕۆکە جەنگەی کارە کوردە گیان

گ/ (نیشتمان) (*)،

لە (وتووێژی کچ و کوڕ)دا شاعیر، بۆ هۆشیاری بانگی کوڕی کوردان دەکات:-

کاکە گیان لاوی کوردی شۆخ و شەنگ

تا کەنگێ دەبی وابێ هەست و دەنگ

دیلی ، ژێر دەستی ، ئەسیری ، تاکەی؟

رووتی ، نەداری ، فەقیری ، تاکەی؟

لە ژێر زنجیرو کۆتا دەناڵی

مەگەر دێوانەی ، شێتی ، عەودالی

تێ فکرە خەڵکی هەموو ئازادە

هەر تۆ خەمناکی هەموو کەس شادە

تێکۆشە بۆ خۆت تاکو سەربەست بی

عەیبە لەبۆ تۆ دیل و ژێر دەست بی

تاریك و روون، ل٥٠.

(*) م. ش. هێمن، کوردە گیان، گ/ نیشتمان، ژ/ (٩،٨،٧)، ساڵی /١، بەهاری ١٣٢٣، ل٢٠.

هێمن ووتارو نووسینەکانیشی لەو رۆژانەدا هەر گەواهی ئەم مەبەستەن ، داوا لە رۆڵەی میللەتەکەی دەکات و دەڵێ، (خۆت بناسە):

((خۆشەویستەکەم خۆت بناسە بزانە تۆ کێی، مێژوو بخوێنەوەو تێ بگە لە چ رەگەزێکی...

ئازیزەکەم تۆ کوردی ، تۆ لە نەتەوەیەکی خاوێنی ، تۆ لە رەگەزێکی پاکی، باپیرەکانی پێشووی تۆ هەر لەم خاکەدا (کە کوردستانی پێ دەڵێنو ئێستا تۆی تیادە دەژی و داخەکەم هەر لەتەی بە دەست کە سێکەوەیە) ژیاون ، بەلاّم چۆن ژیاون؟ وەك تۆ دیل و ژێردەستی داروسێکان بوون؟ نەبەخوا ئەوان سەربەست و سەربەخۆ بوونو ئازاد ژیاون. گیانەکەم، کوردەگیان بەقسەی برای خۆت بکە و لەخەوی نەفامی هەڵستە تۆزێ لە حاڵی خۆت ووردبەوە، هۆشت بێنەوەبەر خۆت، قۆڵت هەڵ ماڵە، بەهەموو هێزی خۆت بقیژێنە بڵێ: ئەمنیش ئادەمیزادم، حەقی ژیانم هەیە، ئەمەوێ وەکو خەڵك ئازادو سەربەست بژیم، سەربەخۆییم دەمەوێت و حەقی مەشروعی خۆم داوا دەکەم، لە دیلیو ژێر دەستی داروسێکان جارس بومو ئەمەوێت رزگار بم))[٣٩]. دوای شکستی راپەڕینی (شیخ سەعیدی پیران) دادگایەکی بەدناو بەناوی (مەحکەمەی ئیستقلال) حوکمی خنکاندنی دەستەتەیەك لە رێبەرانی ئەم راپەڕینە، لەوێنەی شێخ سەعید و شێخ عبدالقادر و دکتۆر فواد... دەردەکات.

هێمن لە سۆنگەی ئەم کۆستە دڵ تەزێنە، لەدوای چەند ساڵاَن لە موکریانەوە بیرەوەری ئەم یادگارە تاڵە دەکاتەوە:-

من لەسەر لوتکەی بڵێندی کێوی حەق داوا دەکـــەم
تــۆش بپاڕێوە جەنابی شێخ لەسەر رووی تاتـــەوە
بـەڵکو روحمێکی بکا پێمان خوداوەندی رەحیم
چی دیکە ژێر دەست نەبین دیسان وەسەرمان خاتەوە
هێمنا پێت وانـــەبێ یـــەزدانی بێ هاواڵ و فەرد
کەیفەری ئەم زوڵم و زۆرە ، بێ حیساب ناداتەوە

(٣٩) هێمن ، خۆت بناسە ، گ/ نیشتمان ، ژ/ ٢ ، خەزەلوەری ١٣٢٢ ، ل٣٩.

چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز، ل٦٢.

کۆمەڵەی (ژ . ك) ئەگەرچی تەمەنیشی کورت بوو (١٩٤٢_١٩٤٥) بەلاّم بە تێکۆشان و خەباتی خۆی توانی هەستی کوردایەتی تا رادەیەکی زۆر لە نێو خەڵك دا زیندوو بکاتەوە، تا بەوە رادەگات پەل و پۆی هاویشت و لقی لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش پێك هێنا[٤٠]. خەڵکی زاناو خوێندەوارو نیشتیمان پەروەرانی کورد لە دەوری ئالاّکەی کۆبوونەوە، لەم لاشەوە چارەنووسی شەڕ بە تێکشکان و هەرەس هێنانی بەرەی نازیزم و فاشیزم و سەرکەوتنی بەرەی ئازادیخوازان بەلادا کەوت، ئیتر جوولاّنەوەی رزگاری خوازی کوردیش پێی نایە قۆناغێکی تازەوە، بوو بە جوولانەوەیەکی جەماهیری شۆڕشگێڕانەو هەموو چین و کۆمەڵی کوردەواری لە دەوری ئالاّکەی کۆبوونەوە. بەرنامەو ئامانجی خەباتی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی جولانەوەکە: رزگاری خاك و ئازادی مرۆڤی کورد بوو، هاوکات زمانی شیعری هێمن، قۆناغی فرمێسك ڕشتن و دەستە وەستانی و قۆڕپێوان بۆ حاڵی کوردان، بەجێ دێڵێ و لە بواری زانست پەروەری و بێدابوونەوە لەخەوی غەفلەت، دەپەڕێتەوە بۆ ئاستێکی بەرزو بالاّتر، بۆ مەیدانی خەبات و تێکۆشان و بەرینگار بوونەوە، لێرەوە نەفەسی گەرم و ئاگرینی شاعیر لەناو ووشەو رستەو دەربڕینەکانی بە روونی هەست پێ دەکەین:-

لاوی کوردی لەهەموو لاوە وەکو شێری ژیان
دێتە مەیدان و دەڵێ، من دەمەوێ مافی ژیان

تاریك و روون ، ل٨٢.

هەروەها لە (ئاواتی بەرز) دا دەڵێ:-

ڕۆژ بە ڕۆژ قایم ترە، مەحکەم ترە، بڕوایەکەی
دەم بەدەم چاکتر دەبێ، باشتر دەبێ، ئاکاری کورد
بێ وچان دەڕواتە پێش و ڕێگە دەبڕێ بۆ هەدەف
زۆر لە سالاّن روونترە ئەو ساڵە کە ئەفکاری کورد
کورد بەزینی بۆ نەبوو با دوژمنیش

---

(٤٠) جەلیل گادانی ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.

رانەوەستـابـێ لە تـاڵان و بـڕۆو کوشتاری کورد
ئەو لە ئازارو شکەنجەی قـەت نەبوو خافڵ، بەڵام
کـوردی کـردۆتە سـماتـە جـەزرەبەو ئازاری کورد
سەد هەزار بەرگێڕەوەی بابێتە سەر ڕێ ، ئاخری
هـەر دەگـاتـە مـەنزڵی ئاوات و خۆشی باری کورد
ماڤی کوردی هـەر دەبـێ بستێندرێ بـستـێنـدرێ
دوژمنی کورد تێگەیـشتـووە نـاکـرێ باشاری کورد
وا گزنگی دا بـەیـانـی جـوانـی ئـازادی بـەشـەر
ڕۆژی رووناکە ، نەماوە زوڵمەتی شەوگاری کـورد

تاریك و روون ، ل١٢٣.

سەردەمێك دەوڵەتی شا بۆ خۆ بواردن لـە پەرەسـەندنی جولانـەوەی کـورد ، وای دەدایـە قەڵـەم کـە بەیـەك چـاوو، بـێ جیـاوازی سـەیری هاوولاتیـیـە کـوردە هـاوخوێن و هـاو رەگەزەکانی خۆی دەکات، ڕژێمەکانی دیکەش هەریـەك بـە نـەوعێك بـۆ چـاو بەسـتەکی کـورد شـتێکیان دێنایـە پێش،شـاعیر بـۆ پـەردەلادان لەسـەر حەقیقـەتی ئـەم ئیدعایانـە دەڵێ:-

لــە مـێــژە فـێــرە کـوردی پــاکی لاشەڕ
بـــەریـنـــگـــاری ، فـــیـــداکـــاری ، دلـێری
ئـــەتـــۆ هـەر قــاتـــلـی زارۆك و چووکی
بـــەدیـــل و پــیـــرو بــێ ئــەنـوا دەوێـری
حـیـسـابی کـاری خـۆت گـەر باش دەزانی
لــە مــافی ئـێـمە بۆچـی خۆت دەبوێری
ئەگـــەر بــاڵـی هومـاش بێ سێـبەری تۆ
کـە مـافی کـورد نــەدەی نـا چـیـتە ژێری
عـەدالـەت گـەر هـەبـێ پێویستە هەر کەس
لـەمـاڵی خـۆی بـکـا خـۆی چـاوەدێـــری

پاشەرۆك، ل٢٠٨.

تا تێکۆشانی خەڵك زیاتر پەرەی دەستاندو دەچووە پێش، تا شۆڕشی کورد هەنگاوێك لە ئاسۆ وەنزیك تر دەکەوت، زوڵم و ستەمی دوژمنانیش تا دەهات بەتین تر دەبوو، ((لەلایەك بەرەبەرە هەستی نەتەوایەتی لە کورد دا پەرەی دەگرت و لە لایەکی ترەوە رۆژ بە رۆژ زۆرداری نەتەوایەتی لەلایەن کاربەدەستانی ئەو ولاتانەوە توند تر دەبوو))[٤١]، شاعیر ئاوڕێك بۆ لای حاجی قادری بناغە داڕێژی بیری شۆڕش و راپەڕین دەداتەوەو رەوتی ئەو خەباتە سەخت و خوێناویە درێژخایەنەی بۆ راڤە دەکات:-

لە کوردستان گەلێك شۆڕش بەپا بوون
کوڕی کوردی بەگژ بێگانە داچوون
لەمێژ ساڵە درێژێ ئارەق و خوێن
بەلام داخی گرانم هێشتا لە کوێن
ئەو ێستاش دەردە کورد نەکرا عیلاجی
ئەو ێستاش کوردی کوێلە ماوە حاجی
گەلی کوردت نەبوو هێشتا نەجاتی
بەخوێنی لاوەکان سووره ولاتی
ئەوێستاش دوژمنی لاسارو بەدفەڕ
دەکوژێ کوردی بێ تاوان و لاشەڕ
ئەو ێستاش هەر دەمانکەن تیره باران
دەنەخشێنن بەخوێن کۆلانی شاران
ئەو ێستاش پڕ پڕن زیندان لە لاوان
بەغەیری وەی کە کوردن نیانە تاوان

تاریك و روون، ل٢١٦.

دیاره (کورد بوون) خۆی لە خۆی دا لە دەرباری دوژمنان و داگیرکەران وەکو تاوان سەیرکراوە ئەنجا هەر بەگرتن و ئازاردان و کوشتنی رۆڵە ئازادیخوازەکانی نەوەستاون، بەڵکو بیریان لە نەخشەو پیلانی تواندنەوەشی کردۆتەوە، سەرەتا بە نکۆڵی کردن لە

(٤١) د. عبدالرحمن قاسملو ، کوردستان و کورد ، وەرگێڕ: عبدالله حسن زادە، لە بلاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا، ١٩٧٣ ، ل٨٧.

بوونی وەكو میللەتێك و شێواندنی ناسنامە نەتەوییەكەی، بۆیە هێمن دەم بەهاوارە وە ئەم پیلانەش ریسوا دەكات:-

شیوەنی من شینی كـــوردی بێبەشە

ئەوگەلەی حاشا دەكەن لێی و هەشە

نالەی جودایی، ل١٩.

شاعیر چاوەدێری پێشكەوتنەكانی مرۆڤایەتی دەكات، لەگەڵ بـاری نالـەباری گەلەكەیـدا بەراوردی دەكات:-

مانگ و مێرێخێ دەپێوی ئینسان

منـی كورد زیندە بەچاڵم تاكەی؟

چـاوەڕێ ی تیشكی هەتاوی هیوام

نـــــەڕەوێ هەورو گەواڵم تاكەی؟

پاشەرۆك ، ل٢١٠.

كوردیش، شان بەشـانی خـەڵكی راپـەڕیوی ئـێران لەسـەر نگوم كردنـی رژێمـی پەهڵـەوی دواناكـەوێت ، بـەڵام رژێمـی تـازەش لـە ئاسـت خواسـتەڕەواكانی چـاو دەنـوقێنێ، بگـرە تۆمەتی جیاوازی خوازی و هەڵگەڕانەوەی دەداتە پاڵ، شاعیر بێ دەنگ نابێت:-

كوردیش بەشداری خەبات بوو

رۆڵەی ڕۆژی كــارەســات بــوو

لاوی گیان فیدای گیانفیدا

ئازایــانـــە شــەهــیـدی دا

ئێسـتـا دەڵێ خـوێنی گـەشم

بۆ شۆڕش رشتووە كوا بـەشم

دژی زۆرداری بووم هەروام

هـــەر دەمــەوێ مـافی رەوام

دەمــەوێ بگـەم بـەنـیـــاز

ناوم مەنێ جیاوازی خـواز

پاشەرۆك ، ل٢١٦.

## ٣/ شیعری نیشتیمانی

کوردستان ولأتێکی نیمچه کۆلۆنی بووه، لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕاستەوخۆ لەلایەن هێزە ئیمپریالیستە جیهانیەکانەوە داگیر نەکراوە، بەلأم بەهۆی ولأتانی داگیرکەرو بێگانەوە، کە هەمیشە وابەستەی ئەو هێزانە بوون، ناڕاستەوخۆ و لە ڕێگەی زەبرو زەنگەوە بەڕێوە براوە. بەشی رۆژهەلأتی ئەو نیشتیمانە هەر لەو رۆژگارانەوە کەوتۆتە ژێر نیری ئیمپراتۆریەتی ئێران، بەردەوام بەهێزی سەربازی گەمارۆدراوەو سەروەری خاکەکەی پێشێل کراوە، هەموو ماف و ئازادیەکی سیاسی لێ زەوت کراوە، لەباری ئابوریـیەوە هەمیشە لە هەژاری و دواکەوتوویی هێڵراوەتەوە، دانیشتوانی لە سەروەت و سامانی ولأتەکەیان بێ بەری کراون، زمان و ئەدەب و فەرهەنگ و کەلتووری نەتەوەییان لێ قەدەغەکراوە.

گەلی کورد لە هەر بەشێکی نیشتیمانەکەی زنجیرەیەك شۆڕش و ڕاپەڕینی خوێناوی بەرپاکردووە و شانی داوەتە بەر خەباتێکی سەخت و نەپساوە لە پێناوی سەروەری خاكو سەربەخۆیی نەتەوەکەیدا. جولانەوەی نیشتیمانی کورد لە کوردستانی ئێران لە سەروبەندی جەنگی جیهانی دووەم، بە پێکهاتنی کۆڕو کۆمەڵی سیاسی و کۆمەلأیەتی، پێ نایە قۆناغێکی تازەوە، بە ڕاگەیاندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان لەسەر بەشێکی خاکەکەی، بە لوتکە گەیشت. ئازادی و رزگاری نیشتیمانی کورد، وەکو ئامانجێکی هەرە لە پێش، لە مەرامنامەی کۆمەڵەی (ژ.ك) و لەیەکەم ژمارەی گۆڤاری نیشتیمان خراوەتەوە روو.

(کۆمەڵەی ژ.ك... بەهەموو هێزو توانای خۆی تێ ئەکۆشێت تا زنجیرو کەلەمەی دیلی و ژێر دەستی لە ئەستۆی نەتەوەی کورد دامالێ وە لەم کوردستانە لەت و کوتەی ئێستا کوردستانێکی گەورەو رێك و پێك بێنێتە بەرهەم کە هەموو کوردێك بەسەربەستی تیا بژیت))[٤٢]. هێمنی شاعیر و ئەندامی چالاکی کۆمەڵە، هەر لەسەرەتاوە بیرو مێشکی بەم ئامانجە ئاودراوە، هەستی رزگاری و سەرفرازی نیشتیمانی لێ بە جۆش هاتووەو وەکو بولبولی سەرمەست، رزگاری کوردستانەکەی دەبێتە وێردو سروودی سەرزمانی:-

---

(٤٢) گۆڤاری نیشتیمان ، آمانجی ئیمه ، ژ/١، سالی /١ ، پوش پەڕی ، ١٣٢٢، ل٣,٢ .

من که بێدەنگم ئـــەوئێستا چاوە نۆڕی هەل دەکەم
هەل کە بۆم هەڵکـەوت ئەنجا باسکمی لێ هەڵ دەکەم
زۆر بە ئومـێدی خـوداو لەو خاکە پاکەی دەردەکەم
دوژمنە بێگانە ئاخـر، چۆن دەگەل وی هەڵ دەکەم
نـأیـەڵم تـــاریـــکـی چیـدکـــە ولاّتـــم داگـــرێ
خوا مـــەدەد کاربێ چــــرای زانستی تێدا هەڵ دەکەم
دوێ شەوێ دایکی وەتەن (هێمن) لەخەودا پێی گوتم
رۆڵە کـردارت حیـسـابە گـەنـکێ گـوفتار حەل دەکەم[٤٣]

لە سەرەتای ساڵی (١٩٤٥) کوڕانی کۆمەڵە نمایشنامەیەك پێك دەهێنن بەناوی (دایکـی نیشتمان) و پێشکەشی دەکەن، دەنگ و سەدایەکی زۆریش دەنێتەوە، (دایك) کـە رەمـزی نیشتیمانە لەشێوەی ئافرەتێکی دیل و رەشپۆش و دەست و پـا بەسـتراو نیشـان دەدرێـت، رۆڵەکانی لە تـاوا رادەپـەڕن و هـەڵ دەکوتنـە سـەر دوژمـن، بـەنووکی شمشـێرو خەنجـەر پەتو کۆت و بەندی دەستو قاچی دایکی یەخسیرو ژێر دەستەیان هەڵ دەبڕن و لـە دیلـی رزگاری دەکەن، ئەم شـانۆگەریە کاریگەریـەکی زۆری بەسـەر هەسـت و سـۆزی خـەڵکی دا دەبێـت و بـۆ مـاوەی چـوار مـانگی تـەواو پێشـکەش کـراوەو تەنانـەت خـەڵکی لادێ و شارەکانی دەوری مەهابادیش بۆ بینینی رۆژانـە روویـان کردۆتـە شـار[٤٤]. ئەمـە دەبێتـە سەرچاوەی جۆرێك لە (ئیحا) بۆ شاعیر و وتووێژێك لە نێوان ئەو ،دایکی نیشتیمان سـاز دەبێت لەوەڵامی پرسیاری شاعیر دا دەڵێ:-

گوتی نازانی رۆڵەی هێچ نەزانم
ئەمن کێم؟ رۆڵە دایکـی نیشـتـمـانم
لە تاوی ئێوەیە وا مات و گـــرژم

(٤٣) هێمن ، هەڵ دەکەم ، گ /کوردستان ، ژ/ ٢، ساڵی ١، ٢١ دسامبر ١٩٤٥، ل١٧.

(٤٤) کەریمی حسامی ، کۆماری دیموکراتی کوردستان، ل٥٤ ، شایانی سەرنجە لەیەکێك لە سەرچاوەکانی ئەم باسەدا گوتراوە کە هێمن ئەم شانۆ نامەیەی نووسیوە ، بەلاّم ئەم قسەیە لەهیچ سەرچاوەیەکی دیکە پشت راست نەکراوەتەوە.
بڕوانە:-
-JOYCE BLAU، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٢.

له سوێ ی ئێوه دەسووتێم و  دەبرژم

دەبینم ئێوه دامــاوو هـــەژاران

کــزو خــەمبــارو زارو لێـو بــەبـاران

منیش بۆیه پەرێشان و پەشێوم

دەبــیــنی باری خەم نیشتوه له لێوم؟

نەخۆشن ئێوه ، بۆیه من نەخۆشم

ئــەسیـرن ئـێـوه، بـۆیـه رەش دەپۆشم

تاریك و روون، ل٨٤.

ئەنجا دایکی نیشتیمان دەکەوێته لۆمەو سەر زەنشت و هان دانی رۆڵەکانی بەم جۆره:-

تـــا بـــەکـــەی ئــێــوه وەهـــا بـێ هــۆشـــــــن

کـــــاربـکــەن هـــــەوڵ بـــدەن تــێ بـکــۆشـــــن

شوورەیی و عاره لەبۆ ئێوه ئەوەنده پەست بن

عەیبه وا قوڕبەسەر و دەربەدەرو ژێر دەست بن

نەنگه زۆر نەنگه کەوا گێژو هوڕو سەرمەست بن

رێك کەون تا زووه کارێکی  بکەن سەربەست بن

کـــــورده ئـــاخـــــر بـــەســـه ئـــەو بـــەنـــده گییه

مـــەرگ زۆر خـــۆشــتـره لــەو زنـــدەگـیـیــــــه[(٤٥)]

شـاعیرانی موکریـان لـەو سـەردەمه، بـه شـیعرو هەڵبەسـته پـڕ شـۆڕەکانیان، ببـون بـه پێشـڕەوی مەشـخەڵ بەدەسـت و رۆڵـەکانی نیشـتیمانیان دێنایــه جـۆش و خــرۆش و شـیعرەکانیان بەسـەر زاری هـەموو خەڵکەوه بـوو، یـەکێك لەمانەهەڵبەسـته ناوازەکـەی (محمەدی عەتری-گلولانی) بوو که تیادا دەڵێ:-

دوژمنی بەدخو ئەگەر تـــۆ بمدەیه زێڕی وڵات

---

(٤٥) هێمن ، خەونم دیت ، گ /نیشتمان ، ژ/( ٩,٨,٧) ، ل٢٢.

(٤٦) عەتری گلولانی ، یا وەتەن یامردنم ، گ/ کوردستان ، ژ، ٣ ، مارس ١٩٤٦ ، ل٣١.

دارو بەرد و خۆڵ و خاکم بۆ بکەیتە حاسیلات

بم کــەیە سـەرداری دونیا تاجی شاهیم کەی خەڵات

شەرتە تیٚی هەڵ دەم لە تاجت بی گەیەنمە رۆژهەڵات

چۆن دەبیٚ مەحکومی تۆبم؟ کە چ بکەم بۆت گەردنم

نامــەویٚ ئــەو ژیــنــە تــاڵــە یــا وەتــەن یــامردنم

★ ★ ★

ئەی وەتەن گەر ژین هەبیٚ حەقەن کە تۆ ژینی منی

نامەویٚ سەیری گولســتــان تۆ کە نــەســریــنــی منی

ئـاورم بـۆ هـێـزی دوژمن ، چونکە تۆ تینی منی

قــیبـلـەکـەم، ئیمانەکەم ، ئیمانەکەم دینی منی

گەربتی ، زینار دەبەستم روو بە خاچی گەردنم

نــامــەویٚ ئــەوژیــنــە تــاڵە یـاوەتـەن یـامردنم(٤٦)

شاعیر ئەزموون لە خەبات و خۆڕاگری گەلان و وڵاتانی جیهان وەردەگریٚ و لە هەست و بەرهەمی شیعری نیشتیمان پەروەرانەیدا پیادەیان دەکات، لەمەوە دەڵیٚ ئەگەر شوورەو پەرژینی قایمی وڵاتی فەرەنسا (هێڵی ماژینو) بووبێت لە رووی سوپای ئەڵمانیای هیتلەری، ئەوا سینگی رۆڵە بە وەفاکانی کورد، لە بەرابەر پەلامارو شاڵاوی دوژمنان، دەبن بە قەڵای پارێزگاری لە خاك و سنوورەکانی کوردستان:-

وەتەن گیان و سەرو ماڵم فیـدای تۆ وەگیانی من کەویٚ دەردو بــەڵای تۆ

لە پێناوت دەنێم سـەر، تــا بــزانی منــم رۆڵێکـی ئـازاو بــا وەفای تۆ

لە بۆ پاراستن و حیفزی سنــــوورت لە بـاتی مـاژینۆ سـیـنگم قەڵای تۆ

دەبیٚ من چۆن بژیم مەسرورو دلشاد کە دەت بینم لەدەست بێگانەدای تۆ

تاریك و روون، ل٥٥.

خەباتی گەلی کورد پەرە دەستێنیٚ، گوڵ و گوڵزاری کوردستان دەڕازێتەوە، بەڵام گوڵە مێلاق و وەنەوشەی بۆن خۆش کە لە داوێنی چیاو کەژی نیشتیمان رووا‌ون، بۆ ژێر

دەستی کورد بە پەرۆشن و رازونیاز دەکەن، هێمن وەکو هونەرمەندێك رازو نیازی ئەم دوو گوڵەی کوردستان دەڵێتەوە:-

مێلاقە:

ئەمن لە خـــــاکــی کــوردی رواوم | بــە ئـــاوی ســاردی کـــانی دێراوم
بەشەو بای چیای بڵیندو سەرکەش | رەنگی پەلکی من بووە سوورو گەش
دەروونـم رەشـــە جـەرگم سووتاوە | وەتی کوردستـــان داگـــیـــر کـراوە

وەنەوشە:-

مـنـیـش بــە دەردی تـۆ گـرفـتـارم | پـەروەردەی خــاکــی کــوردی هەژارم
کـە تـۆ هەناوت بۆ کورد بوە رەش | منــیــش بـۆ کـوردی سەرم نا لە هەش
بــە ملی کەچم وەك کوردی دەچم | کە کورد مل کەچن منیش کل کەچم

تاریك و روون ، ل٥٦.

شاعیر خۆشەویستی نیشتیمانەکەی لە یەکێتیەکی ئەفسووناویدا لەگەڵ خۆشەویستی فەرهاد و مەجنون بۆ شیرین و لەیلا کۆ دەکاتەوە:-

ئەتۆ شیریـنـــی ئـەمـنـیـش چەشنی فەرهـــاد
ئــەتـــۆ لـەیلای منیش مــەجـنــونــی نـــاشاد
چ ژێر دەست بم چ ســـەربـــەســت بـم چ ئازاد
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە

ئەنجا ئەم عەشق و ئەوینە بە سۆزە، کات و شوێن و دەم و جەم نازانێ:-

لــــە شـــایـــی دا لــە وەخـتـــی هـەڵپەڕینا
لـــە خــۆشــی دا لــە کـاتی پێ کـەنـینا
لـــە کــۆڕی مــــاتـــەم و گــریـــان و شـیـنا
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لە بیرە

بـەشـــەو تـاکـو بـەسـەرما زاڵ دەبێ خەو
بـــە رۆژ تـاکـو دوبـــارە دێـتـــەوە شــــەو
لـــە کــاتـێــك دا کـــە دەدوێنـــم ئەم و ئەو
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لە بیرە

دەكـــەم تـــەرخـــان لـــە رێی تۆدا ژیانم

لـــە ســـەنگـــەردا بـــەرەو ڕووی دوژمنـــانم

بـــەخـــاكـــی تـــۆ دەمـــی ئـــاویـــلـــەكـــەدانم

ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لە بیرە

تاریك و روون ، ل٦٢.

لە دەرفەتێكی چەرخی زەمانـەدا، بەشـێكی خـاكی كوردسـتان ئـازادو سـەربەخۆ دەبـێ و ئاڵای سەربەستی بەسەردا دەشەكێتەوە، بەشێكیش دوورو ژێر دەست دەمێنێتەوە، دیـارە مێژوو بەهەمان شێوە لە كۆتایی ئەم سـەدەیە لـە كوردسـتانی باشـوور دووبـارە بۆتـەوە. لەمەوە ئەركی شـاعیر داكـۆكی كردنـە لـە پاراسـتنی ئـازادی ئـەم بەشـەو بەرزكردنـەوەی دەنگی رەوایە بۆ رزگار بوونی بەشەكەی دیكە:-

نەوجەوانان دەی بە قوربانتان دەبم كارێ بكەن

بۆ تەرەق قی كورد و بۆ پاراستنی خاك و عەلەم

بۆنەجاتی نیشتمانی خۆشەویست كارێ بكەن

زوو دەری بێنن لە چەنگی دوژمن و دەستی ستەم

هەر كەسێ بۆلای سنووری نیشتمانی ئێوە بێ

بیكوژن ، ووردی بكەن ، بینێرنە مولكی عـــەدەم

تاریك و روون، ل٨٠.

هێمن لەیەكەم رۆژانی هاتنە مەیدانی شیعرو هونەرەوە، تاوەكو دواساتی ژیـانی هـەردەم وەفاداری ئامانجێكی پیرۆز بووە، بە زمان و بـە قەڵـەم و بـە خـەباتیش سـەڵماندوویەتی كـە ئـەو ئاشـقی كوردسـتانەكەیەتی[٤٧]. لەگـەڵ كـازێوەی سـەركەوتنی شۆڕشـی ئـێران، دەبێتەوە بە بولبولە سەر مەسەتەكەی زەمانی جاران و سـروودی (بـەهار هـەردێ) مـان بۆ دەچرێتەوە:-

لـە گـیـان دا نادەگورێنم بژی هەر كورد و كـــوردستان

بـــە گـولـلـەی دوژمنـــانـــی گەل دڵیشم بێتە ڕاوەستان

(٤٧) هێرش ، هێمن و من ، چ ١ ، شیركەتی كتێبی هەرزان ، سوید ، بەهاری ١٩٩٢، ل١٢١.

پشووی دواییم دەخـوێنم بۆ گوڵ و گوڵزاری ئەم خاکە
لە سایەی ئەم گوڵ و گــوڵزارەیە بـوومە هەزار دەستان
دەزانن زامی دیلی چەند بە ئێش و چـــەند بـە ئازارە
دەبێ رابێین هەتا ئێمەش دەگەینە ریزی سـەربەستان

پاشەرۆك، ل٢٠٥.

دیارە زۆر جار ناوو ناتۆرەی (یاخی) و (چەتە)و... ئەو بابەتانەیان خستۆتە پاڵ کە سانێك کە لەسەر مافی رزگاری نیشتیمان و گەلەکەیان سوور بوون، هێمن بێ گوێ دانە ئەو بەندو باوە، ئیمان و باوەڕی خۆی دووپات دەکاتەوە:-

چیم پێ دەڵێــن لێرەو لەوێ
من کوردستــانم خۆش دەوێ
پێشـم بـڵێــن ونــی و دێوی
دەپـــەرستـــم چڕو کـێـوی

پاشەرۆك، ل٢١٤.

هێمن گەل و نیشتیمانەکەی خۆی دەپەرستێ، لەو رۆژەوە کە لەیەکەم شیعری سیاسی خۆیەوە بوونی خۆی وەکو(کورد) بە دوژمنانی گەل رادەگەیەنێ، هەر بەدوای پەری ئازادیدا وێڵە، نیشتیمانەکەی شار بەشار، دێ بەدێ، بست بە بست دەپێوێ، گوێ بە دڵی خاکەوە دەنێ، لەگەڵ شارو مەڵبەندە جیاجیاکانی کوردستان دەژی و مێژوو بەسەر هاتیان لە دوو توێ ی شیعرو دیوانەکانی دا بە زیندوویی تۆمار دەکات، وەك لەم نموونانەی لای خوارەوەدا دەستنیشانی دەکەین:-

**مهاباد:**

لای هێمن شـاری مـەهاباد قیبلـەی ئـاواتی کـوردەو یادگـاری پێشـەوای شـەهیدە. ئـەو بـە منداڵی ماچێکی لە لالێوی ئاڵی کچی ئەو شارە کردووە، لـە دوای دەربـەدەری و ئـاوارەیی ساڵەهای ساڵیش، تام و چێژی ئەو ماچە شیرینەی لە یاد دەرناچێ:-

بە منداڵی لە لێوی ئاڵی تۆم ئەستاندووە مـــــاچێ
بە پیریش لەززەتی ئەو ماچە شیرینەم لە بیر ناچێ

تاریك و روون ، ل١٣٥.

بەلاّم کە گەورە دەبیّ، شادی و پیّکەنینی لەو مەلّبەندە لە (رۆژگاری رەش)دا دەخنکیّ:-

لە چوار چرای مـەهـابـاد
لە کـانـگای بـیـری ئازاد
دەسـتـی رەشـی ئیستیبـداد
چـەقـانـدی داری بـیّداد

تاریك و روون، ل١٠٠.

داری بیّدا ئەو سیّدارەیە بوو کە پەری زادەکەی شاعیری پیّ لە داردرا. ئەنجا کاتیّ دەگەڕیّتەوە بۆ ئامیّزی گەرمی مهابادەکەی پەریزادەکەی لیّ وونە، بۆیە (فرمیّسکی روونو)ی لە چاوان دیّ:-

ئەی پەری زادی مەهابادی ئەتۆ وون بوی لەمن
تۆم هـەبیّ لەکویّ پەریزادەو پەری چینم دەویّ

پاشەرۆك ، ل٢١٧.

**بۆکان:**

بوکی شارەکانی کوردستان، کانگای ئەوین و دلّداری، مەکۆی خەبات و فیداکاری، لە دوای رووخانی کۆماری مهاباد پۆلّیّك خـەلّکی قـارەمانی ئەو شارە لە داردەدریّن و شاعیر لە( رۆژگاری رەش) دا ئەو یادە دەکاتەوە:-

لە سـەقزو لە بۆکان
شین و شەپۆڕەو گریان
تیّکۆشـەر لە داردران
قارەمان لـەنـاو بران

تاریك و روون، ل١٠٠.

**کۆیە :-**

سالّی (١٩٧٣ ) ئاهەنگیّك بۆ پـەردەلادان لەسـەر کۆتـەلّی حـاجی قـادری کـۆیی، رابـەری شیعری شۆڕشگیّڕی کوردی ساز دەکریّت، هیّمن لـەو بۆنەیـە ئامـادە دەبیّـت و شـیعریّکی ئامالّ دریّژ پیش کەش دەکات:-

لە پاش ئەو رەنج و دەردو کفت و کۆیە
دەبـیـنـیـن کـۆتـەلّـی حاجی لە کۆیە

دەبینین کــۆتەڵی شــاســواری کــۆیی
کە رۆژێــکی بــەپــێ یــان لێرە رۆیی
چلۆن بۆ سورمە نابێ خــاکی شارێك
کە حاجی پێی لەسەر دانــابێ جارێك

تاریك و روون و ل٢١٤.

**سنە :-**

شاری دێرینی وڵاتی کوردەواری و پایتەختی میرنشینی ئەردەلان، وەکو رەمزێك ناوی بەفەڕی وڵاتەکەی(کوردستان)ی پێ خەڵات کراوە، لە رۆژگاری پەهلەویدا گرەوی دەسەڵات لەسەر ئەوە بوو، دانیشتوانی ئەم مەڵبەندە لە رێگەی جیاوازی و چاوبەستەکێی مەزهەبی یەوە، لە جولانەوەی خەڵکی کو ردستان دابڕێت و دوورە دەست بمێنێتەوە. بەڵام لە دوای ساڵی (١٩٧٩) لە بەرابەر هێرش و پەلاماری سوپای داگیرکەردا، ئەم شارە سەربەرزە لە نیشان دانی وێنەی قارەمانێتی و خۆڕاگریدا، بوو بە (ستالینگراد)ی کوردستان و داستان و حەماسەتی لە مێژوودا خولقاند، ((ساڵی ١٩٧٩ بۆ یەکەمجار لە دوای گەڕانەوەی مامۆستا هێمن سەردانێکی شاری سنەی کرد و لەو سەفەرەدا پێشوازیەکی شازو گەرمی لێکرا... هەر ئەو رۆژە شیعری (سنە)ی کە تازە نووسیبووی بۆ خەڵك خوێندەوە. مامۆستا لەو شیعرەدا هەستی بەرزو ئاگراوی خۆی بەرامبەر شارەکە، وەك کانگای فەرهەنگ و زانست، سەنگەری خۆڕاگری و حەماسە، مەکۆی پەروەرینی دەیان زاناو شاعیر و نووسەرو هۆزانی گەورەی کوردی هەر چوارپارچەکەی کوردستان نیشان داوە))(٤٨).

لە مێژە ئاواتی منە — ببینم وڵاتی سنە
زێدی کۆن و رەسەنی کورد — بەدرێژایی تەمەنی کورد
روانگەی هەزاران کارەسات — بنەو مەتەرێزی خەبات
شوورەی سەختی بەرەنگاری — پاردەی وەختی فیداکاری

(٤٨) ناسری رەزازی ، یادێك لە مامۆستا هێمن ، گ/ مامۆستای کورد ، ژ/٢٢ ، ل٧٠-٧١.

بۆسەی پێشمەرگەی کۆڵندەر گــۆڕخانەی سوپای داگیر کــەر

بچمە لانی بەچکە شێــــران قــەلاگــای تــەنــگــانەی مێران

جێ پـــەیـکـانی تیر ئەنگێوان جــێی پــێکــانی دەس بزێوان

خــــاکی نەتەوەی نـــەبـــەزم هــەر گوتویە ئەزم ئەزم

پاشەۆك ، ل٢١٢.

لـەکاتی راپـەڕین و بەرهەڵستی شارەکانی کوردسـتانی ئـێران ئاخونـدێك بـە دەسـەڵاتی موتلەقەوە، دێتە ئەو ناوچەیە شارو باژێڕەکانی کوردستان غـەرقی فرمێسك و خـوێن دەکات، شاعیر ئەم روو داوانەی لە هۆنراوەی (فرمێسکی رنوو) نیشان داون:-

بۆ فریــشـــتـــەی داد بەســینەی پڕ لە کینە و داخەوە
هاتە کوردســـتان گوتی: رەحمـــی شـــەیـاتـیـنـم دەوێ
سەقتزو سەردەشت و سابلاخ و سنەی کرد غەرقی خوێن
سێی تری ویـســتن گــوتی:( بۆ سفرە حەوسینم دەوێ)
کـــــەی رەوایــــە بـمــدەنــە بـــەر گـوللە یاڕاوم بنێن؟
گـــەر گـــوتـــم کــوردم لــە کوردستانی خۆم ژینم دەوێ
کورد مــــەگەر کوندە کـــە هـــەر وێرانەبێ هێلانەکەی؟
نیشــتـــمـــانی ، ئـــاوەدانی ، جـــوانی رەگیـــنـم دەوێ؟

پاشەرۆك ، ل٢١٩.

**سلێمانی:-**

داگیرکەران هەمیشە کوندە پەپوو شمڵی شەڕ بـوون، لـە هـەر شـارو گونـدێکی کوردسـتان بن، چ لە کوێستان و چ لە گەرمێن، بەدوای خۆیاندا وێرانی یان جێ هێڵاوە، بـێ ئاگـا لـە قانونی تەبیعەت کە (رەوەز ورد نابێ):-

کـــە کــونـدی شـــووم لە گوندی کورد دەخوێنێ
کـــــە گـــەنـــجـی کــورد دەگەوزێنێ دەخوێنێ
کـــە تـــەخــتـــی بـــەختی کورد بێ خێو دەبینن
(ســـولــەیــمــانی) ئــەســیـــری دێـــو دەبـیـنن

بـــنـــاری لێـــژو نـــاهـــەمـــواری هـــەڵـــگـــورد
دەبـــیـــنـــــن بـــۆتـــە دەشتـــی کـەربـــەلای کورد
پاشەرۆك، ل٢٠٦.

**خانیٚ:-**

شاری تووك لێکراو، لە شەڕی خوێناوی نێوان عێراق و ئێران دا، شارو مەڵبەندەکانی کوردستان لە دوولاوە کەوتبوونە بەر هێرش و پەلامار، (لە مانگی رەشەمەی ساڵی (١٣٦٣/١٩٨٤) شاری خانیٚ (پیرانشار) کەوتە ژێر رەهێڵەی بۆمباو کیمیاباران و شەستیری دوژمنان و دەو نێوەدا خەڵکێکی زۆر کوژران و بریندار بوون))[٤٩]. شیعرێك لە دوای مەرگی شاعیر بۆ ئەم بۆنەیە بلاٚوکراوەتەوە:-

دیسان هەوری بۆری چڵکن — دایانگرت ئاسمانی ساو
دیسان وەك کچی شەرمێون — خۆی شاردەوە تیشکی هەتاو
دیسان بۆ گەنیوی باروت — بۆنی بەهاری داپۆشی
شاری تووك لێکراوی من — بەرگی رەشی ئەوا پۆشی
دیسان دایانگرت شارەکەم — بە بۆمباو رەهێڵەی شەست تیر
دایانەبەر گەوزی مردن — پیاوو ژن و منداڵ و پیر

**بانە:-**

لە مانگی جۆزەردانی (١٩٨٤) دا شاری (بانە) دەکەوێتە ژێر رەحمەتی ئاگرو بۆمباو ناپاڵمەوە، لە ئاکام دا کوشتار و وێرانیەکی زۆری لەدوا بەجێ دەمێنێت، شاعیر دڵۆپە فرمێسکەکانی لەم رۆژە دەڵتەزێنەدا پێش کەش دەکات:-

بانە وێرانە جگەر بریانە
لەش سرە ، دڵ پرە ، چاو گریانە
بەم بەهارە گوڵی وی پەرِ پەرِ بوون
وا بەدەردی خەزەڵی پایز چوون

(٤٩) گۆڤاری سروە ، روونکردنەوەیەك ، ژ/١٥١ ، رێبەندان ١٣٧٧ ، ل٤٢.

جەرگی مێلاقە لە داخان ڕەش بوون

ئەشکی شللێرە وەرین و گەش بوون

پیر سولەیمان خەمی دیکە نابا

سـیــسـە دارو دەوەنــی ئــەربــابــا

ئەوی شین ماوە تەوە شین گێڕە

هـــەر گــەلاّیـەکی هـــەزاران دێرە

ئەم قەلاّ دزەی بە شەهید مەشهورە

هەر بە ناپاڵمی ئـــــەوان خاپوورە

چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز و ل٧٣-٧٤.

# ٤/ شیعری خەبات و بەرینگاری

سـەر زەمـینی ولأتـانی جیهانی سیّ یـەم، (ئاسـیا، ئـەفریقیا، ئـەمریکای لاتـین) لـە دوای بڕانەوەی جەنگی دووەمی جیهان، و دابەش بوونی هێزە سیاسیەکان بۆ سەر دوو بلۆکی دژبە یەك، بۆتـە شـانۆی هـەزاران کارەسـات و رووداوی تونـدو تیـژی مێـژوویی. هاوکـات لەگـەڵ سـەرهەڵدان و پەرەسـەندنی جولأنـەوەی رزگـاری و ئـازادیخوازی لـەم ولأتانـەدا، ئەدەبێکی تازە بە مۆرك و ناوەڕۆکێکی سیاسی- شۆڕشـگێڕانە لـە دەروونـی ئـەم رووداوو گۆڕانکاریانە پەیدابوو، کە بە ئـەدەبی بـەرگری، یـاخود بـەرینگاری لەقەڵـەم دراوە. ئـەم ئەدەبە((ئـەو بەرهەمـە هونەریانـە دەگرێتـەوە کـە لەسـەردەمی تێکۆشـان و خـەباتی نیشـتیمانی و نەتـەوەیی، لـە بەرابـەر داگـیر کـردن و جـەنگ دا تۆمـار کـراون))[٥٠].

ناوەڕۆکی خەبات و بەرینگاری لە شـیعرو ئـەدەبی کـوردی، لـە ڕابـردووی ئـەو جـەنگ و داگیرکاری وزۆرداریيەوە سەرچاوەی گرتوە، کە دەمێکە لە خاك و نیشـتیمانەکەی خـۆی دا بەر دەرگای بە گەلی کورد گرتووە. بۆیە رەگەزەکانی ئەم جۆرە ئەدەبە پێشـینەیەکی دوورو قـووڵی هەیـە. وەکـو هـێمن دەڵێ،((یەکـەمین هـاواری رزگـاری نەتەوەکـەمان لـە گـەروی شـاعیرێکی مـەزن و هەڵکـەوتوو هاتۆتـە دەرو لـە چـیا بـەرزو سەرکەشـەکانی کوردستان دا دەنگـی داوەتـەوەو بـاپیرە خـەو ئالووەکـانی ئێمـەی لەخـەو راپەڕانـدوون و شیری پێ سوونو ناردوونی بۆ کوڕی خەبات و رزگاریخوازی))[٥١]. کاتێك شیعری کوردی لەژێرسـێبەری گیـانی ئـازادیخوازی نەتـەوەیی و نیشـتیمانی، لـە مـاوەی نێـوان هـەر دوو جـــــــــــــــــــــــــەنگی جیهـــــــــــــــــــــــانی پـێی نایـە قۆنـاغێکی تـازەوە، ئـەوا ئـەم مانـاو مەبەسـتە سیاسـیە، شۆڕشـگێڕی و بەرینگاریە، دەبێتە دیاردەیەك وەکو شەقڵ و نـاوەڕۆکی زۆربـەی بەرهەمـەکانی، کـە لـە سایەی ئەو بارودۆخەدا هاتوونەتە بەرهەم، وەکـو چـۆن دیمـەن و رووداوەکـانی خـەباتی گەلی کورد بەهەموو ئیش و ئازاری ئەم سالأنە لە شیعری کوردیدا ئاشکرا دیـارە، رەنگـە مێژووش ئەم شایەدیە بدا کەوا ئەم جۆرە شیعرە((رۆلێکی بەرچاوی گێڕاوە لە سەرجەم

(٥٠) ف . س ، ناركيريير ، أدب المقاومة ، ترجمة: د. ضياء نافع ، مجلة الثقافة الاجنبية ، دار الجاحظ للنشر ، العدد /٤، بغداد، ١٩٨١ ، ص١٠٣

(٥١) هێمن ، ئەرکی نەتەوایەتی نووسەران و شاعیرانمان ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٤.

نەبەردەکانی رزگاری و بەربەرەکانێ ی زوڵم و چەوسانەوەدا، وەکو چۆن بوونی ئەم ئەدەبە کاریگەری زۆری هەبووە لە کۆکردنەوەی جەماوەرو وروژاندنی هەستی نیشتیمانی و نەتەوەیی و بەرزکردنەوەی وورەی تێکۆشەران، هەروەها لە رابردوو و ئێستاش دا هۆکارێکی گرینگ بووە لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجەی کە بە شێوەیەکی گشتی، لە سەرکەوتن و رزگار بوونی یەکجارەکی دایە بەم جۆرە دەشێ بڵێین شیعری بەرگری ئەو شیعرە ئازادیخوازانەیە کە لەلایەك دژی زۆرداری و خۆسەپاندن و داگیرکاری یەو لە لایەکیکەدا بە بەهای ئازادی و قارەمانێتی و فیداکاری و یەکێتیدا هەڵ دەڵێ))[٥٢]. لە کوردستانی رۆژهەڵات بەهۆی پێشلکرانی مافی نەتەوەیی و سیاسی و تەنانەت مافە ئینسانی و کەلتووریەکانی مرۆڤی کوردیش لەلایەن دەوڵەتی پەهلەویەوە، یەکێك لە ئەرك و ئامانجی بنەرەتی شاعیران و رووناکبیرانی کوردیش لە ئاست سیاسەتی کورد تواندنەوەی حکومەتی ناوەندیدا، جۆش دانی هەستی نەتەوەیی و وەشاندنی تۆوی خەبات و ململانەو بەربەرەکانێ بووە، هەروەها گرینگترین چەکی بەرەنگاریش بۆ بەرپەچدانەوەی ئەو سیاسەتە، شیعر بووە[٥٣]. لە ئێرانی ئەو سەردەمانەدا شیعری فارسیش لە ژان و ژووری لە دایك بوونێکی تازەو رووەو ئایندەیەکی رۆشن تر بەرێوەبوو، راپەرینی شۆرشگێرانەی خەڵك لە دژی رژێمی ئیستیبداد لە ژیانی ئەدەبی و رووناکبیریشدا رەنگی دابووەوە گەلێك لە شاعیران و نووسەران پەیوەندیان بە ریزەکانی ئازادیخوازانەوە کردبوو، ئەو دەرەتانەیان بۆ هەڵکەوتبوو کە بە ئاشکراو ئازادانە لە رێگای قەڵەمەکانیانەوە لە ریزەکانی پێشەوەی میللەت دا بجەنگێن[٥٤]. لای هێمن هەر لە سەرەتای لاوێتیەوە مەسەلەی گەل بووە بە مەسەلەیەکی سەرەکی و هەمیشە لەتەك ئەو رووداوانە ژیاوە کە لەناوجەرگەی ژیانی میللەتەکەی دا بەرپابوون، شیعر لە لای هێمن ئەو مەشخەڵە بووە کە پێویست بوو لە بەردەم رێبازی خەباتی گەلەکەی و بەرەوپێشەوە چوونی ئەو خەباتە رۆشن بکرێتەوە. ئەم شیعرە لە بازنەی خەمە تەسك و تایبەتیەکانی خودی شاعیر لای داوە و لەگەڵ

(٥٢) كمال معروف ، الحركة التجديدية في الشعر الكوردي الحديث ، ج ١، مطبعة آزاد ، ستوكهولم ، ١٩٩٢ ، ص١٥٦ .

(٥٣) س . چ . هێرش ، رەوتی سەرهەڵدانی شیعری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە موکریان ، ب٢ ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٣٣.

(٥٤) پرفسور ، آ ، ج ، آربری ، سەرچاوەی پێشوو ،ص١٦.

خەمە گشتیەکانی کۆمەڵانی خەڵك ئاوێتە بووە، بۆیە نازناوی (شاعیری گەل)ی پێ بەخشراوە((هێمن شاعیر گەلە، بۆ گەل ژیاو هەتا دوا هەناسە دەستی لە تێکۆشان و خۆشەویستی گەل هەڵنەگرت، بەجۆرێ کە شێوەکانی وەك ئاوێنەیەکی بالاّ نوێن نیشاندەری قۆناغەکانی ژیانی ئەو خەڵکەن، لەو ڕێبازەشدا هەر کاتێ گەلەکەی بزەی دەهاتە سەر لێوان، ئەویش دەگەشایەوە، دەبووژایەوەو هەر کاتێ گەلەکەی دەکەوتە نێو گێژە لووکەی ڕووداوە تاڵەکانی ژیان شیعرەکانی ئەویش پڕ دەبوون لە فرمێسك و خوێن))[٥٥]. لە ناوەڕاستی چلەکان، لە دوای ساڵانێکی دوورو درێژی، پڕ لە نەهامەتی و ژان و ئازار، گەلی کورد، لە مەڵبەندی موکریان رادەپەڕێ و بەشێکی نیشتیمانەکەی رزگار دەکات، ئاڵای ئازادی و سەربەستی تیادا هەڵ دەکاو دوایی بە دەسەڵاتی رەشی رژێمی پەهلەوی دێنێ، شاعیر پێشەنگی راپەرینی ئەو خەڵکەیەو لە چاوەروانی (دوارۆژی ڕووناك) دایە:-

لە پڕ جووڵاوە خەڵك و تێکی رووخاند
بناخەی کۆشکی ئیستیبدادی یارۆ
شکا بێگانە پالاّوتی لە ترسان
کوڕی کورد ، هاتەوە دیسان هەلی تۆ
دەسا خۆت هەڵکە رێ ببڕە بە گورجی
بڕۆ پێش بێ وچان، لێ بخوڕە ، باژۆ
زمانی ئێمە گەر نازانێ دوژمن
دەبێ حاڵی بکەین ئەو جار بەبڕنۆ
لە پێشمان دایە دوا رۆژێکی ڕووناك
ئیتر ناخوڕێ هەقی ئێمە بە فیڕۆ

تاریك و ڕوون، ل٦٧.

(٥٥) مەحموودی شکاك نەژاد ، چەند فەرازێ لە وتاری مەحموودی شکاك نەژاد ، کنگرە بزرگداشت...، ص٨٨٩.

**هێمن خەباتی گەلەکەی لە پێناوی چارەنووسیدا، بە بەشێکی جیانەکراوە لە خەباتی گەلانی ئازدیخوازی دنیاو دەزانێ، بۆیە پشتیوانی لە خەباتی گەلی ئازەربایجانی براو دراوسێی گەلی کوردستان دەکات:-**

**کـــورد و ئـــازەربـایجانی هەردوو داوایان رەوایە**

**هەر بژین و پـــایە داربێ یەکیەتی ئەم دوو برایە**

**تاریك و روون، ل٩٤.**

**لـەو رۆژگـارە رەشـانەش دا کـە گـەلی کـورد و جولانەوەکـەی دووچـاری نوشوسـتی و پاشەکشە دێن و کۆماری کوردسـتان هـەرەس دەهـێنێ، تـەم و تـاریکی شـەوە زەنـگ بـاڵی بەسەر ولاّتـی کوردەواریـدا دەکێشـێ ((هـێمن زۆر بـە پەرۆشـەوە باسـی ئـەو لێقەماوەیـە دەکاو رووکاری راستەقینەی ژیانی ئەو رۆژە نیشان دەدات))[٥٦]:-**

**ئەو ساڵ جێژنـەمان تـاڵە**
**دوژمـــنـــی زاڵـــم زاڵـــە**
**لاو جێ یان ســیــا چــاڵە**
**دەســـتـــی دۆیـان بە تاڵە**

- -

**حکومــەت نیـــزامــیە**
**تـــوزێـــك ئـــازادی نیە**
**ئامانجی دوژمــن چیە؟**
**قڕکردنی خـــەڵـکـیە**

- -

**لەلایەك قـــات و قـــڕە**
**لەلایـــەك کــوشت وبڕە**
**هەموو کـەس حاڵی شڕە**
**دوژمـــن نـــان و دۆ بڕە**

---

(٥٦) کەریمی حسامی ، یادی هێمن ، ل٢٠.

-       -

دەستیان کرد بە ڕەشبگیر
نا پارێزن جـــــوان و پیر
دێ زڕەی کــۆت و زنـجیر
هەر لێمان دەسوون شمشێر

تاریك و روون، ل١٠٢.

بەو حاڵەش هێمن ورە بەرنادات، تاریکی و شەوە زەنگ، ناتوانێ هەتاوی ئومێد و ئازادی لە بەرچاوان وون بکات بۆیە دەڵێ:-

بەڵام کـوردە نــابـــەزێ
بـــەو زەبـرانــە ناتەزێ
لە رقـان لێو دەگـــەزێ
کە ســوار بوو دانابەزێ

-       -

داخــدارە خوێنی دیوە
بێدارە خــۆی نـاسیوە
لە دوژمن راپـــەڕیوە
باسکی لێ هــەڵماڵیوە

-       -

بەکارو تونـــدو تـــۆڵە
خۆی ساز دەکا بۆ تۆڵە
ورد دەکا وەك پـــڕپـۆڵە
تاج و تەختی ئەو زۆڵە

تاریك و روون، ل١٠٣.

هێمن لەکاتی شکست دا وورە بەر نادات، باوەڕی تەواوی بە پاشەڕۆژی گەل هەیە، ڕاستە ڕێگای سەرکەوتن گوڵ ڕێـژ نیـیە ! سـەخت و دژوارە، گـرینگ ئەوەیـە لـە دوای کـەوتن

هەڵسانەوە هەبێ، لـە سـاڵی (١٩٥٣) جولانـەوەی نیشـتیمانی دەبووژێتـەوە، حکومـەتی (موسەدەق) دێتە سـەرکارو هیـواو ئـاوات لـە دڵـی خـەڵکی زینـدوو دەبێتـەوە، شـاعیر لـە (ئاواتی بەرز)دا دەڵێ:-

فێری زۆر دەرسی بەکەڵك و باشی کردین تێ شکان
جاببینە راپـــەڕیــن و شـۆڕشــی ئــەم جاری کورد
بەیت و باڵۆرەی هەزار جـــار بــۆ بڵێ کۆنەپەرست
تـــازە ویژینگێکی نادا دیدەکەی بـێــداری کـــورد

- -

پاش قڕانی مودەعی دەس پێ دەکەن تەعمیری موڵك
دێتـــە دی ئاواتی بەرزی (ئەحمەدی موختاری کورد)
رێگـــەیــی ئـــاســن دەچـێــتـــە شـــاخی هەورامانەوە
هەرکە کەوتە دەستی کوردی چارەنووس و کاری کورد

تاریك و روون،ل١٢٢.

لەگەڵ پتەو بوونی باسکی جولانەوەی نیشتیمانی لە وڵات شای ئـێران بـۆ ئـەوەی کـەوڵی خـۆی دەربــاز بکــات وڵات بــەجێ دێڵــێ، لــە ئــێران دەبێتــە شــایی لۆغــان، شــاعیر لــە کۆبوونەوەی بەرینی خەڵك لە مهاباد کە لە سۆنگەی راکردنی شـادا ڕێکخرابـوو، شـیعری (بەغدا نیوەی ڕێ یەت بی) دەخوێنێتەوە:-

خـــاین ، خــــــوێڕی ، درۆزن، بەدفـــــەڕ، شەڕانی، سەرشۆڕ
پیاو کوژ، تاوان بار، رووڕەش، ناکەس، ، مـل هوڕ ، دیکتاتۆر
خـــەڵــکــی ئیــران بـــەدەس تـــۆ کــرابــوون زیندە بەگۆڕ
ئەوە تۆی لێت قەوماوە، دەریـــــان پــــەڕاندووی ، هەی گۆڕ
دەبرۆ ئەی شاهی خاین ، بەغـــــدا نــیـــــــوەی ڕێ یەت بێ،

تاریك و روون، ل١٢٧.

لەسەرەتای ساڵانی شەستەوە، کە خەباتی گەل پێ دەنێتە قۆناغێکی زیندووی هیوا بەخشەوە،((هێمن شاعیری وەفاداری گەلی کورد هەم لە پێکهێنانی و هەم لە دەربڕینی ئەو هیوایەدا بەشدارە))[٥٧]:-

هەمە هیوا بە دوا رۆژێکی رووناك
بەشی ئینسانی بێ هیوا نەمانە
بە شیوەن چاری کاری ئێمە نایە
خەبات ، کەڵکی نییە مامە خەمانە
لە بەر تۆ چارەنووسی شووم و بەدفەڕ
ئەوی قەت لێی نەدەم تەپڵی ئەمانە

تاریك و روون، ل١٥٦ .

ئەنجا ((ئەگەر بەرهەمی ئەدەبی بەگشتی رەنگدانەوەی ژیان بێ، بۆ نەتەوەیەکی وەکو کورد دەبێ سیماو ئەدگاری ئەدەبەکەی هەڵسان و شۆڕش و بەرگری و هێرش بێ))[٥٨]، بۆیە دوا بەدوای گەشە سەندنی جولانەوەی رەوای گەلی کورد و گۆڕانی رەوتی تێکۆشانی بۆ شێوە خەباتی شۆڕشگێڕانەی سەخت و خوێناوی، شیعری هێمن کەتا ئەو کاتەش لەسەنگەری بەرگری دا لە بەرامبەر دوژمنانی کورد وەستا بوو، روو دەکاتە شاخ، تاوەکو ئەرك و پێویستییەکانی ئەم قۆناغە تازەیەی خەباتی گەلەکەی بەجێ بهێنێ، چونکێ شیعری بەرگری کوردی لەو رۆژەدا ((چەکێکی رەسەنی شۆڕشگێڕی بووە لەشانی پێشمەرگەو ئازادیخوازانی کورد، لە شاخ و پێ دەشتەکانی کوردستان دا بەرگریان پێ دەکرد))[٥٩].

شێعرێك رەق بێ ، رق بێ ، قین بێ
گڕ بێ ، بڵێسە بێ ، تین بێ
بڵێسەی گوللەی هەڵمەت بێ

---

(٥٧) د. عبدالرحمن قاسملو ، شاعیری گەل ، تاریك و روون، ل٥.

(٥٨) د. مارف خەزنەدار ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٨.
(٥٩) سامی شۆڕش ، دیوانی هەڵۆ ، (پێشەکی)، جوامێر ، چاپخانەی شەهید جەعفەر ، ١٩٨٦ ، ل٦.

شـــەپـــۆڵی رقـــی مـیـللــەت بــێ
نـــــرکـــەی سـیـنـگـی کـرێـکار بێ
ئـــالأی شـــۆرشـــی جــوتــیـــار بێ
شێعرێك هەم توند بێ هەم وورد بێ
یـــانــی شـێـعـری ئەو ڕۆی کورد بێ
تاریك و روون ، ل١٥٩.

ڕاپەڕینی چەکدارانەی ساڵی (١٩٦٨-٦٧ ) کە یەکێکە لە لاپەڕە زێڕینەکانی خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران[٦٠]، لە دەریای خوێن و فرمێسك دا نقووم دەکرێت. تـــەرمی پـــیرۆزی قارەمـــان و تێکۆشـــەرانی ئـــەو ڕاپەڕینـــە، بەمەبەســـتی تۆقانـــدن و چاوشکاندنی خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستانی ئێران، دێهات و شارەو شاریان پـێ دەکرێت... لـەپاش ئـەو کارەساتەش تێکۆشـەرانی شـارو شارۆچـکەکانی کوردسـتان دەکەونـە ژێـر هەڵمەت و پەلاماری رەشبگیری و راونان و ئازاردان، زیندانە بەد ناوەکانی (قـزل قـەلأو) (دیژبانی) و (جەڵدیان)،... لە خەڵکی شەرەف مەند و نیشتیمان پەروەر دەئاخندرێن.
هێمن لەو سەروبەندە، لە ژێر زەبری ئەو نەهامەتی و کارەساتە جەرگ بڕانـەدا، دەربـاز دەبێت و پەیوەندی بە ناوچەکانی شۆڕشی کوردستانی عێراقەوە دەکات، ئەو خـۆی ئـەم سـەربووردەیە بـاس دەکـات :((زوڵـم و زۆری ڕێـژیم نیسـبەت بـە گـەلی کـورد گەیشـتە رادەیەك کە بۆ هیچ ئینسانێکی خاوەن شەرەف قبووڵ نەدەکرا، من چۆن چاوم بـەرایی دەدا لاوانی تێکۆشەرو رووناکبیری کوردم هەر بەو تاوانەی داوای مافی رەوای نەتەوایەتی خۆیـان دەکـرد، لـە پـێش چـاو بکوژن و بەوەشـەوە ڕانەوەسـتن تـەرمی خوێنـاویو کـون کراویان بەشارو بازێران دا بەچەپڵە ڕێزان بگێڕن و داوەت و سـەمای لـە دەوری بکـەن؟ ناچار بە پیری سەری خۆم هەڵگرت و ...، دەستم لە ژن و ماڵ و کەس و کارو یـارو دیـار هەڵگرت))[٦١].

(٦٠) عبدالله حسن زادە ، سەرچاوەی پێشوو ، ب ١ ، ل٤٨ .
(٦١) هێمن ، لەکوێ وە بۆ کوێ ، تاریك و روون ، ل٤٣.
(٦٢) کەریمی حسامی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٨.

ئەنجا لەو بارو دۆخەدا، هێمن خۆی گوتەنی: هەڵدێ ؟ بەلاّم هەلاّتنی شاعیر مانای بەزین و ترسنۆکی و گۆشە نشینی نىیە[٦٢]، بەڵکو هەلاّتنێکە لە پێناو پەیوەندی کردن بە سەنگەری بەرینگاری و بەڕیزی خاباتگێڕان:-

من لە داخی خزمی خوێڕی و ئاشنای ئەحمەق هەلاّتم
من لە ترسی زاق و زووقی ئەمنیەی چاو زەق هەلاّتم
کوا بەخۆشی خۆم بەجێ دێڵم ولاّتی خۆشەویستم
من لە ترسی زللەو باتووم و دارو شەق هەلاّتم
(نۆکەری بێگانە ناکەم) هاتەجێ فەرمایشی خۆم
وا لە برسان و لە بەربێ بەرگی ئیمڕۆ رەق هەلاّتم

تاریك و روون ، ل١٦٢ .

شاعیری ئێمە ئێستا خۆی لە مەیدانی خەبات و لە کۆڕی بەرینگاری بوونەوەی راستەقینەدایە، شیعریش لە خەباتی نیشتیمانی و نەتەوەییدا، بۆبەجێ گەیاندنی ئەرکی بەرینگاری دوژمن، شوێنی شیاوی خۆی لە سەنگەری روو بەڕوو بوونەوە و لە ڕیزی تێکۆشەران دا گرتووە، واتە لە (مەتەرێزی شەرەف)دایەو ئاوازی ئازادی دەچڕێ:-

هەر بینا دیت رمی کۆشکی زۆرداری
گەیشتینە لووتکەی چیای رزگاری
کوتکی کاوەو هێزی پێشمەرگەی دڵسۆز
رۆژی رەشی کردە نەورۆزی پیرۆز

نەترەی نەما دوژمن لە بەر پێشمەرگەم
لە گشت لاوە هەلاّت و نەیگرت بەرگەم
جا ئەو کاتە بە هەتوانی ئازادی
سارێژ دەبێ برینی نامرادی

تاریك و روون ، ل١٦٦ـ١٦٧ .

**هێمنی شاعیری شەیداو جوانی پەرست ، بۆ ژینگە و هۆبەو هەوار خولْقاوە، بەلاّم تا ئەو ڕۆژە دێ ، ئەو  پیاوی مەیدان و بەرگری یە:-**

**زۆری نەماوە بێتە بەر نەمامی هەولْ خەباتم**

**لە داگیرکەر پـــاك بێتەوە خاكی پیرۆزی ولاّتم**

**تاریك و روون ، ل١٦٨ .**

**ئەو راستیە لای شاعیر ساغ بۆتەوە، کە تاکە ڕێگای رزگـار بـوون لـە بـەردەم میللـەت دا، هەر لە جۆش دانی خەبات و فیداکاریەو (( تەنیا لە لولەی تفەنگ دا ئازادی چاوی هەلْ دێنێ ، هەق بانگ ئەدا ، تەنیا هەر لە ئاستی چەکا داگیرکـەر ملـی کـەچ ئـەکا))[٦٣]. ئـەم راستیە لە (شەپۆلی تۆلە)دا رەنگی داوەتەوە:-**

**تاکوو شۆڕش نەکرێ توندو تیژ**

**تاکوو سەنگــەر نەگرێ لاوو کیژ**

**نـــــادرێ مـافی گــەلی کوردی دلێر**

**هەر دەبێ وا لە قــەفەز دابێ شێر**

**ئەو رق و قین و بــــەگژ داچوونە**

**تاقە ڕێگایەکی رزگــار بـــوونـــە**

**تاریك و روون ، ل١٦٧ .**

**واقیع بینی هەر ئەوە نیـیـە شـاعیر و یْنـەی خـەم و ژان و ئازارەکـان کـۆپی بکاتـەوە، لـە وشـەو رسـتەی جـوان و شـێوازی ئەفسووناویدا پێشکەشـی بکـات، پێویسـتە شـاعیر لـەو جیهانــە تێپــەڕی و ئــەو ئاسـۆیەش بــەدی بکـات کەمـژدە بەخشـی ژیـان و جیهـانێکی نوێیە[٦٤] . لەمەوە هێمن مـژگێنی ئـەو جیهانـە رادەگەیـەنێ کـە لـە سـبەینێی هـەولْ و کۆششی بێ پسانەوەداو لە (ترۆپکی رزگاری)دا چاو هەلْ دێنێ:-**

**بــــەو خــوێـنــانەی لەو ڕێبازە رژاوە**

**گـــولّی ئـــالّی ســەربەستی کورد رواوە**

**(٦٣) شێرکۆ بێ کەس ، من تێنوێتیم بەگڕ ئەشکێ ، بەغدا ، ١٩٧٣ ، ل١٥٩.**

(٦٤) أدونيس ، سياسة الشعر ، ط ١ ، دار الاداب ، بيروت ، ١٩٨٥ ، ص .

**(٦٥) کەریم شارەزا ، هێمنی مەهابادی شاعیری خەباتی کوردایەتی ، ر/ برایەتی ، ژ/ ١٦٦٠ ، ١٩٩٣/٦/٤.**

منیش بە دڵی پــڕ لــە هیـواو بڕواوە
دەڕۆم بەرەو ئاسۆ بەرەو ئـاسۆی روون
دەڕۆم دەڕۆم، تا ترۆپکی رزگـــار بوون

تاریك و روون ، ل١٧٧ .

(کاروانی خەبات) رووداوی شـەهید بـوونی سـەرکردەو هـاوڕێ یـەکی جـوامێری شـاعیرە، لەوێدا هێمن وەك هونەرمەندێکی بـەهرە داری وێنـەکێش، تـابلۆی شـەهید بـوونی ئـەو روونــاکبیرە شـۆڕگێڕەی کێشـاوە و شـیعری سیاسـی و بـەرگری و سـەنگەری کـوردی گەیاندۆتە پلەیەکی بەرز[٦٥] .

زەردە پەڕی ، سوور بوو ئاسۆ
خەریك بوو سێرە هــەڵگیرێ
لە باتی قاسپە قاسـپـی کەو
دەهات قرمـژنی شێست تیرێ

- -

هەرچوار تەنـیـشتی گیرا بوو
لە ســەنـگــەرێـك دا بەتەنێ
ئەو لاوەی بــەڵـێــنــی دابوو
هــەتــا مردن چەك دا نەنێ

- -

دیســان خــوێــنــی قارەمانێك
نەخشاندی رێگــای رزگــاری
دیـســـان لاپــەڕێکــی رەشـتـر
کەوتە سەر مێژووی زۆرداری

- -

لــەنــاو خــوێــندا دەتلێنەوە
لاوی بە زیپــك و بــەسـبـــات
بـــەلاَم هەروا دەچـێـتـە پـێش

**بێ وچان کاروانی خـــــەبات**[*]

**تاریك و روون ، ل١٩٨ .**

**هێمن بەچاوی مامۆستای خەبات و شۆڕشگێڕی و کوردایەتی لە حـاجی قـادری روانیـوە، لێرە رووی قسەی لەو مامۆستایە یە:-**

**سلاّو ئەی حـــاجی ئـــەی رۆڵـــەی زەمانە!**

**لـــە ســـایـــەی تۆوە هەرچێکی هـــەمـــانە**

**هەموو ژینت لە ڕێ ی گەل دا بەخت کرد**

**هــــەتـــا ڕێـگـــای خـــەباتت بۆ تەخت کرد**

**بـــە ئـــازایـــی ، بـــە زانـــایـــی ، بە وردی**

**چـــەکـــت دا دەســـتـــی شۆڕشگێڕی کوردی**

**بـــەلاّم تــــــۆ دڵــنـــیـــابـــە پـــیـــری زانا!**

**بـــنـــاغـــێـــکـــی وەهـــات بـــۆ کـــوردی دانا**

**ئـــیـــتـــر ســـەنـــگـــەر بـــەتـــاڵ کردن مەحاڵە**

**ئـیـتـــر کــورد و بـــــەزیـــن خـەون و خەیاڵە**

**تاریك و روون، ل٢١٤ ، ٢١٧ .**

**شاعیر کە لەمەڵبەندەکەی خۆی لێی دەقەومێ، خۆی بە هەلگورد دەگرێتەوە، شاخی بڵێندو سەرکەشی کوردەواری، کە بۆتە رەمزی خۆ راگرِی و نەبەزین بۆ گەلی کورد لە سەفەری دوور و درێژی مێژوودا:-**

**بـــەلاّم هەلگوردەو نانەوێ**

**بـــەلاّم کـــوردەو مافی دەوێ**

**هـــەزاری وەکـــو من بمرێ**

**دەست لە خـەبات هەڵناگرێ**

**زۆر کـەسی وەك من نەمێنێ**

**ئەو مـــافـــی رەوای دەستێنێ**

**تاریك و روون ، ل٢٢٧ .**

---

[*] ئەو لاوە تێکۆشەرە (مەلا قادری وردی) ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حدکا بوو کە لە شەڕێکی دەستەو یەخە لەگەڵ هاوڕێ یەکی لەناوچەی (بانە) لە (٢) خاکە لێوەی (١٩٧٣) دا شەهید دەکرێن.

خەباتی میللەتەکەی و، ئەزمونی تێکۆشانی گەلانی دنیا، بۆ شاعیر مایەی بەرچاو روونىیە، ئەو دۆست و دوژمن چاك دەناسێ، بۆیە روو لەتاریکیستان ناکات:-

ریگە سەخت و پڕ لە کەندو لەندو هەڵدێرەو گـــەوە
هــەر دەبێ ببزووم، دەبێ بکشێم ، وچــانی لێ نــەدەم
مــن بـــەرەو ئـــاســـۆ، بـــەرەو رووناکی باڵم گـرتـوە
چۆن بەرەو تاریکی دەخشێم ، پاڵ وەشەیـتـانێ دەدەم !        ناڵەی جوودایی ، ل٣٨.

هـێمن لەیـەك بەنـدی شـیعردا، جـار ناجارێـك، دەریایـەك مێـژوو و کارەسـات، ئـێش و موعاناتی خۆی و میللەتەکەی بار کردووە، کە لەوێنەی بروسکەی نێـو ڕێژنـە بارانێـك ، یا چەخماخەی هەوری بەهارێك، لە هەستی خوێنەر گەرداوێگ بەرپا دەکا:-

دەمگرێ ، ئەمما لە گرتووخانە رق ئەستوور ترم
لێم دەدا، ئەمما لەســـــەر داوا ڕەواکـەم سوور ترم
دەم کوژێ ، ئەمما بەگــژ جـەلـلادەکـەم دادێمەوە
کوردم و نـــاتـــوێـمـەوە، نـــاتـــوێـمەوە، ناتوێمەوە

تاریك و روون ، ل٢٢٣.

کاسە کە پڕ بوو لێی دەڕژێت، زوڵم و زۆرداریش هەتا سەر برِ ناکات، هێمن دەرس و پەندی تێکۆشان بەگوێ ی ڕۆڵەکانی گەلەکەی دا دەدات و هیوایان بە سەرکەوتن پتەوتر دەکات:-

هــومــێـدی بــەرمـەدەن رێگەی خەبـات بگرن برِۆنە پێش
تەماشای خەڵکی تێـکـۆشـەر بــە دیکـتـاتۆری چۆن وەستان
مەترسن رۆڵەکـانی قـــارەمـــانی گــــەل لە گــیـــانـبــــازی
لــە کــۆڕی ئـــــەم خــەبـاتـــە بێ وچانە تاقە یەك کەستان
ســـەهــۆڵـبـەندانی بێــدادی ئــەگـــــەر چی تووش و دژوارە
بەلاّم لێم سوورە وەك رۆژێ بەهـــار هەر دێ لە دووی زستان
بـــەخــــەڵکی عــالــەمــی ســـەلـمـانـدوە تـــاریـخی ئـازادی
دەبـــێ زاڵــم لــەبـــەر تــێـکـۆشــەران بـــەرداتـەوە دەستان

پاشەرۆك ، ل٢٠٥.

دیارە دوژمنانی ئازادی هەمیشە پیشەیان رەشە كوژی و شەڕ فرۆشتنە، كاتێك شاری (سنە) لە خوێن و زووخاو هەڵدێنن، شاعیر سروودێكی ئاڵی بۆ دەهۆنێتەوە ، كە لەدوا بەنداكەیا دەڵێ:-

كــوردســتــان بــەهاری ئاڵە

جا بەخوێن بێ یا بــەگـولاڵە

پاشەرۆك ، ل٢١٦.

بەم شێوەیە بەشێكی بەرچاوی شیعرو دیوانی شاعیر، كاكڵ و نـاوەڕۆكێكی بـەرینگاری و خەباتكارانەی لەخۆوە گرتووە، لە تەك كاروانی ئازادیخوازانی گەلەكـەی رووەو ئاسـۆ رێ دەكات.

## ٥/ لە بارەی حیزبی دێموكرات و كۆماری كوردستان و پێشەوا قازی محەمەد

دروسـت بـوونی كـۆڕو كۆمــەڵ و ڕێكخـراوی سیاسـی و كۆمەڵایـەتی، لـەناو كۆمــەڵی كـوردەواری كاریگـەری زۆری بەسـەر هـۆش و خـەباتی گـەل دا هـەبووە، ئـەم كۆمـەڵ و ڕێكخراوانـە لەلایـەك هـۆش و هەسـتی نیشـتیمانی و نەتـەوە خوازیـان لـەلای خـەڵك دا پەروەردە دەكرد، لە لایەكی دیكە ریزەكانی رۆڵەكانی میللەتیان ساز دەداو رێك دەخست، پاشـان بـە دەستنیشـان كردنـی ئامـانج و درووشمـەكانی قۆنـاغ و گرتنەبـەری شـێوازی گونجـاوی خـەبات، جلـەوی رێبەرایـەتی و تێكۆشـانی میللـەتیان بەدسـتەوە دەگـرت(٦٦). پێكهاتنی كۆمەڵەی (ژ.ك) و (حیزبـی دێمـوكراتی كوردسـتان) لـە كوردسـتانی ئـێران، بـۆ ئەو رۆژگارە رووداوێكی گەورە بوو، هەر ئەم رووداوەش هەست و هۆشی هێمنی شاعیر و خوێن گەرمی ئێمەی بە جارێك داگیر كردبوو، ئەو خۆی لە نەسڵی دامەزرێنـەرانی ئـەو حیزبە حیساب دەكرێت، بۆیە مزگێنی هاتنە دنیای ئەو حیزبە بە ڕۆڵـەكانی گەلەكـەی رادەگەیەنێ:-

---

(٦٦) محمود ملا عزت ، كۆماری میللی مەهاباد ، بەشی یەكەم، چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ ، ١٩٨٤ ، ل٥٦.

مزگێنیم دەیە دەگەی بە ئـــــاوات
کوردە لە سایەی حیزبی دێموکـرات
حیزبی دێموکرات تۆ دەدا نەجـــات
پیادەی ئەو شاهی دوژمن دەکامـات
بژی دێموکرات ، بژی دێموکرات

ڕۆژی بەرگری و شەڕو تەنگانە
پاڵەوانێکە هەریەك لــەوانـــە
بەکوێری چاوی پیسی بێگانــە
ئەوڕۆکە ڕۆژی جێژنی کوردانە
بژی دێموکرات ، بژی دێموکرات

تاریك و روون ، ل٧٨.

حیزبی دێموکرات لای شاعیر ئەو چرایە بوو، کە ڕێبازی خـەبات و تێکۆشـانی لەبـەردەم ڕۆڵـەکانی میللـەت دا رۆشـن دەکـردەوە، بـەرەو قۆنـاغێکی تـازەو ژیـانێکی نـوێ ڕێنمـایی دەکردن، بۆیە هیچ سەیر نیـیە هێمن داوایان لێ بکات کە لە دەوری ئالآکەی کـۆ ببنــەوە، بۆیە لە (دوارۆژی رووناك)دا ئەو بانگەوازە دەکا:-

هەتە حیزبێکی دێموکراتی پێشڕەو
کە پێویستە لە دەوری کۆ وەبــی کۆ
لە سایەی حیزبی دێموکراتی خۆمان
لە بـــاڵدار تێپەڕی ئەو ڕۆکە پێ ڕۆ

تاریك و روون ، ل٦٧.

مانگی ڕێبەندانی (١٩٤٦)، مهاباد دەبێتە ناوەندی کۆمەڵێك گۆڕان و رووداوی پڕ شکۆ، وەکـو، هـەڵکردنی ئـالأی کوردسـتان، راگەیانـدنی کۆمـاری کـوردو پێکهێنـانی حکومـەتی کوردسـتان. هـەڵکردنی ئـالأی کودسـتان.، لای شـاعیر دەبێتـە سـیمبۆڵی سەربەسـتی و هەلأتنی رۆژێکی نوێ، لە (رۆژی شادی)دا وەسف و تاریفی رەنگەکانی دەکات:-

پەرچەمی سوورو سەوزی ئەمـــە

شادی هێنه لابەری دەردو خەمــە
سوورەکەی یانی ئەوەی بێتە بـنـم
خوێن دەبێ بڕژێنێ بۆ پاراســتنم
سپیەکـەی یــانی کەسێکە روو سپـــی
هیچ شتێك نەیـکــردبێ مــات و کپـی
سەوزەکەی دێنێتە بەر چـــــاوان وڵات
ئەو دەمەی فەسڵی بەهاری جوانی هات
تیشــکــی رۆژی کـورد لـەژێر هەوری سیا
هـاتــە دەر ئــەنــگـاوتی وا لووتکەی چـیـا
دوو گوڵی گەنمیش دەڵێ هەر کشـت و کاڵ
زۆر بکەن مشێ بکـــەن عــەمــبــار و چاڵ

پێت دەڵێ: نووکی قەڵەم : نووکی قەڵەم
زۆر لــەشــیــر بــاشــتــر دەپارێزی عەلەم

تاریك و روون، ل٦٨.

ڕووداوەکان بـە ڕێڕەوێکـی تـازەو نـوێ دا رادەبـرێن، بۆیـە مانگی(رێبەنـدان)یش، لەگـەڵ ئەوەی کە ساردو سەرما ترین وەرزو کەژی ساڵە، لاڤی نەورۆز و بـەهاری کـوردەواری لـێ دەدات:-

زریانم هێنای بۆ کـورد ئــــــازادی
شەماڵم هێنای بۆ ئێوە شـــــادی
مژی من هــــات و مژی هـــــەژاری
رەواند یەکجاری لە کـــــوردەواری
لە رۆژی من دا کورد بە ڕوو سووری
هەلی بژاردووە رەئیس جەمهووری
دەك بەخێر هاتی قەدەمت پـیـرۆز
بە قوربانت بێ جەژنەکەی نەورۆز

تاریك و روون، ل٧٦.

ئاهەنگەکانی رێبەندان هەر تەنیا بەمەبەستی خۆشی و شایی و ئاهەنگ نەبوو، بەڵکو لە سۆنگەی راگەیاندنی بڕیارێکی مێژوویی بوو، کە ئەویش دامەزراندنی حکومەتی کوردستان بوو[٦٧]، بۆیە هێمن بە (جەژنی ئیستیقلال) ناوی دەبات:-

جێژنی ئیستیقلالی کوردستانە رۆژی شادی یە
جێژنە پیرۆزە لەلاوی هاو ولاتی خۆم دەکەم
جەژنە پیرۆزە دەکەم لێت و دەڵێم خۆش بی، بژی
ئەی ڕەئیس جەمهووری کورد و پیاوی زانا و موحتەرەم
تۆم بەخوا ئەسپارد و ئەسپاردم بەتۆ ئەی (پێشەوا)
میللەتی دڵپاك و چاك و نیشتمانە جوانەکەم

تاریك و روون، ل٨٠.

هێمنی شاعیر سیمایەکی دیاری ئەو بۆنەو موناسەباتانەبوو، کە هەر رۆژە لە شوێنێك لەناو شایی و زەماوەندی خەڵك ئالأی کوردستانی تیادا هەڵ دەکرا. شیعری پێشکەش دەکردو خەڵکی دەهێنایە جۆش و خرۆش. لەمەوە هۆنراوەکانی (هەتاوی ئیقبال)، (رەشەمە)، (دایکی نیشتمان)، (نەورۆزی رزگاری)، زادەی ئەو رۆژو سەردەمەن، لە هەتاوی ئیقبال دا هاتووە:-

سەربەخۆ بووین و لەژێر باری خەم
هاتە دەر میللەتی ئازادو جەسوور
هەڵکراوە لە ولاتی ئێمە
پەرچەمی بەرزی سپی و سەوزو سوور
بۆ فیداکاری لە ڕێی میللەت دا
هەر بژی (قازی) رەئیسی جەمهوور

تاریك و روون، ل٨١.

لە هۆنراوەی (دایکی نیشتمان)، دایکی نیشتیمان ئارام و دڵنیا دەکاتەوە:-

لەبەر خۆت دارنە دایە جلی رەش

---

(٦٧) نەوشێروان مستەفا ئەمین ، حکومەتی کوردستان ، چ ٢، چاپخانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، ١٩٩٣ ، ل١٢٧.

دڵت روون بێتەوە کـولمـت ببـێ گەش
هەنیسکان بەس بدە چیدی مەکـە شین
ببینە بەیرەقی سوور و سپـی و شـیـن
ببینە (پێشەوا)ی مەشـهـوری ئـێـمـە
بـبـیـنـە تـۆ رەئیـس جەمـهوری ئێمە
بـبـیـنـە هـێـزی پێشمەرگە و بزانە
کە نووکی نێـزە شـمـشـێـری ئـەوانە
لەژێر دەستی ، دەکـا رزگـار و ئـازاد
تـەواوی کـوردەواری وەك مـهـابـاد

تاریك و روون ، ل٨٥.

لە (کورد و ئازربایجانی) شاعیر، باس لە ئەزموونی هاوبەشی ئـەو دوو گەلـە دەکات لـەو رۆژگارانەدا:-

کوردو ئازەربایجانی هـەر دوو داوایـان رەوایـە
هەر بژین و پایەدار بێ یەکیەتی ئەم دوو برایـە
میللەتی ئێمە هومێدی زۆر بەکاری پـێـشـەوایە
ئەو کوڕە ئازاو نەبەردو مەردە بۆ میللەت قەڵایە
دەك بمێنێ تا ئەبەد ئەو کوردە زانـاو قـارەمـانە

تاریك و روون ، ل٩٣.

خەونی نیشتیمانی پەروەرانی کورد بە هەبوونی کوردستانێکی سەربەخۆ لە کانوونی دووەمی (١٩٤٦)وە تا کانوونی یەکەمی (١٩٤٦)، تـا ڕادەیـەك وەدی هـات، مەڵبەنـدو سەرهەڵدانی کورت و پڕ لە هەڵبەز دابەزەکەی و رووخانی لەناکاوی، یەکێك لە داستانە رۆشنەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستی ئـەم سـەردەمەی ئێمەیـە[٦٨]. ئەمـە بـیرو بـۆ چوونی توێژەرو مێژوو نووسە، بەڵام تێڕوانینی مرۆڤی شاعر جۆرێکی دیکەیە، کاتێ بـە زمـانی هەست و سۆز خۆشی و شاگەشکە بوونی خۆیمان وەکو لـە پێشەوەدا هاتینـە سـەری بـۆ دەردەبـڕێ، وەختێکیش گیـژە لووکـەی بەسامی خـەزان هـەڵ دەکـاو گوڵی ئـاواتی ئـەم

(٦٨) آرجي روزفلت ، جمهورية مهاباد الكردية، ترجمه من الانطليزية: ظاهر حمد طاهر، ط ١، مطبعة الشهيد جعفر، ١٩٨٨، ص٩.

مرۆڤە هەڵدەپرووكێنێ، قیبلەی ئاوات و كۆشكی هیواو ئومێدیشی لەگەڵ دەرووخێ، كاتێك كۆماری كوردان لەبەین دەچێ، (رۆژی شادی و خۆشی و هەتاوی ئیقبال)ی شاعیر لەكەڵ ئاوادەبێ و تاریكی و (رۆژگاری رەش) دنیای هێمن لە خەم دەگرێ:-

ئەو ساڵ جێژنەمان تاڵە
دوژمنی زاڵم زاڵە
لاو جێ یان سیا چاڵە
دەستی دۆیان بەتاڵە

- -

وەپاش كەوت خەباتمان
داگیراوە وڵاتمان
تێ پەڕی رۆژی هاتمان
رووخا كۆشكی ئاواتمان

- -

بووینەوە دیل و یەخسیر
وڵاتمان كرا داگیر

تاریك و روون، ل٩٦.

زمانی كوردی، وەكو پێویستی یەكی مێژوویی، بۆ یەكەم جار لەم ناوچانە، لەو رۆژانەدا ببوو بەزمانی خوێندن و نووسین لە هەموو دەزگا و دامەزراوەكان، جولانەوەیەكی رووناكبیری بەرفراوانیش لەگەشە كردن دابوو، بەدەیان كتێب و گۆڤارو رۆژنامەو بلاوكراوە لەو ماوەیەدا بلاوكراوەیە. زمانی كوردی بەرەبەرە دەهات ببێت بە زمانی دەوڵەت و حوكمرانی(٦٩). ئەمانە یەكێك لە لاپەڕە پڕشنگدارەكانی ئەو ئەزموونە سیاسیەی كوردپێك دەێنن. بەلام لە دوای نەمانی كۆمار، هەموو دەسكەوتەكان دەخرێنەوە ژێر گڵ ، زمان و ئەدەب و فەرهەنگی كوردی قەدەغەو یاساغ دەكرێنەوە، بگرە هەرچی بەو زمانەش لەو ماوەیەدا وە بەرهەم هاتووە لەبەین دەبرێن، شیعری هێمن زمانحاڵی راستەقینەی ئەم بارە سیاسیە نالەبارەشە:-

---

(٦٩) نەوشیروان مستەفا ئەمین ، سەرچاوەی پێشوو ، ل١٤٩.

داخـــرا دەرکی رۆژنامە
شکـــاون نووکی خـــامە
کوردی نووسین حەرامە
دوژمـــن دەڵـــێ بێ تامە

-　　-

دڕان کـاغەزو دەفــتــــەر
گیران شـاعـیـر نـووسـەر
کۆمەڵێك بوون دەربــەدەر
کۆمەڵێکیش دەس بەسەر

-　　-

خوێندن بە زمانی خۆمان
سووچ و تــاوانـــە بـۆمـان
چاپخانەو بڵیند گۆمـــان
بوونە بەردی بن گۆمـــان

تاریك و روون ، ل٩٧.

هەڵکەوتنی رۆڵەیەکی کورد، وەکو قازی محەمەد، لەوێنەی سەرکردەو رێبەرێکی سیاسی، یـەکێك لـە شـانازیەکانی مێـژووی سیاسـی نەتەوەکەمانـە، بـەو ئەندازەیـە لـەلای خـەڵك بەرێزو خۆشەویست بوو، کـە هـەر خۆیـان نازنـاوی (پێشـەوا) یـان پـێ دابـوو، ئـەو زاتـە ((رووناکبیرێکی هەڵ کەوتوو بوو، کە لەو رۆژگارەدا وێنەی لـەنێو نەتـەوەی کـوردا زۆر بەکـەمی بـەدی دەکـرا))[٧٠]. پێشـەوا لـەلای هـێمن بـووە بـە رەمزێـك بـۆ ئـازادی و سەربەخۆیی و قەوارەی سیاسی کورد. شاعیر بە حوکمی هاو مەسلەکی خانەوادەیی و لە رێگەی تێکلاوی سیاسی ئەو رۆژانەوە، دەبێتە یەکێك لە هاورێ نزیکەکانی پێشەوا، کە ئەویش لە بن باڵی میهرەبانی خۆی دەیگرێ و نازناوی (شاعیری میللی) پـێ دەبەخشـێ.

---

(٧٠) عبدالرحمن قاسملو ، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی ، چ ٢، ١٩٨٨ ، ل١٢٤.

له دوای چارەگە سەدەیەك هەست و ئیحساسی (شاعیری پێشەوا)، لە ئاست کارەساتی شەهید کردنی ئەو (پێشەوا و پشت و پەنا) یەی ، هەر لەو مەیدانی (چوار چرا)یەی کە ساڵێك لەوەبەر ئاڵای سەربەستی لێ هەڵکرابوو، بەم شێوەیە تۆمارکراوە:((ئەو رووداوە دڵ تەزێنەو ئەو کارەساتە جەرگ بڕە هەموو کوردێکی بەشەرەفی خەمناك و تازیە بارکرد، بەتایبەتی دڵی منی بەناسۆر ئەنگاوت، ناسۆرێك کە بۆتە تیراوێ و ئێستاش هەروەبن دەداتەوەو هەڵ دەداتەوەو بێ گومان سارێژ نابێ و لە گەڵم دێتە بن گڵ))[٧١].
له پاشان دەربارەی ئەم کارەساتە سیاسی یە کەلە شیعرەکانی بە (رۆژگاری رەش) ناوی بردووە ، گوتویە:-

لە چـــوارچـــرای مهـابـاد
لە کـانـگـــای بـیری ئـازاد
دەســـتی رەشی ئیستیـبداد
چـــەقاندنی داری بـــێ داد

- -

لە کـاتـــی نـیـوەشـــەو دا
لە جەنگەی شیرین خەودا
کـــرا کـــــاری نـــــارەوا
لە دار درا پـێـشـــــــەوا

- -

رۆڵەی وەفا داری کـــــورد
پێشـــــەوای ئـــارام و ورد
بۆ کـــورد ژیا بۆ کورد مرد
گیـــانـــی فـیدای گەلی کرد

- -

زانا بوو کـــورد پەروەر بوو

(٧١) هێمن ، سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٩ .

پێشەوا بـــــوو، رابـــەر بوو
هەر كورد نەبوو بەشەر بوو
خەمی خەڵكی لەبـــەر بوو

-          -

بــۆیـــە دێــوی ئـیستیعمار
كۆنـــەپـــەرســتـــــی زۆردار
زاڵم ، خوێن ڕێژ ،  بەدكردار
بۆیــــــان ئامـــــادە كـــرد دار

-          -

رۆڵـــەی كـــوردی بـلـیـمەت
نـــەتـــرســـا لـــەدارو پـــەت
پـــشــتـــی نـەكـــرد لە میللەت
وا دەبیٚ زیـــپـــك و هـیـمـــەت

تاريك و روون ، ل١٠١.

مەرگی دلێرانەی پێشەوای كورد، وەكو تراژیدیایـەكی سیاسی و ئینسانی، لـە دیـرۆك و جەستەی مرۆڤایەتی، لەوێنەی لە خاچ دانی حـەزرەتی مەسـیح و شـەهادەتی حـەزرەتی حوسێن دەكەوێتەوە. لەهەست و نەست (لاشعور)ی هـێمن دا هەمیشە تـازەو ئامادەیـە، ناوە ناوە، بە ئاشكرابیٚ یا پەنهان، بەڕاشكاوی بیٚ یا بە ئامـاژە، لەبۆنـەو نابۆنـەدا، لێـرەو لەویٚ لـە دوو تـویٚی شـیعرو بەرهەمـەكانی سـەرەتا تكیٚ دەكاو خـۆی دەردەخـات(*)، كـە لێرەدا چەند نموونەیەكی دەخەینە بەرچاو، لە (بابردەڵە)دا ڕوو لە بولبول دەكا:-

منیش وەك تۆ لە كیسم چوو گوڵی سوور
منـــیـــش هـێـــــلانەكەم لیٚ كراوە خاپوور

تاريك و روون، ل١١٢.

---

(*) ئەم كارەساتە زۆر لە شاعیرو نوسـەرانی كـوردی هەژانـدووەو شـیعرو بەرهـەمیان بـۆ نووسـیوە، بـۆ وێنـە پـیرە مێـرد و هۆنراوە ناودارەكەی (ئەی نائوێدی)، قەدری جان و(شینی پێشەوا)... هەرلەم بۆنەیەدا گـوتراون، تەنانـەت سـەلیم بـەركاتی بەرەچەڵەك كوردی عەرەبی نوس، لەم دواییانەدا رۆمانێكی لەژێر ناوی (مهاباد) نووسیوە.

له (ئاواتی بەرز):-

ئەو ژیانەی بێ تۆ ڕای دەبوێرێ (هێمن) مــردنە
بێکەسێکە پاشی تۆو پاشی سەرەك كۆماری كورد

تاریك و روون، ل١٢٦.

له (موو ناپسێنم):-

ئەگـــەرچی ڕۆیی قەد ناچێ له یادم
دەکـــەم یادت بە یادی تـــۆوە شــــادم
كە بارگەت بۆ هەوار تـێك نا عەزیزم
شكا ئــەســتــوونـــدەگی تاوڵی مرادم

تاریك و روون، ل١٢٩.

له (چارە نووسی شاعیر):-

بەهار بوو فەسڵی زستانم ئەگەر یارم لەگەڵ بایە
درۆیە گــــەر گوتویانە بە خونچێکی بەهار نایە

تاریك و روون، ل١٣٣.

له (عیشق و ئازادی):-

گەیـشتمـــە سەر ترۆپکی ئارەزوو ، کەچی ڕوانیم
لە پێشمدایە زەردو ماهو سەخت و ئەستەمێکی تر

نالەی جودایی، ل٥١.

له (ڕێژنە):-

من گوڵی سەر گۆڕی ئاواتی لە مێژینەم بەڵام
ڕێژنەیەکم لێ بدا پێم وایە بۆ ڕوان بـبـمـــەوە

نالەی جودایی، ٩٣.

لـە رۆژانــی پەرەســەندنی جولانــەوەی نیشـتیمانی لـە سـاڵی (١٩٥٣) هـێمن لـە بـیری تۆڵەدایە، لە دەرباری ئەو زۆردارەی كە بەناحەق ئاواتی كوردی لە سێدارەدا، لـە (ئـاواتی بەرز) دا هاتووە:-

دەچـتــە ســـــەرداریٚ لـــە رۆژی ئـیـنـتیقام و تۆڵەدا
ئەو کەسەی کوشتی بە ناهەق پێشەواو سەرداری کـورد
نــأیــەڵن ئـــادار بـــەســـەر پـــاداری ئـــەو دەربـــارەوە
چـــونـکـــە دەیــگـوت نایەلم ئاداری کورد پاداری کــورد

تاریك و روون، ل١٢٤.

لە دوای چارەگە سەدەیەك، رووداوە ناڕەواکەی شەوی شوومی مەیدانی چـوار چـرا، ئـەو گوناحە گەورەیەی مێژوو، ئەو پەڵە شەرمەزاریەی مێژووی زۆرداری سیاسـی لـە ئێـران، لە بیرومێشکی شاعیردا بەر جەستە دەبێتەوە، برینەکان دێنەوە سۆ، دەبینین دیمەنەکان هێشـتا لـە ئـەلبومی زەیـن و بـیرەوەری شـاعیر بـە زینـدوویی هەڵگیراون،کـە لـە (شـەو و شەیتان)دا هاتوون(٧٢):

تــــاریکانە شـــەوە زەنــگــە
ولاٚت بیٚ هەست و بـــیٚ دەنگە
گۆڕســتـــــانــی خـامۆشە شار
تیٚ ی دا نـــەمـاوە زیــنـــدەوار
شەمی سەرچـاکـیـان لابردن
مردووش هێندەی دیکە مردن
ژیان روو گـــــرژە مـــچ و مۆڕ
دیٚ بـۆنــی کـفـن و تات و گۆڕ
شـــــەو زریــنـگـاوە ، راشـکـا
شەیـتــان سـامــی لە خوا شکا
داسی مەرگ و نــەمان دەسویٚ
هەوەڵ گەوزی داوێـتـــە کویٚ؟
دێن و دەچن بە ئەســـپـــایـی
لە چوار چرا چەند تـارمـایی
خێوی شەو و خودای شــەڕن

(٧٢) هێمن ، تاریك و روون ، ل١٨٠-١٨٣.

## بێچووە شەیتانی بەدفـــەڕن

شاعیر کسپەی لە دڵیدا هەڵدەستێ، بۆ چارەنووسی تراژیدیا ئامێزی رۆڵە دڵسۆزەکانی کورد:-

ئاخ دیســـان سێدارە چەقی
کوردی چۆبن لە سەر هەقی

لەو شەوە سامناکەدا دەنگێك لە گەنجینەی مێژوو، دەزرنگێتەوە:-

کە من مردم کورد نامرێ
دەس لە خەبات هەڵناگرێ

ئەنجا رۆڵەکانی گەلی کورد لە دوای مەرگی پێشەوایان ئەو سوێندەی وەفاداری دەڵێنەوە:-

تێکڕا دەڵێن درشـــت و ورد:
کورد نەمرد، پێشەواش نەمرد
با تەرمیشی بخرێتە گڵ
چۆن یادی دەر دەچـێ لە دڵ؟
شاد بە ئەی پێشـەوای نەمر
هەتن رۆڵـەی ئـازاو خوێنگر
بـۆ فـیداکـاری ئـامادەن
رێگـای راســتی تـۆ بەرنادەن

هێمن وەنەبێ بڵێند گۆی پیا هەڵدان و شان و شکۆی رێبەرو سەرکردەکان بووبێت، بەڵکو لەکاتی هەڵەو پەڵەو نسکۆی سیاسی دا، رەخنەی لێ گرتوون و پەنجەی بۆ کەم و کورتی و ناتەواویەکانیان راکێشاوە. چونکێ لەلای ئەو مەسەلەی رەوای میللەتەکەی لە مەسەلەی سەرکردەو سەرۆکەکان پیرۆزتر بووە، لە هۆنراوەی(بەهار هەردێ) شاعیر ئەم ڕازە بە راشکاوی دەڵێ:-

لە مەیدانی شەڕانخێوی خـەبــــاتی قەڕنی بیستەم دا
سەرم سووڕما کە ئەسپی سووکە سواری کورد بۆ وەســتان
وەلأمی دامـــەوە پـیــرێکی ئــــازادەی جـیـهـــاندیدە:
خەتای سواران نەبوو پێش سوارەکانمان قورس و ناوەستان

پاشەرۆك ، ل٢٠٥.

هێمن پێی وابووە بەڕێوەبەرایەتی كورد لە زۆر شوێن و بڕگەی زەمانی دا جێگای رەخنەو ئیراد لێ گرتنە، بێ هەڵە نەبوەو لەگەڵ رۆژدا نەچۆتە پێشێ، یاخۆی نەگەیاندۆتە ئەو ئاستەی كە بۆ بەڕێوەبەرێتی گەلێكی وەكو كورد پێویستە، لەباری زانست و سیاسەت و ئیدارەكەوە[٧٣]، بۆیە گەلی ئێمە لە مێژوودا زۆرجاران رووبەرووی شكست و پاشەكشێ بۆتەوە. هێمن لەو بارەوە رای تایبەتی خۆی هەبووە بۆیە بە ناكامیو سەر سووڕماوی دەڵێ:-

بۆ ئێمە هەموو جێ یەك لۆزان بوو

هەر كردەی ئێمەو بردەی دزان بوو

داد پرسین لەبۆ هەموو هۆزان بوو

كە نۆرەی كورد هات دانا نەزان بوو

قازی و شێخ مەحمود، كاك ئیحسانم ڕۆ

رۆڵەی جوانم ڕۆ ، نیشتیمانم ڕۆ

نووسەری كوردستان، ژ/١٦، ل١٧٨.

ئەم بۆچوونەی شاعیر بە ئەندازەیەك راستە كە پێویست دەكات كورد بە چاوێكی كراوەو رەخنەگرانەوە سەیری مێژووی خۆی بكات، بەلاّم بە هۆشیاریەوە. نەبادا بەرەو ئەو تێڕوانینە هەڵ خلیسكێ كە ئاو لە ئاشی داگیركەران دەكات و هەمیشە ویستویانە ئۆباڵی نسكۆو نووچ دانەكان بخەنە ئەستۆی سەركردایەتی كورد، بۆ ئەوەی لەبەرچاوی میللەت لە قەدرو حورمەتیان كەم بكەنەوە. ئەو سەركردایەتیانەی كە لەنواندنی هەرچەشنە وەفاداری و فیداكاری و لە خۆبوردنێك، سەبارەت بە مەسەلەی میللەتەكەیان، هەرگیز وەپاش نەكەتوون[٧٤].

---

(٧٣) ئەحمەدی قازی ، دیدارێكی تایبەتی ، سلێمانی ٢٨/٥/٢٠٠٠.

(٧٤) محمود ملا عزت ، چاوپێكەوتنێكی تایبەتی ، سلێمانی- ، ٥/٥/٢٠٠٠.

# بەشی سێیەم

## ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی لە شیعری هێمن

**لە بارەی پەیوەندی شاعیر و کۆمەڵ - شیعر و ژیان**

**هێمن:**

**١/ شاعیری هەق خواز و داد پەروەری کۆمەڵایەتی:**

**١/١/ پشتیوانی پاڵەو جوتیار و ڕێنجبەری کورد**

**٢/١/ لایەنگیری سەربەستی و رزگار بوونی ژن**

**٢/ شاعیری کوڕی لادێ**

شارەزای ژیان و داب و دەستووری کۆمەڵی کوردەواری

**٣/ ڕەخنەی کۆمەڵایەتی**

شاعیری هۆشیاری و زانست پەروەر و پەندی کۆمەڵایەتی

**٤/ شاعیری شەیداو جوانی پەرست و دڵدار**

**١/٤/ جوانی پەرست و دڵدار**

**٢/٤/ شەیدای ژوانگەو گڕاوی کیژی کورد**

**٥/ مرۆڤ و ئاشتیخواز**

**٦/ خەم و ماتەم و سۆزی دەروون**

**١/٦/ سکالاو سۆزی غەریبی**

**٢/٦/ خەم و فرمێسک**

٦/٣/ ماتەم و شینگێڕی

## ٧/ چیرۆکی شیعری پەندی کۆمەڵایەتی:

٧/١/ لە بیرم مەکە

٧/٢/ سووڕی دەوران

## ٨/ شاعیری لانەواز و پیری مەیخانە

٨/١/ هەڵوەدای مەستی و جامی بادە

٨/٢/ ساقی نامە

## ٩/ شیعری جەفەنگ و داشۆرین

٩/١/ ڕاوە بەراز

٩/٢/ ژوانی ئاغا

## ١٠/ نەقڵی کۆتایی

ئەگەر بەرهەمی ئەدەبی بە شێوەیەکی گشتی نواندنی هەڵوێستی خاوەن بەرهەم بێت لە ژیان، ئەوا شیعر وەکو ڕەگەزێکی سەرەکی ئەدەب و ئامرازێکی دەربڕین، نیشاندەری ئەم هەڵوێستەیە، چەندیش لەگەڵ رەفتار و کرداری خودی شاعیر تەبا و ڕێك و جووت بێ، ئەوەندە بایەخ و کاریگەری لە ناو کۆمەڵ دا بەرەو سەر دەچێ و زیاتر دەبێتەجێی سەرنج و بایەخ پێدان و گرینگی لەلای خەڵك. لە هەموو حاڵەتێکیش شیعر دەر خەرەوەی جیهانی شاعیرە، بۆیە شاعیر چەندی ڕاستگۆ، ڕەسەن، چاونەترس و هونەرمەند بێت، ئەوەندەش پایە و سەری شیعری بەرز تر دەبێتەوە. گوتراوە شاعیری ڕاستگۆشاعیری میللەتە، زمانحاڵی ژیانە. ڕۆژێکیان تەیموور لەنگی گورگان، پاشای جیهانگیرو ناوزڕاوی مێژوو، لە ئاهەنگێکی شاهانەدا، کە کرمانی شاعیری سەمەرقەند لە تەك میرزادەو سەرکردەکانی لێ ئامادە دەبن، بە فیزو لە خۆبایی بوونەوە دەپرسێ:

-کرمانی، ئەگەر لە بازاڕدا هەڕاج بکرێم، بە چەند دەمکڕی؟

-کرمانی لە وەڵام دا دەڵێ: بیست و پێنج دینار.

-تەیموور لەنگ بەسەر سوڕمانەوە دەڵێ: ئاخر ماڵ وێران، هەر بە تەنها پشت بەندەکەم ئەو قیمەتە دێنێ !.

کرمانی دەڵێ: قوربان من تەنیا بیرم لە پشت بەندەکەت کردۆتەوە، چونکێ خۆت یەك فلوس ناهێنی!

شاعیر بەو شێوەیە وەڵامی تەیمووری لەنگی شاهی شاهان، پیاوی کارەسات و شەڕی دایەوە. دەبا شکۆی شاعیر، دۆستی ڕاستی و هەق لە شکۆی تەیمووری لەنگ بەرزتر بێت ناوی ئەو شاعیرانەش کە لە ووشەی جوانی و ڕاستی لانادەن هەمیشە وێردو سلاٌواتی سەری زمانمان بێت(١). سەدەی بیستەم کە تازە زەردە پەڕی تەمەنی ئاوا دەبێت، شاعیری لە وێنەی کرمانی کەم تێدا نەبوون، کە لە ڕووی دەسەلاٌتی مل هوڕو لە بەرامبەرجەورو بێداد، بەلاٌگێڕو نموونە بوون، بۆ خۆڕاگری و کۆڵ نەدان، لەناو کۆمەڵی خۆشیان دا چرایەکی داگیرساو بوون، لە پێناوی وشەی ڕاستی و هەڵوێستی مرۆڤ

---

(١) ماكسيم غوركي , حكايات من ايطاليا,لة( ناظم حكمت, السجين, المرأة. الحياة, حنا مينة, ص٧) وەرگیراوە.

**پەروەرانە، ئەو مۆمـە بـوون کـە خـۆی دەسـووتێ بـۆ ئـەوەی ڕێگـا لەبـەر دەم نەوەکانـدا ڕۆشن بکاتەوە. هەر لە ڕۆژهـەڵات، ئـەوە نـازم حیکمـەت، ئـەوە گـول سـورخی، ئـەوە... . تـاریخ شـایەدە، هـەر دوێـنێ بـوو (بێکـەس)ی ئێمـە، پەنجـەی لـە چـاوانی ئەدمۆنسـی نماینـدەی گـەورەترین ئیمپڕاتۆڕیـەتی دینـا ڕاکـردو هەرچـی ڕق و بێـزاری و تـوڕەیی هەیە، بە هاواری (بڕوخێ زۆرداری) بەڕووی ئەوی‌دا دایەوە.**

**شاعیر کوڕی کۆمەڵی خۆیەتی، ئەندامێکی بەهرە دارو چاوتیژ و شـارەزا، لـە نـاو هـەل و مەرج و باری ژیان دا لە دایك دەبێ و سەر هەڵ دەدا، لەو خاکە پـیرۆزە سـەر دەردەێـنێ، لەو کەش و هەوایە پێ دەگا، لەو کۆمەڵە گەورە دەبێ، کە ئەوی لە ئـامێز گرتـووە. واتـە بـارو دۆخـی قۆنـاغی مێـژوویی تایبـەتی ژیـان و کۆمـەڵ، شـاعیر دەخـوڵقێنێ و دەیخاتـە بـەردەم پـەیامێکی پـیرۆز [2]. لـە پایەمەکـەی دا چـاو دەبڕێتـە ئـەو بـارو دۆخانـەی کـە دەوری ژیانیان داوە، لە خۆشی و ناخۆشـیدا هونەرەکـەی تێکـەڵ بـە گیـانی کۆمەڵەکـەی دەکات، تا ئەوەی یەکێتی‌یەکی زیندوو لە نێـوان ئـەدەب و ژیـان بـەرپا دەبێـت و کـار لـە یەکتری دەکەن.**

**ئەو تێڕوانینە بەرەو ئـەوەمان دەبـات کـە بڵێین شـیعرو هونـەری ڕەسـەن و ڕاسـتەقینە تیشکدەرەوەی ژیانە، ژیان بە قووڵی و فراوانی‌یەوە، بە خۆشی و ناخۆشی و سەرکەوتن‌و شکستەکانیەوە، بەهەموو ناکۆکی و ململانەو داهێنانی بەوە.**

**لەلای ئێمەش لە ڕەخنەی کوردی، شیعرو ئەدەب تاوەکو ئێسـتا، لـە سـادەترین پێناسـەی دا، بە ئاوێنەی ژیان لە قەڵەم دەدرێت. وەکو ئەو رووناکی‌یە سەیر دەکرێت کە خۆی بە کـاروانی کۆمـەڵ و میللەتـەوە بەسـتۆتەوەو ڕێگـا لـە بـەردەم نـەوەکان ڕۆشـن دەکاتـەوە. شـاعیرانی کـورد لـە بەرهەمـەکانیان دا ڕەنگـی ژیـان و گیـانی مرۆڤـی کـورد ڕەنـگ ڕێـژ دەکەن و لـە گیـانی سـەردەمیش دانـەبڕاون. ئـەنجا لـەو کـلاو ڕۆژنـەوە دەبیـنین شـیعرو بەرهەمەکانی هێنی شاعیر پڕە لە هەستی بە کوڵ، لە گڕی دەروون، لە پارچەو کـەرت و دیمەنی هەڵبژێردراوی ژیان، لـەتاوی کاریگـەری ژیـانی تایبـەت و گشـتی، کـە هۆشـیارانە هەڵبژێردراون، لەلایـەنی هونـەر و جوانکاریـەوە لەگـەڵ بـیرو ژیـان تێکـەڵ کـراون و بـە تەوژمەوە خراونەتە سەر شانۆی ژیان و سەرکەوتنەوە[3]. لەو شاعیرانەی لـە ئـەدەبیاتی**

---

(٢) عەزیز گەردی. نازم حیکمەت شاعیری شۆڕشگێڕو مرۆڤ پەروەر, گ/ نووسەری کورد, ژ/٩, ئابی ١٩٧٣, ل٦

(٣) د. عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ, شیعری تازەی کوردی, گ/ ڕۆشنبیری نوێ, ژ/١٠٥, ساڵی ١٩٨٥, ل٢٠٢.

کوردیدا به شاعیری گەل ناسراون و سروودیان بۆ ئازادی گەل و کۆمەڵ نوسیوە، هێمن دەبینـدرێت کـە شـیعرەکانی لـە فـراوانترین پانتـایی کوردسـتان و لـەناو بـەرین تـرین کۆمـەڵانی خەڵکدا بلاوبۆتـەوە، شاعیر سـەرتاپای بەرهەمـەکانی و ژیانیشـی بـۆ ئـەوان تـــەرخان کـــردووەو خۆشـــی هـــەر لـــەڕیزی ئـــەوان ژمـــاردووە و ئـــەو ڕاســـتیەی بەرجەستەکردووە، کە شاعیر وەکو خودو وەکو کەسیش لە دوورو لە دەرەوەی کۆمـەڵ و کـەلتوور و خەڵکەکەیـەوە نایەتـە دیٚ و شـیعر و ئەدەبەکەشـی لەوانـەوەو بـۆ ئـەوانیش بووە، کەلتوور و کەلەپووری خۆیان و باب و بـاپیرانی تیـادا کۆکردۆتـەوە، لـە تـەکیان دا ئاسۆیەکی بۆ ژیانی ئایندە نەخشاندووە[٤].

هێمن شاعیرو مرۆڤێکی سەر ڕاست و خاوەنی بەهرەو هونەرێکی ڕاستەقینەبووە، ئەگەر چـی تـا ژیـا، بـە پیردروشـم و تەکنیکـە تازەکـانی شـیعری هاوچـەرخەوە نەچـووەو دەسبەرداری قاڵبی دێرینی شیعر نەبووە، بەڵام ئامـانج و نـاوەڕۆکی سـەراپای بەرهـەم و هونەرەکـەی لـە کێشـەو گرفتـەکانی ژیـان و کۆمـەڵ و سـەردەمەکەی بـیٚ بـەش نـەبووە، ڕەگـەزەکانی هونەرەکـەی لـە خـاك و خـۆڵ و دارو بـەردو فرمێسـك و زەردەخەنـەی گەلەکەی هەلێنجاوە و سۆزو بیرێکی نوێی خستۆتە روو، تا دەنگ و رەنگی ئەدەبەکـەی وای لیٚ هاتووە لە رەنگی خاك و دەنگی خەڵك جیا نەکراوەتەوە. (( ئەوشتانەی کە پایەو مـەقامی ئـەدەبی هێمنیـان بردۆتـە ئـەو پـەڕی بـەرزی و گـەورەیی زۆرن ، هـەر یـەکێك دەتوانیٚ بە جۆرێك شـیـان بکـاتـەوەو ناوی لیٚ بنـیٚ ... ناسك خـەیاڵی ، دەسـتەڵاتی ئەدەبی ، کوردی زانـی ، کۆمەڵناسـی ، خـۆ مانـە و سـەمیمی بـوون ...))[٥] ، تێـوەگلان و بەشداری کردنیشی لە کۆڕی خەبات و تێکۆشانی سیاسی، شکۆیەکی پتری بیٚ بەخشیوەو کردویە بە شاعیرێکی نیشتیمانی ناودار.

لـە نێـوان ڕێـڕەوی شـیعر و ڕێـڕەوی ژیـانی سیاسـی شـاعیر، یەکێتیـیـەکی پتـەو هەیـە، هۆشیاری سیاسـی و کۆمەڵایـەتی لەتـەك هۆشـیاری شـاعیری لەیـەك نـەترازاون، نامیلکـە شـیعرە پـڕ سـۆز و خرۆشـەکانی لـە خـورجینی عاشـق و پێشـمەرگەدا، لەتـەك نـان و فیشەكو شووشەی عەتر، پێکەوە هەڵگیراون. شیعرە ئازادیخوازەکانی گڕیان لە دەروونـی شـەیدایانی ڕێبـازی ئـازادیخوازی کردۆتـەوە لـە وێنـەی شـیعرە گڕدارەکـانی شـاعیری

(٤) محمد جاسم الموسوي, كشف المضامين البرجوازية في الشعر. ط٢, بغداد, ١٩٧٢, ص٩.
(٥) هێدی , وت و وێژ دەگەڵ مامۆستا هێدی, گ / سروە , ژ / ٣٤ , ١٣٦٨ , ل١٣ .

ئازادیخواز (پۆل ئیلوار) کە لە جەنگی دژی فاشیزم لە گەرمەی شەڕی ڕزگارکردنی شاری پاریس، لە حەواوە بە پاراشووت بەسەر جەنگاوەرە رزگاریخوازەکان دا بڵاو دەکرایەوە[٦]. لە جیهانی شیعرو داهێنان دا پێوەرێکی ئەوتۆ لە ئارادا نییە کە بڵێ دەشێ ئەمانە مەسەلە و بابەتی شیعربن و شاعیر دەتوانێ مامەڵەیان لە گەڵدا بکات، ئەمانەش نابێتو نەشیاو و نەگونجاون، مادام مەودای بیرو داهێنان و زمان و شێوازی دەربڕین بێ کۆتاییە، ئەوا مەسەلەکانی شیعریش بێ سنوور بێ کۆتایین. لە شیعردا تەنها ئەو ڕێگاو گۆشە نیگایانە دەگۆڕێن کە لێیانەوە سەیری ژیان و جیهان دەکەین و لەمەوە وێنە و ووزەی تازەی پێك دێ، کە کار دەکاتەوە سەر گۆڕانی ژیان لەلایەنی مادیشەوە[٧]. هێمن ڕەخنەو بیری کۆمەڵایەتی، لەبەرگی شیعردا دەڕازێنێتەوە ناڕاستەوخۆ پێشکەشی دەکا، کە خوێنەر بە پەرۆشەوە وەری دەگرێت، لێرەوە مەرجێکی دیکەی سەرکەوتنی شیعرو هونەری هێمن ڕوون دەبێتەوە، ئەویش ڕادەی بە پیرەوە چوونی خوێنەرو خەڵك و جەماوەرە، کە لەو مەیدانەدا شاعیر گۆی پێشبڕکێی بردۆتەوە[٨]. شاعیر بە قووڵی چۆتە نێو کێشەکانی کۆمەڵ و سەردەمەکەی خۆی و لە گەوهەری دیاردەکانیش تێگەیشتووە، چارەسەری دروست و بنەڕەتی بۆ دەستنیشان کردوون، سەرەنجامیش بیروڕاو هەڵوێستی مرڤانەو دادپەروەری کۆمەڵایەتی سەردەخاو مژدەی پاشەڕۆژێکی روون و خۆشتر و گەشتر بە خەڵکەکەی ڕادەگەیەنێ.

هەر چەندە هێمن جارناجار لە هۆنراوەکانیدا لە وێنەی مرۆڤێکی شکست خواردووی کوردی خانەوێران و کڵۆڵ بە دیار دەکەوێت، نا ئومێدی و ڕەش بینی دای دەگرێ، یا بۆ چارەی کۆست و کول و دەردەکانی پەنا بۆ گۆشەی مەیخانە دەبا، لەگەڵ پێکی مەی و جامی بادە خەمەکانی خۆی دەخواتەوە، بەڵام ئەم گرفتاریانەش لە ئاکامی دەردی کۆمەڵایەتیەوە تووشی شاعیر دەبن، ئەم حاڵەتانەش جۆرێکە لە هەڵوێستی ڕق و توڕەیی، خەڵك هان دەدا بۆ ڕامان و وورد بوونەوە لەو هەڵوێستەی شاعیر[٩]. لەو

(٦) **پول ئیلوار**, مختارات , ترجمة و تقديم: د. سامية احمد اسعد , بغداد , ١٩٧٩ , ص٣٧.

(٧) ادونيس, سياسة الشعر ,ص٢٠.

(٨) **کەماڵ میراو دەڵی , ڕونگە یان ئەدەبی ریالیزمی سوشیالیست , ر/ هاوکاری , ژ/**١٣٥, ١٩٧٢/٩/٢٣.

(٩) **ئەحمەدی قازی , دیدار , ورمێ** , ٢٠٠٠/٨/٢٨.

فەلسەفەیەی کە پەیوەستە بە چارەنووسی ئادەمیزاد لەسەر شانۆی ژیان، کاتێ فرمێسكو زەردەخەنە وەکو دوو دیاردەی بەیەکەوە گرێ دراو، هەر دوو دیووی گەوهەری ژیان پێك دەهێنن.

لە ئاکام دا دەتوانین بڵێین شیعری هێمن ((دەچێتە ناو قولاییەکانی ژیانەوە، پەنجە دەخاتە سەر دەردە کۆمەلایەتیەکان و زەحمەتی و سەختی ئەزموونەکان دەچێژێ، ناکۆکیەکانی ناو کۆمەڵ هەڵدەشێلێ و لەناخی خۆیدا دەیان توێنێتەوە، لە ئاکام دا لە شێوازێکی هونەری تایبەت دا گوزارشتیان لێ دەکاتەوە، تا ئەو جێیەی لەو سەردەمەداو لە چوارچێوەی ئەو هەل و مەرج و واقیعەی تێیدا لە دایك دەبێ، دەبێتە زمانحاڵی خەڵك و بۆن و بەرامەی ئەو ژێوار و واقیع و سەردەمە دەدا، کە بەرهەمەکەی تیادا لە دایك بووە))[١٠]. لێرەوە هەوڵ دەدەین ئەو مەبەست و بابەت و باسانە لە شیعری هێمن دا بخەینە ڕوو، کە لە چوارچێوەی مۆرك و ناوەڕۆکێکی کۆمەلایەتیدا خۆ دەنوێنن.

(١٠) هەڤاڵ کوێستانی , ئێستای شیعرو چەند مەسەلەیەکی شیعری , گ/ نووسەری کوردستان , ژ/١٦, ١٩٨٩, ل٤٤.

## ١/ شاعیری هەق خواز و دادپەروەری کۆمەڵایەتی

### ١/١/ پشتیوانی پاڵەو جوتیار و ڕێنجبەری کورد:

تا ناوەڕاستی ئەم سەدەیەش، کۆمەڵی کوردەواری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە هەموو ڕوویەکەوە، کۆمەڵێکی خێڵایەتی-دەرەبەگی، دێهاتنشینی دواکەوتوو بوو. لە ساڵی (١٩٤٥)دا دانیشتیوانی کورد لە ڕۆژهەڵات، بە سێ ملیۆن کەس مەزندەکراون ، کە ٧٠٪ یان لە گوند و دێهاتا ژیاون و بە ئاژەڵداری و وەرزێری و کشتوکاڵەوە خەریك بوون[١١]. ئەم کۆمەڵە گرفتاری هەموو دەردێکی کۆمەڵایەتی بووە، وەکو هەژاری و نەخۆشی و نەخوێندەواری، زەوی و زاری کشتوکاڵی لادێ کان هەمووی بەدەست ئاغاوخان و دەربەگەکانەوە بووە، جووتیاران لەگەڵ ئەوەش دا لە کۆمەڵگای کشتوکاڵی هێزی سەرەکی بەرهەم هێنان پێك دەهێنن، بەلاَم بە هۆی بێ بەش بوونیان لە هۆیەکانی بەرهەم هێنان، ژیانێکی سەخت و دژوارو پڕ کوێرەوەری بەسەر دەبەن، سامانی ئاژەڵ و گوندو دێهات هی خاوەن موڵك و دەرەبەگەکان بووە، ((مالیکی گەورە جاری وا هەبووە لە (١٠ تا ١٠٠) دێی هەبووەو ٧٨٪ زەوی بەدەست ئەوانەوە بووە))[١٢]. دەوڵەت و دەسەلاَتی ناوەندیش پشتیوانی لەو سیستەمە کۆمەڵایەتییە دەکرد کە لە بنچینەوە لەسەر بنەمای (ئەرباب-رەعیەت) دامەزرا بوو. بۆیە جەماوەری جوتیاران و زەحمەتکێشانی کورد لە شارو لادێ، دوچاری ستەم و چەوسانەوەیەکی دووفاقی هاتبوونو کەوتبوونە نێوانی دوو بەرداشان، لەلایەك زوڵم و چەوسانەوەی ئاغا و خان و دەرەبەگی خۆ ولاَتی بوو، لەلایەکی کە فشارو زۆرو ڕووتاندنەوەی دەسەلاَتداری سەر دەستی بێگانە.

هێمن کاتێك لە رووی نیشتیمان پەروەریەوە لە ڕۆژگاری کۆماری کوردستان نازناوی (شاعیری میللی) پێ بەخشرابوو، لەو ڕۆژانەدا وەکو لایەنگیرێکی سەرسەختی کۆمارو لە دژی دیلی و دەست بەسەری گەلەکەی لە بەرابەر ڕژێمی شاهەنشاهی وە ستابوو، لە باری کۆمەڵایەتیشەوە لە دژی ئەو چینە وەستا، کە خۆشی یەکێك بوو لەوان، واتە چینی

---

(١١)(١٢) عبدالرحمن قاسملو , چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی, ل١٥، ١٦ .

ئاغاو شێخ وخان و دەرەبەگی کورد. چونکێ ئەو باوەڕی بەو ڕاستیە هێنابوو کە رزگاری سیاسی و نیشتیمانی بەبێ رزگاری و پێشکەوتنی کۆمەلأیەتی ناشێ و نابێت. بۆیە هەر لە سەرەتای هۆش و پشکووتنی شاعیری یەوە، ئەو چەمك و مەبەست و ناوەڕۆکە کۆمەلأیەتی یە پێشکەوتووە، واتە پشتیوانی و پشتگیری لە رزگاری چینی جوتیار و ڕەنجدەرانی کورد لە دەست زوڵم و چەوسانەوە و، دەست نیشان کردنی خان و ئاغا و دەرەبەگیش وەکو چینێکی زۆردار و دژ بە ئامانجی گەل، لە شیعرو هۆنراوەکانی دا زۆر بە روونی ڕەنگی داوەتەوە. سەرەتا لە هۆنراوەی (کوردمو...) کە لە ژمارە (٢)ی گۆڤاری (نیشتمان)دا بلأوکراوەتەوەو لەوە دەچێت کە ئەمە یەکەمین شیعری بلأوکراوەی شاعیریش بێت، چەند دێرێکمان لەو بارەیەوە بەرچاو دەکەوێت:-

گەرچی لای ئاغا خەیاڵی خاوە میللیەت
من لەلام باشە هەتا ماوم خەیاڵی خۆم دەکەم

من لەدەس بێگانە ناکەم شکایەت ئەی ڕەفیق
گەر شکایەت کەم لە چنگی مام و خاڵی خۆم دەکەم

ڕۆژێ شێخم دیت و پێم گوت هەتبێ حیسی میللیەت
پێی گوتم من چیم لەوانە داوە سواڵی خۆم دەکەم

گۆڤاری نیشتمان[١٣].

هێمن خۆی لە خانەوادەیەکی نیمچە دەرەبەگی - ڕۆحانی بووەو پێ گەیشتووە، مامو باوك و خاڵەکانیشی، کە شاعیر لێرە ڕووی قسەو ئاخاوتنی لەوانە، سەر بەو چینە کۆمەلأیەتی یە بوون، بەلأم وەکو لە پێشەوە زانیمان، هەستی نیشتیمان پەروەری و ئەندامێتی کۆمەڵەی (ژ.ك)، گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر هۆش و بیرکردنەوە و ڕەفتاری شاعیر داهێناوە، کە لە دژەوە بۆ دژ وەرگەڕاوە.

(فانی)، مەمەند ئاغای ڕەسول ئاغای میراودەلی (١٩١٠ - ١٩٧٣) خەڵکی ناوچەی (مەرگە)ی کوردستانی عێراق و ئەندامی کۆمەڵەی (ژ.ك) بووە، وا ناسراوە کە(( هەموو ژیانی خۆی لە سەردەمی گەنجێتی یەوە بۆ بەربەرەکانی چینی دەرەبەگ تەرخان

کردووە، چ بەقەڵەم و چ بەکردەوە))[١٤]. ئەگەر چی خۆی لە ئاغاکانی ناوچەی مەرگەو پشدەرە، ناوبراو یەکێك بووە لە نوسەرانی گۆڤاری نیشتمان و پارچە هەڵبەستێکی بە دیاری ناردووە، لە ژمارە (٣، ٤)ی ئەو گۆڤارەدا بلاْوکراوەتەوە، هەڵبەستەکە سەبارەت بە خو و ڕەوشتی ناپەسەندی ئاغا و دەرەبەگەکانی کوردە، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵبەستەکە بەم ناونیشانەیە: (دەڵێم بیلێم و ناوێرم) ، بەلاْم لە ڕاستیدا چی تێدا نەهێشتۆتەوە، کە لێرەدا چەند دێرێکی لێ دەخەینە بەرچاو:

قسێکم دێتە سەر زاری دەڵێم بیلێم و ناوێرم
لە باسی(خان) و ڕەفتاری دەڵێم بیلێم و ناوێرم
ئەگەر زۆرت هەبێ یازەڕ، دەڵێن تۆ گەورەو و سەروەر
تەمەع کارن، ڕیا ڕاخەر، دەڵێم بیلێم و ناوێرم
ئەوانەی ئێستە ماڵدارن فەقیریان پێ وەکو مارن
خودا بۆ وا جەفاکارن، دەڵێم بیلێم و ناوێرم

تاوەکو دەڵێ:-

بڵێ فانی بەبێ باکی ، لە نێو ئاغا نەما چاکی
رجام وایە نەبی شاکی ، دەڵێم بیلێم و ناوێرم
ئەگەر نامەردە یا مەردە ئەگەر ئازایە یا جەردە
لەسەر خۆیانە ئەم دەردە دەڵێم بیلێم و ناوێرم[١٥].

لە ژمارەی دواتری هەر ئەو گۆڤارەدا، هێمن بە هۆنراوەیەك وەلاْمی فانی شاعیر دەداتەوە، بەلاْم ئەو بێ باکەو هەرچیەکی دەرحەق بەو چینە دێتە سەر زاری نایگێڕێتەوە، بۆیە دەڵێ، (ئەمن دەیلێم و بێباکم):-

هەرچێکی بێتە سەر زارم
ئەمن دەیلێم و بێ باکم
ئەگەرچی بێکەس و زارم

---

(١٣) م . ش. هێمن , کورد مو... , گ / نیشتمان , ژ /٢ , ساڵی / ١ , ١٣٢٢ , ل١٩.

(١٤) فانی , دیوانی فانی , بەرگی یەکەم , بە سەرپەرشتی کەمال میراودەلی, چاپخانەی ڕاپەڕین, سلێمانی , ١٩٧٦, ل٣, ١٦١.

(١٥) فانی , دەڵێم بیلێم و ناوێرم , گ/نیشتمان, ژ/(٣ - ٤ ) , ساڵی / ١ , ١٣٢٢ , ل١٨.

**ئەمن دەیڵێم و بێ باکم**

**ئەوی ئاغابێ بێ کـــــــارە**

**جەبوون و قەڵس و لاسارە**

**دزی و ڕێگرتــنــی کـــــارە**

**ئەمن دەیڵێم و بێ باکم**

**گەلێ بێ فیکرو ئیـدراکـن**

**گەلێ بێ خێرو ناپــاکـــن**

**توخوا کەی کامەیان چاکن**

**ئەمن دەیڵێم و بێ باکم**

**لە تالآن و بـــڕۆ ئـــــازان**

**لە ڕێ گرتن هەموو وریان**

**درۆ ناکەم بپـــــرســـە وان**

**ئەمن دەیڵێم و بێ باکم**

**تاریك و ڕوون، ل٥٢.**

**لـەو ڕۆژگارانـەدا کـە جۆرێـك لـە ڕاپـەڕین و هۆشـیار بوونـەوەی خـەڵك لـە ناوچـەکانی کوردستانی ئێران لە ئارادا دەبێت، دەوڵەتی شورەوی هێندێك لە سەرەك هۆز و پیـاوانی دەسـت ڕۆیشـتووی کـورد بـۆ (بـاکۆ) بانگهێشـت دەکـات، دەوڵـەتی ناوەنـدی ترسـی لـێ دەنیشێو لە بەرامبـەردا ئـەویش هەنـدێك لـە ئاغـاوات و سـەرۆك عەشـیرەتەکانی کـورد بۆتـاران بـانگ دەکـات و بـەهۆی پـارەو پـول و خـەلأت و بـەرات بـۆلای خـۆی ڕایـان دەکێشێتو لـە بـەرەی خـەڵك و لـە بزووتنـەوەی ڕزگـاری میللەتەکـەیان دادەبڕێـت ، لـە ئاکامــدا دەوڵــەتی ناوەندی((پلانــەکانی خــۆی بــەهۆی ئــەوان لــە ناوچــەی موکریــان دادەڕێـژێت... لەلایـەکی گـەنمی ناوچـەی موکریـان بـە نرخێکـی هـەرزان دەکـڕن تـاکو خەڵکی کوردستان تووشی ئاستەنگی و دەستەنگی و برسیەتی بکەن، لـە لایێکـی دیکـەوە کۆپینی قەندو شـەکر بەسـەر ئـەو سـەرۆك عەشـیرەتانە دادەبەشـنەوە تـا زاریـان شـیرین بکـەن و لـە دژی ئامانجـەکانی کۆمەڵـەی (ژ.ك) هانیـان بـدەن))[١٦]. هـێمن لەمـەوە زۆر**

(١٦) س. چ. هێرش , ڕەوتی سەرهەڵدانی شێعری نیشتیمانی و سیاسی لە موکریان , بەشی دووەم, ل٣٤.

(١٧) عبدالقادر دەباغی, ڕاپەڕینی (کۆمەڵەی) ژێ-کاف, کۆمسیۆنی تەبلیغاتی حدکا, ڕەزبەری ١٣٦٧ , ل٤٧.

لێیان داخ له دڵ دەبێت، بۆیه به توندی هێرشیان دەکاتە سەرو پەلاماریان بۆ دەبات، ((هەرچەندە دەربڕینی ئەو جۆرە بیرو باوەڕەو بڵاوکردنەوەی شیعری دژی دەرەبەگایەتی لەو سەردەمەدا جەرگی دەویستو هەروا سوك و هاسان نەبوو))[١٧]:-

ئەوەندە گێژو بێ هۆشن
حەیاو نامووسێ دەفرۆشن
له بۆ ئازادی ناکۆشن
ئەمن دەیڵێم و بێ باکم
خودای ئاغاوەتان قەندە
له بۆ قەندن هەموو بەندە
به حالیوان دەکەن خەندە
ئەمن دەیڵێم و بێ باکم
ئەوانەی ئێستە سەردارن
جەفا جۆن و ستەم کارن
غولامی پووڵ و دینارن
ئەمن دەیڵێم و بێ باکم

تاریك و روون، ل٥٣.

كه دێینه سەر رووی دووەمی مەسەلەکە، واتە پشتیوانی کردن له جووتیار و ڕێنجبەری لادێ له دژی زوڵم و بێدادی ئاغا و دەرەبەگی کورد، ئەوا هێمن بەو هۆیەی کە خۆی شارەزای ژیانی خەڵکی جوتیارو لادێ بووە، بۆیه به روونی دەرکی بەو ئاکارو ڕەفتارە نالەبارانە کردووە، کەوا چۆن جوتیاری ماڵ وێران له بەر بێ گارو سەرانەو موڵکانەی ئاغا دێ، ساڵ دوانزە مانگ ماڵ داری کەری ڕەنج به خەسار بووە، هەروەها چۆن ئەمانە له مژینی خوێن و ئارەق و ڕەنجی زەحمەتکێشان هاوکارو پاشکۆی یاساوڵ و ئەمنیەی دوژمن و دەوڵەتی داگیرکەر بوون، له کاتێکدا:

گوڵستان و زەمەندی کوردەواری

**بەپێ ی دوژمن دەبوو پێشێڵ و بۆژۆ**

**دەیانکرد دەغڵ و دانی ئێمە بەش بەش**

**دەیـــان بتـــرد دانـــەوێـــڵەی ئێمە کۆ کۆ**

**ئەوی گەنمی ڕەنیۆ دێنا بە زەحمەت**

**لەماڵی دانەبوو خۆی زمهەڕێك جـۆ**

**لـــــە کـیـســـــەی دانەبوو تالأیی تووتن**

**ئەوی سازی دەکـــــرد سیگاری (ئوشنۆ)**

**بە دوو گەز جاوەوە خەونی دەبـــیــنی**

**ئەوی عەمباری شای پڕکرد لە پەمبۆ**

**پەنیر و ڕۆنـەکـــەی ئـێـمـــە بـــەزاری**

**ئەوان دەخورا، دەما بۆ ئێمە هــەر دۆ**

**تاریك روون، ل٦٦**

**شاعیر خۆی لە کۆمەڵێکدا چاوی هەڵێناوەو ژیاوە، کە ڕژێمی دەرەبەگایەتی تیادا حوکم فەرما بووە، دیارە لە ژێر باڵی رژێمێکی کۆمەلأیەتی وادا، شێوەی بەرهەم هێنان جۆرێکی تایبەتی دەبێت، هێمن لەو بارودۆخەدا پەنجەی رەخنەو تاوان و شەرمەزاری بۆ ئەو چین و توێژانە درێژ دەکات کە حازر خۆری بەر سێبەرن، ئەوانەی مانای بوون و ژیان لە بە تالأن بردنی رەنج و تەقەلأی خەڵکی دیکەدا دەبینن و لە مەیدانی کارکردنو بەرهەم هێنان دا جێپەنجەیەکیان لەناو کۆمەڵ دا دیار نیە. شاعیر چۆن خۆی لەناو جوتیاران دا ژیاوەو شارەزای ژیان و کارو خەباتی رەنجبەران و وەرزێرەکانی کوردستان بووە، جگە لەوەی خۆیشی تا ڕادەیەك لەم ژیانە بەشدار بووە، بۆیە لە هەست پێ کردنو دەربڕینی ژان و خەم و ئازارەکانیان دا کارامەو راست گۆ بووەو ژیانی پاڵەو وەرزێر و جووتیاری کورد ئاوا وەسف دەکات:-**

**بەتاڵ و تفت و ساردو گەرم و ناخۆشی ژیان ڕادێن**

**بەگژ تین و بلێســــــەو بەفرو باران و هەور دادێن**

**تاریك و روون ، ل٥٩**

هێمن له قۆناغەکانی دواتری ژیانی لەو باوەڕەدا بووە کە شاعیرو نووسەری ڕەسەن و ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە خۆی لە ریزی زەحمەتکێشان دانەبڕێ، ژیان و ئاوات و ئێش‌و ژانەکانیان بکاتە هەوێنی بەرهەمەکانی و بە زمانی ئەوانیش بدوێ، چونکێ هەر ئەوان هێزی سەرەکی خەبات و گۆڕانکاری پێك دەهێنن لە ناو کۆمەڵ دا، لەم بوارەدا دەڵێ: ((شاعیر و نووسەری کورد دەبێ ئیمڕۆ قەڵەمی بە قازانجی زۆربەی گەلەکەمان بگەڕێ، بە زمانێك بنووسێ کە بەشی پتری خەڵك، کرێکارو جوتیارو کاسبکار تێی بگا... دەبێ بۆ زەحمەتکێشان بنووسێ و ئەوان هان بدا بۆ خەبات))[18]. شاعیر هەمیشە خەون بەدوا ڕۆژێکی ڕووناکەوە دەبینێ بۆ پالەو جوتیار و ڕەنجبەرانی کورد، لەو کاتانەدا کە جولآنەوەی نیشتیمانی پەرەدەستێنێ، ئەندێشەی شاعیر بەرەو ئایندەیەکی ڕووناك و ژیانێکی بەختەوەر بۆ ئەو چین و توێژە چەوساوەیە باڵ دەگرێ ، بۆ ئەو ڕۆژە کە کەرەستەو ئامرازەکانی شارستانیەت دەکەونە بەردەست، بۆ خزمەتی ژیانی ڕەنجبەرو جوتیارانی کورد، شاعیر لە (ئاواتی بەرز) ئەو دوا ڕۆژە بە ئاوات دەخوازێ:

بێ برەو نابێ مەتاعی کوردەواریمان ئیتر
ڕەونەقی پەیدا دەکا ئەو جارەکە بازاڕی کورد
دادەمەزرێنین لە گشت شاری وڵات کارخانەیەك
تا بە دەستی خۆی ڕەنیوبێ بەرهەم و کرگاری کورد

بەر دەدەن گا جووتی لەڕ، سواری تراکتۆران دەبن
دێتە دەر بوورەو بەیارو بەندەن و نیساری کورد
کشت و کاڵ و جووت و گامان دێتە سەر باری لەبار
پڕ دەبێ تێر و جەواڵ و مشت دەبێ عەمباری کورد

خەستەخانەشمان دەبێ، دکتۆر و دەرمانیش فرە
ناکەوێ تازە لە کووچان خەستەوو بیماری کورد
بەختیار و خوێندەوار و ساغ و تێرو پڕ دەبێ
دێتە دەر ماکەی نەهاتی و نەگبەتی و ئیدباری کورد

تاریك و ڕوون، ل١٢٥.

(١٨) هێمن, ئەرکی نەتەوایەتی ئیمڕۆی شاعیر و نووسەرەکانمان , سەرچاوەی پێشوو , ل٤.

له (ئارەق و تین)دا شاعیر ژیانی جوتیاری کوردی ئازاو چالاك و بەرپاپەڕ وێنە دەکێشێ، کە چۆن لەگەڵ کازێوەدا لە سەر موڵك و مەزرا حازرو ئامادەیە، بە جۆرێك کە تاو هەڵدێ ئەو زەمانێکە سەرقاڵی کارو فرمانە:-

پـێــش ئـــەوەی گـزنـگی هەتاو
تــرۆپــکـــی چـــیـــا بنـگێوێ
پێش ئـــەوەی شــنـــەی بــەیانی
بســـکـــی بـــەڕەزا بــبــزێـــوێ

- -

پێش ئەوەی قــاسپەی خاسەکەو
له زەردو مـــا دەنـــگ داتـــەوە
پێش ئەوەی بـلـبـــل بـخــوێنێ
خــونــچــە دەمـــی بکـــاتـــەوە

- -

من کـــاوی خـــۆم لـە کـاردیوە
من جـــــەرگی زەویـــم دڕیـــوە
من شـیـلـــەگـــەم هـــەڵبـــڕیوە
من یـــەك ســـەریـــم ئـاخـنیوە

مـــن ڕیزە ســـوالـــەم دانـــــاوە
شـــەغـــرەو وێنـــجـەم پێـــوە داوە
من گـــاگــێـــرەم تـێـــر کـــراوە
یـــا خـــۆیـــانـــم وەرگـــێـــڕاوە

- -

هـــــاویـــن و پـــایـــز و بـــەهـــار
هـــەتـــاو لێی نــــەداوم بـــێـکـار

تاریك روون، ل١٨٧.

شاعیر به زمانی جوتیارێك دێته دوان، راستەقینەیەکی پڕشنگداری ئەو ژیانەمان له بەرگێکی ساکار، بەلأم رازاوەتر له بووکی ناو کەژاوەی شیعر، له سەر زمانی (جوتیارێك: ڕەمزێك) پێشکەش دەکات، سروودێکی ساکارە، بەلأم قوولْ و به پێزو پڕمانا، دوا بەندەکەی پرسێکی ئەزەلیيە و بۆن و بەرامەی فەلسەفەو ژیانێکی لێوە دەتکێ:-

من جوتیارم، مـن جـــوتیـــارم
من لەگـەڵ هەتـاو هاوکـــــــارم
من به ئـارەق و ئـــەو بـــەتـین
دامان رشـتـووه بنـاغـــــەی ژین
باسـکی مـن و تـیــشکی ئـــەوی
بــژێو دەســتـێــنـــن لـــە زەوی
گـەر جـوتیار ئـــــارەق نەڕێژێ
گـــەر هـــەتـاو تـیشـك نـــاوێژێ
دانیشتووی نـاو کـۆشـك و قـــەلأ
دەخـــۆن نـــانـــی گـــەلأ گـەلأ؟

تاريك و روون، ل١٨٨.

ئەو پرس و بۆنی ژیان و فەلسەفەیە، بیری چینایەتی یه، که دوابەدوای جەنگی دووەمی گێتی کاری کردۆته سەر تێکڕای ئەدەبی کورد و تیادا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ یەکێکی وەکو هـێمن کـه بـه بـاوەڕی ئێمــه بــه پەیوەسـت لەگـەڵ ئــەم بـیرو بـاوەڕەدا، مرۆڤێکـی ئایدیۆلۆژیست نەبووە، بەڵکو مرۆڤێکی چاك و پاك و کورد پەروەرێکی دیموکرات خوازو دڵسۆز بووە، بەلأم زۆرجار لـه سـۆنگەی بـیری پێشکەوتن خوازیـیەوە، مامەڵەی لەگـەڵ کاروئـەرکی ڕۆژانـەدا کـردوە، وەك چـۆن لـه هـۆنراوەی (ئـارەق و تـین)دا دەردەکـەوێت، شاعیر ناکۆکی و جیاوازی له نێوان ئەو بەرەیەی کەوا ڕەنج دەکێشێ له پێناوی ژیـان و، ئەو بەرەیه کەوا رەنج به تالأن دەبا نیشان دەدات:-

بەلأم حـــەیـــــف ئێستاش لێـره
من برســـــیــــم و کەسێك تێـره

نەقەت ئارەقی ئــەســـڕیـــوە
نەقــەت گەوزی هـــەڵــبـــڕیوە
نەمەچەکی جـــەمــــام بووە
نـــە چۆڵەمەی لەجیٚ چـــووە
نــە بــە گـــەرما داهــێـــزراوە
نـــەخـــەوی لــەچـــــاوی زاوە
نــە بــە ســـــەرمـایـــە تەزیوە
نـــە لـــەکــــای پـــایــز خـزیـوە
نـــــەدی شــــەوو شـــەو نخوونی
نـــەچـێــشتی دەردی نـــەبوونی

- -

تـــاکــــەی وابــم تـاکـــەی وابم
دەس بـــەتـــاڵ و ڕەنــج بەبابم
تـــاکـــەی رەنــجـــی شان و پیلم
بۆ دوژمن بیٚ، بـــۆمـــن دیـــلـم؟
نـــا نــــا تــــازە ڕاپـــەڕیـــــوم

نـــاتـــوانـــن بـــدەتن فـــریـوم

تاریك و روون، ل١٨٩.

شاعیر لێرە وەکو زمانحاڵی چینی چەوساوە دێتە گۆ، کە هۆشیار بۆتەوەو پێویستە جڵەوی چارەنووس و پاشە ڕۆژیان، خۆیان بیگرنە دەست[١٨]. بوونی جیاوازی و نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، لە کۆمەڵگای چینایەتی دا، دەبێتە مایەی ناکۆکی و زوڵم زۆر، کە چەوسانەوەی چینی ژێر دەستەی لیٚ دەکەوێتەوە، بەدەست چینی سەر دەستەی کۆمەڵ، کە چینی خاوەن موڵك و سەرمایەو دەسەلاٚتدارانن، لە پاشان هەموو ئێش و ژان و دەردەکانی ناو کۆمەڵ لەو جیاوازی و ناکۆکیانەوە سەرچاوە هەڵدەگرن.

---

(١٨) دوکتۆر عبدالرحمن قاسملو , شاعیری گەل , تاریك و روون , ل ج.

شاعیر لە (ئێوارەی پایز)بە روونی و راشکاوی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیە دزێوانەی کۆمەڵگای چینایەتی ڕیسوا دەکات:-

دوور قاقایەکم گوێ لێ بوو
دەتگوت گوڵلەم پێوە دەنێ
چۆن بە ئێوارەی پایزیش
ئی وا هەیە پێ بکەنێ ! نالەی جودایی، ل٣٢.

هێمن خۆی وەڵامان دەداتەوە، دیوی دووەم، یا دیوی ناوەوەی وێنەکەمان نیشان دەدات، کە رووە دزێو و ناشرینەکەی ژیانی کۆمەڵی چینایەتی یە، کۆمەڵێك کە لە سەر سوودو قازانج و بەرژەوەندی تاکە کەس بنیات نرابێت. ئەو تاکانەی کە لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەت دا، لە هیچ شتێ نا پرینگێنەوە:-

بەلێ هەن و یەکجار زۆرن
بازرگانی فرمێسك و خوێن
بەڵێ هەن و پێدەکەنن
بەسەر بەهەش بەمل بەکوین

- -

بەکەلاوە، بەکوندە بوو
بەدیواری هەرەس هێناو
بەداوێنی تیتۆڵ تیتۆڵ
بە ئانیشکی پینە کراو

- -

بەچلکی یەخەی کرێکار
بەکەڤ سەرشانی جوتێر
بە پەچەو رووبەند، بەخەنجەر
بەیەك نەبوونی مێ و نێر

- -

لــە قــامـــووســی ئــەوانــەدا
بـــەزەیـــی مـــانـــای نـــەمـاوە
بێزیان لە بزە هەڵدەســـتـــێ
وازیان لە خوێن و زووخـــاوە

-　　　-

هــەنــاسەی ســاردی ئــاواران
کۆشــکــی ئەوان گەرم دەکا
لەشی ڕەق و زگـــی بـــرسی
جێ پارویان نـــەرم دەکـــا

-　　　-

ســەرمایــەی وان لەگەڕ دابێ
بـــا زۆر دەرك بە قوڕگیرێ
دەبا خوێن بێ و سەران بەرێ
چـــەرخی کارگەیان بگەڕێ

ناڵەی جودایی ، ل٣٦.

ڕەوڕەوەی زەمان دێت و ڕادەبرێ، نیو سەدە بەسەر ئەو ڕۆژگارانەدا تێدەپەرێ کە هێمن بۆ یەکەم جار دەنگی پشتیوانی خۆی بە قازانجی پاڵەو جوتیـاری کـورد و خـەڵکی ڕەشـو رووتی خێر لە خۆنەدیوی دێهاتنشینی وڵاتی کوردەواری هەڵبڕیوە، کەچی لـەو هـەوارەدا هەر هەمان نابەهارە، لە کاتێکدا جیهان لەو ماوەیەدا هەنگاوی مەزنی لە بواری زانستو شارســتانیەت دا هــەڵێناوە، کەچــی لــە کوردســتانی ژێردەســت دا، تروســکایی گــۆڕان و پێشکەوتن لە بارودۆخی ژیانی ئەو خەڵکەدا لە ئارادا نیـیە، دیارە ڕژێمـە سەردەست و دەسەڵاتدارەکان، واقیعی بەهەژار ی و رووتاوەیی هێشتنەوەی خـەڵکی کـورد و هـێلان و پشت گوێ خستنی وڵاتی کوردەواریان وەکـو سیاسـەتێك لـە دژی کـورد پـەیرەو کـردووە، بێجگە لە جۆرەها زوڵم و چەوسانەوە، ئەم واقیعی بە دەستی ئەنقەست پاش خستنە تـا ڕۆژگاری ئێستاش لە کوردەواریدا درێژەی هەیە. لە ( بەهاری ئاڵ ) شاعیر پەنجە بۆ ئەم ڕاستیە درێژ دەکات، کـەوا ئەگەرچـی ڕژێمـەکان یـەك بـە دوای یـەك دادێـن و دەگـۆڕێن، بەڵام ئەمە شتێکی رووکەشەو هەر بەناوە:-

جوتیاری ئازاو تـوندو تۆڵ
گا جووتی لەڕ گاسنی کۆڵ
بــــرسی ، هەژار، بێ دەرەتـــان
رەش و رووت و بێ تـــۆو نـــان
دەستی قەڵشیو پـــێ ڕاگــــیراو
گـــیــرفـــانـــی دڕاوو بـــــێ دراو
پـاڵەی ســــواله هـۆنی به گورد
چەقڵی چــــاوی دوژمنی کورد
خانووی کاول و ڕەش و بــــرش
هەر نانی رەق و دۆی تـــــــرش
بۆی کـــرا درۆ و دەلـــەســـــــه
کوا ڕێگاو بان و مەدرەســــــه؟
نـــەك مـــافـی جوتیار نەدراوە
لادێمان خـــاپـــوور کـــــــراوە
سەرگەردان بوون لە نـێو تۆڕا
بـــەوەی نـــیـیه نـێـویان گۆڕا
بــۆ زەحـــمـــەتـکێشی قارەمان
نـــه دکـتـۆر هەیە نە دەرمان
بێ بەهرەن لـــه خوێندەواری
خوێندەواری و کوردەواری؟

پاشەرۆك ، ل٢١٤.

بەم جۆرە ئەم واقیعی دواکەوتن و پشت گوێ خستنە بەهەموو ئازارو زووخاوەکانیەوە، وەکو نەریتێك، پشتاوپشت بۆ چینی جوتیار و زەحمەتکێشی کورد، بە میرات ماوەتەوە. شاعیر بە ڕاشکاوی دەری دەبڕێ و بێزاری خۆی لە ئاستیدا نیشان دەدات، داوای گۆڕینی دەکات.

## ١ / ٢ / لایەنگیری سەربەستی و رزگاربوونی ژن

نیوەکەی تری کۆمەڵ، ژن یاخود ئافرەت، یەکێکە لەو کێشە کۆمەڵایەتیانەی دەمێکە سەرنجی رووناکبیرو شاعیرانی بەلای خۆیدا راکێشاوە هەر کەسەو بەگوێرەی تێگەیشتن و هەل و مەرجی سەردەمەکەی خۆی، چارەسەری بۆ دۆزیتەوە.

مەسەلەی ژن و پشتیوانی و پشتگیری لە سەربەستی و رزگار بوونی، لە ئاست کۆت و بەندو ئاستەنگی کۆمەڵایەتی، یەکێکە لەو بابەتانە کە هەر لە سەرەتاوە مێشك و بیری هێمنی داگیر کردووە. لە پاشان وەکو مەبەست و ئامانجێکی کۆمەڵایەتی - سیاسی سەردەم، لە بەشێکی زۆری هۆنراوەکانی، بەگەرمی بە پیریەوە چووەو وەکو رەنگێکی زاڵ لەنێو وێنەو تابلۆی هۆنراوەکانیدا دیارو بەرچاوە.

لە سەرەتا خامەی شاعیرانی کلاسیکی کورد، هەمیشە لە روانگەی دڵداریەکی رووتەوە لە دەوری باس و بابەتی ئافرەت دا سووڕاوەتەوە[١٩]. دواتریش لە دێدو بۆچوونێکی رۆمانسیانەوە، وەکو بوونەوەرێکی جوان و ناسك و خەم ڕەوێنی پیاو سەیرکراوە. تا ئەو ڕۆژانەی ناوەڕۆك و بیرو باوەڕی سیاسی و کۆمەڵاتی لە ئەدەبی کوردیدا پەرەدەستێنێ، شان بەشانی رووناکبیری کوردی، ئەوسا مەسەلەی ژن و رزگار بوون و بەشداری کردنیان لە کاروباری ژیان، وەکو کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دێتە پێشەوە. تێگەیشتنی هێمن سەرەتا بۆئەو مەسەلەیە ئەوەندە قووڵ و ریشەدار نەبووە، هەر لە روانگەی دڵسۆزی و کوردایەتیەوە ئاوڕی لێ داوەتەوە:-

دێدە گیان کچی کوردی ژیکەڵە
داوێنی پاکت دووربێ لە پەڵە

کچی هەموو کەس ئیمڕۆ سەربەستە
هەر هەقی کچی کوردە پێ پەستە

تاریك و روون ، ل٥٠.

(١٩) دلشاد عەلی , دیلان - شاعیرو ئازادیخواز , چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق , بەغدا , ١٩٨١ , ل٢٠.

ژنی لادێ بە حوکمی ژیان و باری ئابووری و هاوبەشی کردنی لە کارو ئە رکی ڕۆژانەدا، جۆرێك لە ئازادی و سەربەستی هەیە، لەبەر ئەوەش بواری دانیشتن و گیرسانەوەی لە ماڵ نیە، بۆیە تا ڕادەیەکیش لە داب و نەریتی ژنانی شارستانی بە دوورە:-

کیژی لادێیی نەشمیلی جوان چاك

بێ فرِوفێڵ و هێدی و داوێن پاك

ئەتۆ هەر زگ ماك     وەها جوانی

تەوالێت چی یە  نــــاوی نازانی

مایەی هومێدی کیژی چاو هەڵۆ

نازانی مەکرو جــامبازی و درۆ

چار شێوت نیە  ڕووناگری لەکەس

نامووسی خۆتە پاسەوان و بەس

تاریك و روون ، ل٦٣.

پاشان ڕاستەقینەی مەسەلەی ژن لەلای شاعیر، لە کۆمەڵی دواکەوتوو ژێر دەستە دا، روون و راشکاوانە تر ئاشکرا دەبێت. پێمان دەڵێت، ڕاستە ئەگەر ژن نیوەی کۆمەڵ پێك دەهێنێت کەوا بێت رزگاری کۆمەڵ بێ رزگاربوونی ژن نابێت، یا لەوەش گرنگتر مەسەلەی رزگاری و سەربەستی ئافرەت وەکو ئەو تەرمۆمەترەیە کە رزگاری هەموو کۆمەڵی پێوە بەستراوە:-

چۆن دەبێ سەربەست گەلی ژێر دەست کە کچ دابەستە بێ

بەس نەبێ ئەو کویلەتی و ئەو کچ لە ژوور دابەستنە

دەرکی داخستوە لەتۆ بابت کەچی دەرکی نیە

دەرکە داخستن لەتۆ دەرکی هومێد داخستنە

تاریك و روون ، ل٧٠.

ئەنجا روو لە ژنانی کورد دەکات و هۆکارەکانی رزگاربوون و ڕێگای چارەسەری کێشەکەیان بەم ڕەنگە بۆ دەستنیشان دەکات:-

-لە پێناوی رزگاری و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دا پێویستە ژنانی کورد خۆیان بێنە مەیدانی تێکۆشان و هەوڵ و تەقەلا بدەن، هەم لە بواری ڕاپەڕاندنی کارو ئەرك و

فەرمان دا وەکو پیاوان، هەم لە بواری فێربوونی زانست و زانیاریدا چاو لە ژنانی دنیا بکەن کە چۆن گەیشتوونەتە ئەو پایەی ببن بە هونەروەرو ئاسمانگەڕ.

-خۆیان لە چنگ داب و نەریتی دواکەوتووی کۆمەڵایەتی دەرباز بکەن جا چ ئەو داب و نەریتانە خۆماڵی بن و زادەی ژیانی پاشکەوتووی کوردەواری بن، یا چ دوژمنان بۆ چاوبەستەکی و بە مەبەستی فریودانی کۆمەڵ، بەناوی شارستانیەتەوە بۆ ئا فرەتانی کوردیان بەدیاری هێنابێت !

ئەنجا کاکڵەی مەبەستەکەی بەم شێوەیە دەداتە دەست، کەوا رزگاری ئافرەت بەهۆی بە دەستهێنانی هونەرە راستەقینەکانی ژیانی هاوچەرخ و شارستانی دا دێتەدی، لەوێنەی خوێندن و فێربوونی زانست و کار کردن و تێکۆشانەوە، نەوەکو لەڕێ ی لاسایی کردنەوەو پەیڕەوکردنی هەندێ ئاکارو رەفتاری ژنانە، کە توێکڵ و دەرهاوێشتەی ژیانی شارستانی پێك دەهێنن نەوەکو کرۆك و گەوهەرەکەی. بالەو بارەیەوە گوێ لە شاعیر بگرین:-

دارزینە ، مردنە، ئاخر هەتاکەی پێت بلێن
نابێ بێتە دەر لە ماڵ، مافی ژیانی کوا؟ ژنە

لادە چار شێوی رەشت با دەرکەوێ کولمی گەشـــت
چۆن لە قەرنی بیستەما زۆر عەیبە ئەو روو گرتنە

کیژی خەڵکی بۆمی ئاتۆمی دروست کردوە ئـــەتۆش
هەر دەزانی ناوی (ئەستێولك) و (دەرخۆنە) و (پنە)

فێری زانست و هونەر بوو ئەو لەسایەی خوێندنی
تۆش تەشیـــان بۆ دەرێسی یـــادگـــاری شـیـــرنــە

کوڕ بەزێنە ئەو لە عیلم و ئەو لە کارو سەنعەتا
گۆرەویشە سەنعەتی تۆ، پێت خەنی بووم بیچنە

ئەو پەچەو رووبەند و چارشێوەی نەدیوە نەنکی تۆ
ئـــەو شـــڕوشـــالاَتـــە دیـــاری دوژمـــنـــی دڵ چـڵکنە

با هەزار (زێ) و (گادەر) و (لاوێن)ی روونیشمان هەبێ
تـــاکـــو ژن ئـــازاد نـــەبـــێ ســـەرچاوەکەی ژین لێخنە

دیاره ئەم شڕو شالأتە:-

-بوونەتـە ڕەمزێـك، هـەم ئـافرەتی كـوردی لـە بـاری كۆمەلأیەتیـەوە دیـل و دەسـتەمۆ كردووە، هەم كۆمەڵیشی لـە دیـداری روون و جـوان و بـێ گـەردی ژنـان، كـە سەرچاوەی روونی ژیانن،بێ بەش كردووە. بەو مەعنایە بێت هێمن نەك تـەنیا وەكـو مـرۆڤ، بـەڵكۆ وەكو مرۆڤێكی جوان و سەرچاوەیەكی روون و بێ گەردی ژیان سەیری ژن دەكات[٢٠]:

ڕۆژی بەختی هەر لە ژێر هەورێكی رەش دایە لاوی كورد
تـاكـو روخسـاری كـچـی شـاری لەپێش چـاوان ونە

نایـەڵێ گۆشـەی بـرۆكـەت دەركـەوێ چارشێوەكەت
ئـەی لـەدەس ئەو چلكە هەورە مانیعی مـانـگ دیتنە

تاریك و روون ، ل٦٩.

یا كاتێ دەڵێ:-

كیژی شاریمان لە خۆی وەرگرتوە چـارشێوی رەش
دا خەكەم نەم دی لەوێ مانگێكی دەوری تەم نەبێ

تاریك و روون ، ل١٣٢

ئەنجا رێگاو چارەسەری بۆ كێشەی ژنی كورد لەلای شاعیر هەر ئەمەیە:
كوێلەتی باوی نەماوە، كیژی كوردی خۆشەویست
راپەڕە، هەستە لەخەو، ئاخر چ وەخـتـی نوستنە
دەركـە بشـكێنە، پەچە بدڕێنە، راكە مـەدرەسـە
چاری دەردی كوردەواری خوێندنە، هەر خوێندنە

تاریك و روون ل٧٢.

لـە دوادواییـەكانی تەمـەنی دا شـاعیر بـیرو بۆچـوونەكانی لـە قـالبێكی رێـك و پێـك دا دەخاتەوە روو، كەژنی كـورد وەكـو یـارو نـازدارو خوێنـدەوارو هۆشـیارو خـەباتكار، واتـە مرۆڤێكی تەواو دەخوازێ لە (فرمێسكی روونو)دا دەڵێ:-

(٢٠) محمەدی مەلا كریم , خەباتی شیعری كوردی لە پێناوی ئازادی ئافرەت دا , گ / بەیان , ژ / ٢٦ , ١٩٧٥ , ل١٢.

نامەویٚ روو بگریٚ تا دەمریٚ بــــــە فیٚلٚبازی و درۆ
یاری نازداری ، لە بــاری ، دیـــاری شەرمینم دەویٚ
من تەشی رِیٚسیٚکی وەك (شیرین وەفایی)م بۆچی یە
کــیــژی وریـــــای چاوکراوەی فیٚرە زانـیــنـــم دەویٚ.

پاشەرۆك ، ل٢١٧.

هـیٚمن کاتیٚـك لـە روانگەیـەکی سیاسـی - کۆمەلاٌیـەتی یـەوە و لـە کلاٌو رِۆژنـەی ئـازادی ئافرەتەوە دەرِوانیٚتە کۆمەلگەی کوردەواری، گەلیٚ شتی بۆ روون دەبیٚتەوە:-

کـەوا لـە کۆمــەلٌی دواکـەوتووی (نیــوە دەرەبــەگی-نیــوە سـەرمایەداری)دا پیــاوان بــە چەشـنیٚکی ئاسـایی چەوسـاوە و ژیٚـر دەسـتی دوو جـۆر سیسـتەمی دەسـەلاٌت دەبنــەوە، یـەکیان دەسـەلاٌتی سیاسـی (داگیرکـاری و بیٚگانە)یـە دووەمـیش دەسـەلاٌت و سیسـتەمی کۆمەلاٌیەتی نا هاوسانە. بەلاٌم ئافرەتان سەرەرِای ئەوەی کە ژیٚر دەسـتی ئـەو دوو جـۆرە سیستەمەی دەسەلاٌتن، ژیٚر دەستی پیاویشن، کە ئەمە نویٚنەرەوەی هەموو ئایدیۆلۆجی و سیسـتەمی سیاسـی و کۆمەلاٌیـەتی کۆمەلگـەی (بـاوك سـالاری و فیـودالی)[٢١] یـە، بۆیـە شاعیر دەرکە داخستن بە رووی ئافرەت بـە دەرگـا داخسـتن لـە رووی پیٚشـکەوتن دەداتـە قەلٌەم، کاتیٚ دەلٌیٚ:

دەرکی داخستوە لەتۆ بابت کەچی دەرکی نىیە
دەرکە داخستن لەتۆ دەرکی هـومـیٚـد داخستنە
با هەزار (زیٚ) و (گادەر) و (لاویٚنی) روونیشمان هەبیٚ
تــاکــوو ژن ئازاد نەبیٚ، سەرچاوەکەی ژیــن لـیـخــنــە

تاریـــك و روون ، ل ٧٠-٧١.

چەوسانەوەی ژنانی لادیٚ لەگـەلٌ هـی شـار تارادەیـەك جیـاوازە، دەسـەلاٌتی پیـاو لـە چـاو خۆیدا هەمیشە لەناو جووتیارانی هەژاردا کەمتر بووە، چـونکیٚ جوتیـارە هـەژارەکان لـە

(٢١) برهان شاسوار , سەرچاوەی پیٚشوو , ل٥.

رووی ئابووریـیەوە ناچـاربوون مـل بدەنـە بـەرکارو ئـەرکی ژیـان، شـان بەشـانی پیـاوان، هەرچی ئافرەتی شارە، دیل و دانشتووی نێوان چوار دیوارە:

کیژی شێخ و کیژی حاجی و کیژی ئاغا رەنجەڕۆن

کـیـــژی ئـــازادە ئـــەوی ژیـــنـی بە نووکی گاسنە

تاریك و روون ، ل ٧١.

ئەنجا هێمن لە بەشداری ژن لە بـواری کـارو بەرهـەم هێنـان دا کۆمـەڵی بـەختیار بـەدی دەکات، بۆیە لای ئەو راپەڕاندنی جـەماوەری بـەرینی ئافرەتـان بـۆ تێکـەڵ بـوون لـەکارو چـالاکی و بەرهـەم هێنـان دا ئـەو پـەڕی گرینگـی هەیـە لـە بنیـات نـانی کۆمـەڵێکی بەختەوەردا، لێرەوە شاعیر تیشك دەخاتە سەر رۆڵی ژن لە کۆمەڵی کوردەواری دا:

کوا مەتاعی کوردەواریمان دەچوو بۆ هەندەران

گەر بەسەربەستی نە ژیبا ئەو کچە مازوو چنـە

بێرو هــاوێری لـــەگەڵ کـاکـــی نەکرد با بن پشك

چۆن دەمان بوو ئەو هەموو گۆشت و پەنیرو بەرگنە

دەست و کەرکێتی کچی نازداری هەوشاری نەبا

چـــۆن دەڕازاوە بـــەقـــاڵی شـــارو بازاڕی سنە ؟

تاریك و روون ، ل ٧١.

کە هات و کچیش زانا و خوێندەوار بوو، ئەوا دەبێتە مایەی شانازی و تیشکی هیوای دوا ڕۆژی رووناك بۆ گەل و بۆ نیشتیمانەکەی:

ئەی کچی جوان کچی لـــەبار

ئەی کچی زانــاو خوێنــدەوار

ئەی گولاڵەی نواڵی کوێستان

مایەی شـــــانازی کوردستان

تیشکی هیوای دوا رۆژی روون

ســـارێژ کەری زامی دەروون

گـــــەلاوێژی بە شۆقی گەش

روونــاك کەرەوەی شەوی رەش

بەهاری خێرو بێرو هات

گزنـگی بـەیـــانی ئاوات

تاريك و روون ، ل١٥٧.

چەمك و تێڕوانینی شاعیر بۆ مەسەلەی ژن لـە ژیـان دا، زیـاتر پـەرە دەسـێنێت، تـا ئـەو رادەیەی وەکو هاوڕێ و هاوخەباتی ریگای تێکۆشانی لێ رەچاو دەکات، تێکۆشەرێك بێـت فریوی بەندوباو نەخوات، چێژو خۆشی رۆنیشتن و رابواردن، لـە هاوخـەباتی و رێبـازی تێکۆشـانی نیشـتیمانی مێـردە خەباتکارەکـەی لای نـەدات... بـە جۆرێـك پیـاویش ئـەو هۆشمەندیەی لەلا دروست بێت کە لەو رۆڵە گرینگ و خەتەرناکە بگات کـە ژن دەتـوانێ پێی رابپەرموێت و چی تر وەکو ئەو گوڵدانە ناسکە سـەیری نـەکات کـە بـە سـرووەیەك بەلا دادێ و ووردوخاش دەبێت، بەڵکو لە بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکی پـیرۆزدا بەشـداری پـێ بکـات و بەرپرسـێتی نیشـتیمانی وەکـو ئەمانـەتێك بخاتـە ئەسـتۆی، وەك چـۆن ئەمانەتێکە لە ئەستۆی خۆی[٢٢]. ئەم بـیرو بۆچـوونە لـە هـۆنراوەی (گـوڵی هیـوا)دا بـە دیار دەکەوێت:

ئەختەر کچی کوردی چـاو مەست
ئیلهام بەخشی، شیعری پڕ هەست
ئەی پێشمەرگەی میللەت پەرەست
کــە دیتمی تفەنگ بــە دەســت
زانیم گوڵی هیوا پشکوت
بـەیانی ئازادی ئەنگوت

- -

شـەقت هەڵدا لە زێڕو جل
تــوورت داوە کلــدان و کل
توندت کردووە پشتێنی شل
فیشەك دانت کــردۆتە مل
پســـاندت بازنەو پــاوانە

(٢٢) حنا مینە , سەچاوەی پێشوو , ل١٤٢.

دەستــت دا تفەنگ پیاوانە

تاریك و روون ، ل١٠٢.

بەرلەوەی ئەم گەشتەمان سەبارەت بە رەنگدانەوەی مەسـەلەی سەربەسـتی و ئـازادی ژن لە شیعرەکانی هێمن دا بە دوایـی بێـنن، بـە پێویسـتی دەزانـین ئاورێـك، بـۆ ئاماژەیـەکی بچووك بەلاّم رەوان گۆو پڕمانای شاعیر بدەینەوە سـەبارەت بـەو مەسـەلەیە. شـاعیر لـە هۆنـراوەی (ئێوارەی پایز)و لە راگوزەرێکی ناکۆکی و ناسۆریە تونـدەکانی نێـو کۆمـەلگای دەرەبەگی و چینایەتی دا، باس لە زەبرو سامی چەوسانەوە دەکات لـە ئاسـت چـینی بـێ دەستی ناوکۆمەلێ: کرێکار و جوتیارو ژن، دەلێ:

بــەچــلّکــی یەخەی کــرێکار
بەکەڤ ســـەرشــانــی جوتێر
بە پەچەو رووبەند و خەنجەر
بەیەك نەبوونی مێ و نـێـــر

نالەی جودایی ، ل٣٥.

لێرەدا مەبەست ئەوەیە تیشك بخەینە سـەر دوو نیـوە دێـری دووهـەم، کـە شـاعیر چـۆن مەبەستێکی کۆمەلاّیەتی لە چوارچێوەی یـەکێتی یـەکی لـۆژیکی زینـدوو خولقانـدوووە. خەنجـەر هێمـای هێـزو دەسـەلاّت و پیـاوە لـە بەرابـەر پەچـەو رووبەنـد و چارشـێو، کـە ڕەمـزی دیلـێتی ژنـە. ئـەم دوو هێمایـە لـە کۆمـەلّی ئێمـەدا چ جیهـانێکی نـا ئینسـانی نابەرابەریان پێك هێناوە، کە هێمن لێی بێزارە بۆیە دەری دەربـڕێ، تاڕادەی ئەو زولّمـە هەسـت پـێ بکـرێ، تـاوەکو چارەسـەر بکرێـت. پیـاو دەتـوانێ دووژن و سـێ ژن و چـەند ژنیشی هەبێت، لێ پرسینەوەی لەسەر نی یـە، چـونکێ لەیـەك کاتـدا (خەنجـەر و هێـزو سەرمایەو دەسـەلاّتە) . بـەلاّم ژن کـە لـە کـاتی ئاسایی دا لـە ژێـر زەبـری قورسـایی ئـەم هەموو دەسەلاّتانەدایە کـە هـات و پـێ یـەکی بـەخواری دانـا لـە دەرەوەی مـالّ هـەر خـوا دەزانێ چی بەحالّ دەبێ ؟[٢٣].

(٢٣) هێرش ، هێمن و من , ل١٢١.

هـێمن لـە کۆبەنـدی بەرهـەمی شـیعرەکانیدا ڕۆڵـی ئـافرەتی کـورد وەکـو مـرۆڤ و کەسـایەتیەکی کاریگـەری ناوکۆمـەڵ دەخاتـە ڕوو، وەکـو (شـۆڕە ژن و شـێرە ژن) دەیناسێنێ، وەکو چۆن پەنجە لەسەر دەردو زامەکانی واقیعی ئەو مرۆڤەش دادەنێ ڕێگە چارەو تێروانیەکانی خۆشی لە بارەی ئازادی ژن لە کۆمەڵ دا دەستنیشان دەکات. بۆیە بڵێند گـۆو بانگـەوازێکی بـەرزو نـەمرە، ئـەو پشـتگیری و پشـتیوانیەی شـاعیر لەمـەڕ مەسەلەکانی سەربەستی و ڕزگار بوونی ژن دا بۆی بەجێ هێشتووین.

## ٢/ شاعیری کوڕی لادێ

### شارەزای ژیان و داب و دەستووری کۆمەڵی کوردەواری:

هێمن لە لادێ چاوی بە ژیان هەڵێناوە، سەردەمی منالی و فراژی بوونی لە لاچین بەسەر بردووە، دواتر بەمەبەستی خوێندن و بەفەقێیەتی گوند و دێهاتەکانی ناوچەی موکریان گەڕاوە، دۆڵ و چیاو کەژو کێوی ئەو مەڵبەندەی پێواوە، پاشان کە گەورە بووە دەستی لە خوێندن هەڵگرتوە هاتۆتەوە و لە دێ کەی خۆیان (شیلاناوێ) گیرساوەتەوە، ژیانی جوتێری و وەرزێری تاقی کردۆتەوە، باخ و بێستانی پەروەردە کردووە، ماڵ داریو ئاژەڵ داری کردووە، هۆبەو هەوار و کوێستان و گەرمیانی دیوە، چاوو دڵی بە جوانی سروشتی ڕازاوەی نیشتیمانەکەی و داب و نەریتی ژیانی لادێ و گوزەرانی خێلایەتی و عەشیرەتی کوردەواری کراوەتەوە. هەست و سۆزو ویژدانی لە خۆشەویستی مەهابادی دێدو زێدو خۆشەویستەکەی، موکریانی ڕەنگین و سروشتە دڵفڕێنەکەی، ژیانو خەم و خۆشی ئەو هەوار و بەهارانەی کە دیویەتی، ئەو ژیان و گوزەرانەی کە ناسیویەتی، مەست و سەر شارو سەر ڕێژ بووە. ئەنجا کە سۆزو هەستی شاعێرێتی هاتۆتە کوڵ، زۆری لەو جۆرە بابەت و مەبەست و ناوەڕۆکە بە پێزانە دەربڕیوە، چۆن ئەو لە ڕەوشت و خوو ڕێ و ڕەسم و داب و دەستوورانەی کۆمەڵەکەی وەستاو لێ زان و شارەزا بووە، بەو ئەندازەیەش لە هۆنینەوە ودەربڕین و وێنەگرتن و ڕەنگ ڕێژکردنی ئەو نەریت و ژیان و ژێوارە هەمە ڕەنگە، و دەست ڕەنگین و کارامە بووە. ژیانی پاڵەو جوتێری لێ خۆش هاتووە، بە پایزان بە جووت و گا دڵی زەوی هەڵدڕیوە، بە کەڕەسیسەی بەفرو کڕیوە و بەستەڵەك لە چلەی زستان دەست و پەنجەی تەزیوە،

لەمانگی رەشەمەو خاکە لێوە دا، کە هێشتان سەری کوێستانەکانی کوردستان خـاڵ خـاڵی تێ نەکەوتوەو بـەفری نەتواوەتـەوە هـێمن جۆمـاڵی کـردووە، لـق و پـۆپی دارو درەخـتی باخو بێستانی هەلپاچیوە، لە مانگی گولاَن و بانەمـەڕێ، لـە بـەر پەسـێرو جـێ هـەواران تاوڵ و رەشماڵی هەڵداوە، لە بەهار و جـێ هـەواران لەگـەڵ بولبـل بـە جـوانی ئـەو کـەژو کێـوە، لـە بـۆن و بـەرامی گـوڵزاران شـەیداو سەرمەسـت بـووە بۆتـە هـەزار دەسـتان، لـە جۆزەردان و گەلاوێـژی شـوانە وێڵـە بـووە و لـە هـەواران زاوو مـاکی لـێ خورپـیوە، چـۆتە شەوین و شەو بە کێوان، لەسەر ترۆپکی رژدو نواڵ و زەنوێران هەڵتۆ تێوە، پەنجـەی لـە بلوێر بزاوتووە، شاد و بەکەیف و بێ خـەم شـای بـە سـەپان نـەزانیوە. لـە مانگـە شـەوی هـاوین، لەسـەر دۆنـدی چیا لـە ئەسـتێرەی ئاسمانـان رامـاوە، لـە چێشـتە نگـاوان مـەڕی داگێڕاوەتە بەر بێرو لەگەڵ شەنگەبێری گەردن کێڵ و چاو بەڵەك، چاوە بڕکێ و دەست بزێـوی کـردووە، لەگـەڵ هـەتاو دا هاوکـار بـووە، زەردەپـەڕان چـۆتە راووشـکاری کـەوو سوێسکەو پۆڕو بزنە کێوی. چۆم و نواڵ و مێـرگ و بـژوێنی دەشـت و دەری پێـواوە، بـە سـواری ئەسـپی خـۆش بـەز جلیـت بـازی کـردووە، لـە گـەڕی رەشـبەڵەك دا سەرچـۆپی گرتووە، لە جێ ژوانان پشتی بە پاردەو کەڵەکە بەرد داوە و لـە چـاوەڕوانی ژوانـی، نـازو کرێشمەو لەنجەو لاری یاری دەست بە بازن دا لەشی سڕبووە. لەژوانگە دا ئاوێزانی یاری نازداری شۆخ و شەنگ و شەدەشل و چاو بەکل بووە، وێنەی پەپوولـە گـولاَو گـوڵ و ئـەم چڵ و ئەو چڵی کردووە، ئەنجا ووشەی کوردی لە شەکر شیرین تری لـەدەم هـەڵ رژاوە و شیعری گوتوە، ئەو ژیان و جـوانی و ئاهەنگە لەگـەڵ خورپـەی هەسـت و نەسـت تێکـەڵ بـووەو لـە شـیعردا رەنگـی داوەتـەوە. شـاعیر ئیلـهام و سرووشـتی لـەو چـاو ئەندازانـە وەرگرتووە، یالەو بەستە و ژیانە وەرگرتوە و لە (بەهاری لادێ)دا دەڵێ:-

بەهــارە کـــاتـــــی کارە، خۆشەویستم بۆچی بێم بۆ شار
ئەگەر من بێمە شـــاری، کــێ وە ئــەســتۆ بگرێ کار وبار
ئەمن کرمانجم و کرمانج کە هات فەسڵی بەهار وەك هار
دەبــێ بــخــولــێتــەوە کێوو تـەلان و بــەندەن و نیـسار
هــەتــا پــەیـدا بکــا نـــان و نـــەبــا بــۆ خــەڵکی شار هاوار

- - -

لـــــەوەی دواوە دەبـــێ قــــۆڵی هــەتـــا ئانیشکی هەڵماڵێ
هەموو رۆژێ، هەتا ئێوارێ بـچـتـــە جــــــووت و جۆماڵێ
کە بووڵێڵی شــــەوێ پـــەیـــدا بوو ئـــەنـجا بێتەوە ماڵێ
بەبێوەی کەس هەبێ بیشێڵێ، خـــۆیـــشـــــــــــی دامــــاڵێ
کە نانی خواردو لێ ی نووست تا بەیان نابێ لە خەوبێدار

- - -

ئـــەوێــســتـــا کـــاکی جوتیاری بەکاری چابوك و مەزبووت
بەبێ باکی، بەدڵپـــاکـــی، بـــەپـــێـــخـــواســـی بە سینگی رووت
دەدێرێ ئاو، دەچێنێ تۆو، دەکا جێ شەتڵی پەین و کووت
دەرێـــژێ ئـــــارەقـــــە، پـــەیـــدا بکـــا تـــا بـــۆ مناڵی قووت
پـــشـــوو نـــادا، وچـــان نـــادا، وەرەز نـــابێ لە ئەرك و کار

- - -

دەبینی یـــەك ئـــەوە مەشغووڵی هەڵگێڕانەوەی بــانـــــە
ئەوەی تر دادەمـــــەزرێنێ پلووسك و چۆتە گوێ ســوانــە
یەکێك کوتکی لە دەس دایـــــە، یەکێك بێڵی لەسەر شـانە
یەکێك دەشکێنێ بەردو یەك خــــــەریکی شوورە هەڵدانە
بـــەڵێ نـــابیـنی کاکی خۆم لـــــە لادێ دا کەس بێکار

تاریك و روون، ل٥٨.

ژن و ژاڵی لادێش، بەو دەستوورە سەر قاڵی ئەرك و فەرمانن سرەوتیان بۆنی یە:-

کچێك پێ یەتی دوو گۆزە بەلەنجە دەچێتە سەر ئـاوێ
کچێکی تر شـــەکـــۆی هـــەڵـگـــرتوە دەڕواتە پـاراوێ
ژنێك چەند ماشەری پێیە، دەیان هێنێتە بـــەرتاوێ
ژنێکی تر بە دەستاڕی دەهـــــاڕێ گـــەنـــمـی بۆ دراوێ
بەرەو ماڵ بوونەوە پۆلێك و پۆلێك دەچنەوە بۆ بژار

تاریك و روون، ل٦٠.

هێمن زۆر وەسف و تاریفی (کیژی لادێ) مان بۆ دەکات، هەم بە جوانیە سروشتی و خواکردەکەی هەڵدەڵێ و هەم بەڕەوشت و چاپووکی و دەست ڕەنگینی، هەم بە وەش کە دەربەست و جەر بەزەیە:

کیژی لادێ یی نەشمیلی جوان چاك

بێ فڕوفێڵ و هێدی و داوێن پاك

ئەتۆ هەر زگماك وەها جوانی

تەوالێت چی یە؟ ناوی نازانی

نیتە کراسی حەریر و پۆپلین

گەوهەری پێچرای لەناو خامی شین

فێر نەبووی سیحرو گشتەك و نووشتوو

نە جگە گورگت هەیە نەموو روو

بەتاسکە تاسك و بەلەنجەو لارت

بە بەژن و باڵای بەرزو لە بارت

بەدڵی سادەو بەهەستی پاکت

بەشەرم و حەیاو ئاکاری چاکت

منت کردووە شێت و وێتی خۆت

وەختە لە سوێیان گیانم دەرچێ بۆت

تاریك و روون ، ل٦٣.

لە ژیانی کوردەواری دا ژنان هاوکارو هاوشانی پیاوانن، لەماڵ و مەزرا، لە نێو باخ و بێستان، لە هۆبەو هەوار... چوار وەرزی ساڵ تێدەکۆشن تاوەکو زادو زەخیرەو بژێوی خێزان بەدەست بێنن، شاعیر هەندێ لەو دیاردانە دەخاتە روو:-

شەنگەبێری یارو دەسباری کوڕی کۆچەر نەبێ

چۆن دەگاتە جێ هەوار و هۆبە ئەو بارگەو بنە

قەڵشی دەست و کوڵمی سووتاوی کچی لادێ نەبێ

چۆن دەگاتە دەستی دەسبڕ ئەو هەموو تا تووتنە

نیسك و نۆك و ماشی ناو عەمباری ئاغای مفتە خۆر

پاك له سایەی دەسكەنەی (زێن) و (مرۆت) و (سوێسنە)

شۆڕە ژن بنكۆڵ نەكـــا بڕكەی بە قرچەی نێوەڕۆ
چۆن لە كاڵەك تێر دەبێ ئەو زگ زلە بێستان ڕنە ؟

بـێـــرو هــاوێـــری لـــەگـــەڵ كـــاكی نەكردبا بن پشك
چۆن دەمان بوو ئەو هەموو گۆشت و پەنیرو بەرگنە ؟

تاریك و روون ، ل ۷۱.

ڕێ بەنـدان، لـە وڵاتـی كـوردەواری دا هـەڕەتی كرێـوە و بەسـتەڵەك و سـەرماو سـۆڵەیە، خەڵكی دێهات و گوندنیشنان، ژیان و گوزەرانی خۆیان و مـاڵ و منـداڵ و ئـاژەڵ و مـەڕو ماڵاتیان لەو كەژەی وەرزی ساڵ دا، زۆر بـە زەحمـەت دەگـوزەرێ، بـەهۆی دواكـەوتویی و نەبوونی ئامێرو ئامرازی شارستانی، شـاعیر هەنـدێ لایـەنی ژیـانی سـەختی گوندنشـینی كوردمان لەو وەرزەدا بۆ دەست نیشان دەكات:-

ڕێ بەندان دیسان هاتیەوە سەرمان
رەقــمان هەڵێنێ دیسان لە سەرمان

بەسۆزەی زریان پیاوی دەكەی سڕ
بەكرێوە و باكوت ئاژەڵ دەكەی قڕ

پێ یەوە هەزار ئـــازارو ئـــــاهــــــۆ
كۆخەو هەلامەت، لەرزو چەق و چۆ

كە تۆ تەشریفی ناشریف دێنێ
دڵی گـــــەلی كورد دادەخورپێنی

ماشین و ڕێگای ئیسفالتی نی یە
بەو ساردو سۆڵە عیلاجی چیە

بەهەچە هەچی كەرێ چۆن باری
لادێی كــوردی دەگـــاتە شـــاری

هەژار لێ ی دەبڕێ ئاوردوو زمهەر
كوروژمەی دەكا فەقیر، ماڵانگەر

ســـەر دەنـــێـــتـەوە پیرو نۆجوان

بێ پەرستارو و بێ داوو دەرمان

بەخێر نەهاتی مانگی مژو تەم

دێنێ بۆ ئێمە گەلێك دەردو خەم

تاریك و روون، ل٧٥.

نەورۆز بەتیبەتی بۆ خەڵکی گوندنشین، مژدە هێنەری رۆژێکی نوێیە، لە سەختی و دژواری ژیان و گوزەرانی رۆژانەی وەرزی زستان دەربازیان دەبێت، لەو مانگەدا زەوی وشك و برینگ و هەوا خۆش دەبێت، هەموو شت دەژیەتەوە، جیهان بەرگی تازە دەپۆشێ، ژیانیش لە کوردەواری گوڕوتین و تاو بەخۆیەوە دەگرێ، شاعیر لەو بارەیەوە دەڵێ:

بە بەرگی سەوزە رازاوە قەدو لاپاڵ و شـیـــــوو دۆڵ
چرۆی دەرکردووە دارو ملی دا یەکتری گیـــاو گــوڵ
بەسەر بەفری کەوی دا کرد شەماڵی خاکە لێوە خۆڵ

- - -

چلەی زستانی ناخۆش بوو تەزووی سەرمایە پیاوی سڕ
دەکردو کووچەو کــۆڵان لـــە بەفرو لیتە بوو بوون پڕ
بەهار هات ودەخەملێ کێو و دەشـــت و بەندەن و لاخڕ

- - -

سەری کوێستانی بەرزی کوردەواری تێی نەکەوتوە خاڵ
لـــە دەشـــت و بـــەر پـــەساران هەڵدراون چادرو رەشماڵ
نـــەمـــا بـێـگــانــە تاکوو جێژنەمان لێ تاڵ بکا ئەو ساڵ

- - -

حەساوە پیاوی رووت و قووت و بێ ئەنواو بێ ئیروو
ژیاوە گیان لە بەر دیسان، لە کون هاتە دەرێ مێروو
لەسەر گوێسوانە دەخوێنن بە پۆل پاساری و سێروو

تاریك و روون، ل٨٧.

شوانه وێڵەی دەشت و دێهاتی کوردەواری ژیانێکی ترش و شیرینی هەیە، لەگەڵ ئەوەش لەگەڵ رانە مەڕو زاوو ماك بەخێوکردن دا تووشی دەردی سەری و هیلاکی زۆر دێت، بەلاّم هەندێ لایەنی خۆش و بەتام و خەمرەوێنی وای هەیە، کەم کەس لێی بەهەرمەند دەبن، مەگەر هەر خۆیان. شاعیر لایەنێکی ئەو ژیانە باس دەکات:-

هەزار خۆزگەم بەخۆت شوانە

که بەو مانگە شەوە جوانە

دانیشتووی لە رژدو هەڵدێر

پەنجە دەبزێوی لە بلوێر

دەگەڵ تتەبیعەت هاودەمی

شادی، بەکەیفی، بێ خەمی

- - -

وەرە شوانە هەموو شەوێ

نیوە شەوێ، کاتی خەوێ

لەو کێو و نوالە زەنوێرە

تێ توورێنە لەو بلوێرە

لەسەر ترۆپکی ئەو کێوە

پەنجە لە بلوێر ببزێوە

با کێوەکە دەنگ دەداتەوە

شاعیریش خەو بیباتەوە

تاریك و روون، ل٨٩.

ساڵێکیان هێمن هەڵەتەو ئاوارەی کوردستانی گەرمێن دەبێت، دوای ساڵە وەختێك لە وەرزی بەهاردا بەناو هۆبەو هەوار و رێگای کوێستانە سەربەرزو رەنگین و رازاوەکانی کوردستان دا بەرەو ماڵ دەبێتەوە، ئەو خۆی کوڕی ئەم هۆبەو هەوارانەیە، دڵ و گیانی دەبووژێتەوە، وەکو باڵندە باڵ دەگرێت، مەست و شاگەشکە دەبێت، لە باس و خواسی بەهاری جوان و سروشتی رەنگین و هۆبەو هەواری با سەفا، رێ و شوێن و ئاهەنگی ژیانی مەڕداران لەو کوێستانانە، گۆرانیەکی شادی بەخش لە سەرکێش و ئاهەنگێکی ساکار و سووك بەنێوی (بەهاری کوردستان) دەچرێت، کە چەند لایەنێکی ئەو ژیانە

دێرین و پڕ لە بەزم و جووڵەو ئاهەنگەی کوردەواری تیادا نەخشاندوە، کە لەوێنەی سیمفۆنیایەکە، هەست و سۆزی مرۆڤ دەورووژێنێ و ئەو ژیانە بێ پەروایەی لەلاخۆش و شیرین و بەتام دەکات، شاعیر لەو بارەوە گوتویە:-

شەماڵ هات بەگـاڵە گـاڵ
هەور بوون گەواڵ گـەواڵ
پشکووت گوڵی گەش و ئاڵ
بـلـبـل کـەوتـە نـاڵە نـاڵ

- -

بـەلـەنـگـێزە ، بە باران
بـە شنەبای بـەهـاران
تـوانـەوە وەك جـاران
کـەوی بـەفـری نساران

- -

دەشـت و چیمەن ڕازاوە
کێو و بەندەن نەخشاوە
زۆنگ و چێـنـکـە ژیاوە
گـیـا سـەری پێوە ناوە

- -

بـژوێـنـە هەموو ولاَت
زیندوو بۆتـەوە مالاَت
جەنگەی بانە مەڕی هات
بەرەو کوێستان چوون خێلات

- -

کـارو کـووڕی بزن و مـەڕ
لرفە لرفی لـۆك و نـەڕ
کورژنی ئەسپی بەدفـەڕ
گوێچکەی پیاوی دەکا کەڕ

- -

فیتەی شوان ئۆحەی گاوان

دێ لە مــۆڵــگــەو دەراوان

دێـتــە گـوێ لاوكــی لاوان

بالۆرەی بەلەك چــــــاوان

لە وەسفی شەنگەبێری و كابانی بەر ڕەشماڵ و دەواران دا دەڵێ:

كچی لەبــــــــاری ڕەوەند

هەڵیكرد بەلــــەك و زەند

كەزی هۆنیـەوە وەك بەند

كوڕان دەگرێ بــە كەمەند

- -

لەبەر دەركی ڕەشــمــالاَن

دەبینی چاو كـــــەژالاَن

دلاَن دەبەن بە تــــالاَن

كاس دەكەن كوڕو كالاَن

شـــل و مـــل و لـــە بارن

چاو بەكل گوێ بە گوارن

دەســمــاڵ پوولەكە دارن

شەدە و گـێـل گێلە دارن

- -

كــابــانـــــی قۆڵ بە بازن

شەنگە بێری كێڵ گەردن

لە نێو مــەڕ دێن و دەچن

وەك پـــۆڵی پۆڕان دەچن

تاریك و روون، ل١٠٩.

کیـژی ڕەوەنـدی تونـدو تـۆڵ، شـەنگەبێری گـەردن کێـل، کابـانی قـۆڵ بـە بـازن، ئەمانـە وەسـفـو سـیفەتی ژنــی کـوردەوارین، لــە ژیـانی کـوردەواری دا ، بگـرە ئەمانــە نــاو و ناتۆرەشیان هەر خۆماڵی و کوردەوارین :-

سوێسن و وەنەوش و هەمین
کەژێ و خـەنـــدان و جەمین
خاسێ، کەوێ، خـــاتــــووزین
بەپۆل دەچنە مەڕ دۆشـــین

-　　　-

زێــڕن و کــابـــان و مێرێ
دانیشتوون لەبــــەر بـێــرێ
ئــــەسـتــێ دەکـــا هاوێرێ
گــوڵــێ بــەرخان دەژمێرێ

-　　　-

خونچەو گولووك و گەوەر
شـــەم و کـــەژاڵ و دڵـبـەر
زێـــن و مـــرۆت و ئەسمەر
لـــە تـــاوڵێ هــاتوونە دەر

-　　　-

مــــامـــز دای گرتوە شیری
ناســـك دەکـوشێ پەنیری
نـــاز دەشـێـڵێ هـەویری
کـــاڵێ دەکـا نـــان تـیری

تاریك و ڕوون، ل١١٠.

شاعیر لە هۆنراوەی (دەسکەوتی خەبات)دیسان ئەم وێنەو تابلۆیانـەی ژیـانی کـوردەواری دەنەخشێنێتەوە، لەوێ بە دەستی ئەنقەست و لە بۆنەیەکدا ئەو مەسەلانە دەورووژێـنێ تا قەسیدە ڕازاوەکەی حاجی نەمرمان بێنێتەوە یاد:-

گوتم بە بەختی خەواڵوو بەسە ئەتووبی خودا

**لــەخـــەو هـەڵـســتــە زەمانێ بچینەوە ئەولا**

**هێمن لەو هۆنـراوەیەدا دەڵێ :-**

**نــــە بلوێر ژەن دەتووریێنێ لە بلوێر**
**نە شۆڕە ژن وڕینگەی دێ لەبەر بێر**

**نــــە نــــــارە ناری کیژی مەشکەژێنە**
**نە سیڕە ســیــڕی شــمــقـارو شەهێنە**

**نــــەبــــۆڕە بــۆڕی مـانگای تازە زاوە**
**نەشڵقە شڵقی مەشــکـــەی نیوە ژاوە**

**نــە فــیــتــە فیتی شوان و کاڕەیی مەڕ**
**نە باللۆرەی کچی چاو مەست و دڵتەڕ**

**نــــە ئــۆحــە ئۆحەکەی گاوانی باسك**
**نە بگرە بــــەردەکەی کــــابانی ناسك**

**نـــــەکۆڕژنی حدوودی سووکە سواران**
**نەخر مژنی هەیاسەی گوێ بەگواران**

**نەقاڕەی سی و چریکەی بازو پەڕ کوور**
**نـــــە دەنــگی ئـــاسمــانی شــادی شاڵوور**

**چ بێ نازەن هەوارگەی خۆش و زەنوێر**
**چ نــاســــازان چیاو لاپاڵ و هـــەڵــدێــر**

خـەزانە بێ بەزەو ناخۆش و تووشە

مژەو زوقــمــە کــەرِە سیسەو پرِوشە

تاریك و روون، ل٢١١.

لە باسی جوانی سروشتی رەنگین و رازاوەدا شـاعیر بست بـە بست و هـەنگاو بەهـەنگاو عاشق و شارەزای دەشتی پان و بەرین، دۆڵ و شیوی پرِ لە هـاژە، شـاخ و کێـوی هەڵچوو، دوندی بڵێندو سەر بەتەمی وڵات و زێدە دلگیرەکەیەتی :-

ولاٚتــــی جـــــــوان و دلگـــــــرم

هــــەزار جـــــاری دەبەر مـــرم

ولاٚتی رەنگـــیـــــن و نـــەخـشین

ولاٚتی ســــوور و ســپـی و شـیـن

خێری خودا ، بـاخی بەهەشت

کوێستان و بەندەن و پێدەشت

تـــەلان، گـــەوە، بانــوو، بستوو

کانی ، زنــە ، رنـــــوو ، پــــزوو

مێرگ ، نواڵە ، دەریا ، رووبار

نەرمان، هەڵەمووت، لێرِەوان

ئاوهەڵدێر ، خورِین ، گۆمی مەند،

کـێـڵـگـە بـەیار ، بژوێن ، زەمەند

جێ جێ کۆدە ، جێ جێ رووتەن

جێ جێ چێنك ، جێ جێ رِەقەن

جێ جێ ئاوگر ، جێ جێ سۆنە

جێ جێ شـــوورەو قـــەلاٚ کۆنە

کــوردستـــان بـــەخـێـر و بێر

(پێ ی روون دەبۆوە چاوی کوێر)

تاریك و روون ، ل٢٢٣.

هێمن چۆن خۆی رسکاوو پەروەردەی ئەو جیهانە رازاوەیە، بۆیە بەردەوام عەودالٚ و مەست و دێوانە، هەوای کوێستانان لەسەر، هاواریەتی :(بەهەشتە کوردەواری من بەهەشتە)، ئەگەر لێ ی دابرِێ و دوور بکەوێتەوە خەوی پێوە دەبینێ، خەیالٚ و زیندە خەویشی هەر بۆ لای زێدی باب و باپیرانی هەلٚدەفرِێ، بۆیە سوورە لەسەر ئەوەی بگەرِێتەوە لادێ، بچێتەوە ئامێزی زێدو باوانەکەی، ولاٚتی کوردەواری و باخی بەهەشتی خوداوەند:-

هەر دەپێوم کێو شاخ و چۆل و دەشت
دێم بەرەو کوێستان بەرەو باخی بەهەشت

دێم بەرەو زیخ و چەوو کانیاوی خۆم
چۆن لەوانە وەردەگێرِم چاوی خۆم

دێم بەرەو ئەو دارو بەردو بەندەنە
دێم بەرەو ئەو باخ و مێرگ و چیمەنە

دێم بەرەو زوورگ و تەلان و کەند و لەند
دێم بەرەو بژوێن و زەنوێرو زەمەند

دێم بەرەو پاناوك و هەورازو نشێو
دێم بەرەو ئەشکەوت و زەندۆلٚ و پەسێو

دێم بەرەو بەفرو چلورەو بەستەلٚەك
دێم بەرەو شێخالٚ و رێچکەو رەشبەلٚەك

دێم بەرەو لیرِو چرِو بەستێن و چۆم
دێم بەرەو هەلٚدێرو گێژو بەندو گۆم

دێم بەرەو هۆبەو هەواری با سەفا
دێم بەرەو لادێ، بەرەو کانگەی وەفا

نالٚەی جودایی، ل٢٣.

هێمن له ڕێگەی وەسف و وێنەکێشانەوە، یا بەهۆی جوولەو ئاهەنگ و مۆسیقا داب و دەستووری ژیانی کوردەواری و وا قیعی کۆمەلایەتی، لە نێوان ووشەو رستەو دێرە شیعرەکانی دا، زۆر بەجوانی و دلگیری نیشان داون.

## ٣/ رەخنەی کۆمەلایەتی

**شاعیری هوشیاری و زانست پەروەرو پەندی کۆمەلایەتی:**

لــە مەیــدانی هۆشــیاری و ئامۆژگــاری کۆمەلایــەتی، شــاعیر هــەولی داوە رۆلــەکانی کۆمەلەکەی هان بدات هۆشیان وەبەر بنێت و رەوانەی مەیدانەکانی کارو خوێندەواریو تێکۆشانیان بکات، لە پێناوی دەرباز بوون لە ( خەوی غەفلەت) و هەژاری و نەزانین، هەروەها رەخنەی توندو تیژ ئاراستەی خوو نەریتی کۆن و باو و بێکەلکی کۆمەلەکەی دەکات، بەنووکی نەشتەر دەردو زامەکانی والا دەکات، بێزراوی خۆی نیشان دەدات ئامۆژگاریان دەکات، چاو لە جیهان و دەوروبەر بکەن، پەندو عیبرەت وەربگرن و لە ئاست کاروانی پێشکەوتن و شارستانیەت دا دانەمێنن. بانگی شاعیر لەو بارەوە راستەوخۆو روون و بێ پێچ و پەنایە، داوای ووریایی، یەکێتی، بەخۆ کەوتن دەکات:-

تــابــەکــەی ئـێوە وەهــا بــێ هــۆشــن
کــاربــکــەن هــەولــبــدەن تــێ بــکــۆشن
شوورەیی و عارە لە بۆ ئێوە ئەوەندە پەست بن
عەیبە وا قوربەسەر و دەربەدەرو ژێر دەست بن
نەنگە زۆر نەنگە کەوا گێژو هوڕو سەرمەست بن
ڕێکەون تا زووە کارێکی بکەن ســەربــەســت بن
کــوردە ئــاخــر بــەســە ئــەو بــەندەگی یە
مــەرگ زۆر خــۆشــتــرە لــەو زیــندەگی یە

گۆڤاری نیشتمان[٢٤].

(٢٤)هێمن , خەونم دیت , گ/ نیشتمان , ژ/ (٩,٨,٧) , سالی/ ١ , ١٣٢٣ , ل٢٢.

شاعیر پەی بە واقیعی دواكەوتویی و ژیانی تاڵی كۆمەڵەكەی بردووە، لەولاشەوە لە هۆیەكانی پێشكەوتن و شارستانی گەلانی ئازادی دنیا دەڕوانێ، هیوا خوازە گەلەكەی وشیار بێتەوە و پێشكەوێ و بگاتە ریزی میللەتان:-

هەموو قەومێك وەسەر كەوتووە لە هەوراز
بەشی تۆ كوردە تاكەی هەر نشێوە
بخوێنە فێری زانست و هونەر بە
لەلای كوللی كەسێك جاهیل دزێوە
وەرە فێری تەمەدون بە عزیزم
هەتا خەڵكی نەبێژن كوردە دێوە
گۆڤاری هەلاڵە[٢٥].

هێمن لێرە بەدابی شاعیرانی كوردی پێشوو هەستێكی زانست پەروەرو دڵسۆزانە و بە پەرۆشی دەرحەق بە میللەتەكەی هەبووە، رزگاری و بەختەوەری كۆمەڵەكەی لە زانستو هونەرو سەنعەت و مەدەنیەت دا بەدی دەكات، بەر لەوەی بیر لە سیستەمێكی كۆمەلایەتی تایبەت بكاتەوە، كە ژیان و شارستانیەت و ئایندەی گەلەكەی تیادا مسۆگەر بێت[٢٦].لێرەوە ئاواتی بەرزی شاعیر ئەو ڕۆژەیە كە میللەتەكەی دەبێتە خاوەنی دانیشگاو قوتابخانە:-

مەدرەسەو دانیشكەدە بۆ شارو لادێ دادەنێین
خوێندەواربێ، تاكو رۆڵەی زیرەك و نازداری كورد
تاریك و روون ، ل١٢٤ .

شاعیر دووبەرەكی و جیاوازی بە دەردی كوشندەی كۆمەڵەكەی دەزانێ، لە پێناوی دەرباز بوون لەكۆت و بەندی ژێردەستی داوای یەك ریزی دەكات:-

بەسیەتی دووبەرەكی و مل هوڕی و لاساری
تا برایانە هەموو پێكەوە نەدوێن، دەگریم
تا كرێكار و فەلا، رەنجبەر و ڕۆشنبیر

---

(٢٥) هێمن , بهاری زانین , گ/ هەلاڵە , ژ/ ١, رەشەمەی ١٣٢٤/١٩٤٥, ل١٨.
(٢٦) حسين علي شانوف , عبداللة طؤران , شعر الشاعر الكوردي المعاصر , منشورات المثقف الجديد, بغداد , ١٩٧٥, ص٧٥.

دەست لەیەك نەگرن پیاوانە نەبزوێن، دەگریم

تاریك و روون ، ل١٧٤.

شاعیر داوای كۆبوونەوەو پشت بەیەك بەستن، هەڵسان و دابەزینە مەیدانی كارو تێكۆشان دەكات بەمە پەندی كۆمەڵایەتی بۆ میللەتەكەی دا دەدات:-

دەزانن زامی دیلی چەند بە ئێش و چەند بە ئازارە ؟
دەبێ رابێین هەتا ئێمەش دەگەینە ریزی سەربەستان
خەتای خۆمانە تا ئێستا هەروا كۆیلەوو دیلین
ئەوانەی شادو ئازادن كەمێ زووتر لەخەو هەستان

نەتان دیوە كە رووباری خوڕین بەردی دەقەڵشێنێ
وەهاش هەر زۆرداری دەسووتێنێ، گڕی هەستان

سەهۆڵ بەندانی بێدادی ئەگەرچی تووش و دژوارە
بەلاّم لێم سوورە وەك رۆژێ بەهار هەر دێ لە دووی زستان

پاشەرۆك ، ل٢٥.

لە بواری رەخنە گرتن لە خووی پوچی كۆمەڵایەتی شاعیر دلێرانە دەنگی هەڵدەبڕێ و دابی سامان و ماڵ پەرستی ناو كۆمەڵی دواكەوتوو ریسوا دەكات، كاتێك بەتانەو تەشەرەوە زمانی دێتە گۆ:-

لەبار و قیت و قۆزە خاوەنی زێڕ
ئەگەر كووڕەو ئەگەر گۆجە شەل و گێڕ
بەژن باریك و شووش و شۆڕەلاّوە
ئەگەر پیرێكی خوێن تاڵە ورگ تێڕ
بەلاّم زێڕت نەبێ سووكی، ئەگەر تۆ
بدەی دەرسی هەزاری وەك شكسبیر

تاریك و روون ، ل٥١.

لە كۆمەڵی خێلەکی و پاش کەوتوودا، هونەرو زانست قەدری پووشێکە، پیاوی خاوەن بەهرەو هونەریش هەر بەشی هەژاری و رووت و رەجاڵی یە، لەناو كۆمەڵێكی ئەوتۆدا پلەو پایەی بەهرەمەندو داهێنەران، گۆرانی شاعیر گوتەنی (وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لێخن دا)، ئەم خەسڵەتە نا پەسندە، لەناو كۆمەڵی کوردەواریش دا، وەکو یاساو رێسایەك رەگی داکوتابوو:-

بزانە تۆ ئەوەی ئەهلی هونەر بێ

دەبێ یادەس بەسەر یا دەربەدەر بێ

هونەرمەندو ژیانی خۆش مەحاڵە

هونەرمەند رەنجەڕۆیە، ژینی تاڵە

تاریك و روون، ل١١٣.

بگرە جاری وا بووە خەڵکی هونەرمەند خۆشی کەوتۆتە نێوئەم دانەو داوەوە، فریوی زێڕو زیو دەخوات و بەهرەو هونەرەکەشی لەم پێناوەدا دەخاتە خزمەت، نموونەی ئەم کەسانە لای شاعیر هەن و ناسراون، ناویان ناهێنێ، بەلام لە لۆمەکردنیان ناپرینگێتەوە:-

تۆش بەرەنگ و بۆی ئەوان خواردت فریو ؟

چاوی تۆشی هەڵفریواند زیڕو زێو

تۆش دەگۆڕیەوە دەگەل گەوهەر هونەر

کەنگێ گەوهەر جوانی کردن بەختەوەر

ئەو راستیانەش وەبیر دێنێتەوە:-

زێڕ بەلایە، بێ وەفایە دەوڵەمەند

هەر هونەر نەمرە، هونەوەر مەردو رەند

(چڵکی دەستە ماڵی دنیا) وەك دەڵێن

ماڵ پەرەست، پەیمان شکێنەو بێ بەڵێن

ناڵەی جودایی، ل١٧.

شاعیر دەزانێ دەردەکە لەکوێ یە ، بۆیە لای سەیر نیەیە، ئەوە دابی زەمانەیە، یەخەی بەو گرتووە، کاتێ پێوەر و پارسەنگێك لە ئارادا نی یە :

هونەر گەر خۆی پەرێشانی نەبایە لـەم ولأتەی دا
بەشی من بۆ دەبوو چارە ڕەشی و خانە خرابی با

لەکوێ حالی من و تۆ وا دەبوو ئەی خۆپەرست ئێستا
ئەگەر دنیا ئوسوول و قاعیدە و نـــەزم و حیسابی با

تاریك و روون، ل١٣٩.

دیارە قاعیدەو ئوسسول و نەزمی دنیا لە کۆمەڵی دواکەوتوودا لەسەر بنەمایەکی زاڵمانە دامەزراوە، بەدەست و بێ دەست، بەهێزو بێ هێز، داراو نەدارا:

جیهان و هەرچی خێرو خۆشی یە بۆ هەڵبژاردانە
بە قانوونی تەبیعەت پاشەرۆك خۆرە ئەو گەندە

ئـــەگەر تاوانی بێ هێزی نیەیە بۆچی لە دنـــیـــادا
بەشی من ماتەم و شینە، بەشی خەڵکی زەماوەندە

ناڵەی جودایی، ل٢٦.

شاعیر لەو کەش و هەوایە کۆمەلأیەتیە بەمین چێنراوەدا، لە دەست خزم و کەس وکاری خۆشـی بێـزارە، ئـەوانیش زادەی ئـەو دەوروبـەرەن، قـۆرتی بـۆ هـەڵ دەکـەنن، بـەدوای بەرژەوەندی خۆیان دا وێڵن:

هەموو تیری بەلای ئـــەو ڕۆژگارە
دەکا بۆ سینگی پڕ زامـــم کەمانە
براو خزم و کەس و کارم بەجارێ
ئەوان لێم بوونەتە داســی ڕەمانە
لەماڵی خۆم دەکەم بۆنی غـەریبی
کە بێزارم لە هەر جێکی هــەمانە

تاریك و روون، ل١٥٥.

بـەلاَم شـاعیر دڕدۆنـگ و پەشـیمان نىیـە، ڕێگایەكـەو خـۆى هـەڵى بـژاردووە، دووڕو گەوهـەرى بـەهرەو هونـەر، كەنـەمرى بـۆ دابـێن دەكـەن، بـە چـاوو ڕاوى زێـڕو زیـو ناگۆڕێتەوە، ئەوەى ئەم ڕێگایە بگرێتەبەر، ئامادەیە باجەكەشى ببژێرێت:-

ئـــــەوەى سەربەرزە لەم وێرانەدا تووشى خەم و دەردە
چیاى سەركەش ببینە قەت سەرى بىٚ هەورو تەم نابىٚ
لـــەنـــــاو دەریـــاى خـــەیاڵم دیمەوە گەوهەرى نایاب
هـــەمـــە گـــەوهـــەر ، ئیتر چاوم لە دینارو درەم نابىٚ

تاریك و روون، ل٢١٨.

هێمن ئەگەرچى خۆشى زادەى ئەم خاك و هەواو شوێنەوارە بووەو كوڕى كۆمەڵەیە، خۆ ئەگەر بە ئەسڵ و فەسلیش بێت، دەبوایە بەلاَى كۆنە بەهاكانى كۆمەڵەكەى دابشكێت، بەلاَم نـەخێر، بـاوەڕى بـاوى كۆنـە پـارێزى و خێڵـەكێتى هـەرگیز ڕێگـاى نـەبووە خـۆ بخزێنێتە نێو مێشك و بیرو بـاوەڕى شاعیر، یـا تارمـایى بەسـەر شـیعرو بەرهەمەكانیـدا بكـات بگـرە هـێمن لەوێنـەى حـاجى قـادر پێشـەنگ و رابـەرێكى هۆشـیارى كۆمەلاَیـەتى بـووە. وەك دەبیـنین لـە هـۆنراوەى (دەسـكەوتى خـەبات) دەردى دڵ لـە تـەك ئـەو كەڵـە مێردە دەكاو پەیام و بانگى ئەو دەڵێتەوە:-

ســلاَو ئـــەى حاجى ئەى رۆڵەى زەمانە
لـــە ســـــایەى تۆوە هەرچێكى هەمانە
هەموو ژینت لە رىٚى گەل دا بەخت كرد
هـــەتـــا ڕێگەى خەباتت بۆ تەخت كرد
گـــەلـێكت دى غەریبى و تاڵ و سوێرى
نـــەبـوو ساتىٚ لە خزمەت خۆ ببوێرىٚ
بـــەگـــژ بـێـگانەوو خۆمانە داچووى
لـەگـــژ دێـــوەزمـــەو دێوانە ڕاچووى
نـــەتـــرســـاى و نەخەجلاى و نەلەرزى
چ مەشـــهوورى ، چ ڕووسوورى، چ بەرزى
بـــەدەنـــگـــى تـــۆ خـــەواڵوو راپەڕیون
لـــە تــــرســـــى تۆیە دوژمن داتە پیون

گـــەرای ئـــەفـــكــــاری تۆیە باڵی گرتن
كـــــەوا رۆڵەی گـــەلت سەریاڵی گرتن
بـــــە ئـــــازایی، بـــــە زانایی، بەوردی
چەكت دا دەستی شـــــۆڕشگێڕی كوردی

تاریك و روون، ل٢١٤.

هێمن لە بواری خەباتی كۆمەلأیەتی دا، بەرچاو روونتر دێتەگۆ، كاتێك بنچینەو بناوانی دەردەكانی بۆ ئاشكرا دەبێ، بگرە رێبازی چارەسەر و رزگار بوونیش بە هەردوو دیوی روون و ئاشكرا دەبێت، رزگاربوون لەژێر دەستەیی و دیلیەتی دوژمن و داگیركەران و رزگاربوون لە بێدادی و چەوسانەوەی كۆمەلأیەتی واتە بەهۆی بەیەكەوە گرێدانی هەردوو شێوازی خەبات، سیاسی و كۆمەلأیەتی لە پێناوی دەربازبوون لە، خۆی گوتەنی زوڵمی (بێگانە و خۆمانە)، ئەوەش حەتمیەتی مێژووە كە (بەهار هەر دێ لە دووی زستان):-

ســــەهـــــۆڵبـــــــەندانی بێدادی ئەگەرچی تووش و دژوارە
بەلأم لێم سوورە وەك، ڕۆژی، بەهار هەردێ لە دووی زستان
بـــەخـــەڵـكـــی عـــالـــەمـــی ســـەڵـمـــانـــدووە تاریخی ئازادی
دەبـــێ زاڵـــم لـــەبـــەر تـــێـكـــۆشـــــەران بەرداتەوە دەستان

پاشەرۆك، ل٢٠٥.

هـێمن بـانگی ئـەو بێـدادی و ناعەدالەتیـەی بۆتـە بەشـێك لـە چارەنووسـی گـەل و كۆمەڵەكەی، بەگوێی دونیادا دەدا، سـەردەم سـەردەمی راپـەڕین و تێكۆشـانە، سـەردەمی دوایی بە شەوە زەنگ و تاریكی هێنانە:-

من هــــــەڵۆ بووم و چیا هێلانەم
ژێر چەپۆكی قەل و داڵم تاكەی ؟
قـەفەزی دژمنی بەدخوی دڵ رەق
هـــەڵـــوەرێنێ پەڕو باڵم تاكەی؟
سەرە نـێـــزەی ستەم و زۆرداری
بنجنێ ســینگ و مەتاڵم تاكەی؟

گورگی بێدادی له گیانم بەر بوو
ئـێـشـی جێ گازو قەپاڵم تاکەی؟
مــن پــەڵە قاژەو هاوارێ نەکەم
ئـــەو بــڵێ زاڵم و زاڵم، تاکەی؟
کوتکی بێدادی هەر بکوتێ کاسه سەرم
کار نەکا دەست و زوخاڵم تاکەی؟
بــاخـەوانانــی جیهان پێم ناڵێن
بـــــۆ وەری میوەیی کاڵم تاکەی؟
مانگ و مێریخی دەپیوێ ئینسان
منی کورد زینده بەچاڵم تاکەی؟
چاوەڕێی تیشکی هەتاوی هیوام
نــەڕەوی هەورو گەواڵم تاکەی؟

پاشەرۆك، ل٢١٠.

دوا پەیامی شاعیر ئەوەیە کە هاتنەکایەی کۆمەڵێکی ئازادو بەختەوەر بەندە بەخەباتو تێکۆشانی بێ ووچانی رۆڵەکانی یەوە، بە ژن و پیاو و گەورەو بچووك، بە هەموو چینو توێژەکانی، ئەنجاکۆمەڵێك کەبەری ئەو رەنج و خەباتە بێت، دەبێ هەموو شوێنەوارێکی ناپاکی ناڕەوایی تیادا بسڕێتەوە:-

بۆ بەگژ داچوونی زۆرداری و هەژاری و ناحەقی
کــارگـــەرو جوتێری ئازاو مستی ئاسنینم دەوێ
سەخــت و ناهەمواره ئەم رێگایە کوردی کۆڵنەدەر
بۆ خــەبــاتــێــکی درێژ خایەن گوڕو تینم دەوێ
دوای نەجات بۆ ئاوەدانی و خۆشی خاپووره وڵات
کۆمەڵێکی چـاك و پاك و راست و وردبینم دەوێ
بۆ خەباتی هـاوبەشی یەکسانی توندو تیژی گەل
لاوی کارامەی بــە جەرگ و کیژی سەنگینم دەوێ

پاشەرۆك، ل٢٢٠.

هێمن لەلایەك زەنگی هۆشیار بوونەوە بۆ رۆڵەکانی گەلەکەی لێ دەدات، لە لاییێکی دیکە هیوای خوێندەواری و زانست پەروەری بۆ رۆڵەکانی دەخوازێ، لە ئامۆژگاری و دادانی پەندی کۆمەلأیەتیش درێغی ناکات، بەم هۆکارانە، ئاسۆیەکی گەش و دوارۆژێکی روون بۆ کۆمەڵەکەی بەدی دەکات.

# ٤/ شاعیری شەیداو جوانی پەرست و دڵدار

## ٤/ ١/ جوانی پەرست و دڵدار:

ئەگەر هێمن بەوە ناسرابێ کە عاشقی نەتەوەکەی خۆیەتی، نەتەوەکەی خۆی خۆش دەوێ، نا بەڵکۆ دەیپەرستێ...[٢٧]. بێ گومان ئەمە لایەنێکی ئەو هەست و سۆزەیە کە هێمن سەبارەت بە نەتەوەکەی هەی بووە، وەلێ بەو رادەیە فراوانتریش شاعیر عاشق و ئەویندارو شەیدای جوانی و ژیان و ژن و ژوانگەو سروشتی رازاوەی ولاتەکەی بووە. زۆر جاران دەگوترێ شیعر لە ئەنجامی هەڵچوونی سۆزو گەمەکردنی خەیاڵ و وێنەکێشانی واقیع هەڵدەقوڵێ و دنیایەکی نوێ دەخولقێنێ[٢٨]، ئەوەی مایەی سەرنجە ئەو دنیایەی لە شیعرو هەڵبەستەکانی هێمن دا دێتە وجود، زۆر لە دنیای واقیعەکە، جوان و دلگیرو رازاوەترە، یالانی کەم مرۆڤ بەهۆی سازو ئاهەنگی ئەو شیعرانەوە، پەی بەرادەی جوانی ئەو دنیایە دەبات.کاتێك شاعیر باس لەو جوانیە خۆی دەکات، کە لە ژن و سروشت و ژوانگە و ژیانی ئەو هەوارو بەهارانەی کوردستاندا دیویەتی، ئەوا بەدڵێك نا سەد دڵ مرۆڤ گیرۆدەو هەڵوەدای ئەو جوانی و دلگیریە دەبێ کەوا لەو شعرانەوە قوڵپ دەدەن.

کاری داهێنان و ئەفراندن لەوەوە دەست پێ دەکا ((کە چەشنە جیهانێکی نوێی زەینی لەناوەوەی شاعیر دەرسکێ، ئەنجا هێمن بەتەواوی هەست و نەستەوە وەها دنیایەکی شاعیرانەی رسکاو لە جیهانی دەرەوە دەخوڵقێنێ کە زۆر جار جیهانی واقیع وەسەر جیهانی زەینی خۆی دەگێڕێ و قوربانی دەکا))[٢٩]. بەلاّم هێمن لە رێگای وێنەو دیمەنە رەسەنەکان و نیشان دانی پەیوەندیە ئینسانی و کۆمەلاّیەتی یەکانی مرۆڤ بەو وێنانەوە،جیهانێکی شاعیرانەی هەست پێکراو دەنەخشێنێ. لێرەوە گەشتێك بە گوڵزاری هێمن و ئەو چەمکانەوە دەکەین کەوا لە نزیکەوە پەیوەندیان بەو مەبەستەوە هەیە، واتە جوانی. لێرە مەبەست لە جوانیە بەشێوەیەکی گشتی، جا چ جوانی ژن بێت یان هی سروشت و چ جوانی دیاردەکانی ژیان و پەیوەندیە ئینسانیەکان بن لەگەڵ

---

(٢٧) د. عبدالرحمن قاسملو , شاعیری گەل , تاریك و روون, ل ب.

(٢٨) هەڤاڵ کوێستانی , هەر ئەو سەرچاوەیە, ل٤٤.

(٢٩) هێرش , هێمن و من , ل١١٨.

دەوروبەردا . شاعیر لە جوانی سروشت و داب و دەستووری ژیـانی کـوردەواری کۆمـەڵێك وێنەی ڕازاوە نیشان دەدات:-

**عەزیزم تۆ وەرە ئێرە کە چاو لە جوانی نـابێ تێـر**
**ببینە خاوو گیابەندو هەڵاڵە و سوێسن و شـللێـــر**
**لە لایەك زاوەماك دەڕوا، لە لایەکی دەکەن هـاوێـر**
**لە لایەك باسکی هەڵ مالیوە بێری مەڕ دراوەبـێـر**
**دەبینی دیمەنی وا جوان لەناو بازاڕی پڕ ئـــــازار؟**

**وەرە ئێرە و مەپرسە تۆ ئەدی چارشێوو رووبەند کوان**
**وەرە ئێرە و ببینە چاوی مەست و بـەژن و باڵای جوان**
**وەرە ئێرە ببیـنــە وردە هـــەنــگـــاوی بەرەوجێ ژوان**
**وەرە ئێرە ببینە نــــازی بـێـــری و دەس بزێوی شوان**
**بچۆ ناو رەشبەڵەك بگوشە دەســتی دۆی ناسك و نازدار**

**تاریك و روون، ل٦١.**

ئەمـە وەسـفێکی زینـدووی لایـەنێکی ژیانـە کـە لەگـەڵ مۆسـیقاو ئاهـەنگی هۆنـراوەکـە وێنەیەکی جولاو و گیان داری ئەو ژیانە دەنەخشێنن.لە وێنەکێشانی روخساری جـوانی (کیژی لادێ)، شاعیر ئەم جۆرە وردەکاریە دەکا:-

**لاجانگت وەکو گزینگی تـــاوێ**
**هەر بۆ خۆی جوانە تیف تیفەی ناوێ**
**کوڵمەکەت وەکو گوڵاڵەی گەشە**
**بێ سوورمەش چاوە مەستەکەت رەشە**
**وەکو فرمێسکی ئاشق روونـاکی**
**وەکـــو ئـــاونــگــی بـــەیـــانـــی پـاکی**

**تاریك و روون، ل٦٣.**

جـوانی کیــژو ژنـــانی دێهـاتی و شارســتانی کــورد، لــە جــوانی ژیــان و رێ و رەسمــی کۆمەڵەکەیانـەوە بـەدیار دەکـەوێت، کـە ئـەمانیش بەنـدو هاوپەیوەنـدن بـەجوانی ئـەو سروشـت و سـەرزەمینە تایبەتـەوە، کـە کوردسـتانە. واتـە لێـرە هـەموو جوانیـەکان لـە

بنچینەدا یەك دەگرنـەوە، تـەنها دیمەنـەکانی ئـەو جوانیەیـە فـرە رەنـگ و فـرە بابـەتن، شاعیر کوشتەو شێت و وێتی جوانی و چەلەنگی کیژی شەنگەبێریە:-

کە ئێواران کـــەزیــت دەکردن سێ بەنگی و چاوت دەڕشت
بەو کەزی و چاوە نتــەرمانە بێ رەحمانە شوانت دەکوشت
شەنگەبیزا بە سرووە بــا ســوژدەی دەبــردە بـــەر بەژنت
ئەخر تۆش هەوای کوێستانی ئەم کوردستانەت هەڵدەمشت

- - - -

چێشــتـــەنگاوان لە دەوران کــە خۆت لێ دەکرد پێ خاوس
بــەلــەنجەو لاری کــیـــژانەت شــەرمەزار دەبۆوە تـــاوس
ئاهــــەنگی ژین و شادی بوو بـــەیـــانـــی کــە تێکەڵ دەبوو
شمشاڵی من، خرمەی بازن، گرم و هـــۆڕی مەشکەی گا وس

تاریك و روون، ل١٦٨ .

جوانی لای شاعیر شتێکی رووت و (مجرد)نیيە، بەڵکو لە نێو چوارچێوەیەکدایەکە تیادا دەدرەوشێتەوە، بۆیە ئەگەر ئەو کچانە کوردو بلباس و رەوەند و کیژی مەرزینگ و سەکر نەبن لەو کوێستانانەی کوردستان، ئەوا وا جوان نابن:-

نـــاســـك و نــــەرم و نـۆڵن
خـــاوێـــنـــن ســـپـــی سۆڵن
بـــلـــبـــاســـی تـــونـــدو تۆڵن
بە مژۆل جەرگان دەکـۆڵن

- -

کیژی مەرزینگ و سەکرن
بـــەلــەنـجـەو لار رادەبـرن
ناز دەکــــەن چاو دادەگرن
کور گەل دەبەریان دەمـرن

تاریك و روون ، ل١١٠ .

**شاعیر له هۆنراوەی (بناری هەڵگورد) و لەخەودا جۆرێکی دیکه له جوانی بەدی دەکات، کـه جوانیـەکی رەهـاو کراوەیـه بـۆ ژن، وەکـو رەگـەزی مـێ، یـاخود وەکـو بوونـەوەرێکی تایبەتی خاوەن کۆمەڵێك سیفات و ئاکارو ئەندام و رەفتاری جوان و دلگیر:-**

**پـۆڵـێـکی پـەری شل و مل**
**بەرموو روو ملوانکه له مل**

**برژانگ درێژو چاو بەکل**
**شان به کڵوانه شـەده شل**

**ناسك و نازدار و شـــۆخ و شەنگ**
**تەنك و شلك و جوان و چەلەنگ**

**بەژن باریك و خڕو پـــڕ**
**سەری کولمەیان دەیدا گڕ**

**نەشمیل رەزا سووك، نازەنین**
**لەبەر دلأن و خێن شـیـریـن**

**چاویان مەست و پڕ شەرم بوو**
**بسکیان ئاوریشمی نــــەرم بــوو**

**لــەشیان بەتین و گەرم بوو**
**باسکیان سەرینی گەرم بوو**

**تاریك و روون، ل٢٢٤.**

**هێمن له (فریشتەی پەریوە) دا زنجیرەیەك وێنەمان نیشان دەدات، که له ژیان دا هەستی پـێ کـردوون و تـام و چـێژی لـه جوانیـان وەرگرتـوە، وێنـەکان وەسـتاو و وشـك و رەق هەلاتونین، بەڵکو گیان دارو له بزووتنەوە دان، قولأیی و چێژو جوانی دیمەنەکان زیاتر**

دەکەن، خوێنەر بەدەس خۆی نییە، کاتێك لەم دیمەنانە رادەمێنێ، هۆنراوەی (ئافرەت و جوانی) گۆرانی بەخەیاڵ دا دێتەوە. رەنگە دنیا میکیەت و جوولە، لەگەڵ شێوەی دارشتن و بەدوای یەك دا هاتنی دیمەنەکان لە کۆپلێتی هۆنراوەکان، کە لەسەر شێوەی (دوو بەیتی پەیوەستە)یە[*].لێرە زیاتر بێت، وێنەکان لێرە جووت جووت لە کۆپلیتەکان دا هاتوون، لەگەڵ ئەوەش کوردانەو خۆماڵین:

بە منداڵی کە پەروەردەی چیا بووم
کەوم دی پۆرو سوێسکەو ئاسکم دی
بەلاّو چاکی لە شاری کوردەواری
کچم دی، نازەنین و ناسکم دی

- - -

لەبەر تاوێ لەسەر پشت راکشاوم
لەدەم جۆگە لەسەر فەرشی وەنەوشان
لەسەر گێسوانە کردم چاوە برکێن
لەگەڵ گەورە کچی بەردەرکی حەوشان

- - -

بە رۆژی ساردو ساو دیومە بە زستان
تروسکەی بەفری بەر تیشکی هەتاوێ
شەوی هاوین لەناو ئەستێرەکان دا
گەلاوێژم دەدی پرشنگی داوێ

- - -

---

(*)لەم فورمە شیعریەدا سەرواکان بەم شێوەیە بەیەکەوەگرێ دەدرێن لە هەر بەندێکدا:

A
B
C
B

له مەیدان دیومە نێسکەی ئەسپی خۆش بەز
لـــەگـــەڵ دەســـت و جـلـیــتی شـۆڕە سواران
گـــــەڕی شـــایـــیـــم لـــە پـێـش چاوی گەڕاوە
لـــــەرەی مـــەم بووکە رەوتی گوێ بە گواران

- - -

لەسەر دۆندی چیای سەر بەرزی هەلگورد
رەوەی هـــــەورم لــــە ژێرپێم دا بەدی کرد
تـــــەمـــاشـــای دیـمـــەنــی سەوزی ولاتم
مـــنـــی ســـەرسام و شاگەشکەو خەنی کرد

- - -

بەهەشتە کوردەواری من بەهەشتە
فـــریـشــتـەم من فــرشتێکی پەڕیوە
بـــەجوانی تۆ دەژیــم لەم دوور ولاتە
وەرە لێـــم مـــەبڕە ئەو تەنیا بژیوە

تاریك و روون ، ل١٩٣.

هـێمن ناسـك خـەیاڵ و جـوانی پەرسـتە، چـاوو هەسـت و سـۆزی راوکـەری جـوانین لـە هەرکوێ یەك بێت، لە شار بێت یا لـەلادێ، لـە پـێ دەشـتا، بێـت یـا لەسـەر دونـدی چـیا، لەبـەر دەرکـی رەشمـاڵ دا بێـت یـا لـە نێـو بـاخ و بێسـتان. دیـارە ژن وەك بوونـەوەرێکی ناسكو جوان و بەسـۆز سـەرنجی شـاعیری راکێشاوە، تەنانـەت جل و بـەرگ و ئەسـبابی خۆڕازاندنەوەشی، ئەو جوانیـە بـەرەو ئاسـتێکی بـالاتر دەبـەن، ئـەنجا لـە گـەل جـوانی سروشت تێکەلاو دەبێت و یەك دەگرێتەوە:-

جیلوەیی جـــوانـــی لەهەر چیدا هەبێ خۆشم دەوێ
رۆژێ کوشتەی میـــنـــی ژۆپ و ڕۆژی گیرۆدەی شەدەم

هەریەکەی بۆ خۆی دەجوولێنێتەوە هەستی دەروون
زەرد پەڕ، کاروان کـــوژە، تـــاریـــك و روونی سوبحەدەم

ئاسمانی ساوو ، دەریای مـــەنـــدو تـــارمـــایـــی چـیـــا
سێوی لاسوور و بەهێ ی زەرد و هەناری گوڵ بـەدەم

نالەی جودای ، ل۳۷.

ئەمانە نموونە گەلێکی هەڵبژاردە بوون، لەسۆزو هەستی بڵێساوی جوانی پەرستی هێمن، کە لە دوو توێی شیعرو هۆنراوەکانیدا رەنگی داوەتەوە.

## ٤ / ٢ / شەیدای ژوانگەو گڕاوی کیژی کورد:

هێمن هونەرمەند و خاوەنی هەست و سۆزێکی ناسك بـووە، لـە داهێنـانی بابـەتی جـوان پەرستی و عەشق و ئەوین، سەر بووردەی ژوان و شـەو ڕاوو دەسـبازی و دڵداری لەگـەڵ کیژی کورد، خـاوەنی فەرهـەنگ و دنیایـەکی تایبـەتی یـە، واهەسـت دەکـەی شـاعیر لـەم پێناوەدا نەوەك هـەر هەسـت و سـۆزو خورپـەو حـەزەکانی خـۆی بەخشیوە، بـەڵکو لـەم مەیدانەدا کوشـتەیە، سـەربازێکی گومنـاوەو سەریشـی سـپاردووە. وەك ئـەوەی تـەنها بـۆ عەشق و گراوی و خۆشەویستی ژیابێت:

زامی جەرگی من بە فەرموودەی گڕاوی سواری کورد
مـــەڵهـــەمـــی هەر ژەنگی گوارە و ئارەقی بەر گەردنە
ئـــــارەزوومە هیچ نەبێ جارێکی ماچ کەم زاری تۆ
ئارەزووی من چووکە، ئەمما تا بفەرمووی شیرینە
دڵ بەگرمەی تۆپی گەورەی دوژمنیش رانەچڵەکی
دادە خورپێ ئەم دڵە ئـــەمـــا بـــەخـــرمەی بازنە
خەڵکی دنیا ڕازی دڵداری بەبێ تەل پێك دەڵێن
راسپاردەی لاوو کـــیـــــژی کوردە ئێستاکەش شنە

تاریك و روون ، ل٦٩.

لە باسی عەشق و ئەوین دا، شۆرە سوارێکە، یا لە بواری وەفاداری دا (مـەم)ی سـەردەمی خۆیەتی:-

کوا دەزانێ چەند پەرێشان و پەشێوە حـــاڵی من
ئەوکەسەی گیرۆ دەیی ئەگریجەوو پەرچەم نەبێ

رەمزی دڵداری لە زینێ فێر نەبوو یارم دەنا
کوا ئەویینداری وەفاداری وەکو من مەم نەبێ؟

تاریك و روون، ل١٣٢.

شاعیر بەوە رازی نابێت لە دوورەوە کوشتەو شەیدای دلبەرەکەی بێت و لە سوێیانی، داستانێکی عاشقانەی رۆمانسی بخولقێنێ، ئەو پێی لەسەر ئەرزەو تەمایەتی ببێتە قارەمانی داستانی عەشقێکی واقیعانە:-

پیرو زور هانم و ئێستاش دڵەکەم هەر دەیەوێ
سەرو و ماڵم بەفیدای خاڵ و خەت و پەرچەم کەم
داستانی مەم و زین کۆنە ، کچێکم گەرەکە
شلکەڕانی بگوشم بۆنی لە سینگ و مەم کەم

تاریك و روون، ل١٦١.

دیارە شاعیر بە یادی گڕاوی و ژوانگە و شەوڕاوی دڵداریەکانیەوە دەسووتێ، لە یادگارو بیرەوەریدا حازرن و گەلێکیش بە تەڕو تازەیی لێ یان دەدوێ، ئەو خۆی کوڕی ئەو رۆژانەو قارەمانی ئەو مەیدانەیە، سۆزو سووتانی لەگەڵ پیری و بەناو ساڵ کەوتنیشی لە کورتی نەداوە. سۆزو سووتانی شاعیر، واقیع و خەیاڵ، خەوو ڕاستی، رابردوو ئێستا، پێك دەگەیەنێتەوە، وەك ئەوەی رابردوو ئێستا بێت، ئێستاش رابردوو، بەڵام کەف و کولەکە لە هەر دووباردا، هەر زیندووە:-

بەڵێنی راگەیاندێ راسپاردە
گوتی : بۆت دێتە بن ئەم پاردە، غاردە

لەجێ ژوانێ لە مێژە چاوەڕێتم
نەهاتی کیژی جوانی هەڵبژاردە

تەزووی گەرمم بەلەش دادێ ئەگەر چی
تەزاندی شان و پیلم بەردی پاردە

وەرە بـــا ڕەنــگ و روخــســارت بـبـیـنم
بــەمــن چی تـیـشکی داوێ مانگی چاردە

گـــڕی ئـــەم روومەتەی تۆ گەرم و جوانە
تریفەی مــانـگەشەو، جوانیش بێ ساردە

نالەی جودایی، ل١١.

لە نێوان جوانی گەرم و زیندووی گۆنای خۆشەویست و جوانی بێ گیان و ساردو سڕی تریفـەدا، جیـاوازی هەیـە، بـەلاّم بـەهۆی ئـەو هەسـت و سـۆزەوە پـەی بـەو جیاوازیـە دەبردرێت کـە شـاعیر لـەناو دێرەکـان دا حەشـاری داون، بـەلاّم جوانیـیـەکان لـە هـەموو حاڵەتێك دا هەر دلگیرو سەرنج راکێشن، بۆ خەلکی شەیدا:-

کـــە نـــازدارێ رادەبـــرێ
دڵی سارد بۆوەم گڕ دەگرێ

کـــە چاو  لە چاوێ دەبڕم
بـــە ئـاسـمـانـێـدا دەفڕم

بــزەی شـیـرینی سەر لێوی
هــەسـتـی پیرانەم دەبزێوی

نــازی شـۆخـێکی نازەنین
دەمـبـاتە بەهەشتی بەرین

نالەی جودایی ، ل٤٦.

شاعیر شەیداو دێوانە و پێکراوی عەشق و دلّداریە، ئەو بیرە رەگی لە قولاّیی هەستی دا کوتاوە، ناتوانێ فەرامۆشی بکات، بۆیە دەری دەبڕێت:

نـــەمـا خـانـــی هــەتا چیرۆکی عیشقی ئێمەدارێژێ
دەنا هێشتا لە کوردســتان دەژین (زین و مەم)ێکی تر

نالەی جودایی، ل٥٢.

شـاعیر خـۆی بەدەسـت ئـێش و ژانـی ژیانـەوە نـادات، لـە ئاسـت پـیری و کـە نـەفتی و تەمەنیش دا، ئالأی تەسلیم بوون هەڵنابڕێت، ئەو لەگەڵ ژوان و گڕاویەکانیەوە دەژیەت کە دڵ و دینی پێ بەخشیوون:-

تــۆ گـوتــت: مــن ئـاشقی سەودا سەرو دینم دەوێ
مـن گــوتــم: تــاکـــو بە ئاواتت بگەی دینم دەوێ
هـــەڵکــەوێ تـاوێــکی چـــاوێکـی لە دیدارت بکـەم
تــــابــــزانی کــوانێ بــۆ جـوانێ دڵ و دینــــم دەوێ
ژوانی بــن سیلەو پەسیـوی لاوەتـی یــادی بـــەخێر
بــۆ ئـــەوەی پــیــرانــە نـەمــرم یادی دێرینم دەوێ
کوانێ؟ ئەو شەوگارە بێدەنگە لـــە ژوانگەی جێ هەوار
کچ رەوەك بوو مـن گـــوتم: هێدی بە حەجمینم دەوێ
کوانێ؟ ئەو ڕۆژەی کە سەر چۆپیم دەگرت بانگم دەکرد
دۆم دەوێ، دۆی قـۆڵ بە بازن و پەنجە نەخشینم دەوێ

پاشەرۆك، ل٢١٧.

دیارە شاعیر لەو مەیدانەش دا پسپۆرو شارەزای بـواری خۆیـەتی و دڵـدارو سـوار چاکی ئەوین و گڕاوی و شـەوڕاوو جێ ژوانگەیـە، نـەك وێـڵ و سـەودا سـەرێکی بەسـتەزمان و دەستە پاچەیە.

## ٥/ مرۆڤ و ئاشتیخواز

له بەشەکانی پێشەوەدا تا رادەیەك تیشك خراوەتە سەر ئەو بارودۆخە ناهەموارانەی کە رۆژگاری ژیان و تەمەنی شاعیر، بالی بەسەر ژیانی کۆمەڵەکەی داکێشابوو، لە رووی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگی یەوە، کە شاعیر بەناچاری روو بەروویان بۆتەوەو لە شیعرو هۆنراوەکانیدا تەعبیری لێ کردوونەتەوە، ئەمە لە پاڵ ئەو ئەزموونە تاڵ و تفتانەشەوە کە لە مێژووی گەلەکەیدا بەدی کردووە، کە شاعیرخۆشی شاهێدی لایەنێکی گەورەی ئەو زوڵم و چەوساندنەوەو نا عەدالەتیە بووە کە دووچاری مرۆڤی کورد و کۆمەڵگەکەی هاتووە. هێمن وەك چۆن لە منداڵیەوە، هەم لە ئامێزی خێزان و هەم لە پێگەو پەروەردەی کۆمەڵایەتی یەوە، بەهەست و ئیحساسەی ئینسانی ئازاد و مرۆڤانە پێ گەیشتووە، بۆیە بە درێژایی تەمەنی، سەرباری هەموو ئەو ساردی و گەرمی و دەربەدەری و نسکۆو تێکشکانەوە کە تووشی هاتووە، ئەو پەرۆشی و هەست و ئیحسانەی لەلا کوێر نەبۆتەوە، بەڵکو لەگەڵ ژیان و ئەزموونی دوورو درێژی پتەو و راگیرتر بووە. شاعیر بەختەوەری تاك و کۆمەڵی لە ئازادی و یەکسانی ژیانی مرۆڤ دا دیوە، بۆیە لەسەنگەری خەبات دا لە دژی کۆیلەتی و دیلی و هەرچەشنە چەوسانەوەیەکی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی دا راچووە، هەروەها هەستی ئازادیخوازانەی گەلەکەی خۆی لەگەڵ ئەوینی مرۆڤایەتی تێکلاوکردووە، هەمیشە گەشبین و بەرچاو روون بووە، باوەڕێکی نەگۆڕی بە ئایندەو پاشە ڕۆژی گەلەکەی هەبووە و خواست و ئامانجەکانی بەشتێکی سروشتی و هەق و ڕەوا زانیوە، کە سادەترین ماڤی مرۆڤە لە ژیانێکی ئارام و بێ وەی دا. هێمن لە سەرەتای ژیانی شاعیری، هەستەکانی لەو بارە بە شێوەیەکی ساکارو راستەوخۆ دەخاتە روو، بێزاری لە دەست زوڵم و بێدادی نیشان دەدات:-

چیە گوناه و تاوانم؟
تەریدەم جەردەی کاروانم؟
پیاو کوژم، رێ گرم، دزم؟
بۆ دوورم لە کەس و خزم؟

تـــاوانـــم ئـــەوەیە کوردم
خەڵکی بنـــاری هەڵگوردم
بـــەو هەوایە پەروەردە بووم
بۆیە تووشی ئەم دەردەبووم
کـــۆیـــلـــەتـیـم بـەلاوە نەنگە
بـــۆیـــە ولأتـــم پــیٚ تـــەنـگە
دەڵـێـم مـــافـی خـۆمـم دەنیٚ
رەپـــێـــم دەنـــیٚ بـــۆ بەندەنیٚ
دەڵـێـم ئـیـنـســانـم، بەشەرم
ئـــەو پـــەنـــدە دێـنیٚ بەسەرم

تاریك و روون، ل٢٢٧.

شاعیر تا دیٚ زیاتر لە هەستی مرۆڤ پەروەریدا دەتویٚتەوە، هەموو ئەشکەنجەو ئـازارێکی مـرۆڤ، لـە ئاوێنـەی گیـان و بـیری تیشك دەداتـەوە، تێکـەڵ بـە ژانـی نەتەوەکـەی خـۆی دەبێت:

لێم گـــــەڕیٚ با دەربڕم سۆزی دەروون
لێم گەڕیٚ با هەڵوەرێنم ئەشکی روون
شـــیـــوەنی من شـیــوەنـــی ئینسانییە
بـــانـــگـــی ئازادی و گروی یەکسانییە
شیوەنـــــی مـن شینی کوردی بیٚ بەشە
ئەو گەلـــەی حاشا دەکەن لیٚ و هەشە

ناڵەی جودایی، ل١٩.

نیوسەدە ژیـانی پـڕ لـە رەنـج و دەردی شـاعیر، رەنگـدەرەوەی مێـژووی پـڕ لـە مەینـەتی نەتەوەکەیەتی، کە ئەویش بە شێکە لە دەردو مەینەتی هەموو مـرۆڤ بەدەسـت سـتەم و نایەکسانی یەوە، یەکێتی پاشەڕۆژ و چارەنووسی هەموو مرۆڤایـەتی لەسـەر گـۆی زەوی، هاوکێشەیەکە هێمن دەگەیەنێتە ئاستێکی بـەرزی ئـەوتۆ کـە ئـامێز بـۆ هـەموو ئـێش و ژانەکانی مرۆڤایەتی بکاتەوە، ببێتە زمانحـاڵی ئینسان لـە هـەر کوێیـەك بێـت و لەهـەر توخم و رەنگ و رەگەزو تۆرەمەیەك بێت، کاتێك دەڵیٚ:

ئارەزوومە هەرچی ئینـــســـانە بە ئازادی بژی
چۆن گەلی داماوو دیل و مات و خەمگینم دەویٛ
پاشەرۆك، ل٢١٨.

شاعیر لە مەیدانی مرۆڤ دۆستی و ئاشتیخوازیدا، بە چاوێکی تـەنگ بـین سـەیری دنیـاو دەوروبـەری نـەرکردووە، بـە هەناسـەیەکی کـورتیش نەهاتۆتـە مەیـدان. بۆیـە لەهـەر زەمین‌و زەمانێك، ئومێدو نائومێدی هەموو ئادەمیزادێکی مـرۆڤ دۆسـتی وەکو یـەك لـە باوەش گرتوە، شاعیر هەرگیز ئاوات و جوانی، عیشق و ئـەوین، خۆشـی ژیـان و خـەون و خـەباتی لـە پێنـاوی ئـازادی و سـەرفرازی گـەل و نیشـتیمانەکەی لـە ئـەوینی ئـازادی و یەکسانی مـرۆڤ جیانـە کردۆتـەوە، بۆیـە چـەندی راسـت و رەوان و پـاراو مەزلومیـەتی گەلەکەی خۆی دەربڕێت، ئەوا بەو ئەندازەیـە تـەعبیری لـە زامێکـی قـوولی مرۆڤایـەتی کردۆتەوە. با لەم بوارەدا تەنها ویژدان بکرێتە حەکەم و گوێ لەناڵەو ئازاری ئەم مرۆڤە ئاشتیخوازو ئاشتی پەروەرە بگرین:

نـأیـــەڵن قـــەت چـێـــژی ئـــازادی بچێژم من دەنا:
خوێنی شیرینم دەوێ ، کوا تــــەرمی خـوێنینم دەوێ
بواری وەم نادەن لە نێو مێرگە(چەکو) هـەڵتوتەکێم
چونکە پرسەی دایکی مل بەکوین و سەرشینم دەوێ
نــأیـــەڵــن ئـــاســـوودە دانـــیـــشـم لـەلاپـاڵی چـیـام
قـاسپـە قـاسپی خاسەکەو بێ گرمەیی مینم دەوێ؟
ئـــارەزوومە هـــەرچــی ئـــیــنــســـانە بە ئازادی بژی
چـــۆن گــەلی دامـاوو دیل و مات و خەمگینم دەوێ
نـــامـــەوێ خـــوێن بڕژێ یا بۆنی کەلاکی کۆن بکەم
رەنــگــی مـێـلاقـە و گــولاڵـەو بـۆنی نەسرینم دەوێ
هـــەڵـپــەڕیـن و پـێـکـەنـیـن دەبـزێوی هەستی ناسکم
کوا دڵی پڕ ئیش و ئۆف و  جەرگی بە برینم دەوێ؟
کــەی ڕەوایـــە بــمــدەنە بـــەر گـوللـە یـا ڕاوم بنێن
گـــەر گـوتــم کوردم لە کوردستانی خۆم ژینم دەوێ

کـورد مــەگـەر کونده کە هەر وێرانە بێ هێلانەکەی

نــیــشــتـمـانـی ئـــاوەدانـــی، جـوانی ، رەنگینم دەوێ

زۆر بـــە ئـــاواتـــم کـە کـوردستانەکەم بێ کێشە بێ

ئـــاشــتـــی خـــوازم کـوا وڵاتی پـــڕ رق و قـینم دەوێ

پاشەڕۆك ، ل٢١٨.

شـاعیر لـە دەربـڕینی هەسـتی مرۆڤانـەدا، لـەپاکی و بێگـەردی ئـەو هەسـتە پـیرۆزەدا بەچلەپۆپە گەیشتووە، وەکو لە پێشەوە بینیمان.

## ٦/ خەم و ناسۆری و سۆزی دەروون

### ٦/١/ سکالاّو سۆزی غەریبی:

غەریبی بە مانای دوورکەوتنەوەو دابڕانە لە زێدو لە ماڵ و کەس و کار، جیابوونەوەو بێبەش بوونە لە خۆشی و سۆزو میهرو خۆشەویستی، کە زۆر جار مرۆڤی هەست ناسك بەدەستیەوە دەتلێتەوە، لە دوورەوە بۆکەس و کارو نیشتیمان و یار و خۆشەویستانی دەسووتێ. هێمن لەو ڕۆژەوە خەم و مەینەتەکانی میللەتەکەی کردۆتە کۆڵ، لەژێر زەبری کارەسات و بەسەر هات دا شانی چەماوەتەوە و بەرداشی زەمانە، بێ ڕەحمانە هاڕیویەتی، شارەو شار سووڕاوەتەوە پەرەوازە بووە، لە دەربەدەریدا شاعیر، بۆ دیداری دۆستان و ئازیزانی دەسووتێ، دەیەوێ بگەڕێتەوە لایان و خۆی لە ئامێزیان باوێ، دەست لەملانیان بێت، بەم ڕەنگە جۆرێك لە کول و لە سووتان لە دەروونی شاعیر کڵپە دەسێنێو سۆزی غەریبی سەر هەڵدەدا[٣٠]. هێمن دەمی شیعری بە (ڕەنجەڕۆی و حەسرەت) کردۆتەوە، لە دوایەش لاپەڕەکانی ژیانی وەکو زنجیرەیەك چیرۆکی تراژیدی بەدوای یەك دا دێن:-

لاپەرەی ژینم هەموو هەڵدەدەیتەوە تێ ی دانی یە
باسی فرمێسك و هەناسەو شیوەن و ماتەم نەبێ

تاریك و روون، ل١٣٢.

ساڵی (١٩٤٧) بەهاری لێ دەبێتە خەزان و کۆشکی هیواو ئاواتەکانی دەڕووخێ، سەری خۆی هەڵدەگرێ و پەڕیوەی ئەم دیوەی سنور دەبێت، لەو ساوە بۆ یەکەمجارو بەیەکجاری ژیان و تەمەنی دەبێتە (ئاوارە بوونێکی بەردەوام)[٣١]. ئەو بولبولە سەر مەستەی کەبەستەی شادمانی بۆ ژیانی گەل و کۆمارو پێشەواکەی دەچڕی، لە ترس و لە حەژمەتان هەڵەتە دەبێ و دەبێتە (بولبولی ئاوارە) و لە غەریبی دەگیرسێتەوە، لە داخی ژیان و بۆ ڕۆژانی رابردوو، سوێ ی هەڵ دەستێ:-

---

(٣٠) محمد فريق حسن, هێمن و بۆنی غەریبی , گ/ بەیان , ژ/٦٥ , ١٩٨٠, ل١٤.

(٣١) دلشاد مەریوانی , ئاوارە بوون و غەزەلێك, گ /رۆژی کوردستان, ژ٥/, ساڵی/ ٢ , ١٩٧٣, ل٤٢.

چ خۆشە عیشق و سەرمەستی  چ خۆشە

چ خۆشە ژین بەســـەربەستی ، چ خۆشە

تاریك و روون، ل١١٢.

لە دوورە ولاَتەوە بە یادی گوڵی سوورو هێلانەی ئارامدەڵێ :

منیش ئەی بولبولی شەیدا وەکو تۆم

وەها دوورم لە هێلانەو گوڵی خـــۆم

منیش وەك تۆ لەکیسم چوو گوڵی سوور

مـنـیـش هـێلانەکەم لێ کراوە خـــاپـــوور

منیش بابردەڵەی بەر گـێــژە لـوولەکەم

دەمێك لەو قولکە، تاوێك لەو چلووکەم

لـــە ئـــامـــێــزی گەرم بێبەش کراوم

وەکو تۆ تـووشی رۆژی رەش کراوم

ژیانم پڕ لەرەنـــج دەردو داخـــــــە

ئەوە گیرساومەوە لەو کێوو شاخە

تاریك و روون ، ل١١٣.

نائومێدی جـەرگ بـڕی دوای شکست، بـەوەش قـەرە بـوو نابێتـەوە، کـە لـە دوای سـاڵێك شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ هێلانە ساردو سڕەکەی، گەڕانەوە لە ئاوارەیی دەسبەسـەری بـەدوا دادێ(٣٢).

قـــەت لـــە دنـــیـــادا نـــەبوو بێجگە لە ناخۆشـــی بەشم

مـــات و دامـــاو و پـــەشـێـوو بـێـکـــەس و چارە رەشم

ســـەر دەمـێـــك ئـــاوارە بـووم و ماوە ێیکیش دەس بەسەر

نەم دی رووی ئاسوودەیی، هـــەر تووشی گێرەو قەرقەشم

تاریك و روون، ل١١٥.

شاعیر کە لەیارو هاودەمی دادەبـڕێ دەبێتـە هاوخـەم و هاوسـۆزی پەروانـە، کـە ئـەویش هەڵدەپڕوکێ، پرسەیەکی رۆمانسیانە دای دەگرێ:-

---

(٣٢) کریم حسامی , پێم وایە باشی بۆ نەچووە , ر/هاوکاری/ژ/٢٤٠, ١/١١/١٩٧٤.

من و لاشـەی پەپوولەماینەوەو بەس
شەوی دووری ، شەمیش تواوە لە کۆڕا

تاریك و روون، ل١٢١.

کاتێك ((پارچە شیعری (موو ناپسێنم) دەخوێنیەوە، دەگەیتە ئـەو قەناعەتـەی کـە دوو دیوی هەیە، یەکەم جار لەوە دەچێ بـۆ خۆشەویستێکی گوتبێ کـە لەکیسی چووەو لـە دڵـی دا بۆتـە داخ، کەچی کـە زیـاتر بـەناو شیعرەکەدا شـۆڕدەبیتەوە، تـێ دەگـەی یـادی هاوڕێیـەکی دەکاتـەوە، رۆژگـار بـە یـەکجاری لێـی دابڕیـوە))[٣٣]. بـە هـەر بارێـك لێـی بڕوانی، نامۆیی و نامرادی شاعیری لێ بەدی دەکەین:

قەرار بووبێ ی لەگەڵ خۆت شادی بێنی
نـــەهــاتی گەرچی پێت دا بووم بەڵێنی
لەناو کــوردا نـــەبــوو پـــەیمان شکاندن
لەکوێ فێری بووی گوڵم پەیمان شکێنی

- - -

ئەگەرچی رۆیی قەت ناچێ لە یـــادم
دەکـــەم یـــادت، بـــەیادی تۆوە شـــادم
کە بارگەت بۆ هـەوار تێك نا عەزیزم
شــکــا ئــەســتــووندەکی تاوڵی مرادم

تاریك و روون، ل١٢٩.

رۆژگار لەگەڵ شاعیردا تەباو تفاق نـەبووە، فـەرهاد کـوژە هەمیشـە، دەردو مەینـەتی لـێ هەڵ دەوەری:-

رۆژگـــاری سـپـلـە بۆمن بۆسـەیـــەکی نـــایـــەوە
نەم دی هەر تیرێکی دەی هاوێ بەرەو سینەم نەبێ
رەنـــجـی دووری دڵبەرم بۆ کوشتنی من کافی یە
گەر لە دنیادا ئەمن هیچ مەینەتی دیکەم نەبێ

تاریك و روون، ل١٣٢.

---

(٣٣) محمد فریق حسن ، هێمن و بۆنی غەریبی، گ / بەیان ، ژ / ٦٥، ئاب ١٩٨٠.

خەم و دەردی زەمانە پیری کردم ، وشك و بێ زەوقم
کە شاعیر وشك و بێ شۆڕ بوو، لەناو خەڵکی دەبێ لاچێ
لــە گــۆشـەی بێکەسی دا ئێستەوا دڵتەنگ و خەمبارم
نیەیە بـاکــم ئــەگــەر حــاڵم بە جارێکی بەقوڕ داچێ

تاریك و روون، ل١٣٥.

غـەریبی و بێکەسـی و ناسـۆری دەروون، هەنـدێ جـار حاڵـەتێکی ویـژدانی یـە، شـاعیر لەدەورو بەرەکەی خۆشی هەست بە نامۆیی دەکات، بێزاری دەردەبڕێت:

لەمـــاڵــی خـۆم دەکـەم بۆنی غەریبی
کــە بــێــزارم لــە هــەر چێکی هەمانە
ئەوی خۆشم دەویست وەك گیانی شیرن
تــەمــاشــای بــۆتە مشتەی ناو هەمانە
لــەبــەر تۆ چارەنووسی شووم و بەدفەڕ
ئـــەوی قــەت لێی نـەدەم تەپڵی ئەمانە

تاریك و روون، ل١٥٦.

شاعیر لە ئاوارەیی و دوور وڵاتیدا بۆ خێزان و خۆشەویستەکەی دەسووتێ، یا نـامرادی و بێ بەری بوونی لە شێوەی نامەیەك یا بانگێك ئاراستە دەکات:-

بەڵێ سەختە، یەکجار سەختە
دووری لـــە ژن ، نـــامـــرادی

تاریك و روون، ل١٧٣.

ئەی ئەو کەسەی دەتپەرستم و لێم ونی
تــۆ خــودا نی، تــۆ خـۆشەویستی منی
لــە ئــاســمــان نی تاوێت ڕانەگا دەستم
لە قاف نی کـاڵەی ئاسنت بۆ هەڵبەستم

تاریك و روون، ل١٨٤.

ئەم دووری و دەربەدەریە ئەگەر هەڵبژێردراوی خـودی شـاعیریش بێـت، بـەڵام مەینـەت بـارو دەرد ناکـە، ویـژدانی شـاعیر دێنێتـە جـۆش و هـەژان، بـزەو خۆشـی و شـادی لـێ دەتارێنێ:-

لەو دەمەی دا گوێ هەڵ دەخەن بۆ تارێ
لــەو دەمــــەی دا (مـامـلێ) دەڵێ قەتارێ
یـــادم بـکــەن، یــادی مـنـــی دوور وڵات
یـــــادی مـنـــــی رێبواری رێگــای خەبات
یـــادی مـنـی بێ بەش لە خۆشی و شادی
یـــــادی مــنـــــی ســـــەودا سەری ئازادی

تاریك و روون ، ل٢٠٧.

هێمن لـە ئاوێنـەی شـیعری پـڕ سـۆزو غوربـەت و لـە بەسـەرهاتی پـڕ لـە دەربـەدەری و کوێرەوەری حاجی کۆیی، ژین و بەسەرهاتی خۆی دەبینێ، بۆیە بـەم شـێوەیەگفت و گۆ لەگەڵ دا دەکات:-

ئەو ێستاش گــــۆڕ غەریب زۆرن وەکو تۆ
ئــەو ێسـتاش بێ نــەســب زۆرن وەکو تۆ
ئەو ێستاش بێ کەس و دوورە وەتەن هەن
ئــەو ێسـتــاش شاعیری پیرو ڕەبەن هەن

تاریك و روون ، ل٢١٦.

بەهەمان شێوە ڕوو دەکاتە بابە تاهیری قەڵەنـدەر و عـەرزو حـالی دیـدەو دڵـی دێوانـەی خۆی بۆ بەیان دەکات:-

بــابــــە تاهیر ! منیش دەڵێم وەك تۆ
(ئاخ لەدەس دیدە، وای لە چەنگی دڵ)

کێ دەزانـێ بەشەو لەمن چ دەکا
ئـــەو خــەیـاڵە پەشێوو ئاڵۆزەم
کێ دەزانێ کە چم بەسەر دێنێ
ئـــەو دڵــە پـــڕ بڵێسەو سۆزەم

تاریك و روون، ل٢١٩.

ئێمە لە غوربەتی شاعیر غوربەتی نەتەوەو نیشتیمانێك هەست پێ دەکەین ، کە کێردی بێ دادی دڵی خەڵکەکەی پارە پارە کردووە، واتە غوربەتەکە تەنیا دوورکەوتنەوە نىیـە

لـه خـاك، بـەڵکو نائومێـدی و هەرەسـهێنانی ئاواتەکانیشـەوە، پێشـل بـوونی خواسـت و ئارەزووی شاعیرە:

ئـــــــاوارەم و دوورە وەتـــــەن
بێ تەماڵ و سەڵت و رەبــــــەن
ســــەرم ورەو گــیـانم دێشـــــێ
کـــەس نـیـیە نـــازم بکێــشێ
چم کردوە بۆ وام بەسەر هات؟
بــۆچــی تـــەرە بووم لە وڵات؟
بــــــۆ هێلانـەم لێ شێواوە؟
ئەو هەموو رێگەم پێواوە؟
بۆ لەخۆشی دوورە بەشم ؟
بۆ ئـــەوەنــدە چارە ڕەشم؟

تاریك و روون، ل٢٢٦.

هـێمن لەشـەوانی جـودایی و لـە رۆژانـی ئـاوارەیی هەمیشـە دەسـت لـە ملاّنـی ژان و کوێرەوەری بۆتەوە، بەلاّم ئاخۆ کەسێك هەبووە، خەم خۆری ناڵەی بێ دەنگی ئـەو دڵـە پێکراوە بێت؟:

نـــەخـــۆش و دەردە دارو دڵ بریـنـدارم، پەرستارێك
بـــەحـــاڵی ئـــەم دڵـــە پـــــڕژان و پڕ ئازارە راناگـا
دەبێ بولبول لەمن فێربێ غەزەلخوێنی، بەلاّم چیبکەم
گــرفـتـــارم ، چـریکــەم بـــەو گوڵ و گوڵزارە ڕاناگا

تاریك و روون ، ل٢٢٨.

(ناڵـەی جـودایی) داسـتانی خـەم و دەردو ناسـۆرەکانی شـاعیرە، خەمنامەیـە، ((زایەلـەی ژیـانی مرۆڤێکـی رەنجـەڕۆو چەوسـاوە، زوڵـم لێکـراوو، بـەش خـوراوە. لـەوێ دا شـاعیر گەیشـتۆتە پلـەی سـووتان، هـاوار دەکـا، هـاوار بـۆ گەیشـتن بـە سەرچـاوە، بەیەکسـانی، بەڕزگاری))[٣٤]. لەوێ دا شاعیر دەردو مەینەتیەکان دەژمێرێ:

---

(٣٤) یونس رەزایی , هێمن , شاعیرێك لە مەیدانی سووتان و هەرمان دا , کنگرە بزر گداتت ... , ل٨٧٩

ئەو کەسەی نەیچێشتووە دەردی ژیـــان
ئەوکەسەی نەیدیوە ئێش و برك و ژان

ئەوکەسەی نەکرا نیشانەی تیری خەم
شـــانـــی دانـــەخزا لە بن باری ستەم

ئەو کەسەی هێندە نەبوو زوێر و زگار.
وا نەکەوتە بـــەرچـــەپـــۆکـــی رۆژگار

ئەوکەسەی نەیهاڕی بەرداشی زەمـــان
ئەوکەسەی (زیرڕەی نەگەییە ئاسمان)

ئەو کەسەی دووری عەزیزانی نەدی
تـــیـــروتـــانەی بێ تەمیزانی نـــەدی

تۆزی بەد بـــەختی لەسەر شانی نەنیشت
لێ ی نەگێرا دەورو پشت و چوار تەنیشت

نالەی جوودای، ل١٣.

دێرەکـانی ئـەو هۆنراوەیـە بـۆ کـرووزی دوکـەڵی هەناسـەی نـاخی مرۆڤێکـی لـێ بـەرز دەبێتەوە، لێ قەماو، کۆست کـەوتو، کـە بـاری خەمـەکانی بـە کۆڵیەوەیـە، شـاری مێـژوو یادگارەکانی پـێ ئـاوەدان دەکاتـەوە، کـە لـەژێر هـەر پنچکێکی دەیـان شکسـت و هـەرەس خۆیـان مـەلاس داوە، لـە هـەر سوچـێکی دا نمـەك حـەرامی و بـێ وەفاییـەك کرۆشـکەی کردووە، ئـەم وڵاتـەی بـە بەهەشـت نـاوزەد دەکرێـت، بێجگـە لـە وێرانـی گونـد و شـاری، دەربـەدەری ڕۆڵـەکانی و لـە سـێدارەدانی پێشـەوا و سـەرکردەکانی ،... چ خۆشـیەکی بـە خۆیەوە دیوە؟، بۆ کرووزی ئەم دووکەڵە، لە سینگی هەر کوردێك و هەر مرۆڤێـك دایـە،

كه مرۆڤ بێت و، هەستی مرۆڤانه گینگڵی پێ بدات و خەوی لەچاو بتارێنێت، هێمن لەو کەسانه بوو، کە ئەم هەسته لەگیان و لەخوێنی دا، گەرای دانابوو[٣٥]:

ئەو کەسەی ئاسوودەو و خۆش رای بوارد ،
قەت خەمی یەخسیرو کۆیلانی نەخوارد ،
یـــەك لـــە مـــالێ چاوەڕێی بوو بێتەوه ،
دەرکـــی نـــێـــو مـــالێـکـــی لێ بکرێتەوه ،
خـــەم ڕەوێنـــێـــك گوێ بداتە ڕازی ئەو ،
نـــازەنـــینـــێـــك بـــێ بکـــێشێ نازی ئەو ،
هـــەیـــبـــێ هـێزو گورد و تین تاوو گوڕ ،
ڕۆژگاری ڕەش نـــــەبێ ، بەختی موکوڕ ،

نالەی جودایی، ل١٥.

شـیوەنی دەربـەدەری شـاعیر لەنالەو شـیوەنی (نـەی) تێپەڕانـدووە، تـەنیا خـەمی ئـەو ، گەیشـتـنەوە بـه ئەسـڵ و سەرچـاوەیه،خەمی شـاعیر دەریاییێکـەو ئـەو خـۆی تـێ دا دەریاوانێکی ماندوو چەوساوەیه، جودایی بڕستی لێ بڕیوە:-

نـابێ قەت نالەی جودایی بێ ئەسەر
جـــا چ نەی بیکا چ پیاوی دەربەدەر
بۆیـــە نـــالـــەم تـێکەڵی نەی کردووه
شـــیـــوەنێکم پێ یە، نەی نەیکردووه
لێم گــــەڕێ با دەربڕم سۆزی دەروون
لێم گەڕێ با هەڵوەرێنم ئەشکی روون
دەردی دووری دەردی دووری کوشتـمی
دەردی وشیاری و سەبووری کـوشـتـمی نالەی جودایی، ل١٨.

دیاره شیعر کول و کۆو هەستی دەروونی ئینسانێکە، کـه بـه داخـەوه سەرتاسـەری ژیـانی خـەم داپۆشـیوه، بۆیـه بـەخۆی دەبێتـه شـاعیری خـەم و بەرهەماکانیشـی دەبـن بـه فەرهەنگی ئەو هەستانە.

---

(٣٥) ڕەووف بێگەرد , هێمن -ی شاعیر و مرۆڤ , چەپکێ گول چەپکێ نێرگز (پێشەکی), ل١٨.

٦/ ٢/ **خەم و فرمێسک**:

لـە لاپــەرەکانی پێشــەوەدا ســکالآی غوربــەت و ناسـۆریەکانی دەروونــی شــاعیرمان بــە سەرکردەوە، کە خەمەکان و فرمێسك ڕشتنی شاعیر لەگەڵ ناخۆشی و ئێش و ئازارەکانی گەلەکەی و چارەنوسی نیشتیمانەکەی یەك دەگرنەوە، واتە خەمـەکان چـەمکێکی گشتی بـەخۆوە دەگـرن، لـەم بەشـەدا خـەم و فرمێسکی شـاعیر تایبـەت و کەسـین ، لـە ئاکـامی کلۆڵی و کەساسی و نائومێدی لەناخی شاعیردا کەڵەکە دەبن و پـەنگ دەخۆنـەوە، ئـەنجا قوڵـپ دەدەن و سـەر دەر دێـنن. گوتمـان ئـاوارەیی و غوربـەتیش جـاری واهەیـە دەبنـە حاڵەتێکی ویژدانی، شاعیر هەست بەنامۆیی دەکاو ژانێکـی قـووڵ لـە دەروونـی دا بـەرپا دەبێت، بێ ئەوەی دووچاری دووری و دەربەدەریش بووبێتەوە. بۆیە ئەم دوو چـەمکەی گشت و تایبەت لە مەسەڵەی خەم و فرمێسك و نامۆیی، جاری وایە لە شیعرو هۆنـراوەی شاعیر تێك هەڵکێش دەبـن و ناتوانرێـت سـنوورێك لـە نێوانیـان دا دەستنیشـان بکرێـت. لەپێشەوە هەوڵمان داوە بە قەڵەمی درشت. لـە خەمـە گشتیـیەکانی شـاعیر چـەردەیەك نیشان بدەین و لێرەوە ئاوڕ لە دیوی ناوەوەی خەم و فرمێسکەکانی شـاعیر دەدەینـەوەو هەندێ نموونـەی لە هۆنـراو ەکانیدا دەستنیشان دەکەین. هێمن دڵی پـاك و بـێ گـەردە و ئەگەر گەردێکی لێ بنیشێ، ئاشکرا پێوەی دیارە، خاوەنی هەسـتێکی ناسـکە کـە بەرگـەی زریان و کارەسات ناگرێ، ڕووداوەکان لە دەماری کار دەکەن [٣٦]، کارەساتەکان لە ناخـەوە شاعیر دەهەژێنێ، دەروونی دەبێتـە ماکـەی نائومێـدی و بـێ هیـوایی ، شـاعیر گۆشـە گیر دەبێت و شەن و کەوی خەمەکانی دەکات:-

قـــەت لـــە دنـــیادا نـــەبوو بێجگە لـە ناخۆشی بەشم
مـــات و دامـــاو و پـــەشــێــو و بـێـکەس و چارە رەشم
کــوشـتـمی و شەش خانی ئــومێدی لەمن گرتن حەریف
مــۆرە هــەڵــداوێم و بـێـهـــوودە بە هیوای دووشەشم
نـــابـــیـــنی زەردە لـــەســـەر لـێـــوی کەسێ لەم شارەدا
گـــەر خـــەم و دەردی دڵـی خـۆمیان بەسەردا دابەشم

تاریك و روون، ل١١٥ .

---

(٣٦) محمد فریق حسن , سەرچاوەی پێشوو , ل١٤ .

**ئەم هۆنراوەیە( فرمێسکی گەش) تا دوابەیتی، بریتییە لە چەند نیگارو تابلۆیەکی ڕەشی نائومێدی و هەناسە ساردی و بێ هیوایی [٣٧]. کاتێك شەوو تەنیایی ئارامی لێ هەڵدەگرن، پەنا بۆ گریان و فرمێسك دەبا، تاکول و کۆی دادەمرکێ و دەروونی ئارام دەبێتەوە:-**

**کوڵم هەڵدەستێ ئەو جارە لەبەردەردم دەناڵێنم**
**هەتا ئاوری دڵم دەکوژێتەوە ئەسرین دەبارێنم**
**شەوانە گەر نەکەم ئەو شیوەن و ناڵین و گریانە**
**دەسووتێنێ وجوودم ئاگری ئەم جەرگە بریانە**

**تاریك و روون ، ل١١٦.**

**تەنانەت ژیان و جیهان لای ئەو دەبێتە(کاولی خەمان)و بە ئاواتی دەخوازێ کە لێی دەربازبێت، لە هەوری ئاسمان دەپاڕێتەوە کە ئەو کارەی بۆ بکات:**

**بم بەرە نێزیك ئاسۆی جوان و سوور**
**نەجاتم بدە لە کاوڵی خەمان**

**تاریك و روون، ل١١٨.**

**لە بەرامبەر یاری جەفاکاریشی، دەسەڵاتی شاعیر هەر خەم و گریانە، کاتێ لێی دەتۆرێ، تۆوی ئازار لە دەروونی دەڕوێ و لە داخان فرمێسکی خوێنین هەڵدەرێژێ:-**

**عەزیزم بۆچی تۆراوی لە خۆڕا؟**
**چ قەوماوە؟ دڵی تۆ بۆچی گۆڕا؟**

**ئەتو وازوو لە بیرت کردم ئەمما**
**فەرامۆشت نەکەم شەرتە لە گۆڕا**

**لەچاوم دێ بەخوڕ فرمێسکی خوێنین**
**کەچی ئەم گۆمە خوێنە هەڵنەچۆڕا**

**تاریك و روون ، ل١٢١.**

---

**(٣٧) کاکەی فەلاح , لە پەنا حەجەکەوە, خشکە ییێك , ر/ هاوکاری , ژ//٢٤٦, ١٩٧٤/١٢/١٣.**

لاپەرەکانی ژیانی خەم و فرمێسك و سۆزی هەناسەیە، شاعیر لە سایەی دا گۆشـە نشـین بووە:-

نیمە ئاواڵێ لە گۆشەی بێ کەسی دا غــەم نــەبــێ
چاکە ئەو لێرەش وەفای هەرماوە، سایەی کەم نەبێ
لاپەڕەی ژینم هەمووی هــەڵدەیتەوە تێیدا نیە
باسی فرمێسك و هەناسەو شیـوەن و ماتەم نەبێ
شـــادی جــارێــکــی بــەهـیــوایــی نـەهـاتۆتە دڵم
رەنگە خەلوەتخانەیی خەم شوێنی نامەحرەم نەبێ

تاریك و روون، ل١٣٢.

شاعیر لە تەنیایدا لە نێوان فرمێسك و گڕی دەروون شەوی بە ڕۆژ دەکاتەوە:-

لەناو ئـاورینگ و ئاونگا شەوم رادەبرێ بێ هەم دەم
بەڵێ شـەوگاری تەنیایی بەبێ فرمێسك و خەم نابێ

تاریك و روون ، ل٢١٨.

هەندێ جار شیعرو هونەر دەبـن بـە دەربڕینێکی رووتـی هەسـت و سـۆزی خاوەنەکەی، لەگەڵ جیاوازی بیرو بۆچوونیش نابێت نکووڵی لـەو ڕاسـتیە بکرێـت کـە هەسـت و سـۆز هەوێنی هەر کارێکی هونەرییە. ئەم هەست و سۆزە لای هـێمن جاروبـار ئەوەنـدە چـڕو خەست دەبێتـەوە کە هونەرەکەی دەبێتە ئاوێنـەی دەروونێکـی پـڕ لەخـەم و نائومێـدی، بۆیە ئەو قسەیە دەرحەق بە شاعیر راستە کە هۆنراوەکانی دەبـن بـە ئاوێنـەی بالأنمای دەروونی پڕ لە شکست و کارەساتی و تەعبیر لە حاڵی پەرێشانی خۆی دەکەنـەوە[٣٨]. لـە هۆنـراوەی (ئێوارەی پایز)دا وێنە گەلێکی خەماوی لەو جۆرە بەدی دەکەین:-

پــەڵە هـــەورێکی چڵکنە
گرتی سووچێکی ئـــاسمان
گەڵای زەردی دارێك وەری
زریان بردی بەرەو نـەمان

- -

(٣٨) فەتاح ئەمیری , پیسۆز , چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز , ل٢٠٠.

هــەوا بــوولێڵە ، ئـــاو لێڵە
گول سیس بووە، گەڵا زەردە
تـــەنـــانـــەت رەنـگی گۆڕاوە
ئـــــەم دیـــوارو دارو بەردە

- -

چـــاوم لــە ئـاسـمان بڕی
دڵم هێندەی دیکـە گـیـــرا
گـــەلـێـك بـیـرەوەری كۆنم
لــە پـڕ هـاتـنـەوە بە بیرا

- -

ئـــاخ دیـــسـان دەبێ رابوێرم
لــە ژوورێکی ســاردو سڕدا !
دەگـەل ئازار دەستە ملان بم
تـــا بەیان لە نوێنی شـــڕدا

- -

دەڕۆم ، دەتـــرســـم ، دەلـــــەرزم
لە پەلاماری مـۆتـــەی شــــــەو
داد لەدەس ئـەم دڵەی بەخـــــەم !
وای لە دەس ئەم چاوەی بێ خەو !

- -

دەڕۆم تا سەر پێکەوە نێم
دەگـەڵ زام و دەردو ئێشـم
دەڕۆم تــا شــەوێکی پـایز
من شــەو نـخــونی بکێشم

- -

دوور قاقایەکم گوێ لێ بوو
دەتگوت گوللەم پێوە دەنـێ

چۆن بە ئێوارەی پـایزیش
ئی وا هـەیــە پـێـکــەنێ !
ناڵەی جوودایی و ل٣١.

شـاعیر دوور و ئـاوارە و دەربـەدەر ، لـە ژوورێکـی ساردو رەق و شـەپڕێودا، ئـامێزی لـە ئــەژنۆکانی وەرێنــاوە، رۆژنەیــە خــەمێك نەبێتــە میــوانی و گریــان ســەری لــێ نــەدا، هاودەمێك شك نابا گرێ کویرەکانی دەروونی بۆ بکاتەوە، گوێ لە ئاهو لـە ڕازی بگرێـت، بێ تروسکایی و چرایەك بەدی ناکات، نەهامەتی لەخەونە سەوزو سـوورەکانی بێبەشـی کردووە، خەزانی بێ بە زەیـی گـەلای درەخـتی ژیـان و کامـەرانی وەرانـدووە، یادگارەکـان هــەموویان تــاڵ و بــە دەیــان چــیرۆکی مەرگەســاتی لــە ســەر پــەڕەی دەروونــی هەڵکەندووە[٣٨]. لەو ناوەدا و لەو دەوروبەرە پەشێوو پڕ ئـاژاوەدا ، ئاوازێـك، ئاهـەنگ و ریتم و ترپەکەی لەخەم و تارێکی و تەم و دوکەڵ وەرپێچراوە، لە قووڵایی ناخی شـاعیر دەبیسترێت، کە(سازی ناساز)ەو بەم شێوەیە دێتە ئاخاوتن:-

بلبلی باڵ شکاوی وەختی گــوڵم
هەر شەپۆلان دەدا دڵی لە کــوڵم

موغی بێ ئاگری شەوی یــەڵـدام
چاوەڕێی چارەنووسی نــاپەیدام

کێڵی گۆڕی شەهیدی گــومـنـاوم
تــاکــە داری کڕووزی بێ ئــاوم

دەفتــەری شیعری شاعیری رووتم
شــەمی سەر گۆڕو داری تابووتم

کــونی گــیــراوی کـۆنـە شمشاڵم
خەونی ئاڵۆزو خا تیرەی تـــاڵم

(٣٨) سەعید شوان , هێمن , شاعیری خەم و خاوەن هەڵوێست , گ/ ئاوێنە , ژ/( ٢١ ,٢٢ ), ١٣٧٤, ل١٨.

ژیـــلـەمۆی ئاگری بە یـانــانـــم
باوکی فــرمـێسکـم و کوڕی ژانم

نالەی جوودایی ، ل٤٠.

ئـەم بـەناخی خـۆ رۆچـوونە شـاعیر وەکـو مـۆم بەسـەر خـۆی دا دەتوێنێتـەوە، خـۆی دەخواتەوە، جڵەوی هۆش و ئاوەزی لە دەست دەترازێ و لە هـەبوونی خۆشـی بـە شـك و گومان دەکەوێت:-

چۆن دەتوانم بەتۆ بڵێم من چیم ؟ !
خۆم گومانم هەیە کە هەم یا نیم ؟!

نالەی جوودایی ، ل٤١.

گۆشـەگیری لای شـاعیر دەبێـت بـەنا ئومێـدی و وورە بـەردان، بۆیـە دەسـتە وەسـتان دەمێنێت، ئەگەرچی هەموو جارێك لە دوابەندی خەمنامەکانی بە ئاگا دێتەوەو هـێمنی هۆشیار، هێمنی شاعیر لە نقووم بوون رزگار دەکات:-

ئەوەندە دەردە دارو بێ پەرستارم کە پێم وایە :
لە سەرکێکی تەمەن هەڵناکرێ تازە شەمێکی تر
گـەلێکــم رۆژگـاری تاڵ و شیرین رابوارد، ئاخۆ
مــەرگ مـــەودا دەدا بـبـیـنـــم سەرەدەمێکی تر !

هێمن لە بەرایی دڵ ناسك و خاوێن و بـێ گـەردبوو، بـەڵام ڕووداوو کارەسـاتەکان کـەڵ و کلۆمیان کردووە، ئێستا دڵی ژەنگی هەڵێناوە، جێ راوگەی خەم و کارەساتە:-

من چریکەم هەموو سووچی چەمەنی پڕ کردبوو
ئێستە نـــایــە لــە گەروم بێجگە لە ناڵەی خەمگین
مـن کـە بـۆ دیـتـنـی گـوڵ هێلّی سنوورم دەپەڕاند
هــەر لـەســەر هــەق گــوتنی ڕووتە کرام خانشین
تـێــپــەڕێ هــێــنــدە بـــەنــاخـــۆشـی ژیــنــی درێژ
خۆزگە سەد خۆزگە بەوانەی کەم و ئاسوودە دەژین

چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز،

ل١٠٢.

له دوا هەنسکی خەم و فرمێسکی ، شاعیر بەم رەنگە دێتە زمان:-

بـــارگـــەیـــان تێکەوە پێچاو بەڕێ بوون یاران
لـــەدنـــێ وا بەتەنێ پاشی ئەوان من چ بکەم؟
ژینی من ئێستە وەکو خۆری دەمی زەردە پەڕە
پێم نەما تین و گوڕو هێزو تەوان من چ بکەم؟

چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز،

ل١٠٤.

٣/٦/ **ماتەم و شینگێڕی :**

شینم گەلێك گێڕا وە، شـــادیم کەم دیوە
خـــۆشی دەڵـــێـــن هـــەیە، بەڵام نەم دیوە

تاریك و روون ، ل٢٣٠.

هێمن لەدوا بەندی بیرەوەریەکانی ، ئەم چەند دێرەی نووسیوە:-

ئینسانم :

ژیانم پێ خۆشە :

پێم خۆشە لە شاری ئاوەدان، لە شەقامی پـاك و خـاوێن، لەگـەڵ خۆشەویستان بگـەڕێم پـێم خۆشـە لـە ژووری گـەرم و گـوڕ لەسـەر نـوێنی گـەرم پـاڵ کـەوم... دەمـەوێ سـەماو هەڵپەڕینی نازداران تەماشا بکەم... دەمەوێ جوان تـرین باڵـەو چاکترین ئـۆپێرا ببیـنم، بەرزترین سەمفۆنیم بۆ لێ بدرێ... نامەوێ دەربەدەرو سەرگەردان بم، بـەکێوو شـاخان دا بگەڕێم، لـە ئەشکەوت و زەنـدۆلان بخـزێم، لەسـەر بـەردی رەق بنـووم، نـانی وشـك و ئاوی گەرم و سوێر بخۆمەوە، پێم خۆش نیە خوێن و فرمێسکم وە بەرچاو بکـەوێ... بەڵام :-

چبکەم کوردم

**کۆیلەم [٣٩].**

**بەو حاڵەشەوە هێمن گۆرانی بـە رەنـگ و بـۆنی مێلاقـەو گولـوك ی دەشـت و کۆساران، کـەزی و سیٚ بـەنگی کیـژی کـوردان و بـەژن و بـالاٌی هـەتاودا هـەل گوتـوە. بـەلاٌم خـۆی گوتەنی کوردایەتی و کۆیلاٌیەتی، تاڵ و سوێری و هەورازو نشێوی ژیـان، گـەرم و ساردی رۆژگـار، کـاریکی کـردووە، هـەر رۆژە تارماییـەکی سـوور بەرچـاوی بگـریٚ، هـەر سـاتەو ئازیزێـك، قارەمانێـك، پێشــەوایێك، پێشــمەرگەیەکی لــێ ببێتــە خــۆراکی جانــەوەر، سـووتەمەنی جیهـانێکی زاڵـم، بـەو رەنگـە ژیـان دەبێتـە تێکلاٌوێـك لـە شـادی و خـەم، خۆشـیو ناخۆشـی، عیشـق و ناکـامی و بـەرەنگی ئاسـۆی ئەرخـەوانی رەنـگ رێـژ دەبـیٚ. شاعیر خەمگین و ناڵین هاوارو ڕۆ ڕۆی لیٚ هەڵ دەستیٚ:**

**دەرزی ئـــاژن بوو دڵم لە سویٚ ی شەهیدانی نەمر**
**بەس نیٚیە، مەودام بدەن تۆسکاڵی تەسکینم دەویٚ**

**پاشەرۆك، ل٢١٨.**

**هێمن لە گۆڤاری (نیشتیمان) دا دەنوسیٚ:-**

**((ئــەم هەڵبەســتەی ژێــرو چــەند دڵۆپــە فرمێسـکێکە کـە لـە شـینی شـەهیدانی رێگـای سەربەخۆیی کوردا رژتومەو هەموو چە خوێن گەرم و چە خوێن سارد بە خوێندنەوەی شیعرەکان بیٚ ئیختیار فرمێسك دەرێـژیٚ و تووکـوو لەعنـەت لـەم مەحکەمـە مەنحوسـە دەکا، کە تروسکەی هیوای کوردی کوژاندەوە و سەربەخۆیی کوردستانی وە دواخست، بیٚ سـووچ و تــاوان ئــەمری هەلاٌوەســینی جــەنابی شــێخ عبــدالقادر و هــاورِیٚ کــانی دەرکرد...)) [٤٠].**

**دویٚ شـــەویٚ گـــریام هەتا رۆژ پێت بڵێم بـۆچی برا**
**مەحکەمەی مـەنـحووسی ئیستقلال وەبیرم هاتەوە**
**رێزیان بە ستبـوو لە پێش چاوی منا گشـتی هەموو**
**ئەم شەهیدانەی کـــــە خـنـکـاون بـەسـەد ئاواتەوە**
**پاك بە کفنێکی لە خــوێنا شەتل و لێوێکی بــەبـــار**

---

(٣٩) هێمن , لەکویٚ وە بۆ کویٚ , تاریك و روون, ل٤٥.

(٤٠) هێمن , گەنجینەی ئەدەبیات , گ/ نیشتمان , ژ/٢ , ساڵی /١ , ١٣٢٢ , ل١٣.

پــاك بــەرەنـگـێـك و قـیــافـێكی پەڕیوو ماتەوە

هاتە گوێم لێكرا دەیانگوت ئێـمـە كوژراین بێ خەتا

مـیـلـلـەتـی كـورد تــا بـەكەنگی تۆڵەمان ناكاتەوە[٤١]

شیعرو هۆنراوەكانی شاعیر ، تۆماری مێژووی تێكۆشانی گەلی كوردە، لەم چەند دێـرەدا شاعیر دایكی شەهیدانی شۆڕشی ئاگری دەلاوێنێتەوە:-

ئەی دایكی شەهیدی كوردی

تـــۆ وەكـــو چـیـــای ئـاگری

لـــەبـــەر تەوژم و باو تۆفان

سەخـت و رەق و پێ داگری

لە ئـاست ئەم داخ و دەردانە

بــەهـیـمـــەت و خۆڕاگری

پاشەرۆك ، ٢١١.

بـەفرانباری( ١٩٦٢/١٣٤١ )، (گێژەلووكـەی بـە سـام و تونـدی خـەزان) هـەڵ دەكـاو مـەهابادی ئـارام و هـێمن دەهـەژێنێ، پـەڕوپۆی چـەند گـوڵێكی نـازدار لـە شـارەكە هـەڵ دەوەرێـنێ، ماتـەمێك بـەرپا دەكات، شـاعیر وەكـو زمانحـاڵی ئـەو خەڵكـە لـەتاوی مـەرگی لەناكاوی ئەو جوانە مەرگانە شین دەگێڕێ:-

هـــەروەها دەستی بێ بەزەی تەقدیر

نـــأیـەڵێ چووك و گەورە جوان و پیر

تــــازە لاوان لـــە خـــوێن دەگەوزێنێ

جـــەرگـی دایـكـی هـەژار دەبرژێنێ

زەبـــری تـــونــدی زەمانی بەد كردار

شـــــاری كــردیـنــە شـاری پــڕ ئازار

هەرچی دەی بینی دەس بــە ئـەژنۆیە

لـەهــەمــوو لاوە شـیـــن و ڕۆ ڕۆیە

تاریك و روون، ل١٤٠.

---

(٤١) هێمن , سورچاوەی پێشوو , ل١٣.

که هەواڵی مەرگی گۆرانی شاعیر (١٩١٤-١٩٦٢) بلاّو دەبێتەوە ولاّتی موکریانیش، تەبای ناوچەکانی سۆران و گۆران و بۆتان... رادەچلەکیٚ، بۆ ئەو چرایە دەگرین کە رۆژگار ژێر گلی کردو بڵێسەکەی کوژاندەوە، هێمن لە (شینی گۆران)دا کراسی خەم بۆ هەموو شارو دێهاتی کوردستان دەبڕیٚ:-

جا چلۆن دل بەخــەم نەبین، نەگرین
جــا چـلـۆن کـۆڕی شینی بۆ نەگرین
شـاعـیـرێك بوو بـــەنــرخ و بیٚ وێنە
بــیــری رۆشـــن بـــوو، چەشنی ئاوێنە
شاعیرێك بوو بە جەرگ و هەڵکەوتوو
پێشرەوی گەل بوو نەك لەگەڵ کەوتوو

تاریك و روون ، ل١٥٣.

ساڵانی (١٩٦٨-٦٧) داسی مەرگی دوژمنان لە هەردوو دیو، دەکەوێتە دروێنەی گیانی ئازادیخوازانی رۆژهەلاّتی کوردستان و بە دەیان کەسەیان لیٚ شەهید دەکرێن. مەهاباد هەوری رەشی ماتەم دای دەپۆشی و ئەو دەڤەرە دەبێت بە شانۆی دڵ تەزێن ترین کارەساتەکانی مێژووی کورد، ((دایکۆڵە زگ سووتاوو هەناسە ساردەکان لە کوچەو کۆلاّنان فرمێسکی حەسرەتباریان هەڵ دەڕشت، دارو دیوار بۆنی خوێنی لیٚ دەهات، کەس دڵخۆشی کەسی پیٚ نەدەدرایەوە، ... زۆر کەس لە داخا ماڵ و ژیانیان بەجیٚ هێشت و بەنا بە دڵی ڕوویان لە کوردستانی ئەو دیو کرد، یەکێك لەوانە مامۆستا هێمن بوو، کە دەبوایە دوور لەچاوی نەیاری لاسارو دوژمنی بەدکردار لە شینی رۆڵە کوژراوەکانی گەلەکەیدا گەرمە شین بگێڕیٚ و ... لە دوای چەند مانگان ئەو شیعرە تەواوی کوچەو کۆلاّنی شارو لادێی تەنیەوەو زار بە زار قۆسترایەوە))[٤٢]:-

بــۆ شـــەهیدێکی کە گەوزیوە لە نێو خوێن دەگریم
بۆ هــەواڵـێـکـی کـە چووبیٚ سەرو بیٚ شوێن دەگریم
بۆ کوڕێکی نــەبــەزیــوی کــە لــە سـەنـگـەردا مرد

(٤٢) هێرش , هێمن و من , ل٢٣.

نەك بەسەر شۆڕی و بێ شەرمی لەسەر نوێن، دەگریم
گـەنــجـی کــوردی وەکوو گەنجینە لە هەردی خستن
دوژمنم، تــاکــوو نــەزانــم هەموو لە کوێن، دەگریم
شـــۆڕە ژن ســـەر بە قوڕو گەورە کچیش مل بەکوین
تـــا بـمـێـنـێ ســەری بـەقـوڕو ملی بەکوین دەگریم
بــۆ ولاتــێـکـی بـە فــرمـێـســك و بـــەخوێن دێرابێ
مــن کــە سـەیرانی دەر و دەشتێ دەکەم، خوێن دەگریم

تاریك و روون، ل١٦٣.

کاتێ شاعیرێك شیعریك بۆ پێشمەرگەیەك، بـۆ شـەهیدێك بـۆ (پێشـەوا)یەکی رێگـای رزگاری دەنووسێت، ئەوا ئەو شیعرە لە تۆماری مێژوودا دەبێتە بەڵگە نامەیەکی نەمری بۆ ئەو پێشمەرگەو پێشەوایە[٤٣]. (چوارچرا) لە نەسـت و زەیـنی هـێمن دا بـووە بەچل چـراو قـابیلی فـەرامۆش کـردن نیـیـە، لـە هۆنـراوەی(شـەوو شـەیتان) گەرمـە شـینێکی هونەرمەندانەی شاکار، بۆ (پێشەوا)ی شەهیدان دەگێڕێت:-

لە دەوروبەری چوارچرا
هەزاران ســەر لە قوڕنرا
کــام نازداری شـــۆخ و جـوانە
دای لـەخــم لکی کـۆلـوانــــە
لـــەچـاوی کـیـژی مل بەکوێن
بەخوڕ دەهات فرمێسکی خوێن
شـــۆڕەلاو هــاتــە کـۆڕێ شین
ئــەویــش سـۆرانــی کردن شین
بــا تـــەرمـیــشــی بـخـرێتە گل
چـۆن یـــادی دەردەچێ لە دڵ؟

تاریك و روون، ل١٨٢.

---

(٤٣) مەلا بەختیار , لە خزمەتی ئەدەب دا, چ١, سلێمانی, ١٩٩٨, ل.

(کاروانی خەبات) داستانی قارەمانی شۆڕە سوارێکە لەڕێ ی ئازادی دا گیانی خۆی کردۆتە قوربانی و، بەند بە بەندی ئەم هۆنراوەیە نیگارو تابلۆکانی زنجیرەی ئەم داستانەیە، کە بە نووکی خامەی هێمنی خەباتکاری هاوڕێ و هاوسەنگەری نەخشێندراوە، ناڵەو گریانێکە بێ دەنگ و بێ فرمێسک، هەر وێنەیەکی حەقیقەتێکی مێژوویی سەلمێندراوە، بۆیە چاکترە ناو بندرێت، خەنەبەندانی شەهید، چونکێ شەهادەت نامەی نەمرییە، نەوەك شینگێڕی:-

دیسان خوێنی قارەمانێك
نەخشاندی ڕێگەی رزگاری
دیسان لاپەڕێکی ڕەشتر
کەوتە سەر مێژووی زۆرداری

- -

دوا نیگای برپەلای ئاسۆ
بەمۆڵەق ڕاوەسستا چاوی
شنەبای شەوهات ئەستڕی
وەك پەنجەی جوانێك جواناوی

تاریك و روون، ل١٩٧.

مایسی ساڵی (١٩٧٥)پۆلێك گەنج و لاوی کورد، حوکمی خنکاندیان بەسەردا دەدرێت و شەهید دەکرێن، کە سەرقافلەکەیان شێرە کچێکی روو سوورو نەمرە لە مێژووی نەتەوەکەمان بەناوی (لەیلا قاسم)، هێمن شین نامەیەکی لەو بۆنەیەدا گوتوە:-

هەمیشە دەرد دەبینم دەرد دەبینم
درۆی دوژمن دەهۆی نامەرد دەبینم
مەگەر زەردایی ناکەن چاوەکانم
کە رەنگی نەو بەهاری زەرد دەبینم
بە سۆزەی با کە سکڵی دڵ گەشاوە
دەروون پڕ سۆزو فرمێسکم خوناوە
لە دوی لەیلا بە واوەیلاوو شیوەن
دەڕۆم و پۆلی شین گێڕم بەدواوە...(٤٤).

راسته ئەگەر سەیری هەر دیوانێکی شیعری ناوچەی موکریان بکەین، دەبینین بەشێکی گەورەی شینگێڕیە، ئەوە رەنگدانەوەی ژیان و بارودۆخی میللەتەکەی ئێمەیە. لەگەڵ ئەوەش ئەم بۆ چوونە سەبارەت بە شیعرو بەرهەمی هێمنیش هەروایە، بەلاّم شین و ماتەم لای ئەو وەنەبێ لە وێنەی مەرگەساتی رۆمانتیکی کۆن، هەر ئاهوناڵەی کڕوزانەوەو نائومێدی و فرمێسك رشتن بۆ رابردووی، تیادا بخوێنینەوە[٤٤]، بەڵکو وەسفو ئیحساسێکی واقیعی و راستەقینەو مرۆڤانەی تیادا بەدی دەکەین، لە پێناوی هان دان و کۆڵ نەدان، نەوەکو دەست لە ئەژنۆ وەرێنان، لە هۆنراوەی (رەوەز ورد نابێ) هاتووە:-

زەوی ئێستاش لە رووت هەڵدێ بەدەی سووڕ
نە رووخای ئاسمانی پشت کووڕ
کە حاڵی زارمان ئاوا دەبینن
کە ماڵی زاڵمان ئاوا دەبینن
کە جەرگی کاوەکانی چاك دەبینن
کە جەرگی کیژەکان پڕ چاك دەبینن
کە کۆڕی شین بەهاری سوور دەبینن
(ئەمینی) نا ئەمین مەئمور دەبینن
کە سۆمایی لەچاو باوکان بڕاوە
بەرۆکی پیرە دایکان دا دڕاوە
بناری لێژو ناهەمواری هەڵگورد
دەبینن بۆتە دەشتی کەربەلای کورد
بەناهەق خوێنی تێکۆشەر دەڕێژن
شەهیدی بێ سەروبێ شوێن دەنێژن
پاشەرۆك، ل٢٠٦.

---

(٤٤) هێمن , بەهاری زەرد , گ/ سروە , ژ/١ , ١٣٦٢ , ل٨٩.

(٤٥) حسین علی شانوف , سەرچاوەی پێشوو , ل٢٣.

لە باخچەی شاعیران دا شینی پەپوولە هەمیشە بۆ شەمە، هی بولبول بۆ خونچەیە، بەلاّم شینی هێمن هەمیشە بۆ رۆڵە شەهیدی گەلەکەیەتی :-

ئەم چاوانەی فرمێسکیان رشت
بۆ کوردێکی دوژمن دەیکوشت
ئـــەم چـــاوانـــە داگیرساون
هـێـنـد لــە شینگایان گریاون          پاشەرۆك ،
ل٢٠٣.

شاعیر کول و زامەکانی بە چرِی لەنێو دێری هۆنراوەکانی دەردەبرِێت ، کاتی دەڵێ:

من کەشین گێرِی هەموو سوورە گوڵی پەرپەرِ بووم
رەنـــگـــە هـــەر درکـــی پەرِیو لێرە بکا بۆمن شین
چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز،

ل١٢.

هێمن خۆی شینگێرِو بەلاگێرِی گیانی شەهیدانی نەمر بووە، بۆیە لە سەرەمەرگ دا ناخوازێ شینی بۆ بکەن(*):-

دەرزی ئـــاژن بوو دڵم لە سوێ ی شەهیدانی نەمر
بەس نی یە، مەودام بدەن ، تۆزکاڵێ تەسکینم دەوێ
کیژو کـــورِ بـگـرن لەدەوری گۆرِی هێمن رەشبەڵەك
من کە شینگێـرِی شـەهیـــدانم لەکوێ شینم دەوێ

پاشەرۆك ، ل٢٢٠.

بۆیە دەبینن دەفتەر و دیوانی شیعرەکانی هێمن بوون بە سەرجەڵەو تۆماری شینگێرِیو لاواندنەوەی شەهیدانی کاروانی ئازادیخوازی گەلەکەمان، لە سەرەتاوە تاکو ئەمرِۆ.

---

(*) ژمارەیەك شاعیرو نووسەرانی کوردستانی ئێران, لە کۆچی دوایی هێمن دا , شیعرو هۆنراوەی بە سۆزی ماتەمیان بۆ نووسیوە, تەنانەت هێندێکیان لە جارێك زیاتر شینگێرِیان بۆ نووسیوە, بەقسەی سەلاحی شێخە لئیسلامی زیاتر لە (٥٠) شینگێرِی و ماتەم نامە لە مەرگی شاعیردا نووسراوە.
- سەلاحی شێخەلئیسلامی , دیدار, مهاباد, ئاب ٢٠٠٠,.

## ٧/چیرۆكی شیعری

شیعرو هۆنراوە لە كۆنەوە وەكو چوارچێوەیەك، كراوەتە ئامرازو وەسیلە بۆ دەربڕینی بیرو ئامانجی كۆمەلأیەتی و لەم پێناوەدا ئەم پەیوەندیەی كە بەدی دەكرێت، لە نێوان شیعرو داستان، شیعرو دراما، شیعرو مێژوو... دروست بووە. چیڕۆكی شیعری لە داستانی شیعرییەوە نزیكە، كە ڕەگێكی قووڵ و دێرینی لە مێژووی ئەدەب دا هەیە، لەم جۆرە شیعرو هۆنراوەیەدا جەخت لەسەر بابەت و ناوەڕۆكەكە دەكرێت. بۆیە زۆر جار هونەری شیعر خۆی، دەكەوێتە پلەی دووەم، یاخود دەكەوێتە پەراوێزەوە. لە شیعرو بەرهەمە چاپكراوەكانی هێمنی شاعیردا، دوو چیڕۆكی شیعری بەرچاو دەكەون، كە مەبەست و ناوەڕۆكێكی كۆمەلأیەتی پەند ئامێزیان هەیە، لەم بەشەدا چاوێك بەم دووچیڕۆكەدا دەخشێنین و ئامانج و مەبەستەكانیان دەست نیشان دەكەین:

### ٧/ ١/ لە بیرم مەكە:

دەقی ئەم چیڕۆكە شیعریە، یەكەمجار لە گۆڤاری (ڕۆژی كوردستان)... بلأوكراوەتەوە. لەتاریك و روون دا بەزیاد كردنی (١٠) دێر لە كۆتایی چیڕۆكەكە، دووبارە چاپ كراوەتەوە، (بڕوانە:- تاریك و روون، چ ١، ل١٩٩). شاعیر بە كورتە پێشەكیەك دەست پێ دەكات بەم شێوەیە:- ((گوڵێكی زۆر جوان هەیە بە فارسی پێ ی دەڵێن(گل فراموشم مكن)- گولی لە بیرم مەكە- چیڕۆكێكی زۆر لە تیفی لەسەر هەیە، من لەو چیڕۆكە كە دەڵێن لە ئەسڵ دا فەرانسەیی بووە ئیلهامم وەرگرت بۆ هۆندنەوەی ئەم پارچە شیعرە، دیارە وەرم نەگێڕاوەتەوە، بەڵكو بەرگی كوردیم لەبەر كردووە ویستی كوردانەم تێ دا گونجاندوە))[٤٦]. بابەتی چیڕۆكەكە دڵداریەو لە دەوری ئەڤین و خۆشەویستی نێوان كچێك و كوڕێك دەسووڕێتەوە. كاكڵی ناوەڕۆك و بیرۆكەی ئەم چیڕۆكە، لە بنەڕەت دا لەگەڵ بابەتی هۆنراوەكەی ( گوڵی خوێناوی) گۆران یەك دەگرێتەوە، كە گیان بازی و وەفاداری بێ ئەندازەی دڵداران لە ئاست دڵبەرو خۆشەویستەكانیان نیشان دەدات، تا

---

(٤٦) هێمن , لە بیرم مەكە , گ/ ڕۆژی كوردستان , ژ/ ٦ , ساڵ /٢, ١٩٧٣, ل٤٢.

ڕادەی خۆبەخت کردن و خۆ خستنە بەردەم تالووکە، تەنها لە پێناوی رازی کردنی دڵی یارو خۆشەویست دا. چیرۆکەکە بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:-

وەهام بیستوە سەردەمی پێشوو
لە گەورە شارێك نازدارێك هەبوو
کچێکی قیت و قۆزو کەڵەگەت
شاکاری دەست و نەخشی تەبیعەت

شاعیر پێدا دەچێ لە وەسفی جوانی کچەکەدا دەڵێ:-

کەی گەزۆ شیرن وەکوو دەمی بوو
کەنگێ بەڕەزا وەك پەرچەمی بوو

کوڕێك دڵی دەچێتە ئەو کچەو گێرۆدەی ئەوینی دەبێت، لە رۆژێکی وەرزی بەهاردا کچە لە دوای بینەو بەرەیەکی زۆر، دڵی نەرم دەبێت و بەڵێن بەکوڕی دلداری دەدات کە لە گەلیا بچێت بۆ گەشت و سەیرانی دەرو دەشت. ئەو ڕۆژە هەر دوو دڵدار لە ئامێزی تەبیعەت دا بەسەر دەبەن، لەدەمی ئێوارە بەڕۆخانەی رووبارێك دا بەرەو ماڵ دەبنەوە. چەپکە گوڵێکی سوور بەناو گێژەنی رووبار دا دێت و کچە کاتێ دەیبینێ، خۆزگە دەخوازێت کە ئەو چەپکە گوڵە هی ئەو بایەو، تالە ناو گوڵدانی پشت سەری لە ژوورەکەی خۆی دای بنایە:-

بریا هی من با ئەو گوڵە سوورە
حەیفە کەوتە ناو ئەو شێت شوورە

کوڕە یەکسەر خۆی بە رووبارەکەدا دەکا، هەر ئەوەندەی بۆ دەکرێت، چەپکە گوڵەکە بەدەست بێنێت و بۆ کچی خۆشەویستی بهاوێژێتە دەرەوە، دوای ئەوە دەکەوێتە بەرگێژاوی شەپۆل و لە ئاودا نقووم دەبێت، رووبار راپێچی دەکات و تەنیا هاوارێکی لە دوادا جێ دەمێنێت:- لە بیرم مەکە !

تۆماری ژینی کورتی پێچراوە
تەنیا ئەو رۆژە خۆشەی بۆ ماوە

کچی شۆخ و شەنگ بۆ ماوەیەك ماتەم دای دەگرێت، لە دوایی کوڕێکی دیکە بە دڵدار دەگرێت و دۆستی دێرینی لە بیر دەکات :-

هەتا ماوەیەك دژو وەڕەز بوو
کەم کەم دڵداری پێشووی لە بیر چوو
یەکی تری گرت لە کوڕانی شاری
سەر لەنوێ دەستی کرد بە دڵداری

مەبەست و ناوەڕۆکی چیرۆکەکە لایەنێکی ویژدانی هەیە، کە بریتی یە لە داستانێکی دڵداری ناکام و تراژیدی ئامێز، لەگەڵ ئەوەش دا لەلایەنی کۆمەلآتی یەوە مەبەستێکی ئەخلاقی تیایدا دەخوێندرێتەوە، لەچەند خاڵێك دا:-

- رادەی وەفاداری و فیداکاری دڵداران، لە ئاست خۆشەویست و دڵخوازەکانیان.

- سەرەڕۆیی و کورت بینی کەسێك (هەرچەندە عاشقیش بێت) لە پێناوی ئامانجێکی بچووك و ئارەزوویەکی پوچ دا (لەگەل ئەوەش هی کچی دڵخوازی بێت)، کە خۆی دەخاتە بەردەم مەترسیەکی گەورەو ترسناك، کە سەرەنجام بەتیا چوونی سەری خۆشی تەواو دەبێت.

- بێ باکی و بێ دەربەستی ژن و ناوەفاداریان لە ئاست گیانبازی و فیداکاری دڵدارەکانیان، کە شاعیر لەم گۆشەیەوە، دەرەتانێکی بەدەستەوەدێ، تیرێکی ژەهراوی ناڕاستەوخۆ ئاراستەی ئافرەتان بکات و بە خەیانەتو بێ وەفایی لە کەداریان بکات [٤٧].

تێ نەگەیشتبوو دڵداری بێ هۆش
کە کچ زوو کوڕان دەکەن فەرامۆش

هەر چەندی شاعیر لە دوابەندی چیرۆکەکەدا، خۆی پاساو بۆ ڕەفتاری کچەکە دەهێنێتەوە:-

ژین ڕاناوەستێ، هەوەس نامرێ
دڵداری لەگەڵ مردوو ناکرێ
زیندوو پێویستی بەهاودەم هەیە
بۆ مردوو مردن هەر ئەفسانەیە

---

(٤٧) کوردستان موکریانی , ئافرەت لە هۆنراوەکانی هێمن دا , گ/ بەیان , ژ/ ٢٦ , ١٩٧٥ , ل٣١.

ئەنجا شاعیر هەڵوێستی خۆشی لە ئاست ڕووداوەكان بەو شێوەیە دیاری دەكات:-

كـەویـستت دڵی جوانێك ڕابگری
دەبێ بۆی بژی ، نابێ بۆی بمری

دوایـی لـەو (١٠) دێـرەی شـاعیر لـە پاشـان بـۆ مەبەسـتێكی تایبـەتی بـۆ چیرۆكەكەی زیاد كردووە، داوا لە گەنج و لاوەكان دەكا كە واپێویستە خۆ لە پێناوی ئامانج و مەبەستێكی پیرۆزو نەمردا بەخت بكەن، نەوەكو حەزوو ئارەزوویەكی پوچ و كەم بایەخ.

٧/٢/ **سووری دەوران:**

چیرۆكێكی درێژی داستان ئامێزە، لە (٣١٦) دێر هۆنراو پێك هاتووە، ناوەڕۆكەكەی ناكۆكی و توندو تیژی نێوان چینە كۆمەڵایەتیەكان نیشان دەدات لە سەردەمی كۆمەڵی میرایەتی و دەرەبەگی دا. ئەم چیرۆكە بەشێكی زۆری لە نامیلكەی (ناڵەی جودایی) گرتۆتەوە، پوختەی بابەتەكەی بەم ڕەنگەیە:-

میرێكی زۆردار و مل هوڕ جلەوی دەسەلاتی شارێكی بەدەستەوە دەبێت، ژمارەیەكی زۆریشی لە دەست و پەیوەندو خولام و خزمەتكار و سەربازو ڕاوێژكار بە دەورەوە دەبن:-

زەمانێ زوو هەبوو میرێكی زۆردار
دزیۆو دڵ ڕەق و خوێنڕێژو لاسار
دڵی خـۆش بوو بە ئازاری هـەژاران
بەدەس ئەو چوون هەزاران و هەزاران
بەراستی مل هوڕێك بوو دوژمنی گەل
لەبەر ئـەو نەیدەوێرا كەس بڵێ: لەل

میركچێكی لەبارو نازدارو جوانی دەبێت، ڕێك پێچەوانەی باوكی دڵ نەرم و چاك و پاكو فریشتە ئاسابوو، وەك نەریتێكی باوی ئەم جۆرە كۆمەڵگایە، ئەم كچە لەوێنەی بولبولی بەندی ناو قەفەز، دیل و دەستە بەستەی نێو كۆشك و قەڵاو تەلاری میری باوكی بوو:-

کچی بێ بەش لەنێو بورج و قەڵاّدا

دورە ئەمما لە دورِ دورجــی بەڵاّدا

ئەم کچە دڵی لـە کـورِێکی مۆسـیقاژەنی هونـەرمەنـد و هـەژاردا دەچـێ، کـە جاروبـار، لـە کۆڕی بەزم ئاهەنگەکانی میر، ڕێگای دەکەوێتە نێو کۆشك و قەڵا و دیوەخانی میر:

ئەگەر خاتوون گرفتاری ئەوین بوو

ئەوینی لاوەکە زیــاتـــر بــەتـین بوو

کچ لە دوولاوە هەراسان دەبێت، لەلایەك بێزاری ژیانی نێو کۆشك و قەڵای پڕ لە جەورو ستەمی باوك و لەلایەك پەرۆش و عەوداڵی بـۆ هاوژیـانی لەگـەڵ دڵدارەکـەی دا دەبێـت. بۆیە لە کورە رادەسپێری کە مەردو رەند بێتە پێشەوەو وێکڕا سەر هەڵبگرن و ڕابکـەن، بچن لە شوێنێکی دوورو لە دەرەوەی دەسەڵاتی میر ژیانێکی ئاسایی بە سەربەرن:-

ئەگەر مەردە، بە جەرگە، پاکە، سەرباز

دەبــابــێ و مــن بکــا لەو بەندە دەرباز

کچە نازو نیعمەتی نێو کۆشك و قەلا بە ئازادی دەگۆڕێتەوە، لە ژێر پەردەی نێوە شەودا بە جووتە شار بەجێ دەهێڵن، روو دەکەنـە شـارێکی دوور کـە ئـەویش لـە ژێـر حـوکمی میرێك دابوو، لـە زۆرداری و بـەد رەفتـاری دا چـی لەبـەر مـیری یەکـەم دا نـەبوو. کـچ و کورە، بە نەناسیاوی لەوێ دەگیرسێنەوە، ژیانێکی هەژارانە بەسەر دەبەن، لەگەڵ ئـەوەی رۆژانە ماندووی کارو کاسبین، بەڵاّم ژیانیان ئاسوودەو هێمن دەگوزرەێ:-

کورِو کیژی لە باری پاکی ساکار

لە ڕێی ژینا لەوێ بوونە کرێکار

کاتێك میری باوکی کچە ئاگادار دەبێـت، لـەو بەسـەرهاتە ژان گرتـوو دەبێـت، هەسـت بـە پەڵەی نەنگی و شەرم شوورەیی دەکات. بۆیە بە پەلە بڕیار بـۆ دەسـت و پەیوەنـدەکانی دەر دەکات، کە شوێن پێ یان هەڵبگرن و لە هەر کوێ یەك بن سـۆراغیان بکـەن و ڕایـان کێشنەوە بەردەستی خۆی:-

بەرێی کردن گەلێ شەیتان و شۆفار

هەتا بیکەن لەحاڵی وان خەبەردار

پیاوانی شەیتان و شۆفارە لە دوای گەڕان و پشکنینێکی زۆر بەهەموو لایەکدا، سەرەنجام بـە شـوێنەکەیان دەزانـن، بـەهاوکاری و دەسـت کێشـی مـیری ئـەو شـارە، جووتـە دڵداری

بەستەزمان و بێ دەرەتان، پەلّ بەست دەکرێن و تەسلیم بە میری باوکی کچە دەکرێنەوە:-

که دوایی هات لەوێ خانەبگیری

بەرێ یان کردنەوە بۆ دەرکی میری

میری زۆردار دەستبەجێ، بە جووتە لە داریان دەدات. شاعیر هەر لە سەرەتای چیرۆکەکەوە، بە نەفەسێکی درێژ، لە پەرەسەندن و بەرەو پێش چوونی رووداوەکان، لەسەر وێنەو دیمەنی بەسەرهاتەکان راوەستاوە، بە پەرەمووچی دەستی هونەرمەندێکی لێوەشاوە، رەنگ رێژی کردووەو ناخ و دەروونی کەسەکانیشی خوێندۆتەوەو نیشانی داون، وەکو ئەو دابەی خانی نەمرلە(مەم و زین) دا کردویەتی، شاعیر زۆرجار بیروباوەڕەکانی خۆی دەترنجێنێتە نێو ئەلقەو زنجیرەی رووداوەکان، بەنموونە لە باسی دلّ رەقی و زۆرو زەبەندی میری باوکی کچەکە، ئەو لە ڕەوشت و خەسڵەتی تەواوی ئەو چینە، واتا میرو ئاغاو دەرەبەگ، قسە دەکاو ویژدانیان دەخاتە ڕوو:-

دڕندەی هارو ماری بێ ڕەزابوو

لە تالان و بڕۆیە شارەزابوو

لە ترسانی ولاّت پڕ ترس و رەو بوو

رمووزنەی تاریکان و خێوی شەو بوو

نەیاری چاکەو و یاری خراپە

خەزینەی کون بڕو شاری خراپە

میرەکەی ئەولاش هەر تاکی میرەکەی ئێرەیە، ئەندامێکی ئەو چینە دەسەلاّتدارەیە، کە دوژمن بە بەزەیی و سۆزو خۆشەویستین، نەیاری چینی هەژار و بێ دەستەلاّت و لێ قەوماوانن. لە سیستەمێکی کۆمەلاّیەتی وادا، نێوانی ئەم دوو بەرەیە زۆر لە یەکتر دوورو دژە، لە رەفتارو کردەوەو بەهای کۆمەلاّیەتیدا دژ بەیەك دەوەستن:-

لەچین بێ یاله ماچین بێ دیارە

که ئاغا دوژمنی چینی هەژارە

لەلای خۆیان هەیانە غیرەت و رەگ

لەهەر شوێنێ هەبن توخمی دەرەبەگ

لە میران هەر کە سێکی دلّنیابێ

**له ژینا تووشی خێرو خۆشی نابیٚ**

**ئایا ئەمە بۆ چوون و باوەڕی شاعیر خۆیەتی لە ئاست ئەم توێژە کۆمەڵاتیە، یاخود دەنگدانەوەی هەلوێستی (خانی)یە کاتیٚ دەڵیٚ:-**

**حـــوکـــام ژجنـسیٚ شاه مارن**
**ئەصحاب سموم و مـــوهرەدارن**
**مهران کو ددەن بزان کوزەهرە**
**میهریٚ کودکەن بزان کو قەهرە**
**عـــاقـل حەذەریٚ دکەن ژمـــاران**
**غافل دبـنـە موحیب و یاران... [٤٨].**

**هەر بەو رەنگەش بەکرە شۆفارو دەست و پێوەندی خراپ و ناپیاوی بەرژەوەند تەلەب، لە هەر دەورو بەرو زەمانێك هەن و زۆریشن، کە هەمیشە ئامادەن ببن بە دەسکەڵاو مەقاشی دەستی ئەو دەسەڵاتدارو زۆردارانە، لەدژی چینەکەی خۆشیان دا، دەیان کارەسات و نەهامەتی بخولقێنن، ئەوانەی کە دەروون رەش و مردو ویژدان و پووڵ پەرستن:-**

**چ ناپیاون ئەوانەی سوود پەرستن**
**دژی خاوەن دڵی شەیدا دەوەستـن**
**چ سپڵەن ئەو سەگانەی گورگە مێشن**
**کەلاك بۆ گورگی برسی رادەکـێشـــن**
**ئەگـــەر پـارە نـەبووبا بیرو بڕوا**
**دەبوو زاڵم لەکویٚ وا دەستی بڕوا**
**ئەگەر خوێری نەکا میللەت فرۆشی**
**لە خۆی نابینیٚ زاڵــم خێرو خۆشی**
**ئەگەر ئەسپی غەرەز ناویٚ قەڵەمباز**
**بگاتە جیٚی وەزیریٚ رەنـگـە سەرباز**

---

**(٤٨) ئەحمەدیٚ خانی، مەم و زین ، شروڤە کرن و ڤەکولینا ئەمینیٚ ئوسمان، بغداد ، ١٩٩٠، ل٢٧٩.**

که فیل و روخ نەکەونە کلّکە سووتە

مەلیك ماتە بەدەستی پیاوە ڕووتـــە

بەمن ئەو هێرش و زەبرو زولم و زۆرە

بــەشـــی زۆری گــونــاهی مـفـتــەخۆرە

کۆمەڵێکی لەو جۆرە شانۆی جیهانێکی پڕ لە کوێرەوەری و نایەکسانی یە، ئەم سیستەمە رووا لـەتێکی تـەفرە دەریشی هەیـە، لـە رووکـەش دا ئـارام و بـێ وەی دیـارە، بـەلاّم ژێـر بەژێر گڕکانێکە بۆ خۆی:-

دەروونی پـیـاو خراپانە شەوە زەنگ

کە داخنرێ بەبوغزوکینە و وژەنگ

بەڕواڵەت کش، بەلاّم پڕ کارەساتە

هەزاران ڕازی تێدا گـــەرچی ماتە

لە کۆشك و گرتوخانەی دەرکە بەستە

یەکێك مەستە، هــەزاران زارو خەستە

لەلایە چارە رەش کەوتوە لە کۆلاّن

لـەلایە پارە بەش دەکرێ بە کۆلاّن

لـــــەلایە جامی بادە پڕ کراوە

لەلایە داری ئیعدام هەڵخراوە

وێنەیــەکی دیکــە، پــاکی و پــیرۆزی ئــەو هەســت و ســۆزە مرۆڤانەیــە، کــە دڵــداری و خۆشەویستی ناوە، کە بەدوای جیهانێکی ئازادو پاك و بێ گەرد داوێڵە!، بەلاّم لـە هـەڵ و مەرجێکی وادا، ئەم هەستە پلیشاوەی ژێر جەورو ستەمی کۆمەلاّیەتی یە:-

بەســەربــەســتــی ژیانی سەرحەسیری

بە قوربانی بێ تەخت و بەختی میری

چ خۆشە سەر بڵندی و بێ نیازی

بە ئازادی بخۆی نـــان و پـــیـــازی

کەسێکی چێژی ئازادی بچێژی

لەوەی باکی نی‌یە ئارەق بڕێژی

شاعیر بەدوای چارەسەریك دا دەگەڕێ، بەمەبەستی بن بڕکردنی ئەو دەردو گرێ کوێرە کۆمەلأتیانە، کە خەلکی هەژارو بێ دەست، عاشقانی پاك و بێ گەرد، بەدرێژایی دەوران. بە چنگیەوە دەنالێنن. شاعیر باوەڕی بە حەتمیەتی گۆڕانی کۆمەلأیەتی هەیە وەك لە ناونیشانی چیرۆکەکەدا دەردەکەوێت، بەلأم بۆ نزیك خستنەوەی ئەم ئامانجە دوو هەنگاو بە پێویست دەزانێت:-

-هۆشیار بوونەوەو یەك گرتنی خەلکی چەوساوە، بەهەموو چین و توێژێکەوە، تاببن بەهێزێکی لە شکان نەهاتوو.

-خستنەگەڕی ئەو هێزەی کۆمەلأنی خەلك ، لە خەباتێکی توندو تیژدا، بە مەبەستی هەلتەکاندنی دەسەلأتی زۆرداری:-

هەتاکو هێزی ئەم خەلکە نەجوولێ
هەزار پاڕانەوەت دایە بە پوولێ
کە وریا بونەوە پالەو کرێکار
دەشێوێ مالی میرو مەزن و خوونکار
کە میرزا بوو بە ڕۆشنبیری تازە
حوکم ناکا لەسەرمان میری تازە
بەزۆر بشکێ دەبێ دەرکی قەلایە
دەنا ئەو دەرکە بۆ کێ ئاوەلأیە
خەبات رزگار دەکا کۆیلەو ئەسیران
لەناخێ ڕادەکا مەزن و ئەمیران
بەلأم دەوران دەبێ رۆژێ بدا سووڕ
لەبەر گەوران نەبێ پشتی خەلك کووڕ
کە گۆپالی خەلك دەرهات لە خیزی
ئیتر نامینێ میری گەورە فیزی

ئەم ئەنجامەی کە شاعیر لە ئاکامی گێڕانەوەو خستنە رووی رووداوەکانی ئەم چیرۆکە پێی گەیشتووە، جۆرە فەلسەفەو (ئایدۆلۆژیا)یەکە کە شاعیر باوەڕی پێ هەبووە، بۆیە وەکو تاکە (دەرمان)ێکی دەردە کۆمەلأتیەکان، زەقی کردۆتەوەو نیشانی داوە.

## ٨/ شاعیری لانەوازو پیری مەیخانە

**٨/ ١/ هەڵوەدای سەرمەستی و جامی بادە:**

مەسەلەی مەی نۆشی و پەنا بردن بۆ جامی بادەو کونجی مەیخانەو بادەگێڕ، وەکو مەبەستێکی شیعرو هۆنراو، لە کۆنەوە هەبووەو لە شیعری کلاسیکی رۆژهەلاَت رەنگی داوەتەوە، پاشان لەگەڵ فەلسەفەو بیری سۆفیزم دا تێکەلاَو بووەو لە شیعری عیرفانی دا مەودایەکی فراوان و دەوڵەمەند تری بەخۆیەوە گرتووە، لە شیعری کوردی و لەلای شاعیرانی کۆن و تازەدا شیعری مەی نۆشی بەرچاو دەکەون و، وەکو یەکێك لەمەبەستەکانی شیعری ویژدانی شێوەی جیاجیای وەرگرتووە[٤٩]. مەی نۆشی لە شیعری هێمن دیاردەیەکی بەرچاوەو شاعیر لە کاتی شکست خواردن و یادەوەری تاڵ، یا سۆزو سکالاَ بە دەست دەردو مەینەتەکانی غوربەت، پەنا دەباتەبەر بادەنۆشی و شووشەی مەی و مەیخانە، لەپارچە هۆنراوەی (موو ناپسێنم)، لە ئاکامی بیرەوەری و رەنج و پەرچی رۆژگار، شەوانە شاعیر ئاوێزانی جامی بادە دەبێ:-

شــەوانە هاونشینی جامی بادەم
بە بادە باپەژارەو خەم بە بادەم
کە دەستــی رۆژگار بای دا سەری من
سەری شووشەی شەراب واچاکە بادەم

تاریك و روون، ل١٣٠.

هەر ئەم دەردو ڕەنج و مەینەتە وا لە شاعیر دەکا، ئارام و ئۆخەی لە کاسەی شەراب دا بەدی بکات:-

ســـاقـیـا کوشتمی خــەم و مەینەت
دەوەرە لـــەو شــــەرابە مەستم کە
نـــامـــەوێ جـام و ســاغەر و پیاڵە
بەشی خۆم بۆ لە لویچی دەســتم کە

---

(٤٩) د. شوکریە رەسول , ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب, مطابع التلعیم العالي, أربیل, ١٩٨٩, ل٧٠.

وەرە ئـــــەی نـازەنین بەخێرا خۆت
گێژو وێـــژم بکـــــە بە بادەو مەی
بــــا منــی رەنــجـــەڕۆ لە ژینم دا
هــیــچ نـــەبێ جارەکی بلێم ئۆخەی

تاریك و روون ، ل١٣١.

دیارە پەنا بردن بۆ دنیای مەستی لە هات و خۆشی و شادی شاعیرەوە نـەهاتووە، بـەڵکو چارە ڕەشی و دوورە بەشی پەلکێشی کردۆتە نێو ئەم خومخانەیـەو، لەسـەر سـپاردن بـە دنیای مەستی چارەیەکی تر شك نابا(*).

وەرە مەیگێڕ دەمەوێ ئەو شۆ خەمی دڵ کەم کەم
لووزەوم بەردە سەرێ نامـــەوێ جورعەی کەم کەم
تـــەشـــــەنـــابـــۆتـــەوە نـــاسۆری دەروونم دیسان
زامی کۆنەو بەمەیی کــۆنـــی دەبــێ مەلهەم کەم
مشت و ماڵی دەوێ ئاوێنەیی ژەنگـــاوی خـەیاڵ
مەست و گێژم کە هەتا گاڵە بەجامی جەم کەم

تاریك و روون، ل١٦١.

ئەم چارەسەرە بۆ دەردوخەم، شتێکی زاتـی و تایبەتـە بـە دنیـای تـەنیایی مرۆڤێـك، بـە تایبـەت مرۆڤێکـی هەسـتیارو خـەیاڵ بـازو شـاعیر، بۆیـە ناشـێ وەکـو چارەسـەری بـۆ خـەمێکی گشـتی لێـك بدرێتـەوە. لـە کاتێـك شـاعیر مەسـت و تـیراو دەبـێ، حاڵـەتێك لـە هەستی بەرزی و خۆشخەیاڵی دای دەگرێت، ئەنجا لە ئاسمانی داهێنانی بـەرزو بـە پێـزدا نێزیك تر دەبێتەوە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە شاعیر لەدەسـت ژیـان رادەکـات، لـە کاتێـك خۆی دەداتە دەست شەپۆڵی سەرمەستی و ئاوێزانی بادەگێڕ دەبێ، تا لە دنیای خەیاڵ دا

(*) خالید دلێر لە نامیلکەکەی لە بارەی مەسەلەی مەینۆشی لەلای هێمن بەرپا کردووە, بەڕای ئێمە مامۆستای ناوبراو هەڵسەنگاندێکی خراپی بۆ ئەم مەسەلەیە کردووە, بۆ زانیاری زیاترتکایە بگەڕێوە بۆ :-

- خالید دلێر , هێمن و بیرو هەلوێست و شیعر , سلێمانی , ١٩٩٣.
- محمدی مەلا کریم , نامەیەکی تایبەتی , ١/٥/٢٠٠٠.

بگیرسێتەوە[٥٠]. لەو دەمانەش کە گۆشەنشین و بەش بڕاوە لە شادی، بیرو ئەندێشەی بۆلای کۆڕی مەستانی ئازیزو خۆشەویستانی هەڵدەفڕێ و دەستەو داوێنیان دەبێ:-

لـــەو دەمــەی دا پـیــاڵە دەدرێن لە پیاڵە
لـــەودەمـــــەی دا لـێــوتـــان بە بادە ئاڵە
لەو دەمەیدا کۆڕی شـــــادی دەبـــەسـتن
لەو دەمەی دا سەرخۆش و مەستی مەستن
یـــــادم بــکـــــەن، یــــادی منی دوور وڵات
یـــــادی مـــنـــی رێـبـــواری رێگای خەبات

تاریك و روون ، ل٢٠٦.

لە نێوان شیعری عیرفان و مەی نۆشی دا رایەڵێکی باریك هەیە، شاعیران بەمەبەستی دەربڕینی عەشقی (مەجازی و حەقیقی) پەنایان بردۆتە بەر شیعری مەینۆشی، لەگەڵ جیاوازی ئامانج و بۆ چوونیش، کە ئەمـەیان زۆر جاران بۆتـە مایـەی مشتومڕی نێوان رەخنەگرانی ئەدەب. هێمن هەردوو جەمسەری ئەم هاوکێشەیە پێکەوە دەگونجێنێ:-

ســۆفی کـونـجــی خانەقا بووم ، ئێستە پیری مەیکەدەم
زاهیدی خەلوەت نشین بووم، ئێستە مەست و مەیزەدەم

ناڵەی جوودایی ، ل٣٧.

سۆزی جگەر و خەمی شەوان بەجامی بادە سارێژ دەبێ، شاعیر دەستەو داوێنی مەیگێڕ دەکا:-

ئەگەر چی شەو درەنگە ساقی بۆم تێکە کەمێکی تر
کـــەوا ئەمشەو سەری هەڵدا لەناخم دا خەمێکی تر
لە بادە ئەم ژەمە تێرکە منی تینووی جگەر سووتاو
بـــەچـــی دیارە کە دەبینم شەوێکی تر ، ژەمێکی تر

ناڵەی جوودایی، ل٥١.

(٥٠) محمدامین احمد , مەی و مەیخانە لە شیعری هێمن دا , گ/رۆشنبیری نوێ, ژ/٧٩, ١٩٨٠, ل٦٣.

لە جەژنی نەورۆز دا هێمن پیاڵەی بادەکەی خەست و خۆڵ تر دەکات، تا ئاگری دەروونی ساردو بێ گر نەبێت، نەبادا لەسەر مەستی و دەربەستیدا شەرمەزاری بەهارو بوڵبوڵ بێت:-

جـێــژنی نـــەورۆزە ، شــــەرابـم خەست تره
تـــا نـــەڵـێــن بــولـبــول لە شاعیر مەست تره
جـــوانــی گــوت شــــۆخــی لــە باری بادەگێڕ:
((ئەو کەسەی سەرمەست ترە، سەربەست ترە))
((انـچـنـــانـــرا انـچـنـاتـــر مـیـکـنـــد))
شـــاعـیـــری دەروەســت بەمەی دەروەست تره
ناڵەی جودایی ، ل٩٠.

هێمن (خەیام) ئاسا ئەگەر زستانیش بێت، کە ڕوودەکاتە مەیخانەو دەستی لە جامی ڕەنگینی بادە گیر دەبێت، ئیتر جیهانێکی ڕازاوە لە زەینی دا بەرجەستە دەبێت، کە پڕیەتی لە (گوڵ و کچ و مانگەشەوو بادە)، زستان و سایەقەو ناهەمەتی نامێنن، وا دەزانێ کۆڕی مەیخانە ، گوڕڕەی بەهاریەو هەر لاسکی گوڵە لەدەرو داوێنی ئاگردانەوە دەڕۆین.

### ٢/٨/ ساقی نامەی (ناڵەی جودایی):

لـە مێـژووی ئـەدەبی ڕۆژهـەڵات، بوێـژو شـاعیری نـاودار هـەن کـە لـە سـایەی تاکـە بەرهەمێکی ئەدەبی، ناویان لە تۆماری مێژووی ئەدەب ماوەتەوە، لای عەرەب ئەمانە بە (شعراء الواحدة) یاخود(أصحاب الواحدة) ناو دەبرێن، هەندێ لە شاعیرانی کوردیش، ناووناوبـانگی ئـەدەبیان بـە تاقـە هۆنـراوەیـەکی بـەرزو نـاوازەوە بەسـتراوەتەوە، لەمانـە دەشێ نێوی ئەمانە وەکو نموونە بهێنینەوە:-

- عـارف سـائیب (١٨٨٩-١٩٢٣)و شـیعرە ناودارەکـەی (شـەکوای حـال) کـە بـەم دێـرە دەست پێ دەکات:-

ئاوارەیی خاکی وەتەن و سەیروسەفا خۆم

پامالّی غەم و غوربەت و سەد دەردو بەلاّ خۆم[٥١]

- قەسـیدەی (عیتـاب)ی شـێخ محمـدی خالیسـی تالـەبانی (١٨٧٤-١٩٢٨). بـۆ شـێخ مەحمودی حەفید:-

لە پاش داوێن و پا ماچ کردن و عەرزی دوعا خوانی

وەڕین دەست پێ دەکا بەچکەی گەماڵی پیری گەیلانی[٥٢].

- شیعری شاکاری (دیاری) شوکری فەزلی (١٨٨٢-١٩٢٦) بۆ شێخی نەمر :-

ئیش کە ڕووی ئیستە لە هەورازە سەرەو لێژی نەکەی.

فکری وردیشی ئەوێ هەر بەدوعاو نوێژی نەکەی[٥٣].

(ناڵەی جودایی) شاکارێکی ئەدەبی درێـژەو (١٠٠) دێـر پـترە، هـێمن دەردی غوربـەت و ناڵەی دەروونی تیادا خستۆتە ڕوو. ئەگەر هات و هێمن تەنیا ناڵـەی جوودایی هەبوایـە، تەبای ئەو ناودارانەی عەرەب و کورد و فارس، بەسی بوو بۆ ئەوەی ناوی بە زیندوویی‌و درەوشاوەیی لە دڵی مێژوودا بهێڵێتەوە[٥٤]. بەو پێ یـەی هـێمن شـارەزاییەکی چاکی لـە ئـەدەبی فارسـیدا هـەبووە، بۆیـە شـاعیرانی گـەورەی فـارس، لەوێنـەی سـەعدی، حـافز،

---

(٥١) ئەمین فەیزی بەگ , ئەنجومەنی ئەدیبان , چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد, ١٩٨٣, ل١٣٤.

(٥٢) شێخ محمدی خالیسی تالەبانی, قەسیدەی عیتاب, گ, خاك, ژ/٢, ١٩٩٩, ل٣٥.

(٥٣) عبدالله عزیز خالد ,, شوکری فەزڵی , چ ١, بەغدا , ١٩٨٨ , ل٢٩.

(٥٤) فەرهاد شاکەلی , سەرچاوەی پێشوو و ل٢٣.

نیزامـی ، بەتایبـەت مـەولاناجلال الـدینی رۆمـی بـەلخی (١٢٠٧ـ ١٢٧٣) کاریگـەری گـەورەیان بەسـەر هـۆش و هەسـت و هۆنـراوەکـانی دا بـەجێ هێشـتووە. (سـاقی نامـە)، بابەتێکی شیعری باوی نێو ئەدەبیاتی کۆنی فارسی یە، کە تیایدا شاعیر ساقی دەهێنێ و دەیکات بە هاودەم و (سەنگی سەبوور)ی خۆی و تـەواوی دەردو خـەم و ناڵـەو ژانـەکانی خۆی لە تەکیدا دەردەبڕێت. لە ئەدەبی فارسیدا کۆمەڵێك ساقی نامەی ناودار هـەن، کـە دەدرێنـە پـاڵ شـاعیرانی وەکـو حـافز (سـەرەتای سـەدەی ١٤ـ١٣٨٩)، وەحشـی بـافقی کرمانی (١٥٨٣ـ١٦٤٣)، مەولانای رۆمی.. و لە کتێبە ناودارەکەی (تذکرة آتشکده)ی، آذری بـافقی. (١٧١٩ـ١٧٨٠) تۆمـار کـراون، کـە لـە ئـەدەبیاتی رۆژهـەڵات بـە (مەسنەوی) ناو دەبرێن[٥٥]. ئەوەی پەیوەست لەگەڵ ساقی نامەکەی (ناڵـەی جـودایی) هیمن و بۆ ئێمە مەبەستە، (مثنوی معنوی) مەولانا جەلال الـدینی رۆمییەکە بـریتی یـە لـە (٢٦) هـەزار بـەیت و لەسـەر کێشـی (رەمـەلی موسەدەسـی مـەحزوف) هۆنـراوەتـەوە[٥٦].کە بـە پێشـەکی یـەکی (٣٥) دێـریو بـە جیـاوازی لەگەڵ مەسـنەویە نێودارەکانی دیکە کـە بە(بەسمەڵـە) دەسـت پـێ دەکـەن، دەسـپێکی ئـەم پێشـەکییە ئـەم دێرەیە[٥٧]:

بشنو ازنی چون حیکایت می کند          ازجدایها شـــکـایـت می کـنـد

وەك دەگوترێت هەموو کتێبەکـە، واتـە (مثنـوی معنـوی) کـە لـە زنجیرەیـەك چیرۆك و سەربردەی ئاینی و عیشق و عیرفان پێك هـاتووە لـە شـەرحی ئـەم پێشـەکییە دایـە[٥٨]. وەك لـە درێـژەی سـاقی نامـەی (ناڵـەی جـودای)دا دەردەکـەوێت مەسـنەوی مـەولانا زۆر کاری لە شاعیر کردووەو لـە ناخـەوە هەژاندوویـەتی، بۆیـە بـۆ دەربـڕینی سـۆزو سکاڵای غوربـەت و دەروونـی، پشـتی پـێ بەسـتووە و لەچـەند شـوێنیش ناڵـەی دەروونـی پـڕ زووخاوی تێکەڵ بە ئاهو هەناسەی مەولەوی کردووە. ئەم پێشەکییەی مەسنەوی بەلای هێمنەوە لەوێنەی موعجیزەیەکە، کە ئەو خۆی تیادا بەند کردووەو هەموو خەم و بـەد

(٥٥) محمد سعید نجاری (ئاسۆ), هێمن , شاعر ناڵۀ جدائی , نامەی زانکۆیی , دەستنووس.

(٥٦) مەولانا جلال الدین رومی بلخي (مولولی) , مثنوی معنوی , انتشارات گنجینە , تهران , ١٣٧٤ش,

(٥٧) محمد سعید نجاری , سەرچاوەی پێشوو, ل٢٠.

(٥٨) دکتر محمد معین , فرهنگ فارسی , ج٦, ص١٩٠١.

بـەختی و بـێ چـارەیی خـۆی و میللەتەکـەی تیـادا دۆزیوەتـەوە[٥٩]. مـەولانا ئەگـەر هەناسەی عەشـقی دەروونـی پـڕ لـە ڕازو نهـێنی خـۆی تێکـەڵ بـە بـانگ و ناڵـەی (نـەی) کردبێت، ئەوا ئەم ناڵەی تێکەڵ بە هاواری مرۆڤایەتی دەکات:-

شیوەنی من شیوەنی ئینـسـانی یە
بانگی ئازادی و گروی یەکسانی یە

شاعیر هـەڵبڕاوو دوور وڵاتـە، کاتێك لـە غەریبیـدا دەسووتێ و فرمێسك بـەربینگی پـێ دەگرێ، پەناوەبەر (مەی) و (ساقی) دەباو دەبێتە موشتەری (مەیخانە):-

سـاقـیـا وا بـادەوە وا بـادەوە
روو لەلای من کە بەجامی بادەوە
موشتەری وەك من لە مەیخانێ کەمن
زۆربەیان شادو بەکەیف و بێ خـەمن

مەی لەلای هێمن ((دووکەڵکێشە، پەژارەو خەمە پەنگ خواردووەکانی ناو دەروونی لێوە سـەردەکەن... ئـەنجا خـەیاڵێکی خۆشـیش بـە شـاعیر دەدا، کـە بـەو خەیاڵـە بـۆ شـایی و ناگزوریەکانی دەروونی پڕ دەکاتەوە))[٦٠]:-

ئـەم شـەڕابـە تـاڵە دەرمـانی خەمە
لێی حەرام بێ ئەو کەسەی دەردی کەمە
ئـەم شـەڕابـە ئاڵە بۆ بێ دەرد نیە
لێی حەام بێ ئەوکەسەی رەنگ زەرد نیە
بۆ کەسێکە مەی: کە دەردی کاریە
بێ خەمێك بیخواتـەوە زۆرداریە
بۆ کەسێکە مەی: دڵی پڕبێ لە داخ
بۆچی لێی بخواتەوە بـەرزە دەماخ
ئەوکەسەی بێ کەس نی یە و خانە خەراب
دەك بە ژاری ماری بێ بـادەو شـەراب

---

(٥٩) فەرهاد شاکەلی , سەرچاوەی پێشوو و ل١٤٧.
(٦٠) محمد فریق حسن , سەرچاوەی پێشوو , ل١٠.

مەی دەبێ هەر تاپۆی هێمنی تەنیا باڵ و خانە وێران و دل سووتاوبێت، بۆ خەڵکی کە دەست نادات ، دەیەوێ بادەگێڕ لەم ڕازە بگات:-

ساقیا وا وەرگەرێ ، وا وەڕگەڕێ
روو لەلای من کە ، مەچۆ بۆ سەرپەڕێ
لەنگەرێ بگرە، مەبە وا بەرزە فڕ
بێنە بۆمن ، بێنە بۆمن، جامی پڕ
مەی حەلاڵە بۆ منی ویرانە ماڵ
بۆ منی سەرگەشتەوو رووت و ڕەجاڵ

لە خوێندەنەوەی ناڵەی جودایی، مرۆڤ هەست بەهێزێکی شاراوە دەکا وەکو هێڵی بەیانی بەرزو نزمی دەکاتەوە، سۆزو ئەندێشەکان، کزەو کسپەو بۆ کرووزی ئەو وێنە جوان و چڕانە، وەکو مۆسیقایەکی ماتەم دەخزێتە ناخەوە، جگە لە کێش و سەروای شیعرەکە، ریتم و ئاوازەکان بەپێی دابەش بوونی نەغمەکان بەرزو نزم دەبنەوە، تێکلاو دەبن، جیا دەبنەوە دیمەنێکی نامۆو ئاوارەی ژان و ژوورو خۆشی و لە زەتێك سازدەکەن، کە مرۆڤ لەکاتی خوێندنەوەی دا وەکو بازرگانی کەشتیەکی شەکەتی لێ دێ[٦١]. شاعیر تاوەکو مەست و کە لەلا نەبێت، ئۆخژنی بەدڵ دا نایەت:-

وا وەرە، دەی وا وەرە ، نزێك بەلێم
بمدەیەمەی ، بمدەیە مەی ، تادەڵێم:
((مست مستم ساقیا، دستم بگیر
تا نە افتادم زپا دستم بگیر !))
جاکە سەرخۆش بووم بەدەنگێکی نەوی
بۆت دەڵێم ئەو شیعرە بەرزەی (مەولەوی):
((بشنو از نی چون حیکایت میکند
از جدایها شکایت میکند))

(٦١)محمد امین احمد , زمان لە شیعری هێمن , گ/ بەیان ژ/٥٩, ١٩٨٠, ل١٣.

بەو شێوەیە شیوەنی شاعیر لەگەڵ شیوەنی نایەکەی مەولەوی تێکلاو بووە و داستانێکی لە شۆڕو شەوق و حەماسە خولقاندووە[*].

## ٩/ شیعری جەفەنگ و داشۆرین

### ٩/١/ ڕاوە بەراز:

ئەو کەسانەی لە نزیکەوە هێمنیان ناسیووە یا لەگەلێ ژیاون، یا نە سۆراغی باس و خۆاسیان کردووە، دەگێڕنەوە کە ئەو مرۆڤێکی زمان شیرین، قسە خۆش، نوکتە زان و حەزیشی لە گاڵتەو جەفەنگ بووە. کەریمی حسامی لە (یادی هێمن)دا هەندێ لەو سەربووردە خۆشانەی ڕۆژانی پێکەوە ژیانیان لە بەغدا باس دەکات و دەڵێ: لەگەڵ ئەوەش دا هێمن دڵ ناسك بوو، زوو زوو تورە دەبوو بەڵام پیاوێکی قسە خۆش بوو، جاری وا هەبوو دوو سەعات هەمووومان بە قسەکانی ئەو دەگەشاینەوەو خەم و خەیاڵی ئاوارەیی و تەنانەت بیری سیاسیشمان وەلا دەنا، کەلە بارەی ئەدەب و ئەدەبیاتی فارسیدا باسێکی بۆ دەکردینەوە، ئێمە سەرمان سووڕدەما، زۆر جار دەمان گوت ئەو دەمو پلە بۆیە نابێ ئەو شیعرانە دابنێ و ئەو قسە خۆشانە بکا[٦٢]. ئەم نوکتەو قسە خۆش و بەمەزانە، وابووە ڕێگەی بۆ ناو شیعرو دیوانی هێمنیش کردۆتەوە. شیعرێك بە ناونیشانی ( ڕاوە بەراز) لە تاریك و روون دا هاتووە کە بەقسەی شاعیر خۆی،

---

(*) دیلان بە هاوسۆزی لەگەڵ ناڵەی جودایی هێمن, شیعرێکی درێژی هەیە لە سەرهەمان کێش و ئاواز هۆندراوەتەوە, بەناوی (نەو بەهار) کە ئەمە دێری یەکەمیەتی:

ئەی گوڵی ژاڵە لە گوێ ی چەم پاییزان          ڕەنگت سورمە ڕێژە بۆ دیدەکزان

بڕوانە:-

-محمد صالح دیلان , دیوانی شیعر , ئامادە کردنی عەبدولا عزیز خالد, بەغدا, ١٩٨٦, ل٣٨٤. هەندێ لە شاعیرانی ناوچەی موکریانیش, لەسەر شێوەو ئاوازی (ناڵەی جودایی) شیوەن و شینگێڕیان بۆ کۆچی دوایی شاعیر, هۆنیوەتەوە, بۆ ئەمە بڕوانە:-

-گۆڤاری سروە , فایلی (وێژە نامە) , ژ/٥, بەهاری ١٣٦٥ ش. هەروەها لاوێکی ڕۆشنبیری کوردستانی ئەودیو لە بۆکان بەناوی (محمد ئەمینی شا محمەدی) وتارێکی بەناونیشانی (ساقی نامەکان لە حافزەوە تاکو هێمن) نوسیوە و لە کۆڕێك دا پێشکەشی کرووە, کە روو نووسێکی پێشکەش بە ئێمە کردووە.

وەکو لە سەرەتاشەوە ئاماژەی پێ کراوە, ماستەر نامەی لاوی ڕووناکبیری کوردستانی ئیران (محمد سعید نجاری) هەر بەم ناونیشانەیە . کە ئێمە سوودمان لەرەش نووسەکانی وەرگرتوە.

(٦٢) کەریمی حسامی , یادی هێمن , ل٦.

(شێعرێکی محه للیه)[٦٣]، نموونەیەکە لە شیعری جەفەنگ و گاڵتە جاڕی شاعیر. لەو سەروبەندەی شۆڕشی چەکداری لە کوردستانی عێراق بڵێسە دەسێنێ، لەو دیو هەموو جۆرە چەك و تەقەمەنی یەك قەدەغە دەکرێت، تا بەتفەنگی ڕاویش را دەگات، کەسیش ناوێرێ زمانی بگەڕێ و بڵێ بۆ شا تفەنگی ڕاوو ساچمە زەنیشی لە خەڵك قەدەغە کردووە . هێمن ئەو باسە دەکاتەوە، بەلاّم لە بەرگی گاڵتە و جەفەنگ دا دای دەپۆشێ:-

ئیتر کەس رووی نەماوە بچتە کێوی
بەشـێـر گاڵتە دەکا ئەو ڕۆکە ڕێوی
لەسەر بەردی دەخوێنێ (کەو) بەدەستە
دەڵێ راوکەر ئەگەر پیاوی دەهەستە(*).

ئەو راوچی و هاوڕێ یانەی کە هەر دەم بۆ راووشکار بەکەژو کێوانەوە بوون، کە شاعیر خۆیشی یەکێك بووە لەوان، ئەمڕۆ دەیانبینی مات و مەلوول و کز دانیشتوون، شاعیر تیلەو توانجیان تێ دەگرێت و تەنانەت (کاخدر)ی ئامۆزاشی نابوێرێ:-

دەبێ حاڵی چبێ (کاخدر)ی خۆمان
کوڕی کێوان و ڕۆڵەی بەندو چۆمان
مەگەر نۆکان بخوات و بچتە راوێ
دەنا تازە دەوێرێ ساچمە باوێ

هەندێك لە ئەفسەرەکانی مەهابادیش هاوڕێ و هاودەمی ئەم راوچیانەبوون، کە ئەم فەرمانە دەردەچێت، ئەوانیش پەکیان دەکەوێت، دیارە (مەحمود سمێل) یەکێك بووە لەمانە، کە شاعیر بەم جۆرە تیری ئاراستە دەکات:-

یەقین (مەحموود) بانادا سمێڵی
سمێڵ بادانی پێ حەیفە بە دێڵی
کە راوکەر بێ تفەنگ، ئەلبەتە دێڵە
لە هەمووان دێڵتریش (مەحموود سمێڵە)

---

(٦٣) هێمن ، چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز و ل١٦٢.
(*) هێمن ، راوە بەراز ، تاریك و روون، ل١٤٤-١٥١.

هێمن پریشکان دەهاوێژێتـە یـەکێکی دیکـە لـەو دەسـتەیە بـە نـاوی (ڕەحمـانی قـازی) و دەڵێ:-

چـلۆنــە کــەیــفــەکەت ڕەحمانی قازی
دەخۆی ئێستاش کەبابی جەرگی قازی
مەزەی وودکاتە(*) هێشتا سینگی باڕی
نەوڵلا هێندە برســی بــەرد دەهــاڕی
ئـــەوەت چـــاکە لە قەسابخانە دوورنی
وەکو عەولای برات بۆ گۆشت زەروور نی

لـەوبێ دەرەتـانی یـەدا هـێمن دەکەوێتـە شـەکوای حـاڵ وبـاری خۆیشـی، کـە چـۆن تفەنگەرەشـکەیان لـە شـانی کردۆتـەوەو دەسـتەو دامـان ماوەتـەوە، بـە جۆرێـك مناڵـە ووردکەو شوانەوێڵەش شەرمیان لێی شکاوە. بۆیە بەناچاری پەنا بـۆ (دامـەکردن) دەبـا لەگەڵ مام سۆڤی دێ دا:-

ئەگەرچی زۆر لە مێژە دامە فێرم
بەلام زەحمەت بەمام سۆڤی بوێرم
چلۆن ئاغا بکەم ئێستا لە سۆڤی
کــە سۆڤی تازە ئاغای هەڵگلۆڤی
بلێم ئاغا، دەڵێ سندان، دڵە دەرد
دەوێــری ناوی ئاغا بێنی نامەرد
لە مەڵبـەندێ کە ئازادی نەبێ پیاو
بە ساچمە زەن بچیتە کێوی بۆ ڕاو
سەگی تێ ڕی چ نــرخێکی هەیە ژین
ستەم تاکەی مەگەر ئێمە بەشەر نین

ئەم هۆنراوەیە کە هێمن لە بەرگی گاڵتە جاڕی دا هۆنیویەتەوە لـەکات و شـوێنی خۆیـدا زۆر دەنگێ داوەتەوە، لەوێنەی شەوچەرە بووە بە دەنگوباسی هەموو کۆڕو کۆمەڵێك.

---

(*) وودکا: ڤۆدکا , جۆرێکە لەمەی.

**٩/٢/ ژوانی ئاغا:**

هـێمن لــه پێشــەکی (تاریــك و روون)دا دەگێڕێتــەوە: ((لــە رۆژی ١٥ی ڕێبەنــدانی ١٣٢٧(١٩٤٩) ناسـری فـەخرارایی لـە دانیشـگای تـاران شـای وەبـەر دەمانچـان دا تۆزکـالێکی دەم و لێـوو پشـت ڕووشـاند. ئـەو تاوانـەیان هاویشـتە سـەر حیزبـی تـودەو ئیجازەی رەسمی کارکردنی ئەو حیزبەیان هەڵوەشاندەوەو رابـەرەکانیان گـرتن و دەرکـی رۆژنامەکانیان داخستن و لە سەرتاسەری ئـێران دا حکومـەتی نیزامـی دەمـەزرا، ئـەوەش زەبرێـك بـوو کـە بـە نەخشـەی ئیمپریـالیزم و بـە دەسـتی کۆنەپەرسـتی، وەجولانـەوەی رزگـاریخوازی ئێـران کـەوت. بـەلاّم زۆری پـێ نەچـوو رۆژنامـەکانی حیزبـی تـودە بـە نەهێنی دەرچوونەوەو رابەرانی حیزب توانیان لە زیندان ڕابکەن. سـەیر ئـەوەبوو پـاش رووخانی کۆماری مەهاباد من یەکەم جار دوو رۆژ پێش واقیعەی دانیشگا وێرابـووم بـە ئاشکرایی بچمە مەهاباد و بە ڕۆژی ڕووناك بگەڕێم. کەئەو رووداوە لە تاران قـەوما، لـە مەهابادیش دەسـتیان کـردەوە بـە خـەڵك گـرتن، ناچـار منـیش خـۆم شـاردەوە. لـەو خـۆ شاردنەوەدا شێعرێکی زۆر باشم لە ژێر عینوانی (ژوانی ئاغا)دا گوت، کە بەداخەوە خۆم نەمماوەو تکا لەو کەسانە دەکـەم کـە هەیانـە بیپـارێزن و ئەگـەر کـرا بـۆم بنێـرن))(٦٤).

لەو سەردەمەدا هێمن لە ماڵە شێخەکانی خزمی خێزانی، کەماڵە خاڵوانی خۆشـی بـوون، خـۆی حەشـاردەداو لـەو دێـەی کـە هـێمن خـۆی تێـدا حەشـار داوە، کچـە عەجـەمێك هەبووە بەناوی (نادیە) کە یەکێك لە ئـەو لادەکـانی شـێخ دەوری نادیـە دەداو و هـەموو رۆژێکیش کە دێتەوە ماڵێ بە سەر هاتەکەی بۆ هێمن دەگێڕێتەوە. هێمنیش کە ناوێرێ لەماڵ وە دەرکەوێ، سەری لێ ئەستوور دەبێ و بۆ سەر گەرم کردنـی خۆشـی بـووبێ، لـە بنەوە ئەو چیرۆك و قسەو باسە دەکاتـە شـیعر(٦٥). دیـارە شـاعیر لـە کـاتی لەچاپ دانـی شیعرو دیوانەکانی، ئەو شیعرەی لەبەر دەست دانەبووە. لە پاشانیش بـاری کۆمەلاّیـەتی و روو هــەڵماڵراوی (ژوانــی ئاغــا) بۆتــە رێگــر لــە بــەردەم چــاپ و بلاّوکردنــەوەی، هەرچەندی لە نێو تامـەزرۆیانی شـیعرو هۆنراوەکـانی هـێمن داگـەڕاوەو دەسـتاو دەسـتی کـردووە. لەگـەڵ ئـەوەش دا هـێمن لـەو سـالأنەی دوایـی تەمـەنی ((حـەزی نـەدەکرد ڕاستەوخۆ بچێتە نێو لاپەڕەی گۆڤارو رۆژنامـان و دەیگـوت: ئەگـەر مـردم پاشـان بـلاّوی

---

(٦٤) هێمن , لەکوێ وە بۆ کوێ , تاریك و روون, ل٣٢.

(٦٥) هێدی , ژوانی ئاغا , گ/ مامۆستای کورد, ژ/١٠ , ١٩٩٠ , ل٣٤.-ئەم هێدیـیە(جەعفەری حوسین پوور)ە .

بکەنەوە))[٦٦]. ئەم هۆنراوەیە کەلە (١٠٥)دێر پێکهاتووە لە زۆر شوێن ڕووت و ڕوو هەڵماڵڕاوو بێ پەردەیە، بەلاّم خەندە ئامێزو بەمەزەیە، شاعیر بۆ زاخاوی مێشك هۆنیویەتەوە، لەژێر پەردەوەش ڕەفتارو هەڵسوکەوتی هەرزە شێخ زادیەکی تۆبەکار ئاوە ڕووت دەکات:-

چاوەکەم بیستوومە چاوی نادییە
ئێستا بۆتۆ مایەیی دڵشادییە
خۆت مەلاّس داوە ئەتۆ بۆیە لەویٚ
ئەو کچۆڵە نازەنینەت خۆش دەویٚ
بۆیە وا ون بووی لە ئێمەو نایەوە
ڕاوکەری، داوت لەکۆتر نایەوە
ئەو کچۆڵە نازەنینەی چاو کەژاڵ
تۆبەکەی چەند ساڵەیی کردی بەتاڵ
کێ بوو دەیگوت تۆبە کۆن بی ناشکێ
تۆبەخۆ پۆلاّنیە چۆن ناشکێ
وات شکاندو خستتە بەر پیێەوە
تۆبەکەت پێم وایە گاو ناکرێتەوە
بەو موژە بەرگشتەیەی ئەو دڵبەرە
وەر دەگێڕێ تۆ لە دین بۆمە سخەرە
بەژنەکەی ئیمانەکەت باریك دەکا
زولفەکەی پەروەندەکەت تاریك دەکا

شاعیر وردە وردە پێ هەڵدەچێ باس لەنازو کرێشمەو ئەندام و لەش و لاری کچەکە دەکات و پێ یان دا هەڵ دەڵێت، ئەمەی کە کوڕە شێخیان شێت و دێوانە کردووە. ئەنجا کوڕە بۆ گەیشتن بەکامی دڵی. پێناوو قاسیدو دەلاّلان ڕا دەسپێرێت بۆ لای کچەکە، تاوەکو فریوی بدەن و بۆی دەستەمۆ بێت، بەلاّم فایدەنادا هەموو بە دەس بەتاڵی

(٦٦) جەعفەری شێخ لئیسلامی (ئاشتی) , ژوانی ئاغا , گ/ مامۆستای کورد, هەر ئەو ژمارەیە, ل٣٤.

دەگەڕێنەوە، ناچار کوڕە شێخ پێ لە جەرگی خۆی دەنێ و بۆخۆی دەچێتەلای بـۆ تکـاو رجا:-

پاش ئەوەی زۆرهات و چوون دەستەی دەلاڵ
دەێنــەوە خــزمــەت جـەنابت دەست بەتاڵ
ئــــەو دەمــــی بۆ خۆت دەچی بۆ کوێ یار
پێی دەڵێی ئــــەی دولبەری سیمین عوزار
جەزرەبەو کویـــــرەوەری و زەحمەت بەسە
بۆ بـــەرقـــداچـــووی ئـــەتۆ لەو بێ کەسە
ئەی گولاڵە ســـــوورە، ئـــەی تـــازە نـــەمام
ســیــل و دیـقـــم گرت، لە سوێیانت نەمام
ئـــەی نــیـگـــاری چـــاو خوماری بێ وەفا
بـــەســیـــەتـــی بێ مـــەیلی و جەورو جەفا
نـــازەنـــیـــنـــی شـۆخ و شەنگی چاوبەڵەك
ئـــاسـکــــی دڵ نـــاسـکـی سرك و ڕەوەك
مـــامـــزی لـێـــو قرمزی خۆش خەت و خاڵ
مـــانـگـی چـــاردە ، لایە تولعەینی جەماڵ
بـمـــدەیە... لـــــەمێــژە تـــــا ســـوخـــم
دایـــکـــەنـــە زوو ئــــەو تومانە تاسۆخم
نـــادیـیـە خـــانـــم لـــــە پـێـشا ناز دەکا
ســــــەد بەهانەو ســەد درۆت بۆ ساز دەکا
زۆر بـــەنـــازو نـــــــووزەوە وات پێ دەڵێ:
چــــــۆن لە نێو خەڵکا دەبێ چاوم هەڵێ !

بەر لەوەی نادیەخان قایل بێت و بەڵێنی پێ بدات، گلەیی لە رووت و رەجاڵی و نـەداری خۆی دەکات، ئەنجا داوای شرو شالاتی لێ دەکات: لۆکەو کلۆجە، دەسمـاڵ و سـەرپێچ و تـا سـکلاو، کـراس و ئـاوەڵکراس، کـەوش و خەنـەو سـورمەو سـابوون، ئاوێنـە و خرخـاڵ... تاوەکو ببێتە شایستەی ئەوەی مەعشووقەی شێخ زادە بێت، تا دەڵێ:-

قوچەكەو دەرزی و كلاَفیشم نییە

ئاشقی وەك تۆ چرووكم بۆ چییە

شێخ زادە بە خاتری رەزامەنـدی چاوی نادیـە، هەمبانـەی درۆیـانی بـۆ دەكاتـەوە، سـەت سوێند و قورعان بە پولێك !، وادەو بەلێنی هەموو شتێكی پێ دەدا:-

ئــەی بوتی سیمین و ئەی خوشكی پەری

شــــەرتــــە بـــــۆت بكرِم كراسی كودەری

بەسەری خۆم و بەمەرگی (كاك هەباس)

گــیــانــــــە بۆت دەكرِم كەواو ئاوالْكراس

بـــۆچــمـــــە بە زیاد نەبێ پوول و دراو

جوانی وەك تۆ نەیبێ كەوش و تا سكلاَو

تـــۆ بـــەلْێـنـــم پێ بدەو تەفرەم مەدە

حـــازرە دەسـمــــالْ و چـــارۆكەو شەدە

بـــۆم كـــرِیوی عەتر و سابوون و خەنە

كــرمـــەك و خرِخالْ و بازنەو ژێرچەنە

مـێــوژو سـنــجـو لە (سەیفوللاَ عەجەم)

وەرگـــرە بـاكـت نـــەبێ پــــوولی دەدەم

وێت دەدەم ســـابـــوون و كلتوورو دەزوو

كـــوا قــســـەت پێماوە، دایـمـــالْە دەزوو

بــــەو قــســە خۆشانە سەرگەرمی دەكەی

وردە وردە كـــەم كـــەمە نـــەرمی دەكەی

ئـیـحـتـیــاج دەیـكــا وەها نەرم و تەبا

بـــۆت نـــەرم نـــابێ ئەگەر موحتاج نەبا

گـــەر نـــەبـویــایــە وەهــا رووت و شرِۆلْ

خـــۆی دەكرد تەسلیمی تۆ چرچی گرِۆلْ؟

ئـیـحـتـیــاجـە جــەرگـی كردۆتە كەباب

هێندە جوان و چاك نی دەنا عالیجە ناب !

کورد گوتەنی ئیحتیاج بەردی نەرم دەکات، ئاکام نادیە خانم تەسلیم دەبیٚ و شیٚخ زادە بەمرادی دڵی خۆی شاد دەبیٚ... شاعیریش بە دەستی بەتاڵ و کراس و کەوشی دڕاوەوە، لەو سەرەوە دیٚتەوە:-

کـاکە بم بەخشە لەبەر بیٚکارییە
ئەو قسانە، ئەو هەموو بیٚعارییە
لیٚـم بـبـورە شــاعـیـریٚکی عاجــزم
مــات و دامــاوو پەریٚــشـــان و کــزم
دەرکـراوو بــەشخـوراوو دەربـــــەدەر
رەنجــەڕۆ و بیٚنەواوو قــوڕ بـەســــەر
مودەتیٚکە لیٚم حەرامە مــاڵی خــــۆم
نابینـم خزم و ژن و منـــداڵی خــــۆم
هەڵوەدان دیسانەکە پۆلـیـس لـە دووم
بەو چڵەی زستانە بۆیە بــازرە بـــووم
دەمتە قیٚنن چەشـنی ڕیٚوی بـــەندەنیٚ
ئەو سەگانە لای کــونــیــشـــــم نادەنیٚ
دەربــەدەر بووم شاربـــەشارو دیٚ بەدیٚ
رۆژیٚکـی سـۆفـیــم و رۆژیٚـکـــی فەقیٚ
گـــا لـەپشدەر ، گـــا لە بیٚستوونم ئەمن
گـــا لـــە کویٚستان گا لە گەرمیٚنم ئەمن
من کە نەم دەخوارد پلاٚو و گۆشتی خۆم
نانـــی هەرزن ئیٚستە وەك هەڵوا دەخۆم
مـــن کــە ئــاغــا بـووم و پۆزم لیٚ دەدا
رۆژگـــار ئـــەو ڕۆکــە کــردوومی گەدا
بــۆ پـــەڕە سـیـغــارو تـووتن مەحتەلم
هـــەر دەلیٚ ی دەبـلاغــی فیٚرە دووکەڵم
دیٚ بــە شـــویٚـنــمــدا هـەمیشە ئەمنییە
ئــەمـنــیـیەش ئەوڕۆکە  بۆ من کەم نییە

بــا ئـــەویــش ڕازی بـــەدە تمەن بێ برا
جـێـبـی مـــن وەللاّهــی گـــەسکی لێ درا
شـــوێـنـــە ونکە من لەدەست ئاژان دەکەم
مـــن کــلاّوەکـــەی بــبـیـنـــم ژان دەکەم
تـــا جـەنـاب سەروان وەکو ڕۆستەم چەقی
کـــاکە (هێمن)ی تۆ لە حەوت کێوان تەقی
ژیـــانی ئـیـسـتـــەی من برا بەو تەرزەیە
پـێــم مــەفــەرمـــوو شاعیرێکی هەرزەیە
زیـــزمـــەبـــە لـێــم و مــەبە عاجز لە گەپ
کــاغـــەز و شـیـعـرم مەدە بەر نووکە شەب
مـــن کـــەدەرکـــی شـــادمـانــیـــم داخـــرا
گـــەر جــەفــەنـــگـێ لێنەدەم دەمرم برا
نــیـمـە قسێکی دی برا غەیری جەفەنگ
وەرە نە مـــەعـلوومە کەتۆ دووری لە نەنگ

وەسیەت نامەی شاعیر وەڕاست گەڕا، لە دوای ماڵ ئاوایی کردنی لە ژیان، هێمن دۆستان، دوای تێ هەڵبردنەوەو بەسەریەکەوە خستنەوەی دێرو بەشەکانی (ژوانی ئاغا) بڵاو دەکەنەوە، بەم جۆرە هەم لە فەوتان رزگار دەبێ، هەم چاوو دڵی هێمن خۆشەویستانی، پێ ڕۆشن دەبێتەوە.

## ١٠/ نەقلی كۆتایی

ساڵی (١٩٧٦) هێمن دووچاری جۆرێك نەخۆشی دەبێت لە دەمارەكانی لەشی و دەستێكی بۆ ماوەیەك لەكار دەكەوێت، هەڤاڵەكانی لە نەخۆشخانەیەكی (اعصاب) بە زۆرە ملێ بۆ ماوەی (٢٥) رۆژێك دەیخەوێنن. خەبەری نەخۆشی هێمن بڵاودەبێتەوە ، خەڵك و دۆستان و خۆشەویستانی، بەسەری دا دەرژێن بۆ سەردان وهەواڵپرسی، بە جۆرێك وەكو كەریمی حسامی دەگێڕێتەوە((هەر دەبوو بە پاش نیوەڕۆ تا سەعاتی ٨ی ئێوارە دەوروبەری هێمن لە خەستەخانە دەتگوت دەوروبەری شایی و زەماوەندە[٦٧])). خوێندكارانی كیژو لاوی كورد لە زانكۆی بەغدا و لە سلێمانی و هەولێرو شارەكانی كوردستانەوە روویان دەكردە نەخۆشخانەو لە دەوری هێمن دادەنیشتن، نەخۆشیەكەی لە بیر دەچۆوە، بەقسەی خۆش و جارجار قۆڕ، ئەو عالەمەی شاد دەكرد تا شەو دەهات كە ناچار دەبوایە جێی بهێڵین[٦٨]. دۆست و هەڤاڵێكی نزیكی هێمن، كە ئەو دەم بەیەكەوە لە بەغدا ژیانیان بەسەر دەبرد، سەبارەت بەو ماوەیەكە هێمن دووچاری ئەم نەخۆشیە بووبوو دەگێڕێتەوە:- رۆژێكی گەرم و گوڕی هاوین لە ژوورێك دا لەگەڵ هاورێیەك خەریكی كاری تایپ و مۆنتاژی رۆژنامەی كوردستان بووین، لە پڕ هێمنمان لێ وەژوور كەوت، كوتە كاغەزێكی دایە دەست هاورێ كەم و گوتی:- ها بەرخم بیخوێنەوە بزانە چیم خولقاندووەئەویش كاتێ خوێندیەوە چوارینەیەكی جوان بوو:-

حەیفە ئەو دەستەی كە گوڵ زاری دەنەخشاند بشكێ
حەیفە ئەو دەستەی كە دڵداری دەگەو زاند بشكێ
حەیفە دەستێ كە بەلەرزی و بە تەزیوی دیسان
دوژمنی ملهوڕی زۆرداری دەتۆقاند بشكێ

ناڵەی جوودایی ، ل٤٢.

هاوڕێ كەم لە دوای خوێندنەوەی بەهێمنی گوت:- دەستت خۆش بێ بەراستی جوانە. هێمن گوتی:- جوانی یەكەی لە چی دایە؟ هاوڕێ كەم گوتی:- جوانە ئیدی، جوزانم جوانییەكەی لەچی دایە !. هێمن گوتی:- بەرخم دووپێش قافیەی هەیە:

---

(٦٧) (٦٨)كەریمی حسامی , یادی هێمن , ل٦٤.

گوڵزاری دەنەخشاند، نازداری دەگەوزاند، زۆری داری دەتۆقاند. منیش هاتمە دەنگ و گوتم مامۆستا ئێمە کارمان هەیەو جەنابیشت ماشەڵڵا حەوسەڵەت هەیە، لێمان گەڕێ کارەکەمان تەوا و بکەین، دوایە باسی شیعرو شاعیری دەکەین.

ئەم هەڤاڵەی هێمن لەسەر گێڕانەوەکەی بەردەوام دەبێت:- لە بەغدا مامۆستا شەوانە لەسەربانی دەخەوت و ئارەقەکەی دەبردە سەربانی، دەوروبەری تەختی خەوەکەی هەمیشە پڕ بوو لە ئێسکە گۆشت و توێکڵە خەیارو قوونچکە سیغارو توێکلە پستە، کە ئارەقەکەی تەواو دەبوو لە سەرگازی پشت درێژ دەبوو، جگەرەی دەکێشاو چەند جار ڕێ دەکەوت کە خەوی لێ دەکەوت، جگەرە دەکەوتە سەرجێ بانەکەی و ئاگری تێ بەر دەبوو. لەدوای تەوابوونی کارەکەمان منیش چوارینەکەم لەو هاوڕێ یە وەرگرت و خوێندمەوە، پاشان هەر بۆ گاڵتە نووسیم:-

حەیفە ئەو دەستەی کەسەربانی دەڕەنگاند بشکێ
حەیفە ئەو دەستەی کە جێ وبانی دەسووتاند بشکێ
حەیفە دەستێك کە بەلەرزی و بەتەزیوی هێشتا
بەقتوو پستەیی خەندانی دەقرتاند بشکێ

هاوڕێ کەم شیعرە لاسایی کراوەکەی منیشی لای خۆی هەڵگرت و پاشان دەچێ بۆ برادەرانی دیکەی دەخوێنێتەوە... تا بەر گوێ ی هێمنیش دەکەوێتەوە، هێمن لەسەر ئەوەی چەند ڕۆژان توورە دەبێت، تا بەهەر حاڵێك هەیە ئێوارەیەك کە هەموو پێکەوە دەبن، مامۆستا ئاشت دەکەنەوە. برادەرێکیش لەوکاتە هەڵ دەداتێ و دەڵێ:-

وەڵا مامۆستا ئەمەڕیالیزمی پتر تێدایە !

ئیتر دەبێتە پێکەنین... .

# سەرچاوەکان

## ١/ کوردی

### ١/١/ کتێب :


**ئەحمەدی خانی**

[ ١ ]مەم و زین , شرۆڤە کرن و ڤەکۆلینا ئەمینی ئوسمان, مطبعة الجاحظ , ١٩٩٠.

**ئەمین فەیزی**

[ ٢ ]ئەنجومەنی ئەدیبان , چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد,بەغدا , ١٩٨٣.

**ئۆسکارمان**

[ ٣ ]تحفە مظفریە , بە زمانی کوردی موکری , پێشەکی و ساخ کردنەوەی هێمن موکریانی,(بەشی یەکەم و دووەم), چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد, بەغدا , ١٩٧٥.

**جەلیل گادانی**

[ ٤ ] ٥٠ ساڵ خەبات , بەرگی یەکەم , چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان , ساڵ و شوێن؟.

**جەمال نەبەز**

[ ٥ ] گۆڤاری نیشتمان , بنکەی چاپەمەنی ئازاد, سوید , ١٩٨٥.

**جوامێر**

[ ٦ ] هەڵۆ , (دیوانی شیعر) , چاپخانەی شەهید جەعفەر, ١٩٨٦.

**حەسەنی قزلجی**

[ ٧ ] پێکەنینی گەدا, لە بلاۆکراوەکانی بنکەی پێشەوا , بەغدا , ١٩٧٢.

**حسین حزنی**

[ ٨]کوردستانی موکریان, نشریاتی زاری کرمانجی , چ١ , رواندز, ١٩٣٨.

**خالید دلێر**

[ ٩ ]هێمن و بیرو هەڵوێست و شیعر , چ١ , دەزگای بلاۆکردنەوەی دیموکراسی , سلێمانی , ١٩٩٣.

**دلشاد عەلی**

[١٠]دیلان , شاعیر و ئازادیخواز , چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق , بەغدا , ١٩٨١.

سیف القضات

[ ١١ ]دیوانی سیف القضات , چ١, گردەوە کۆی: قازی ئەحمەد ١٣٦١.

**شەرەفخانی بدلیسی (میر)**

[ ١٢ ]شەرەفنامە, هەژار کردویە بە کوردی , چ١, نەجەف , ١٩٧٢.

**شوکریە رەسول (دکتۆر)**

[ ١٣ ]ئەدەبی کوردی و هونەرەکانی ئەدەب , مطابع التعليم العالی , اربيل , ١٩٨٩.
شێرکۆ بێ کەس
[ ١٤ ]من تێنوێتیم بەگڕ ئەشکێ , دار الحرية للطباعة, بەغدا , ١٩٧٣.
عەرەب شەمۆ
[١٥ ] قەڵای دمدم , شوکر مستەفا کردوویە بە کرمانجی خواروو, چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد, بەغدا, ١٩٧٥.
عەلی کەریمی
[ ١٦ ] ژیان و بەسەرهاتی عەبدولڕەحمانی زەبیحی , چ١, گۆتنبرگ , سوید, ١٩٩٩.
عبدالرحمن قاسملو (دکتۆر)
[ ١٧ ] کوردستان و کورد, وەرگێڕ: عبدالله حسن زادە, لە بلاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا , بەغدا , ١٩٧٣.
[ ١٨ ]چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی , چ٢, ١٩٨٨.
عبدالقادر دەباغی
[ ١٩ ] ڕاپەڕینی (کۆمەڵە)ی ژێ-کاف, کۆمسیۆنی تەبلیغاتی (حدکا), ڕەزبەری ١٣٦٧.
عبدالله حسن زادە
[ ٢٠ ] نیو سەدە تێکۆشان , بلاوکراوەکانی کۆمسیونی چاپەمەنی (حدکا), بەرگی یەکەم , چ١, گەلاێژی ١٣٧٤. بەرگی دووەم , چ٢, پوشپەری ١٣٧٦.
عبدالله عزیز خالید
[ ٢١ ]شوکری فەزلی, شاعیرێکی سیاسی و نەتەوەیی کوردە, دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی, بەغدا , ١٩٨٨.
[ ٢٢ ]کاریگەری بیری نەتەوەیی لە گەشەسەندنی کورتە چیرۆکی کوردی کوردستانی عێراق, چ١, چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین, هەولێر, ١٩٩٩.
عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ (دکتۆر)
[٢٣] ئەدەبیاتی نوێی کوردی, مطبعة التعليم العالي , هەولێر , ١٩٨٩.
فانی (مەمەند ئاغای میراودەلی)
[ ٢٤ ]دیوانی فانی,بەسەرپەرشتی کەمال میراودەلی,چاپخانەی راپەڕین،سلێمانی ,١٩٧٦.
کەمال میراودەلی
[ ٢٥ ]فەلسەفەی جوانی و هونەر, چاپخانەی زانکۆی سلێمانی, ١٩٧٩.
کەریمی حسامی
[ ٢٦ ] کۆماری دیموکراتی کوردستان یان خود موختاری, چ٢, ١٩٨٦.
[ ٢٧ ] یادی هێمن , لە بلاوکراوەکانی (سەردەمی نوێ) , سوئید, ١٩٨٧.

[ ٢٨ ] له بیرەوەریەکانم , بەرگی حەوتەم , ستکهۆلم, ١٩٩٣.
م.ئەمین بۆز ئەرسەلان
[٢٩] ژین ، گۆڤارا کوردی - ترکی، ١٩١٨ ـ ١٩١٩، جلد (١)، سوید، ١٩٨٥.
مارف خەزنەدار (دکتۆر)
[٣٠] لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە, المؤسسة العراقیة للدعایة والطابعة, بەغدا , ١٩٨٤.
مەلا بەختیار
[ ٣١ ]لە خزمەتی ئەدەب دا , چ١ و سلێمانی , ١٩٩٨.
محمد جمیل ڕۆژبەیانی
[٣٢]فەرمان رەوایی موکریان,دەزگای رۆشنبیری وبلاوکردنەوەی کوردی,بەغدا, ١٩٩٢.
محمد حمه باقی
[ ٣٣ ]راوە گزنگ, وەزارەتی ڕۆشنبیری , هەولێر, ١٩٩٨.
محمد صالح ئیبراهیمی (شەپۆل)
[٣٤]ژیناوەری زانایانی کورد لە جیهانی ئیسلامەتی,چاپخانەی مهارەت,تەهران, ١٣٦٤.
محمد صالح دیلان
[ ٣٥ ]دیوانی شیعر, ئامادەکردنی: عبدالله عزیز خالد, بەغدا, ١٩٨٦.
محمدی مەلا کەریم
[ ٣٦ ]حاجی قادری کۆیی شاعیری قۆناغێکی نوێیە لە ژیانی نەتەوەی کورد, چاپخانەی نەجاح, بەغدا, سالٚ؟.
[ ٣٧ ]لە پێناوی راستی و کورد و خانیدا , چ١, دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس, هەولێر , ١٩٩٩
محمود ملا عزت
[ ٣٨ ]کۆماری میللی مەهاباد, بەشی یەکەم,چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ, ١٩٨٤.
نەوشێروان مستەفا ئەمین.
[٣٩]حکومەتی کوردستان,چ٢,چاپخانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان,هەولێر, ١٩٩٣.
هێرش
[ ٤٠ ] هێمن و من , شیرکەتی کتێبی هەرزان, سوید, ١٩٩٢.
هێمن
[ ٤١ ] تاریک و روون, گولبژێرێك لە شێعرەکانی هێمن, لە بلاوکراوەکانی بنکەی پێشەوا , ژمارە(٥), بەغدا , ١٩٧٤.
[ ٤٢ ]نالەی جودایی, (شیعر), چاپخانەی (علاء), بەغدا, ١٩٧٩.

[ ٤٣ ] پاشەرۆك , چ١ , چاپەمەنی سەیدیان, مهاباد, ١٣٦٢.
[ ٤٤ ]چەپكێ گوڵ چەپكێ نێرگز, چ١, بنكەی ئەدەبی و رووناكبیری گەلاوێژ, سلێمانی, ١٩٩٧.

## ١/٢/ گۆڤارو رۆژنامە

ئەحمەد هەردی
[ ٤٥ ] هەڤپەیڤین, گۆڤاری (نووسەری كوردستان) , ژمارە (١٦), سەقز , ١٩٨٩.
ئەمیری حەسەنپوور (دكتۆر)
